# نوێبوون

گۆڤارێکی سیاسی و روناکبیری وەرزییە


خاوەن ئیمتیاز
مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی

سەرنووسەر/ ئەنوەر صالح
جێگری سەرنووسەر/ ئازاد تۆفیق

راوێژکاران

کامەران محمد
مامۆستای زانکۆ

هیوا عزیز
مامۆستای زانکۆ

ئارام عەلی فەرەج
مامۆستای زانکۆ

ئەمیر خوداکەرەم زەندی
مامۆستای زانکۆ

سەرپەرشتیاری هونەری
ئالان قادر


هەواڵنامەی کتێب


ناونیشان / عێراق - کوردستان- (سلێمانی ـ شەقامی سالم)
( مەڵبەندی (١)ی رێکخستنی سلێمانی(ی.ن.ک))

Email: nwebun@pukm1.com
nwebunm1@yahoo.com

Tel: 07480172102 - 0533127591



هەڵەچن / ئاکۆ عبدالمجید

تیراژ/ 1500دانە

چاپ/ چاپخانەی شڤان

## لـــــــــــــەم ژمارەیـــــــەدا


❖ (ی.ن.ك) بەرەوكـــــــویێ؟ — سەرنووسەر — ٥

## لێكۆڵینـــــــــــــەوە

❖ بۆچی زانستی سیاسەت بخوێنین ؟. — م.عابد خالد رسول — ١٠

❖ ســــــایكۆلۆژیای دەسەڵاتو جـــــەماوەر لـــە سیستمی تۆتالیتاریدا ... — م.سەمەد ئەحمەد — ٢٩

❖ مـــافـەكانی ژنـــان لــــــە ڕوانگــــــەی دەستوور و پەیماننامە نێونەتەوەییەكانەوە. — پارێزەر. ئارام صالح — ٥٧

❖ جیۆپۆلۆتیك و جیۆستراتیژی نـــــــوێی كـــــوردستان. — ئەردەڵان فەرەجی — ٦٩

❖ دەربارەی فەلسەفەی ڕەواقی — م. فاتیح عەبدوڵلا محەمەد — ١١٤

## مـــــــــــــێژوو

❖ سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر كـــــوردستان — م.هێرش عبداللەحەمە — ١٢٦

❖ ڕۆڵی كـــــــــورد لەپـاراستنی ئەرمەن — ئارام مجید شەمێرانی — ١٥١

❖ ئینگلتەرا، دە ســاڵ سیستمی كـــــۆماری. — ئازاد تۆفیق خەیات — ١٨٤

## وەرگـــــــــــــێڕان

❖ بیركردنەوەو هێز، نـــــووســــــەر و دەسەڵات. — ن. كارۆلا سترێن، و. محەممەد هاشمی — ٢١٤

❖ لــــــــــــیبراڵیزم چــــــــــییە؟. — نویسنی. ێ ـ س، و. جەلالكیشوەردوست — ٢٢٩

❖ ڕۆڵـــی ژنـــان لــــەژیـانی ســـیاســـیدا. — د. حوسێن بەشیرییە، و. بەیان عەزیزی — ٢٤٦

❖ چـــــــــۆن دەبێت بـــە ســــەركردە. — و. سالار فەتاح — ٢٥٩

## وتـــــــــار

❖ چــەند ســـەرنجێك لــە ســـەر تەساموح. — ڕەزا عەلی پوور — ٢٧٤

❖ كـــــــوردستانو بەستێنە مێژوویەكانی . — ئەنور ئەسەدزادە — ٢٨٣

## القسم الــــــعربي

❖ طبیعة المعرفة مابین المدارس المادیة والمثالیة — م.ضیاء حبیب — ٢٩٨

❖ الـــتغیرالاجتماعی والـــــدیمقراطـــیة — م.پەیمان عبدالقادر — ٣١٨


هەواڵنامەی كتێب

# ( ی.ن.ك ) بەرەوكوێ؟

لە کاتێکدا هەموو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و سیاسی ئابووری و فەرهەنگیەکانی ناو کۆمەڵگا دەبێتە هۆی دروست کردنی کاریگەری لەسەر گشت پایەکانی کۆمەڵ،ئەوا ئەوەی لەم پرۆسەیەدا زەرەرمەند دەبێت، ئەو لایەنانەن کە وەستاون و بێ جوڵەن یان ئەوانەی بڕوایان بەگەشەکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان نییە. بۆیە ئەو لایەنەی بڕوای بەگەشەکردنی چواردەوری خۆی هەیە و خۆشی لە نێو ئەو گەشە کردنەدا پەیوەست دەکات و خۆی دەگونجێنی و ڕێگەی گونجاندن و بەڕێوەبردن دەسازێنێ. دەتوانێت لایەنێکی گرنگی پەیوەستدار بەو گەشەکردنەوەبێت و ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ هەر نوێ بوونەوەیەکدا حوزوری هەبێت. دیارە لەم نێوەنەدا حیزب وەك کارەکتەرێکی سیاسی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و هاوکات هێزێکی هوشیاری ڕێکخراوی دەستەبژێری ناوکۆمەڵگایە. دەبێت لەسەر هەموو گەشەکردن و گۆڕانکاریەکانی ناو کۆمەڵگا رابەر و داهێنەر بێت، وە هێزی گەشەکردنی خۆی هاوجووت بکات لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، تا ئەو حیزبە وەك هێزێکی سیاسی هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ ئەو گەشەکردنە گشتی یەدا هەنگاوی خۆی بنێتو توانای ئاراستەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگای هەبێت تا لە ڕێگەی هێزیی ئەوانەوە بگاتە دەسەڵات. چونکە هەموو حیزبێکی سیاسی لە دنیادا بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵات خەبات دەکات. بۆیە هەر حیزبێك گەر توانای بەدەست هێنانی دەسەڵاتی نەبوو ئەوا بڕیارەکانی بەشێوەیکی راستەوخۆ کاریگەری دروست ناکات لە سەر کۆمەڵگا.



دیارە کۆمەڵگای کوردستان بەدەر نییە لەم قاعیدەی گەشەکردنە، واتە کۆمەڵگای کوردستان لەدوای خەباتی شاخ و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، گۆڕانکاریە سیاسیەکان قۆناغێکی نوێی هێنایە ئاراوە کە ئەم قۆناغە سەرلەبەری جیاواز بوو لە قۆناغەکانی پێش خۆی، بەمەش سەرەتای خەباتێکی نوێ دەستی پێکرد،خەباتێك کە دەبوو هەموو ئامرازەکانی سەردەمی شاخ و پێشوو بگۆڕین بە کۆمەڵێك دامەزراوەی تر کە لە ئاستی ئیدارەی حکومداری کوردستان و ناوچەکەدا بێت.وە حیزب کە خەبات بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵات دەکات، ئەوا لە فۆڕمە شۆڕشگێرییەکەیەوە بگۆڕێت بۆ فۆڕمێکی مەدەنی و شەرعیەتی شۆڕشگێڕی وەلاوەنێ بۆ شەرعیەتی یاسایی و دەستوری، واتە لە حیزبێکی شۆڕگێڕەوە بۆ حیزبێکی حکومداری دەسەڵات. ڕەنگە لەونێوەندەداو لەو هەلومەرجەی کوردستان و ناوچەکە و بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان لەبار نەبووبێت بۆ هەر حیزبێك بتوانێت بە شێوەیەکی زانستی قۆناغ بە قۆناغ کار بۆ لابردنی مەبدە ئی شۆڕش بکات کە بۆ خودی خۆی کارێکی زۆر قورسە. ڕەنگە ئەگەر هەندێك حیزب خاوەن مێژوویەکی مەزن نەبێت یان خاوەن جەماوەری زۆر نەبێت لەو ئاڵو گۆڕەدا لەبەین بچێت.

(ی.ن.ك) وەك هێزێکی سیاسی خاوەن مێژوو لە بزوتنەوەی رزگاری کوردستاندا ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی هەبوو. وە توانیویەتی مێژووی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستانی باشور لە شەرمەزاری خەبات و تێکۆشان دەربکات ئەمە قسەیەکە بۆ مێژووی ئەم حیزبە ڕاستە و دۆست و دوژمنەکانی شایەتی بۆ دەدەن . بەلأم ئەو پرسیارەی ڕووبە ڕووی هەرکەسێکی ناو ئەم حیزبە دەبێتەوە ئایا (ی.ن.ك) لە کاری حکومداریدا یان لە سەردەمی دەسەڵاتدا توانیوەیەتی گەشەکردنی حیزبی بەخۆیەوە ببینێت، یان رۆژ بەرۆژ لە بواری حزبیدا بەرەو



هەوالنامەی کتێب

دواوە هاتووە. بۆ نمونە  لە سەرەتای یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هێزی (ی.ن.ك) بەراورد بکەین  بە  هەڵبژاردنەکانی عێراق کە لە ٢٠١٠/٣/٧ بووە. ئەم واقعە دەبینن کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان (ی.ن .ك)، پایەی گەورەی هەبووە.ئەوەی ئێمە لێرەوە دەمانەوێت باسی بکەین، ئەو دابەزینە کە لەماوەی ١٨ساڵدا هێزی لایەنگری (ی.ن.ك) هاتۆتە کوێ، ئەم بابەتە دەکرێت چەندین لێکۆڵینەوەی لەبارەی بنوسرێت، هۆکار و فاکتەکانی دابەزینی ئەم هێزە دراسە بکرێت لە کاتێکدا ئەم حیزبە لەو جەوهەر و بەرنامەدا هێزێکی مەدەنی و دیموکراتخواز بووە و خاوەن سەدان سەروەری  ، وە هێزێك کە ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە دارشتنی سیستەمی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و عێراقدا. وە لەبارەی ئازادییەکانەوە ئەم هێزە هێزێکی پێشڕەو بووە وە توانای پشتیوانی گەورەی بۆ ئازادیەکان و گۆرانکاریە کۆمەڵایەتیەکان بووە لەناو چوارچێوەی دیموکراتیزکردندا. بەلأم کە دەردەکەوێت زۆربەی هۆکارەکان پەیوەستە بەخودی ئەم حیزبەوە، کەدەکرا و دەتوانرا فۆڕمی کارکردن و چوارچێوەی  ئەم حیزبە وانەبێت، کە زۆرێك لە هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ جۆری پێك هاتەی ئەم حیزبە، هەبوونی دیموکراتیەکی بێ هۆشیاریو ئازادیەکی ڕەها، وە نەبوونی ختابێکی ئاشکراو ڕوون، وە یەکلا نەکردنەوەی فکری ئەم حیزبە و نەبەستنی کۆنگرەو مەسەلەی تەکەتولاتو، انشقاق و جیابوونەوەو، فەرامۆشکردنی چەمکی عەدالەتی کۆمەڵایەتی ، هەوڵدان بۆ کۆنترۆل و پاوەندکردنی دەمارە سەرەکیەکانی ئابووریو کێ بڕکێی یەکی  ناعەقلانی و نە خوێندنەوەی  بیروبۆچونی  کادر و فەرامۆشکردنی خەمی خەڵك. ئەم هۆکارانە وای کرد ئەم بارودۆخەی ئێستای (ی.ن.ك) بەرهەبهێنێ.

بەلأم سەرباری ئەم بارودۆخە (ی.ن.ك) سەروەتی مێژووی خۆی هەیەئێستاش لە کوردستاندا هەواداری ئەم حیزبە شانازی بەوە دەکات لە ژێر دروشم و ئالأی ئەم



حیزبەدا خەبات  و تێکۆشان بکات، بەلأم ئەمەش مانای ئەوە نی یە، کە گومان نی یە، چونکە سەرتاپا پەیکەری ئەم حیزبە نوقمی گومان بووە، بۆیە جۆرێك لە پەیوەندی دروست بووە لەنێوان ئۆرگانەکاندا یان بەرژەوەندی بەڕێوەی دەبات و ڕاستیەکان دەشارێتەوە.

بۆیە ئەوەی گرنگە لێرەدا مادام حیزبێك خاوەنی ئەم جەماوەرە تایبەتەی خۆی بێت دەکرێت سەرکردایەتیەکی عەقلأنی و حەکیم بۆخۆی دیاری بکات کە بتوانێت لە نێو ئەم ململانی سیاسیانەی ئێستادا ئیدارەی ئەو جەماوەرەبدات و ڕێگە ڕاستەکانی خەباتی سەردەم بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم حیزبە بە خاوەن شکۆی لەناو مەیدانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا بهێڵێتەوە کە ئەمەش تەنها بە کەسە دڵسۆز و کادرەکانی ناو (ی.ن.ك) دەکرێت بە شێوەیەکی جەسوورانە و لێبڕاوانە کار بکرێت بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی (ی.ن.ك) بە شێوەیەك کە بتوانێت لە ناو چوارچێوەی   دیموکراتیدا خەبات بۆ ئازادیەکان و عەدالەتی کۆمەلأیەتی و مافی مرۆڤ و حکومێکی دادپەروەر و سەرووی یاسا و جیاکردنەوەی دەسەلأتەکان و تێکەڵ نەکردنی کاری حیزبی و حکومی بکات، کە ئەمەش بەبێ بوونی مەعریفەیەکی دیاری کراو هەبوونی چەندین دامەزراوەی زانستی نەبێت نایەتە بوون. وە لە ئەنجامی پراکتیکی ئەم پرۆسەیەشدا بۆ حیزب ڕەنگە وەك دەستار چەندین کوتلەی بەرژەوەندی کەسانی کۆنەپارێز ... بهارێت کە ئەمانەش کاریگەریان بەسەر (ی.ن.ك)ەوە هەیە. ئایا ئەمە لەم کاتەدا کارێکە مومکینە بکرێت هەلومەرجی و باردۆخی سیاسی ڕێگە ئەدا بیکات. ئەی کە ئەمە ناکرێت چارەسەرکردن و نوێبوونەوەی(ی .ن.ك)چۆن دەکرێت...؟

سەرنووسەر

# لێکۆڵینەوە

- بۆچی زانستی سیاسەت بخوێنین ؟
- سایکۆلۆژیای دەسەڵاتو جەماوەر لە سیستمی تۆتالیتاریدا بەعسیزم وەك نموونە.
- مافەکانی ژنان لە ڕوانگەی دەستوور و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانەوە.
- جیۆپۆلۆتیك و جیۆستراتیژی نوێی کوردستان.
- دەربارەی فەلسەفەی ( stoicism - ڕەواقی ).





## بۆچی زانستی سیاسەت بخوێنین ؟

م.عابد خالد رسول

زانستی سیاسەت بۆچی پێویستە؟ زانستی سیاسەتمان بۆچییە؟ بۆچی زانستی سیاسەت بخوێنین؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە تەواو پەیوەستە بە وەڵامی ئەو پرسیارەوە کە دەڵێت: ئایا زانستی سیاسەت ئامانجی هەیە؟ لەڕاستیشدا گەڕان بەدوای ئامانجێك بۆ زانستی سیاسەت، دەخوازێت پێشتر بەدوای ئامانجی خودی سیاسەتدا بگەڕێین و بپرسین: ئایا سیاسەت بۆچی پێویستە؟

وەڵامی ئەم پرسیارانەش لەم دوو تەوەرەیەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو، بەمشێوەیە:

### تەوەری یەکەم : ئامانجەکانی سیاسەت :

ئایا سیاسەت ئامانجی هەیە؟ ئەی ئەو ئامانجە چییە؟ لەمێژە ئەم پرسیارە زۆرێك لە فەیلەسوف و بیریار و زانایانی سەرقاڵکردوە. بەڕای (ئەفلاتوون)، فەیلەسوفی سیاسی یۆنانی کۆن، ئامانجی سیاسەت بریتییە لە:"هێنانەدی



هەواڵنامەی کتێب

(عەدالەت) لە دەوڵەت – شار دا"، بۆیە لای (ئەفلاتون) گەر ئامانجی ڕەوشت هێنانەدی عەدالەت بێت لە دەرون و ڕەفتارەکانی مرۆڤدا، ئەوا ئامانجی سیاسەت هێنانەدی عەدالەتە لە ناو کۆمەڵ و دەوڵەتدا. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، هەندێك لە فەیلەسووفە مەسیحییەکان، ڕایان وابوو کە ئامانجی سیاسەت بریتیە لە بەدیهێنانی عەدالەتی ئاسمان لەسەر زەوی، کە ئەمەش بەڕای (سان ئۆگستین) بە ملکەچبوونی (شاری زەوی و دونیا) بۆ (شاری ئاسمان و خودا) دێتەدی.

هاوکات لای (ئیبن خەلدون)، کە یەکێکە لە بیریارە موسوڵمانەکانی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، ئامانجی سیاسەت بریتیە لە هێنانەدی (خێری گشتی) لەناو کۆمەڵگەدا. بەبڕوای (ئیبن خەلدون) ئەرکی سیاسەت ئەوەیە بەرژەوەندییەك بهێنێتەدی کە خێری گشتی تێدا بێت، هەرکاتێکیش خێری گشتی هاتەدی (شاری نموونەیی – المدینة الفاضلة) دروستدەبێت، ئەوساش پێویستیمان بە سیاسەت نامێنێت. لەسەردەمی نوێشدا، هاوڕا لەگەڵ بیروڕاکانی (ئیبن خەلدون)، زانای سویدی (جۆلیان فرۆیند) ڕای وایە کە ئامانجی سیاسەت بریتییە لە هێنانەدی (بەرژەوەندی گشتی)، کە ئەمیش لە دوو ئاستدا بەرجەستە دەبێت، ئاستی یەکەم، بریتییە لە: هێنانەدی بەختەوەری لە ناوخۆی وڵاتدا، ئاستی دووەمیش، بریتییە لە: دابینکردنی ئاسایش لە دەرەوەی وڵاتدا.

لەکۆی ئەو بیروڕایانەی سەرەوەدا، کە فەیلەسوف و بیریار و زانایان بە درێژایی مێژوو، سەبارەت بە دەستنیشانکردنی ئامانجی سیاسەت دەریانبڕیوە، دوو ئامانجی سەرەکی هاوبەش بۆ سیاسەت بەدیدەکەین، کە ئەوانیش بریتین لە: عەدالەت و خێری گشتی (یان: دادپەروەری و بەرژەوەندی گشتی). بەڵام وەك دەبینین لە هەرسەردەمێکدا بەپێی پێوەرە باوەکانی ئەو سەردەمە سەیری هەردوو چەمکی (عەدالەت و خێری گشتی) کراوە. لە کۆندا لای فەیلەسوفە





یۆنانیەکان تێگەیشتن لەم چەمکانە لە چوارچێوەی (فەلسەفە)دا بووە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لای بیریارە مەسیحی و موسوڵمانەکان لەسەر بنچینەی (ئاین) بووە، بەڵام لە سەردەمی نوێدا، لای زانایان بەپێی بنەماکانی (زانست)ە. بەهەرحاڵ، ئەگەر ئامانجی (سیاسەت) وەك دیاردەیەك هێنانەدی عەدالەت و خێری گشتی بێت، ئەی ئامانجی (زانستی سیاسەت) وەك زانستێك چییە؟

## تەوەری دووەم : ئامانجەکانی زانستی سیاسەت:

بەڕای هەندێك لەزانایان، کارێکی زێدە زەحمەتە ئامانجێکی دیاریکراو بۆ زانستی سیاسەت دەستنیشانبکەین، لەبەرئەوەی زانایان سەبارەت بە ئامانجی زانستی سیاسەت ڕای جیاوازیان هەیە، تەنانەت بەر لەهەر شتێ زانایان لەسەر ئەوەش ناکۆکن کە: ئایا زانستی سیاسەت ئامانجی هەیە یان نا؟ لەم بوارەشدا دوو ئاڕاستەی سەرەکی هەیە: یەکەمیان نکوڵی لەوە دەکات کە زانستی سیاسەت ئامانجی هەبێت، بەڵام دووەمیان جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە زانستی سیاسەت ئامانجی هەیە.

زانایانی ئاڕاستەی یەکەم، کە ڕایان وایە زانستی سیاسەت ئامانجی نییە، گەلێك پاساویان بۆ ئەم ڕایە هەیە. بۆنموونە: بەڕای هەندێکیان لەبەرئەوەی مرۆڤ لەبنەڕەتدا کۆتی قەدەرە و هەر کار و چالاکیەکیش کە دەیکات قەدەر پێی دەکات، زانستی سیاسەتیش وەك هەر بەرهەمێکی عەقڵی مرۆڤ ناتوانێت مرۆڤ لە کۆتی قەدەر دەرباز بکات، بۆیە وەك سەرجەم زانستەکانی تر، زانستی سیاسەت بەرامبەر فشاری قەدەر زانستێکی بێسود و بێبایەخە و هیچ ئامانجێکی دیاریکراویشی نییە. هاوکات بەڕای هەندێکی تریان زانستی سیاسەت بۆیە ئامانجی نییە، چونکە تائێستا نەیتوانیوە سیفەتی زانستیبوون لە خۆیدا بسەلمێنێت و هەمیشەش وەك دیدگا و تێڕوانینێکی لاوەکی خزمەتی زانستەکانی

تری وەك (مێژوو، ئابووری، كۆمەڵناسی و یاسا)ی كردووە. بۆیە زانستی سیاسەت تەنیا لەخزمەتی زانستەكانی تردایە و بۆخۆی زانستێكی سەربەخۆ نییە و ناشكرێت پێیبوترێت زانست. هەر لەبەرئەمەش ئامانجی نییە.

بەڵام زانایانی ئاڕاستەی دووەم، كە ڕایان وایە زانستی سیاسەت ئامانجی هەیە، پاساویان ئەوەیە كە مرۆڤ بوونەوەرێكی ئیرادەگەرە و بەدەستی خۆی چارەنوسی خۆی دەنەخشێنێت نەك بە حوكمی قەدەر. بۆیە زانستی سیاسەت وەك بەرهەمێكی عەقڵ و بیركردنەوەی مرۆڤ، دەتوانێت یارمەتییەكی زۆری مرۆڤ بدات لە پیادەكردنی ئیرادە و نەخشاندنی چارەنووسی خۆیدا. لەبەرئەمەش زانستی سیاسەت زانستێكی ئامانجدارە و بۆ هێنانەدی چەند پێداویستییەكی مرۆڤ هاتۆتەبوون، بەتایبەتی لە سەردەمی نوێدا كە سیاسەت بووەتە گەوهەری پیادەكردنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی دەوڵەت. لەم چوارچێوەیەشدا زانستی سیاسەت نەك ئامانجێك بەڵكو كۆمەڵێك ئامانجی هەیە، كە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن و بەكورتی باسی هەریەكەیان دەكەین، بەم شێوەیە:

### ١. پێگەیاندنی كادری پسپۆڕ (إعداد كوادر متخصصة):

بەگشتی، یەكێك لە ئامانجە سەركەییەكانی سیستمی پەروەردە و فێركردنو خوێندنی باڵا، لە هەر وڵاتێكدا بریتییە لە ڕاهێنان و پێگەیاندنی كادری خاوەن بڕوانامە، تاكوو لە داهاتوودا ببێتە كارمەندی دەوڵەت و لە یەكێك لە بوارە جۆراوجۆرەكانی كارگێڕی گشتی دەوڵەتدا و لە دامودەزگا و دامەزراوە حكومییەكانیدا كاربكات وەك (خوێندنگەكان، خەستەخانەكان، فەرمانگەكانی تری حكومەت).

لەم چوارچێوەیەشدا، ئامانجی سەرەكی لە خوێندنی (زانستی سیاسەت)، وەك هەر بوارێكی تری خوێندنی باڵا، بریتییە لە پێگەیاندنی كادری خاوەن





بڕوانامە و پسپۆڕ لە بواری تیۆری و كرداری سیاسەتدا. بۆیە زانكۆ و كۆلێژ و پەیمانگاكانی خوێندنی زانستی سیاسەت، ناوەندی سروشتیی ڕاهێنان و پێگەیاندنی كادری پسپۆڕ و دەرچوانی بواری سیاسەت و مەعریفەی سیاسین، كە دەكرێت لە داهاتوودا هەم ببنە توێژەری سیاسی و هەم ببنە فەرمانبەری گشتیو كارمەندی حكومەت، تا لە یەكێك لە كاروبارە ناوخۆیی و دەرەكییەكانی حكومەتدا كاربكەن. ئەمە جگە لەوەی چەندین ناوەندی خوێندنی دی هەیە كە كادری لەم جۆرە پێدەگەیەنن، وەك: سەنتەرەكانی توێژینەوەی سیاسی و ئەو كۆلێژ و پەیمانگایانەش كە گرنگی بە خوێندنی (یاسای دەستوری و یاسای نێودەوڵەتی و ئابوری سیاسی و جوگرافیای سیاسی و دەروونناسی سیاسی و مێژووی سیاسی و...هتد) دەدەن.

بەر لە جەنگی جیهانی دووەم، باوەڕی باو ئەوەبوو كە دەبێت كارمەندانی دەوڵەت، بەتایبەتیش فەرمانبەرە گشتییە باڵاكان (وەك: پەرلەمانتار و وەزیر و سەفیر و بەڕێوەبەری گشتی و...هتد)، خاوەنی بڕوانامەی یاسا بن، یان بەلایەنی كەمەوە خولێكی ڕاهێنانیان لە بواری یاسادا تەواوكردبێت. بەڵام لە ئێستادا بەهۆی فراوانبوونی ئەركە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابورییەكانی دەوڵەت و زۆربوونی دامودەزگا حكومییەكان، هەڵگرانی بڕوانامەی سەرجەم بوارەكان و بەتایبەتیش بواری زانستە سیاسیەكان، شیاوی وەرگرتنی ئەم پۆستانەن. لەڕاستیشدا، ئەو چاكسازییە فراوانانەی كە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لە وڵاتانی سوید و فەڕەنسا و ئینگلترا و وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و هیندستانو پۆڵۆنیا كراون، بەئاشكرا گرنگی ڕۆڵی دەرچووانی زانستە سیاسییەكان دەخەنەڕوو، كاتێك لەم وڵاتانانەدا جەخت لەسەر ئەوە دەكرێت كە دەبێت گەورە كارمەندان و فەرمانبەرانی باڵای دەوڵەت هەڵگری بڕوانامەی



هەواڵنامەی كتێب

زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بن، یان بەلایەنی کەمەوە خولێکی ئەم بوارانەیان تەواوکردبێت، یان چەند ساڵێك پیشەیان لەو بوارانەدا کردبێت. بەڵکو لە وڵاتێکی وەك فەڕەنسادا، دامەزراندنی (پەیمانگای زانستە سیاسییەکان) لەساڵی ١٩٤٥ دا، تەواو پەیوەست بووە بە پرۆسەی چاکسازییکردن لە دامودەزگا حکومییەکانی ئەم وڵاتەدا.

کەواتە، پێگەیاندنی توێژەر و کارمەندی پسپۆڕ لە بواری زانستە سیاسییەکاندا لە پێناو چاکتر بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت، ئامانجی سەرەکی خوێندنی زانستی سیاسەتە، چونکە گەر ئامانجی پەروەردە و خوێندن بەگشتی بریتی بێت لە ڕۆشنکردنەوەی هزری پیاوان و ژنان تاکوو زیاتر لەو جیهانە تێبگەن کە تیایدا دەژین، هەروەها بریتیبێت لە بەتواناکردن و ڕاهێنانیان لەسەر پیشەیەکی دیاریکراو، ئەوا خوێندنی زانستی سیاسەت بنچینەیەکی مەعریفی بەهێزە بۆ ئەو ئافرەت و پیاوانەی دەخوازن بەشێوەیەکی باشتر لە ڕووداوە سیاسییە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانی ئەم سەردەمە تێبگەن، هەروەها زەمینەیەکی پتەویشە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت ڕۆڵێکی باشتر لە ژیانی سیاسی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتەکەیاندا ببینن. لەبەرئەوەی خوێندکارێکی زانستە سیاسییەکان توانای تێگەیشتنی لە سیستمێکی سیاسی دیاریکراو یان ڕووداوێکی جیهانی دیاریکراو زیاترە، لەچاو قوتابییەکی پسپۆر لە زانستی پزیشکی یان ئەندازیاریدا. بۆیە هەروەك (د.عبدالرزاق طعان و د.صادق الأسود) دەڵێن: ڕەنگە هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بێت کە شانسی هەبوونی (حکومەتێکی دیموکراسی) لەوڵاتێکدا کە گرنگی بە خوێندنی زانستی سیاسەت دەدات زیاترە، لەچاو وڵاتێك کە گرنگییەکی ئەوتۆ بە خوێندنی ئەم زانستە نادات. خوێنەرانی زانستە سیاسییەکان لەهەر کەسێك شیاوترن بۆئەوەی لە





گفتوگۆ سیاسی و گشتییەکاندا بەشداریبکەن و جیاوازی لەنێوان پڕوپاگەندە و حەقیقەت و درۆ و ڕاستیدا بکەن، تا بەپێی ئەم ڕاستیانە ئەو پێوەرانە گەڵاڵە بکەن، کە بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکی و ئیشەکانی حکومەت پێویستن.

شایانی باسیشە، کە پێگەیاندنی کادری پسپۆڕ تەنیا واتای ڕاهێنانی کارمەندی حکومی لەسەر ئەنجامدانی پیشەیەکی دیاریکراو ناگەیەنێت، بەڵکو واتای دروستکردنی توێژەر سیاسی و زانای سیاسیش دەگەیەنێت. توێژەر و زانایەك کە ڕێگەی پێبدرێت لە دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکاندا بەرچاوڕۆشنی سیاسەتمەدارەکان بکات و سەبارەت بە کێشە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان ڕاوێژی پێبکرێت و هزری ڕاست و ڕای دروست بە سەرکردە سیاسییەکان بڵێت، بەمەش زانینی تیۆری ڕاست لەگەڵ کرداری سیاسی دروستدا یەکانگیر دەبێت و بڕیارە سیاسییەکان لە خزمەتی بەرژەوەندی و خێری گشتیدا دەبن. ئەمڕۆ لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ڕاوێژکردن بە بیریار و زانا و توێژەرە سیاسییەکان کارێکی شارستانی و باڵاییە، بەتایبەتی لەکاتی گرفت و قەیرانە سیاسییەکاندا. بەڵام گرنگە کە هەمیشە زاناکان حەقبێژ و ڕاستگۆبن و بەپێی بەڵگە و ژمارە و زانیاری و داتای ڕاست و دروست ڕای خۆیان بڵێن و پێوەری ڕاکانیان خزمەتکردنی خێر گشتی بێت، نەك بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و تاقم و حیزبێکی دیاریکراو.

### ٢. پاراستنی سیستمی گشتی (حفظ النظام العام):

پاراستنی سیستمی گشتی واتە دروستکردنی هاوسەنگی و گونجاندن لە نێوان تاکەکەس و کۆمەڵدا، لەنێوان خواستەکانی هاوڵاتی و ئەرکەکانی دەسەڵاتدا، لەنێوان ئاڕاستەکانی گۆڕانی کۆمەڵگە و مەرجەکانی باشتر بەڕێوەبردنی ڕژێمی



هەواڵنامەی کتێب

سیاسیدا، ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی هەر ڕژێمێکی فەرمانڕەوا لە وڵاتێکدا. چونکە کۆمەڵگە لە بنەڕەتدا سیستمێکە هەمیشە پێویستە لە دۆخی هاوسەنگی و سەقامگیریدا بێت، خۆگەر هەر ململانێ و ناکۆکییەك لەنێوان تاك و گروپ و پێکهاتەکانی ئەم سیستمەدا ڕوویدات، ئەوا سیستمەکە بەرەو ناهاوسەنگی ونائارامی دەڕوات و لەئەنجامدا لەوانەیە ببێتە هۆکاری ڕوخاندنی خودی سیستمەکەش. بۆیە پێویستە ڕژێمی سیاسی هەمیشە ئاگاداری سەرچاوەکانی ناکۆکی و ڕەهەندەکانی گۆڕان بێت لەکۆمەڵگەدا و لە کات و شوێنی گونجاودا چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، تا بتوانێت بەردەوام پارێزگاری لە دۆخی هاوسەنگی ئەم سیستمە بکات.

بۆنموونە: چەند گۆڕانکاری و ڕووداوێکی وەك زۆربونی دانیشتوان و فراوانبوونی توێژی خوێندەواران و بلاوبونەوەی بێکاری و هەڵاوسانی بازاڕ و زیادبوونی داخوازی هاوڵاتیان وکەمبوونەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و برەوسەندنی توندوتیژی و تاوانکاری و چەندین دیاردە و ڕوداوی دی هاوشێوە، ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت کە بەشێوەی جۆراوجۆر ببنە هۆکاری تێکدانی هاوسەنگی سیستمی گشتی کۆمەڵ. بۆیە لێرەدا پێویستە ڕژێمی سیاسی ئاگاداری ڕایەڵە سەرەکییەکانی ئەم پێشهات و ڕووداوانە بێت و هەمیشە بە چاوێکی وریایانەوە بڕوانێتە گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگە و بە بڕیاری سیاسی گونجاو چارەسەریان بکات. ئەمەش بەر لە هەموو شتێك پێویستی بەوەیە کە فەرمانڕەوا و کارمەندە باڵاکانی دەوڵەت بەچاوی نیگەرانی و دژایەیکردنەوە نەڕواننە گۆڕانکارییەکان، بەڵکو خۆیان بخەنە خزمەتی کۆمەڵگەوە و هەستیارانە مامەڵەی لە گەڵدا بکەن، تاکو دواجار بەبێ هیچ شڵەژان و داڕمانێکی ئەوتۆ هەم پارێزگاری لە هاوسەنگی سیستمەکە بکەن و هەم پێداویستییەکانی گۆڕان و داخوازییەکانی





هاوڵاتیانیش بهێننە دی. لەم پێناوەشدا (زانستی سیاسەت) ئامرازێکی مەعریفی دەوڵەمەندە، بۆ ئاشنابوون بە هۆکارەکانی گۆڕانی سیستمی کۆمەڵگە و دەرئەنجام و گرفتەکانی ئەم گۆڕانە و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان. بەمەش ئامانجێکی تری سەرەکی بۆ (زانستی سیاسەت) دروستدەبێت، کە ئەویش بریتییە لە پاراستنی سیستمی گشتی کۆمەڵ و ئارامی سیاسی وڵات.

لەم چوارچێوەیەشدا توێژینەوەکانی زانای ئەمریکی (دیڤد ئیستن) شایانی باسکردنە. بەڕای ئەم زانایە سیستمی سیاسی وەك سندوقێکی ڕەش وایە لەناو سیستمی گشتی کۆمەڵگەدا، هەمیشە لەم سیستمە گشتییەوە داخوازی و کاریگەری جۆراوجۆر بە شێوەی (هاتوو – Input – المدخلات) ڕوودەکەنە سیستمی سیاسی، ئەمیش بە بڕیار و سیاسەتی گونجاو بەشێوەی (دەرچوو – Output – المخرجات) وەڵامی ئەو داخوازی و کاریگەریانە دەداتەوە، کە لە بنەڕەتدا لە ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی کۆمەڵگە و لە گۆڕانکاری و جوڵە و کارلێکەکانی ناو بونیادە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتورییەکانی ئەم کۆمەڵگەیەوە سەرچاوەیان گرتووە. لەم دۆخەشدا ئەرکی سیستمی سیاسی ئەوەیە کە بەردەوام پارێزگاری لە هاوسەنگی سیستمی گشتی کۆمەڵ بکات، خۆ ئەگەر سیستمی سیاسی نەیتوانی ئەم ئەرکە ئەنجامبدات، ئەوا دوچاری لەناوچوون و شۆڕش دەبێتەوە.

لەم ڕوانگەیەشەوە زۆرێك لە زانا سیاسییەکان هەوڵیانداوە، بەپێی ئەم بیروڕایانەی (ئیستن)، زانستی سیاسەت بکەنە ئامرازێکی مەعریفی گونجاو بۆ ناسینی هۆکارەکانی شڵەژان و گۆڕان لە سیستمی دیموکراسیدا، تاکوو بتوانن چارەسەری گونجاو بۆ گرفتەکانی بدۆزنەوە و بەردەوامی بە ژیان و مانەوەی بدەن. بەمەش یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی خوێندنی زانستی سیاسەت لە



هەواڵنامەی کتێب

ولاتە دیموکراسییەکاندا بریتییە لە پاراستنی سیستمی گشتی. زیادبوونی ڕۆڵی زانا سیاسییەکان لەناوەندەکانی بڕیاری سیاسیدا و بایەخدان بە توێژینەوە سیاسییەکان لەلایەن سیاسەتمەدار و هێزە سیاسییەکانی ئەم ولاتانەوە بەلگەی ئەم ڕاستییەن. لەڕاستیشدا زانستی سیاسەت تەنیا لەولاتێکدا کە زەمینەی دیموکراسی هەبێت دەتوانێت ئەم ئامانجەی خۆی بهێنێتەدی، بەلام لەولاتێکدا کە بە زەبری هێزو توندوتیژی و سەرکوتکردنی ئازادییەکان پارێزگاری لە سیستمی گشتی بکرێت، ئەوا نە زانستی سیاسەت و نە توێژەینەوەی زانستی و نە زانای سیاسیش ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نابێت.

### ٣. دروستکردنی ڕوحی هاولاتیبوون (تكوين روح المواطنة):

سێیەم ئامانجی زانستی سیاسەت بریتییە لە دروستکردنی ڕوحی هاولاتیبوون لەلای تاکەکانی کۆمەڵ، کە ئەمەش هەنگاوی سەرەکی پەروەدەکردنی (هاولاتی باش – المواطن الصالح)ە لە ولاتدا. بەلام بۆ ئەوەی لەم پەیوەندییەی نێوان زانستی سیاسەت و ڕوحی هاولاتیبوون تێبگەین، پێویستە بپرسین: مەبەستمان لە ڕوحی هاولاتیبون چییە؟

دەتوانین بلێین ڕوحی هاولاتیبوون بریتییە لە وشیاری تاکەکەس بە پرسە گشتییەکانی ولات و هەستکردنیشێتی بە بەرپرسیاری لەبەرامبەر ئەرکە کۆمەلایەتییەکانیدا، بەشێوەیەك کە ئەم وشیاری و هەستی بەرپرسیارییە ببێتە پالنەرێك بۆ ئەو کەسە تاکوو ئارەزوی بەشداریکردنی ئازادانە بکات لە بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکانی دەولەتدا. کەواتە ڕوحی هاولاتیبون سەرەتا وشیاری و ئەوجا هەستکردن بە بەرپرسیاری و دواتریش ئارەزوی بەشداریکردنی تاکەکەسێکە لە چارەسەرکرنی گرفتەکانی کۆمەلدا، بەو پێیەی کە ئەم کەسە





ئەندامێکی ئەو کۆمەلەیە و لە خۆشی وناخۆشی و لە بەختەوەری وبەدبەختی و لە خێر وشەڕی ئەو کۆمەلەشدا هاوبەشە.

بۆیە (د.حافظ علوان الدليمي) وتەنی:"دەتوانین بلێین ڕوحی هاولاتیبوون ئاماژەیە بۆ ڕەفتاری وشیارانە و کرداری تایبەت بە کەسێك، بەوپێیەی کە بوونەوەرێکی خاوەن عەقڵ و بەشدارە لە دەولەتدا". بەلام ئەم بەشداریکردنە ناکرێت بەشێوەیەکی سلبیانە ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە کەسێك بەزۆر ڕاپێچی دەنگدان بکرێت یان ناچاربکرێت ببێتە ئەندامی حیزبێك، بەلکو دەبێت ئەم بەشداریکردنە ئیجابی بێت و بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە ئەنجامبدرێت، واتە هەلقولاوی ڕوحی وشیاری و هەستی بەرپرسیاری ئەو کەسە خۆی بێت، بەبێ هیچ زۆرلێکردن و ناچارکردنێك. هەر کاتێکیش مرۆڤ بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە و ئازادانە لە کار و کێشە و دامەزراوە گشتییەکانی دەولەتدا بەشداریبکات، ئەوا بە هاولاتییەکی باش و دڵسۆز لە قەلەمدەدرێت.

ئاشکراشە کە بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیدا شێوازی جۆراوجۆری هەیە، وەك: چوون بۆ دەنگدان و خۆپالاوتن بۆ پۆستە بالاکان و بوونەئەندام لە ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنی و پیشەییەکان و چوونەناو کۆڕوکۆبوونەوە گشتییەکان و خۆپشاندانی هێمنانە و ڕادەربڕین و...هتد، بەلام پێویستە بزانین کە هەموو ئەم شێوازانەی بەشداریکردن و ڕەفتاری سیاسی، کۆمەلێك ڕوکار و کاکڵ و بەرجەستەی یەك ناوەڕۆك و جەوهەر دەکەن کە ئەویش (ڕوحی هاولاتیبوون)ە.

دروستکردنی ڕوحی هاولاتیبوون لەلای هاولاتی شتێکە قابیلی ئاڕاستەکردنە، واتە دەکرێت لەلایەن کەسێك یان لایەنێکی ترەوە پەروەردە و ڕێنمایی بکرێت، لەوانەیە ئەمەش بۆ سروشتی ڕوحی هاولاتیبوون خۆی

بگەڕێتەوە، چونکە لەسەر بنەمای عەقڵ و وشیاری بەندە، عەقڵ و وشیاریش شتێکن کە دەکرێت لەلایەن بەها و دابونەریت و بیروباوەڕی کۆمەڵ و ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەرییان لەسەر دابنرێت و بە ئاراستەی جیاجیادا ببرێن، بەمەش جۆری بەشداریکردنی هاولاتی لە ژیانی سیاسیدا دیاریدەکرێت. ئاشکراشە گەر کۆمەڵگەیەك لەسەر بەهای ئازادی و دەستپێشخەری دروستکرابێت ئەوا هاولاتییەکی بوێر و بەشدار بەرهەمدەهێنێت، بەڵام گەر کۆمەڵگەیەك لەسەر ئامرازی ترس و تۆقاندن بەندبێت ئەوا هاولاتییەکی ترسنۆك و دورەپەرێز بەرهەمدەهێنێت، بەڵکو تەنانەت لەم حاڵەتەدا ناشتوانین بڵێین (هاووڵاتی) بوونی هەیە. کۆی سەرجەم ئەم بەها و داب ونەریت و بیروباوەڕانەش کە هاووڵاتی لەسەر ڕوحی هاووڵاتیبوون و وشیاری سیاسی و ڕەفتاری بەشداریکردن پەروەردەدەکەن، لە یۆنانی کۆندا پێیوتراوە (فەزیڵەتی مەدەنی) یان (فەزیڵەتی هاووڵاتیبوون)، لە وڵاتە دیموکراسی و پێشکەوتووەکانی ئێساشدا، پێی دەوترێت (ڕۆشنبیری سیاسی دیموکراسی) یان (کەلتوری سیاسی بەشداریکردن — الثقافة السياسية للمساهمة — Participation's Political Culture).

لێرەشدا، ئەوەی لەلای ئێمە گرنگە ئەوەیە کە: ئایا دەکرێت (زانستی سیاسەت) ئاراستەی (ڕوحی هاووڵاتیبوون) بکات؟

بەڵێ دەکرێت. مادام (زانستی سیاسەت) مەعریفەیەکی مەنهەجی و ڕێکخراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە سیاسەت و ژیانی سیاسی و ئەم مەعریفەیەش ئاراستەی عەقڵ و وشیاری مرۆڤ دەکات بۆ دۆزینەوەی ئەو بنەما گشتییانەی کە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و بەڕێوەبردنی ژیانی سیاسی کۆمەڵگەیان لەسەر بەندە، ئەوا دەکرێت (زانستی سیاسەت) سەرچاوەیەکی مەعریفی سەرەکی بێت بۆ دروستکردنی ئەو ڕۆشنبیرییە سیاسییەی کە ڕوحی هاووڵاتیبوون لە هاووڵاتیدا



پەروەردە دەکات، بەتایبەتی ئەگەر ئەم مەعریفەیە بۆ چارەسەرکردنی پرسە گشتییەکانی کۆمەڵ و بۆ هێنانەدی خێری گشتی کۆمەڵ بەکاربهێنرێت.

لەڕاستیشدا، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لە چوارچێوەی توێژینەوەی هەموو ئەو ئامرازانەدا خرایەگەڕ، کە دەکرێت کاریگەرییان لەسەر بەهێزکردنی دیموکراسی لە جیهاندا هەبێت. لەمبوارەشدا توێژینەوەی جۆراوجۆر ئەنجامدراوە و زۆربەشیان پەیوەستن بە دۆزینەوەی بنەما گشتییەکانی ئەو ڕۆشنبیری و کەلتورەی کە بۆ دروستکردنی ڕوحی هاووڵاتیبوون پێویستە. لەم چوارچێوەیەشدا هەردوو زانای ئەمریکی (گابریێل ئەلمۆند) و (سیدنی فێربا)، لە توێژینەوەیەکدا، سەرەتا پرسیار لەمەڕ بنەما کەلتورییەکانی دیموکراسی دەکەن، کە تا چ ڕادەیەك لە کۆمەڵگەیەکدا هەن؟ تاکوو دڵنیابین لەو کۆمەڵگەیەدا دیموکراسی هەیە یان نا؟ ئەمەش لەو بڕوایەوە، کە بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکدا تەنیا ئەوە بەس نییە، کە دامەزراوە دیموکراسییەکانی وەك (پەرلەمان و پارت و ڕۆژنامە) هەبێت، بەڵکو دەبێت بنەما کەلتورییەکانی دیموکراسیش هەبێت، کە لە چەندین بەها و نەریت و ڕێسا و پەیوەند و ڕەفتاری سیاسیدا بەرجەستە دەبن، وەك بەهای ئازادیخوازی و لێکبوردن و نەریتی ڕاگۆڕینەوە و یەکدی قبوڵکردن و ڕێسای دەستاودەستکردنی دەسەڵات و ڕەفتاری بەشدارییپێکردنی هاووڵاتی لە دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکاندا و هەبوونی پەیوەندییەکی شەفاف لەنێوان دەسەڵات و هاووڵاتیانو لەنێوان فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراوەکاندا. هەرکاتێکیش دڵنیابووین کە ئەم بنەمایانە لە کۆمەڵگەیەکدا بوونیان نییە، ئەوا دەبێت دڵنیاشبین کە دیموکراسی لەو کۆمەڵگەیەدا بوونی نییە، با لەڕوکەشیشدا چەند دامەزراوەیەکی دیموکراسی وەك (پەرلەمان و پارت و ڕۆژنامە)ش هەبێت. چونکە بوون و نەبوونی

ديموكراسی بە وشيار، و بەها و بنەما ڕۆشنبيرييانە دەپێورێت، كە لە ڕووحی هەر هاولاَتييەكدا چێنراون، نەك بەو دامەزراوە شكڵيانەی كە ڕوكەشی كۆمەڵگەيان داپۆشيوە.

لێرەدا، (ئەڵمۆند) و (فيربا) پەردە لەسەر حەقيقەتی (قەيرانی ديموكراسی) لە ولاَتە دواكەوتوو و تازە پێگەيشتووەكاندا لادەدەن و بە ئاسانی ئەوەمان پێدەڵێن: كە كەموكوڕی سيستمی ديموكراسی لەم ولاَتانەدا بريتيينيە لە نەبوونی دامەزراوە بەناو ديموكراسييەكان، بەڵكوو بريتيە لە نەبوونی بنەماكانی ڕۆشنبيريی ديموكراسی، نەبوونی بەها و بيروباوەڕ و وشياری و نەريتو ڕەفتارەكانی كەلتوری سياسی بەشداريكردن، بريتييە لە كەموكوڕی ئەو فەزيلەتە مەدەنييەی كە لە كۆنەوە فەيلەسوفەكانی يۆنانی سەرقاڵكردبوو، بريتييە لە نەقصی ئەو ڕوحی هاولاَتيبوونەی كە تائێستاش مرۆڤی ئەم ولاَتە دواكەوتووانە بە هاووڵاتی و سەركردەكانيانەوە ئاشنای نەبوون.

ئەی ئاخۆ چۆن ئەم فەزيڵەتی مەدەنی و ڕوحی هاولاَتيبوونە دروستدەكرێت؟ وەڵامی ئەم پرسيارەش ئامانجێكی سەرەكی (زانستی سياسەت)ەو دەبێت بەردەوام هەوڵ بۆ دەستكەوتنی بدات. گەر چاوێك بە مێژوی پەرەسەندنی زانستی سياسەتدا بگێڕينەوە، دەبينين ئەم ئامانجە يەكێك بووە لە ئەركە كلاسيكييەكانی ئەم زانستە و هەتا ئێستاش ئەم ئەركەی هەر لەئەستۆدا ماوە. زانستی سياسەت هەميشە هەوڵيداوە كۆمەڵگەكان فێری ئەوە بكات: كە پێويستە چۆن بەشێوەيەكی باش و دروست فەرمانڕەوايی خۆيان بكەن و چۆن دادپەروەری و خێری گشتی بهێننەدی.





٤. پيادەكردنی سياسەتێكی گشتی زانستيانە (ممارسة سياسة عامة علمية):

(سياسەتی گشتی – Public Policy – السياسە العامە) بريتييە لە: **"سەرجەم ئەو بڕيار و ياساو بەرنامانەی كە حكومەت دروستياندەكات و بەمەبەستی بەڕێوەبردنی كاروبارە گشتييەكانی كۆمەڵگە و چارەسەركردنی گرفتە گشتييەكانی جێبەجێيانـدەكات"**. وەك: سياسەتی نيشتەجێكردن، سياسەتی پەروەردە و فێركردن، سياسەتی ئاوەدانكردنەوە، سياسەتی تەندروستی، سياسەتی پيشەسازی، سياسەتی باجدانان و سياسەتی وەبەرهێنانو...هتد. بۆيە گەر بەكورتی بڵێين: (سياسەتی گشتی بريتييە لە پرۆسەی دروستكردنی بڕيارەكان و جێبەجێكردنيان)، ئەوا پێويستە بپرسين: ئايا (زانستی سياسەت) تا چ ڕادەيەك ڕۆڵی لە دروستكردنی بڕيارەكان و جێبەجێكردنياندا هەيە ؟

لەڕاستيدا، وەك دەزانيين يەكێك لە خاسييەتەكانی زانستيبوون لەزانستی سياسەتدا بريتييە، لە توانای پێشبينيكردنی ئەو پێشهاتە نەزانراوانەی كە دەكرێت لە داهاتوودا ڕووبدەن. بێگومان بڕيارەكانيش دوای جێبەجێكردنيان چەندين دەرئەنجامی نەزانراويان لێدەكەوێتەوە، كە فەرمانڕەوا و بەرپرسە حكومييەكان ناتوانن بە ئاسانی پێشبينی ڕوودانيان بكەن، هەرچەندە خۆشيان دروستكەری ئەو بڕيارانەن. بۆيە لێرەدا شتێكی ئاساييە كە فەرمانڕەوا و بەرپرسەكان، لەكاتی دروستكردنی بڕيارێكدا، پەنا بۆ توانای زانستی و مەعريفەو ئەزمونی زانا و توێژەرە سياسييەكان ببەن، بەمەبەستی زانينی ئەو پێشهاتە نەزانراوانەی كە پێشبينی دەكرێت لە جێبەجێكردنی ئەو بڕيارە بكەونەوە.

هەرچەندە هێشتا توانای پێشبينيكردن لە (زانستی سياسەت)دا لە ئاستێكی نزمدايە، بەلاَم وەك پێشتر ئاماژەی بۆكراوە، لە ولاَتە پێشكەوتووەكاندا،

ژمارەیەکی زۆری زانا و توێژەری سیاسی لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاردان و وەك ڕاوێژکاری فەرنبەرە بالا و بەرپرسە بڕیاردەرەکانی حکومەت کاردەکەن، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بەلگەیەکی ئاشکرای ئەم حالەتەیە. بۆنموونە: لەم ولاتەدا، تەنها لە سالانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، نزیکەی (٢٩٠٠٠ – بیست ونۆ هەزار) زانای سیاسی لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاردا کاریانکردوە، کە نزیکەی (٦٨٪)ی ئەم زانایانە خاوەنی بڕوانامەی (دکتۆرا) بوونو (٣١٪)یان خاوەنی بڕوانامەی (ماستەر) و (١٪)یشیان خاوەنی بڕوانامەی (بکالۆریۆس) بوون.

شایانی باسکردنیشە، کە ڕۆڵی (زانستی سیاسەت) لە دروستکردنی بڕیار و سیاسەتە گشتییەکاندا، تەنیا لە ئاستی پێشبینیکردندا ناوەستێت، بەلکو بۆ گەلێك ئاستی تریش پەلدەهاوێژێت. لەبەرئەوەی (سیاسەتی گشتی) بۆخۆی پرۆسەیەکی درێژخایەنە و لە چەندین قۆناغ پێکهاتووە، وەك: (قۆناغی دروستکردن – Making – الصنع) و (قۆناغی جێبەجێکردن – Executive – التنفیذ) و (قۆناغی کاردانەوە – Feedback – التغذیة الإسترجاعیة) و (قۆناغی هەڵسەنگاندن – Evaluation – التقییم). هەریەك لەم قۆناغانەش لە چەندین هەنگاو پێکهاتووە، بۆنمونە قۆناغی دروستکردنی سیاسەتی گشتی چەندین هەنگاو لەخۆی دەگرێت، وەك: دەستنیشانکردنی ئامانجە گشتییەکان، هەڵبژاردنی ئامرازە گونجاوەکان، پلاندانان و کۆکردنەوەی زانیاری و...هتد. بۆیە لە هەموو ئەم قۆناغ و هەنگاوانەدا دەکرێت زانایان و توێژەران لەرێگای زانیاریو بنەما مەعریفییەکانی زانستی سیاسەتەوە، بەشێوەی جیاجیا ڕۆڵی بەرچاو لە پرۆسەی بەرێوەچوونی بڕیار و سیاسەتە گشتییەکاندا بگێرن. بەمەش ئەم بڕیار و سیاسەتانە زیاتر سروشتێکی زانستیانە وەردەگرن و لە دۆخی ڕووکەشی و





سەرپێی بوون دەرباز دەبن. دیارە گەر ئامانجی سیاسەت بەدیهێنانی عەدالەت و خێری گشتی بێت، ئەوا زانستی سیاسەتیش بەدۆزینەوەی بنەما زانستییەکانی دەتوانێت ئەم دیاردەیە زیاتر لە ئامانجەکەی خۆی نزیکبکاتەوە، ئەوساش پیادەکردنی سیاسەتێکی زانستی واتای ئاراستەکردن بەرەو خێری گشتی دەگەیەنێت، دورکەوتنەوە لە زانستیبوونیش واتای ترازان بەرەو بەرژەوەندییە تایبەتی و بەرتەسکەکان دەگەیەنێت.

کەواتە مەرجێکی گرنگی چاکسازیکردن لە بڕیار و سیاسەتە گشتییەکاندا و قەلاچۆکردنی گەندەڵی و بیرۆکراسییەت لە بەرێوەبردنی دامەزراوە کارگێرییەکانی حکومەتدا، بریتییە لە گەڕانەوە بۆ ئەو بنەما و یاسا زانستیانەی کە زانستی سیاسەت پێیانگەیشتووە، ئەمەش بە زیادکردنی بوون و ڕۆڵی زانا و توێژەر و دەرچوانی زانستە سیاسییەکان دەبێت لەناو فەرمانگە و ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاردا. ڕەنگە بووترێت پسپۆڕ و دەرچوانی بواری زانستە سیاسییەکان خاوەنی لێهاتویی و توانایەکی ئەوتۆ نین، تاکوو بتوانن ئەم ڕۆڵە بگێرن. لەوانەیە ئەم وتەیە زۆرجار ڕاست بێت، بەلام ئایا لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییە سیاسییەکاندا بوونی مەعریفەی زانستی لەسەر ئەم چالاکییانە لە نەبوونی باشتر نییە؟

هەرچەندە پێویستە ئەو ڕاستییەش بزانین کە ئەرکی توێژەر و زاناکان ئەوە نییە کە بە فەرمانڕەوا و هاوڵاتیان بڵێن پێویستە چ بڕیارێك بدەن و چ ڕەفتارێك بکەن، بەلکو ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی ئەواندایە تەنیا ئەوەیە کە مەرجەکانی سەرکەوتن و شکستهێنانی بڕیار و ڕەفتارێکی دیاریکراو و لایەنە ئیجابی و سلبییەکانی ئەم بڕیار و ڕەفتارەیان بۆ ڕوونبکەنەوە و دەرئەنجام و پێشهاتەکانیشیان بۆ بخەنەڕوو، ئیدی گەر ئەوان مەبەستیان بێت بە ئامانجێکی

ئیجابی و سەرکەوتوو بگەن ئەوا ئەو ڕێنماییەی زاناکان بەهەند وەردەگرن، وەگەر نا خۆیان لە شکستی بڕیار و ڕەفتارە سلبیەکانیان بەرپرسیارن. بەرپرسیاریی توێژەر و زانا سیاسییەکان تا ئەو ڕادەیەیە کە بە فەرمانڕەوا و هاولاتیان بڵێن: چ شتێك بۆ هونەری سیاسەت و ئەرکی فەرمانڕەواییکردن و بەدیهێنانی خێری گشتی باشە، لەدوای ئەمەش بەرپرسیاریی فەرمانڕەوا و هاولاتیان دەستپێدەکات کە تا چ ڕادەیەك بە قسەیان دەکەن یان نا.

بەهەرحاڵ، لەکۆتایی ئەم بەشەدا دەبینین، زانستی سیاسەت کەڵێك ئامانجی جۆراوجۆری هەیە، دیارە توانای ئەم زانستەش لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بەندە بە ڕادەی گرنگیدانی دەسەلات و هاولاتیان بەم زانستە و فراوانکردنی ناوەندەکانی خوێندن و زیادکردنی هەلی کارکردن بۆ دەرچوانی ئەم بوارە. بێگومان زیادکردنی ئەم توانایەش دواجار واتای زیادکردنی توانای سیاسەت بۆ بەدیهێنای خێری گشتی. چونکە وەك بینیمان زانستی سیاسەت بە خۆی و ئامانجەکانییەوە ئامرازێکی مەنهەجییە و لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە بالاکانی مرۆڤ و کۆمەڵدا کاردەکات. بۆیە (د.حسن صعب) وتەنی: "خوێندنی زانستی سیاسەت واتای دروستکردنی تێگەیشتنێکی مەنهەجییانە لەسەر چۆنێتی پیادەکردنی سیاسەت و پێداچوونەوەی بەردەوام بەو هەڵە وسلبیاتانەی کە تائێستا لەم پیادەکردنەدا هەمانبووە". کاتێك دەڵێین خوێندنی زانستی سیاسەت پێویستە بۆ پێگەیاندنی کادر و توێژەری پسپۆڕ و پاراستنی سیستمی گشتی ولاتو پەروەردەکردنی ڕوحی هاوولاتیبوون و دروستکردنی سیاسەتی گشتی زانستیانە، هەموو ئەمانە واتای دەستکردن بە پرۆسەیەکی چاکسازی درێژخایەن لە دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە بۆ کۆمەڵگە و لە هاولاتییەوە بۆ فەرمانڕەواکان و دەسەلات. واتای پێداچوونەوەیەکی مەنهەجییانە بە هەڵە و سلبیاتەکانی





لەمەوپێشی دەوڵەت و کۆمەڵ و هاوولاتی و فەرمانڕەواکان. واتای باشترکردنی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە و چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هاولاتی و فەرمانڕەوا. مادام ئەم پەیوەندییەش بەر لە هەرشتێك پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤە، ئەوا دوا ئامانجی زانستی سیاسەتیش بریتییە لە چاککردنەوەی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و پێداچوونەوەی بەردەوام بەمرۆڤایەتیبوونی مرۆڤەکاندا و ئەوجا بەدیهێنانی واتا و گەوهەری مرۆڤایەتیبوونی مرۆڤ .

**** ****

**سەرچاوەکان:**


١. د. حافظ علوان حمادي الدليمي، المدخل الى علم السياسة، مطبعة رۆهەند، السليمانية، ط ٢، ٢٠٠٨. (لاپەڕە/ ٢٣ — ٢٩).

٢. د. عبدالرضا الطعان و د.صادق الاسود، المدخل الى علم السياسة، جامعة الموصل، ١٩٨٦ . (لاپەڕە/ ٢٨٣ — ٣٣٩).

٣. د. حسن صعب، علم السياسة، دارالعلم للملايين، بيروت — لبنان، ط ٥، ١٩٧٧. (لاپەڕە/ ٣٢— ٣٥).

# سایکۆلۆژیای
# دەسەڵاتوجەماوەر
## لەسیستمی تۆتالیتاریدا بەعسیزم وەک نموونە

م. سەمەد ئەحمەد*

## کورتەیەکی مێژوویی سەرهەڵدانی بەعسیزم

حزبی بەعس وەك حزبێكی پان عەرەبیزمی ناسیۆنالیستی توندڕەو، ئەگەرچی تاڕادەیەك مێژووی دروستبوونی بەرۆژو بەمانگ زۆر روون نییە، بەڵام مێژوونووسان و توێژەرانی بواری سیاسی لەسەر ئەوە کۆکن کە بۆ ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەم ناڕۆشنییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حزبی بەعس، لەپێش دامەزراندنی بەشێوەیەکی رەسمی، چەندین هەوڵی نارەسمی جیاجیای تری بۆ دراوە، هەریەك لەو هەوڵانە بە





بەشێك لە مێژووی حزبی بەعس دادەنرێت.

سەرئەنجام لەساڵی (١٩٤٢) لەسەر دەستی هەریەك لە (میشێل عەفلەق و سەلاحەدین بەیتارو مەدحەت بەیتارو جەلال سەید) لە بەیانێكدا حزبی بەعسی لەسوریا راگەیانرا.

(ناوی (پارتی بەعسی عەرەبی) بۆ یەکەمجار لەنامەیەکی نارەزاییدا هاتووە، کە سەلاحەدین بەیتار لە ١٥ی نیسانی ١٩٤٥دا ئاڕاستەی ئەنجومەنی نیابی کردووە... لە ١٠ی تەموزی ١٩٤٥دا میشێل عەفلەق و سەلاحەدین بەیتارو مەدحەت بەیتار داوایەکی رەسمییان پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆی ئەوکاتەی سوریا کردووە کە رێگە بدرێت بە دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی، بەڵام رەزامەندییان وەرنەگرتووە، لەگەڵ ئەمەشدا لەو مێژووە بەدواوە سەرجەم بەیانە رەسمییەکان بەناونیشانی (امة عربية واحدة، ذات رسالة خالدة)و بەئیمزای حزبی بەعسی عەرەبی دەرچووە... بەڵام رێگەپێدانانیان بەشێوەیەکی رەسمی تالآبردنی حوکمی سەربازی ئەدیب شیشکی لەساڵی ١٩٥٤دا رەزامەندیی وەرنەگرت...).

(بزووتنەوەی بەعسی عەرەبی تا نیشانی ١٩٤٧ هیچ جۆرە بەڵگەنامەیەکی رەسمی نەبوو، کە دەسەڵاتی حزب بڕیاری لەسەردابێت و بەپێی بنەما دەرهاتبێت کە ئاڕاستەی تیۆری و ئامانجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دیاریبکات، هەروەك چۆن هیچ جۆرە پەیڕەوێکی ناوخۆیی نەبوو کە سەرکردەو دامودەزگاکانی دیاریبکات و جوڵانەوەی نێوخۆی رێکبخات، بەڵکو هەموو سامانە تیۆرییەکەی چەند وتارێکی جیاجیابوو.

لەبەهاری ١٩٤٧ بانگی هەموو ئەندامانی حزبی بەعس کرا، کە لەچەند سەد کەسێك تێنەدەپەڕین بۆ بەستنی کۆنگرەی دامەزراندن لە دیمەشق...



هەواڵنامەی کتێب

بەمجۆرە لە ٤ی نیساندا ژمارەیەك ئامادەبوون كە نەدەگەیشتنە ٢٠٠ كەسێك، ئەم ژمارەیە نوێنەری هەردوو هەرێمی ئوردون و لوبنان و لە رۆشنبیران و خوێندكارانی زانكۆی سوریا پێكهاتبوون، بەستنی ئەم كۆنگرەیە سێ رۆژی خایاند...).

(لەوكۆنگرەیەدا پەیڕەوی ناوخۆی حزب پەسەندكرا، هەروەها سەركردایەتی حزبیش دانرا كە میشێل عەفلەق بوو بە عەمیدو سەلاحەدین بەیتار بووە بەسكرتێری گشتیی حزب و جەلال سەیدو وەهیب غانمیش بەئەندام پەسەندكران.....).

(لەساڵی ١٩٤٩ بەعس پاشەكشەیەكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، هۆكاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەوكاتە میشێل عەفلەق لەزینداندا بوو، نامەیەكی پڕ لە پەشیمانی و پاكانەی بۆ (حوسنی زەعیم)ی سەركردەی یەكەمین كودەتای سوریا ناردبوو... ئەم نامەیە، كە دواتر رۆژنامەكان قسەی زۆریان لەسەركرد، ئابڕوچونێكی رەوشتی بوو پێش ئەوەی سیاسی بێت، كە تیایدا (عەفلەق) وەك كەسێكی لاواز لە بەرگریكردن لەبیرو باوەڕەكەی پیشاندەدا...).

حزبی بەعسی عەرەبی لەساڵانی یەكەمدا، لەپێشكەوتنی سیاسیدا نەیتوانی سەركەوتنێكی ئەوتۆ بەدەستبهێنێت بەڵكو زیاتر رۆڵەكەی وەك رۆڵێكی لاوەكی مایەوە، تا سەرەنجام ئەم حزبە (لە٥ی ئازاری ١٩٥٤ لەگەڵ حزبی (عەرەبی ئیشتراكی) كە (ئەكرەم حۆرانی) رابەرایەتی دەكرد یەكیگرت، لەسەركردایەتی نوێشدا سیان لە سەركردەكانی بەعسی عەرەبی دیاریكران كە بریتیبوون لە عەفلەق و بەیتارو جەلال سەید، دوانیش لەسەركردەكانی حزبی عەرەبی ئیشتراكی كە بریتیبوون لە ئەكرەم حۆرانی و ئەنتۆن مەقدسی ئیتر لەوكاتەوە ناوی ئەم حزبە بوو بە (حزب البعث العربي الاشتراكي).





ئەگەرچی حزبی بەعس لە وڵاتی سوریا دامەزرا، بەڵام هەرزوو لقی لە چەند وڵاتێكی عەرەبی تردا كردەوە، یەكێك لەو وڵاتانە عیراق بوو.

زۆرێك لە سەرچاوەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیای بەعس بۆ ساڵی ١٩٤٨ دەگەڕێتەوە، لەسەردەستی چەند خوێندكارێكی عیراقی كە لەزانكۆكانی سوریا دەیانخوێندو چەند خوێندكارێكی سوری كە لەزانكۆكانی بەغدا دەیانخوێند بیروباوەڕی بەعس لە عیراق بڵاوبووەتەوە.

(لەهەمانكاتدا لەشاری كەربەلا لەلایەن (سەعدون حەمادی)یەوە، وەك كەسایەتییەكی سەربەخۆ كە ئەوكاتە لەبەیروت دەیخوێند، یەكەم شانەی لەساڵی ١٩٤٨ دامەزراند بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەكی بە رێكخستنەكانی بەغداوە هەبێت. (حەمادی) بڵاوكراوە حزبییەكانی لەبەیروتەوە دەناردەوە، لەوانە رۆژنامەی (البعث) كە بە بەردەوامی و هەفتانە دەگەیشت و بەشێوەیەكی ئاشكرا دەفرۆشرا... جگە لەمە لە رۆژنامەی (المروة الوثقى) كە لە بەیروت دەردەچوو، بیروباوەڕەكانی بەعسی بەشێوەیەكی ئاشكرا بڵاودەكردەوە، سەرەتا (حەمادی) ئەمكارانەی وەك كەسێتییەكی سەربەخۆ ئەنجامدەدا، بەڵام دواتر شێوەی كاركردنەكەی رێكخست و بەستییەوە بە رێكخستنەكانی بەغداوە...).

ئیدی هێواش هێواش بیروباوەڕی حزبی بەعس لە بەغداو چەند شارێكی تری ناوەڕاست و خواروی عیراق بڵاوبووەوە.

(دەسەڵاتدارانی ئەوكاتەی عیراقیش تا پێش ١٩٥٢ هیچ بایەخێكیان بەچالاكیی بەعسییەكان نەدەدا، بۆیە بەعسییەكان جۆرێك لەئازادییان لەزانكۆكاندا هەبوو كە دەیانتوانی چاوپێكەوتن و هەندێكجار كۆڕو كۆبوونەوەش ببەستن و دوور لەچاودێرو سانسۆرو راوەدوونانی سیاسی).

(ئەندامانی حزبی بەعس لەعیراق رۆڵێکی کاریگەرییان هەبوو لە ئامادەکردنی جەماوەر بۆ مانگرتن و خۆپیشاندانی سیاسی و جەماوەریی کە لەشارەکانی عیراقدا ئەنجامدەدرا.. یەکەم بەیانی رەسمی سیاسی بۆ ئامادەکردنی راپەڕین لەلایەن بەعسییەکانەوە لەژێر ئیمزای (الشباب العربی الجامعی فی العراق) دەرچوو کە تیایدا ئیدانەی دەستدرێژیکردنە سەر خوێندکارانی کۆلێژی دەرمانسازی دەکات لەلایەن پۆلیسەوە).

بەعسییەکان هەر لەسەرەتای دامەزراندنی حزبەکەیانەوە بانگەشەیان بۆ یەکێتیی خاك و نیشتمانی عەرەب کردووە، بەڵام لەساڵەکانی دواتری تەمەنی حزبدا گۆڕانی بەسەرداهاتووە کە دەتوانین بەپێی ساڵ تێگەیشتنی بەعسییەکان بۆ یەکێتیی خاکی عەرەبی بەسەر دوو قۆناغدا دابەشبکەین.. قۆناغی یەکەم: لە ١٩٤٠-١٩٥٨ جەختیان لەسەر خەباتکردن لەدژی ئیستیعمارو رۆڵی جەماوەر تیایدا دەکردەوە).

بەعسییەکان سودیان لەو هەلومەرجە سیاسییەی ئەوکاتەی عیراق وەرگرتو توانیان لەماوەی چەند ساڵێکدا ئایدۆلۆژیای حزبی خۆیان بلاوبکەنەوەو ئازادانە کاری حزبی و سیاسییان دەکرد، لەسەرەتادا چالاکییەکانی حزبی بەعس وەك هەر حزبێکی ناسیۆنالیستی توندڕەو لەسەر تەوەری جولانی هەستی نەتەوەیی عەرەبی وازیدەکرد، هەروەها بەڵێنی ئەوەی بەخەڵکی دەدا، کە بەعس نەتەوەی عەرەب و جەماوەری عەرەبی لەو نەهامەتییەی کە تێیکەوتووە رزگاردەکات، لەگەڵ ئەمەشدا هەڕەشەی گەورەی لە دوژمنانی عەرەبی کە داگیرکەران و ئیمپریالیزمی جیهانییە دەکرد.

بەکورتی بلێین: بەعسییەکان مژدەی دروستکردنی بەهەشتیان پێبوو لەسەر زەوی بۆ نەتەوەی عەرەب، بەڵام سەرئەنجام جگە لەدۆزەخێك هیچی تریان دروستنەکرد.

هەر سەبارەت بە کردنەوەی لقی حزبی بەعس لە عیراق، هەندێ



هەواڵنامەی کتێب



سەرچاوەی تر ئاماژە بەوە دەکەن، کە یەکەمجار (لقی عیراقی حزبی بەعس لەساڵی ١٩٥٢ لەسەر ئامۆژگارییەکانی میشێل عەفلەق دامەزراوەو فوئاد روکابی بووە بە یەکەم سکرتێی گشتیی حزب، بەڵام دوای ئەمەی لەساڵی ١٩٥٩ روکابی وازی لە حزب هێناوەو چەند جارێك خراوەتە بەندیخانەوە، دوایش لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧١ لەلایەن ئەمنی بەعسییەوە کوژراوە..

لەدەوروبەری ساڵانی ١٩٥٢ حزبی بەعس ئەوەندە نەناسرابوو لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و ئەندامانی لەپەنجا ئەندام تێنەدەپەڕی، ئەم ئەندامانەش بەهۆی پەیوەندیی خێزانی و برادەرایەتی لەگەڵ یەکدا کاریان دەکرد، بۆیە دەکرێت بڵێین: یەکەم رێکخراوی بەعسی بەتەواوەتی پێکهاتبوون لەخەڵکی شیعە. کاتێك (فوئاد روکابی) حزبی بەجێهێشت، زۆر لەئەندامان وازیانهێنا لە چالاکی حزبی... لەساڵی ١٩٥٥ بەپێی تۆمارگەی پۆلیسی عیراقی، ئەندامانی حزبی بەعس بریتیبوون لە ٢٨٩ ئەندام...

دوای کودەتاکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی (عەبدولکەریم قاسم) لەدژی دەسەڵاتی پاشایەتی، رێگەی پاککردەوە بۆ بەعس، کە (٣٠٠)ئەندامی ئەکتیف وەربگرێت لەناو ریزەکانی خۆیداو (٢٠٠) لایەنگرو (١٢٠٠) ئەندامی مونەزەم و (١٠,٠٠٠)خەڵکی نامونەزەم لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە).

ئەگەرچی لەکاتی حوکمی (قاسم)دا بەشێك لەئەندامانی حزبی بەعس بەشدارییان لە حکومەتدا کردو پۆستی جیاجیایان وەرگرت، بەڵام حزبی بەعس لەگەڵ (قاسم)دا ناکۆك و ناتەبا بوو... سەرەنجام لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣بەعسییەکان توانیان بەکودەتایەك دەسەڵات بگرنە دەست و کۆتایی بە حوکمی (قاسم) بهێنن‌و لە ٩ی شوباتی هەمانساڵدا بەعسییەکان قاسمیان ئیعدامکرد.

ئیدی لێرەوە بەعسییەکان کەوتنە پاکتاوکردنی نەیارەکانیان لەناوخۆو

دەرەوەی حزب، لەپێش هەموانیشەوە کەوتنە گرتن و کوشتنی ئەندامانی حزبی شیوعی عیراقی.

(لەدە رۆژی دوای کودەتاکە، کە بەعسییەکان پێی هاتنە سەر حوکم، زۆر ئەندامی لیژنە مەرکەزی حزبی شیوعی لەسێدارەدران، لەپێش هەموویانەوە (سالم عادل) سکرتێری گشتیی حزبی شیوعی عیراقی، لە ١١ی ئازار (٢٥) ئەندامیتر ئیعدامکران، لە ٢٥ی مایس (١١)ی دیکە ئیعدامکران، (٢٨)ی دیکە لە ٢٣ی حوزەیران، چونکە هاوبەشییانکردبوو لە رووداوەکانی موسڵ، (٣١)ی دیکەش ئیعدامکران لەکۆتایی مانگی تەمووز، چونکە پلانیانگێڕابوو کردبوو لەدژی حکومەت.. هەرچۆنێك بێت لەو ماوە کورتەی حکومەتی بەعس (٤٩) ئەندامی کۆمۆنیست ئیعدامکران و (٧) هەزاریان فڕێدرانە زیندانەوە..

هەندێ بەڵگەنامە جەختدەخاتە سەر ئەوەی کە قوربانیانی سەردەستی بەعسییەکان لەو تۆمارگەدا گەیشتووەتە دە هەزار کەس...).

لەساڵی ١٩٦٣ کودەتایەکی تر لە عیراق روویداو بۆماوەی زیاتر لە چوار ساڵ لەلایەن هەردوو برا (عەبدولسەلام عارف و عەبدولرەحمان عارف) حوکمی عیراق بەشێوەیەکی توندوتیژانە بەڕێوەبراوە.

لە ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ بەکودەتایەکی تر، جارێکی تر بەعسییەکان دەسەڵاتیان گرتەوەدەست، لەو رۆژەوە تا کەوتنی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣، مێژووی سیاسی عیراق جیاواز بووە لە مێژووی پێش کەوتنی و مێژووی دوای کەوتنی بەعس، چونکە تەمەنی چەند ساڵەی حوکمڕانی بەعس جگە لە تۆتالیتاریزم هیچی دی نەبوو.

ئەو پرسیارە تیۆرییەی کە دەبێت بکرێت ئەوەیە: ئایا حزبی بەعسی حزبێکی تۆتالیتارە لەشێوەی فاشی ئیتالی، یان نازی ئەڵمانی، یان کۆمۆنیزمی





سۆڤێتی؟ چەند نزیکایەتی و پەیوەندیی لەنێوان ستالین و مۆسۆلێنی و هیتلەرو سەدام حوسێندا هەیە؟

ئێمە هەوڵدەدەین لەتەوەرەکانی تری ئەم توێژینەوەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارانەو پرسیاری تریش بدەینەوە...

## بەعسیزم وەکو دەسەڵات

(بەعسیزم دەبێت وەکو چەمکێکی تایبەتی تۆتالیتارانەی دەسەڵاتدارێتی لەجیهانی خۆماندا ببینین و راڤەیبکەین و تێیبگەین، هەروەکو چۆن تۆتالیتاریزم لەخۆرئاوای سەرمایەداری، فاشیزم و نازیزمی بەرهەمهێنا، لەخۆرهەڵاتیش کۆمۆنیزمی سۆڤیەتی و چینی و.. هتد بەرهەمهێنا، ئاوهاش لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا فۆرمێکی تایبەتی دەسەڵاتدارێتی بەرهەمهێنا کە ناوی (بەعسیزم)ە).

(ئەزموونی بەعسیزم لەعیراقدا تێکەڵەیەکی نوێیە لەهەموو شێوازە تیۆریزمە کۆن و تازەکان، رەگ و ریشەی لەناو ئەدگاری زەندیق سوتێنەرەکانی رۆژگاری عەباسی و لەناو مەرگدۆستی هیتلەری و دڕندەخۆیی خەلیفەکان و سانسۆری سیستماتیزەکراوی دەزگا نوێکاندایە...).

(حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) وەك هەر حزبێکی تۆتالیتاری تر، هەر لەسەرەتای هاتنە سەر حوکمییەوە، بەپشتبەستن بە بنەمای فکری ناسیۆنالیستی توندڕەو، بڕوای بە لەناوبردنی نەیارەکانی و دەستەمۆکردن و بە مێگەلکردنی جەماوەر هەبووە، ئەمەش لە رۆژانی یەکەمی دەسەڵاتییەوە بەکردەوە پراکتیزەیکرد، لەلایەك کەوتە قەتڵوعامی حزبە سیاسییەکانی تری سەر مەیدانی سیاسی ئەوکاتەی عیراق، بەتایبەتی سەرکردەو ئەندامانی و لایەنگرانی حزبی شیوعی عیراقی و کوردەکان، لەلایەکی تریشەوە، لە رێگەی میلیشیای

(حەرەس قەومی)یەوە بەعسییەکان ترس و تۆقین و دڵەڕاوکێیەکی زۆریان لەناو خەڵکیدا بڵاوکردەوە، بەشێوەیەك هیچ کەسێك نەیدەتوانی کە دەنگی نارەزایی سیاسی بەرزبکاتەوە.

بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی (سیاسی، دەروونی، عەسکەری، کۆمەڵایەتی، مەزهەبی) دیارترین ئەو میکانیزمانەبوون کە بەعس بەدرێژایی حوکمی خۆی کاری لەسەردەکرد، لەم رێگەیەوە (توندوتیژی) توانی پێگەکانی دەسەڵات لەوڵاتدا قایمبکات، بەشێوەیەك کە هیچ حزب و بزووتنەوەیەکی سیاسی تر نەتوانێت لەمەیدانەکەدا بمێنێتەوە.بەعس لەم خاڵەو لەزۆر رویترەوە، بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی نازی ئەڵمانی و فاشی ئیتالی و کۆمۆنیزمی ستالینی، توانی تەواوی کۆمەڵگە داگیربکات و حزب لەشێوەی لیفیتانێکدا، بەمانا هۆبزییەکەی هاتە مەیدان.

بەعس لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە بڕوای بەدیموکراسی و نەیاری سیاسی و ململانێی هەڵبژاردن و رای جەماوەر نەبوو بۆ هاتنە سەر حوکم و دەسەڵات گرتنەدەست، چونکە لە بناغەدا بڕوای وابوو کە ئەمانە ئەو رێگایانە نین کە نەتەوەی عەرەب پێویستێتی، بەپێچەوانەوە، سەرکردە مەیدانییەکانی بەعس، بەپشتبەستن بە بنەما فیکرییەکانیان لەو بڕوایەدا بوون کە لەئەمڕۆدا نەتەوەی عەرەب لەحاڵێکی هێند خراپدایە، کە پێویستە بەهیچ شێوەیەك رێگە بەحزب و لایەنی سیاسی تر نەدرێت کە بێنە مەیدان، چونکە عەرەب جگە لە ئایدۆلۆژیای بەعس، هیچ ئایدۆلۆژیایەکی تر لەو دەردو پەتایەی کە تووشیبووە نەك هەر رزگارناکات، بەڵکو چەند هێندەی تر نەتەوەی عەرەب کەلەلاو دەردەدارتر دەکات.

نەك هەر ئەمە، بەڵکو سەرکردەکانی بەعس، وەکو تیۆرسینەکانیان لەو بڕوایەدا بوون کە بەشێك لەم نەخۆشیانە پەیوەندییان بە چەمکەکانی دیموکراسی و





نەیاری سیاسی و ململانێی حزبییەوە هەیە... کە هەموو ئەمانە بوونەتە مایەی زیاتر پەرشوبڵاوکردنەوەو سەرگەردانکردنی جەماوەری نەتەوەیی عەرەب، بۆیە لەرزگاکردنی نەتەوەی عەرەبدا کەمینەکان، کەبریتین لەوکەسانەی کە بەعسییان هێناوەتە سەر دەسەڵات دەبێت پێشەنگی نەتەوەو رابەربن..

بەعس لەبری ئیرادەی جەماوەر، بڕوای بەوە هەبوو کە نەتەوە لەسەر دەستی چەند کەسێکی خاوەن تواناو لەخۆبردوو رزگاری دەبێت.

لەم بارەیەوە (میشێل عەفلەق) ئەوە دەخاتە روو کە (تەنها ئەم کەمایەتییە دەتوانێت بەرپرسی قڵپکردنەوەو گۆڕینی بارودۆخ وەربگرێ و روونیبکاتەوە بۆ میللەت لەپێناوی هۆشیارکردنەوەی و پەروەردەی بکات و واقعی خۆی بۆ باسبکات و رێگەی راستی پیشانبدات بۆ خەباتێکی رێکخراو، زۆرینە کە ئەم هەستەی نییەو ئەو رۆحە کۆکەرەوەیەی تاکی نییە، دەبێ باری کردەوەی ئەم کەسایەتییە هەڵبگرێت و ملکەچی بێت...).

بۆیە دەسەڵاتدارو سەرکردە ئیداری و مەیدانی و عەسکەرییەکانی بەعس بە هەموو شێوەیەك کەوتنە لەناوبردنی هەموو ئەو کەسانەی کە پێیانوابوو رێگرن لەبەردەم قایمکردنی دەسەڵات، لەماوەی کەمتر لە دوو هەفتەدا سەرجەم وەزیرە نابەعسییەکانیان لابردو کەسانی بەعسییان خستە جێگاکانیان.

لە ٣٠ی تەمووزدا بەعس کۆنترۆڵی تەواوی پەیداکرد، تەواوی پۆستە سیادییەکانیان لەخۆیاندا بەمشێوەیە دابەشکرد، ئەحمەد حەسەن بەکر- سەرۆك کۆمار، حەردان تکریتی- وەزیری بەرگری و سەرۆکی هێزی هەوایی، ساڵح مەهدی عەماش- وەزیری ناوخۆ، عەبدولکەریم شێخلی- وەزیری کاروباری دەرەوە..

دووەم، هەنگاوی سیاسی بەعسییەکان بریتیبوو لە دانانی ئەفسەری بەعس و لایەنگرانی حزبی بەعس لەناو پۆستە هەرە گرنگەکانی هەرەمی سەربازیدا.. پتر

لە (١١٧) ئەفسەری بەعسی کە لەپێشدا ئیستیقالەیان کردبوو، خرانەوە ناو ریزەکانی سوپاو دوو هەزار پیاوی سەربازی بەعسی گوێزرانەوە بۆ شوێنە گرنگو حەساسەکانی دەسەڵاتی سەربازی و مەدەنی و حەرەس قەومی... بەتەنها چەند مانگێك حزبی بەعس توانی هێزی لەشکرو پۆلیس و موخابەرات بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

سێیەم، هەنگاو بریتیبوو لە پەرشو بڵاوکردنەوەی هەموو ئەگەرێکی هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵات. واتا لەناوبردنی هەموو ئەوانەی کە جێی مەترسی بوون، یان دژی شۆڕشی بەعس بوون...).

بەمشێوەیە دەبینین بەعس بۆ قایمکردنی دەسەڵات بڕوای تەواوی بەلەناوبردنی ململانێی سیاسی هەموو ئەو کەسولایەنانە بوو، کە سەرکردەکانی بەعس پێیانوابوو جێگای گومان و مەترسین.

دەسەڵاتی بەعس، کە بریتیبوو لە گەورەبوون و بەهێزبوونی دەسەڵاتی هۆبزییانەی دەوڵەت و حزب و دەزگا ئەمنی و ئیستیخباراتی و عەسکەرییەکان، لەسەر حسابی لاوازکردنی دەسەڵاتی یاساو بێئیرادەکردن و بێدەنگی خەڵك دروستبووە.

لێرەوە بەئاشکرا کۆنترۆڵکردنی هەموو کۆمەڵگە لەلایەن بەعسەوە بەدیدەکرێت، کە ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی سیستمی تۆتالیتار، چونکە (تۆتالیتاریزم ئەو شێوەیەی دیکتاتۆریەتە، کە دەخوازێت کۆی رەهەندەکانی ژیان کۆنترۆڵ و دیسپلین بکات، رەهەندی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابوری سیاسی و کلتوری، تاکەکەسی، تۆتالیتاریزم هەڵگری تەماحێکی گەورەشە، تەماحی بنیادنانی ئینسانو کۆمەڵگەیەکی نوێ، بەرپاکردنی گۆڕانی ریشەیی و رادیکاڵ لە چۆنیەتی ریزبوون و رێکخستنی کۆمەڵگەدا، سەرلەنوێ داڕشتنەوەی کەسایەتی





ئینسان، ئەمەش مانای وێرانکردنی ئەو دنیایەی کە هەیە بۆ بنیادنانی دنیایەکی دی کە دەبێت بێت، بۆ بەخشینی رەوایەتیش بەم وێرانکاریە، تۆتالیتاریزم پێویستی بە ئایدۆلۆژیایەك هەیە کە ئێستا ئیدانە بکات و وێنەیەکی بەهەشتی ئایندەش پێشنیاربکات ).

بەعسیش وەکو حزبە تۆتالیتارەکانی تر، حزب لەلای ئەو ماشێنەیە کە دەبێت هەموو کۆمەڵگە جێگەی خۆیان لەناویدا بکەنەوە، ئەمەش جگە لە بەمێگەلکردنی کۆمەڵگە هیچی تری لێنەکەوتەوە.

حزب لەلای بەعس ئەو ئامرازە بوو کە لە رێگەیەوە دەتوانرێت جەماوەرو نەتەوەی عەرەب لە پەرشوبڵاوی و سەرگەردانی و ناهۆشیاری رزگار بکات، چونکە حزبی بەعس خۆی بە هەڵگری ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی دەزانی، وای ڕادەگەیاند کە بەعس تایبەت نییە بە چینێك، یان توێژێك، یان مەزهەبێك.. تەنانەت ئەگەر چی ناوی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بوو، بەڵام دەبوو جگە لە نەتەوەی عەرەب، هەموو نەتەوەکانی تری وەك کوردو تورکمان و کلدانو ئاشووریش بێنە ناو حزبەوەو ببن بە بەعسی..

بەکورتی بڵێین: بەعس زۆر بەچڕی کاری لەسەر بەحیزبیکردنی کۆمەڵگە دەکرد، ئامانجیشی لەمکارە، لێسەندنەوەی تایبەتمەندێتی چینایەتی و مەزهەبیو نەتەوەیی و بێشوناسکردنی تەواوی کۆمەڵگە بوو، چونکە باش دەیزانی لەم رێگەیەوە باشتر دەتوانێت لەلایەك دەسەڵات قایم بکات، لەلایەکی تریشەوە هیچ دەرفەتێك بۆ نەیاریکردنی سیاسی لە وڵاتدا نەمێنێتەوە.

بۆ باشتر ناسینی سروشت و پێکهاتەی حزبی بەعس باشتر وایە تیشکێك بخەینە سەر یەکەی بنچینەیی ئەم حزبە (یەکەی بنچینەیی حزبی بەعس پێکهاتبوو لە (خانە- شانە) کە بچوکترین یەکەی رێکخراوەیی بوو و لەسێ تا



هەواڵنامەی کتێب

حەوت ئەندامی لەخۆدەگرت، دوو تا حەوت شانە فیرقەیان پێکدەهێنا، بەلایەنی کەمەوە دوو فیرقە شوعبەیەکیان دروستدەکرد.

لەساڵانی ١٩٨٠دا بیست و یەك شوعبەی حزبی لە عیراقدا هەبوو کە دابەشبووبوون بەسەر پارێزگاکانداو سێ شوعبەش لەبەغدا هەبوو، سەرجەم شوعبەکان پێکەوە (قطر)یان پێکدەهێناو لەهەر ئاستێك لەئاستەکانی هەرەمی حزبی سەرکردایەتییەك هەڵدەبژێردرا کە پێی دەگوترا (قیادة القطریة).. جگە لە قیادەی قوتری، ئۆرگانی (القیادة القومیة)ش هەبوو کە بریتیبوو لە باڵاترین دەسەڵاتی حزب).

بەڵام هەردوو قیادەی قوتری و قەومی، لەبەرامبەر بڕیارەکانی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) جگە لەرابەرانی کارتۆنی حزبی هیچی دی نەبوون، چونکە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەهێزترین جەستەو بڕیاردەری سیاسەتی عیراقی و دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریشی هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی کە سەددام حوسەین بوو بەسەرۆك کۆمار، ئەم ئۆرگانەش بوو بەداردەستێك، لەژێر دەستی خۆی و خزم و کەسوکاری کە کاری موخابەراتی و سیخوڕیان پێسپێردرابوو.

بەعس لەپیادەکردنی دەسەڵاتدا بڕوای تەواوی بەپرەنسیپەکانی مەکیاڤیللی هەبوو کە بریتبوو لەوەی دەسەڵات لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە دەتوانێت قایم بێت و ئامانجەکانی بەدەستبهێنێت.

دروستکردنی کۆمەڵگەی سەربازی دیارترین سیماکانی حزبی بەعس بوو، بەعەسکەرکردنی کۆمەڵگە ئەو میکانیزمەبوو کە بەعسییەکان زۆر بەچڕی کاریان لەسەر کردوو لە ڕێگەشیەوە توانیان شەڕی نەیارەکانیان لەناوخۆو دەرەوە بکەن و دەسەڵاتی خۆیان درێژە پێبدەن.





سوپا لەسایەی بەعسدا، جیاواز لە هەر سوپایەکی نیشتمانی تر، ئامرازێکی سەرکوتکەرو وێرانەکەرو تالانچی بوو، ئەرکی ئەم سوپایە پارێزگاریکردن بوو لەدەسەڵاتدارانی بەعس نەك پاراستنی وڵات لەمەترسی و هەڕەشەی دەرەکی.. ئەمە جگە لەوەی لەناو سوپاشدا چەندین تۆڕی سیخوڕی و چاودێری دانرابوو کە دەسەڵاتیان لەسەرووی پرەنسیپە نیزامی و یاساییەکەی سوپاوە هەبوو.

ئەو شتەی کە هیچ بایەخێکی نەبوو و ڕێزی لێنەدەگیرا، پلەی سەبازی بوو لە شێوە یاساییەکەیدا، ئەو کەسانەی کە لەهەرەمی دەسەڵاتی سەربازیدابوون، ئەو کەسانە نەبوون کە شارەزابن لە زانستی عەسکەریدا ، بەپێچەوانەوە زۆربەی زۆری ئەفسەرو دەرەجەدارەکانی سوپای عیراقی ژێر سایەی بەعس، بەتایبەتی لەساڵانی هەشتاکان بەدواوە، بریتیبوون لە خزم و کەسوکارو کەسە نزیکەکانی خودی سەددام حوسەین و بنەماڵەکەیەوەو دەرچووی هیچ کۆلێژێکی سەربازی نەبوون و هیچ شارەزاییەکیشیان لە زانست و هونەری سەربازیدا نەبوو. ئەم هەڵاوردن و لەبەرچاونەگرتنەی تواناو شارەزایی کەسەکان لەبواری سەربازیداو دواجاریش بەڕێوەبردنی سوپا لەلایەن ئەو کەسانەوە، جگە لە بێبایەخکردن و بچووککردنەوەی سوپا زیاتر هیچی تری نەدەگەیاند.

جگە لەمانە، ئەوەی زیاتر شکۆی نیزامی سوپاو پۆلیسی لەعیراق هێنابووە خوارەوە، ئەو هەموو هێزو میلیشیایەی تر بوو کە لە عیراقی بەعسدا لەژێر ناوی جیاجیادا بوونیان هەبوو.. وەك (گاردی نیشتمانی.. الحرس الجمهوری، هێزی میلیشیایی سوپای میللی- الجیش الشعبی) فیدائی سەدام، سەیف القائد، ئەشبال سەدام، جەیشی قودس، هێزی میلیشیای جاش و چەندانی تر..

(گاردی نیشتمانیی بریتیبوون لە دەستە بژێرێکی بەعسی، کە لەسەرجەم سەربازەکانی دیکەی سوپای عیراق موچەی باشتریان هەبوو و بەشێوەیەکی

تایبەتی مەشقیان پێدەکراو باشترین چەکیان هەبوو.. ئەرکی ئەندامانی گاردی نیشتمانی بریتیبوو لە پاراستنی سەدام حوسەین و پارێزگاری ئاسایشی بەغدا.. زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەم دەزگایە پێکهاتبوون لە پیاوی موخابەرات و ئەمن و لەخزم و کەسوکاری سەدام).

سوپای میللی، یەکێکی تر بوو لەو هێزە میلیشیایەی کە لەلایەك نرخ و بەهای سوپاس نیزامی هێنابووە خوارەوە، لەلایەکی تریشەوە رۆڵی هەبوو لە سەرکوتکردنی زیاتری جەماوەرو هێزی نارەزی خەڵکیدا.

سەرۆکی ئەم هێزە میلیشیایە (تەها جەزراوی) بوو، سوپای میللی پێکهاتەیەکی زۆر تایبەتی هەبوو، مامۆستا، خوێندکار، کرێکار، فەرمانبەر پزیشك، نەخوێندەوار.. هتد، بە نێرو مێ-وە، لەکاتی شەڕو ئاشتیدا دەبوو ساڵانە چەند مانگێك ببێتە چەکداری ئەم سوپایەو لەسەربازگەی تایبەتی مەشقیان بکردایە.

(لەساڵی (١٩٧٠)دا ژمارەی سوپای میللی پێکهاتبوو، لەچەند هەزار ژن و پیاوێك، بەڵام لەساڵی (١٩٧٨) ەوە فراوانبوونێکی بێ هاوتای بەخۆیەوە بینی، واتا پێکهاتبوو لە (١٠٠,٠٠٠) ئەندام، لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠و١٩٨١دا ژمارەی ئەندامانی گەیشتە ٢٥٠,٠٠٠و لەساڵی ١٩٨٢ گەیشتە ٤٥٠,٠٠٠ کە ئەم ژمارەیە نزیکەی دوو ئەوەندەی هێزی پۆلیس و هێزی سوپای نیزامی ئەوکاتە بوو، چونکە ژمارەی پۆلیس بریتیبوو لە ٢٦٠,٠٠ کەس و ژمارەی سوپای نیزامی بریتیبوو لە ٢٤٠,٠٠٠سەرباز).

جگە لەم هێزانە، سێ دەزگای پۆلیسی سیاسی تر هەبوو کە نەك هەر مایەی ترس بوون بۆ خەڵکی، بەڵکو مایەی ترسیش بوون بۆ تەواوی هێزی چەکداری عیراقی بە سوپای نیزامی و میلیشیایشەوە، ئەویش بریتبوون لە دەزگای (ئەمن کە پیشەکەی چاودێریکردنی جموجوڵی خەڵکی و سیخوڕیکردن بوو





بەسەریانەوە کە لەناو زۆرێك لە خێزانەکان و هەموو کوچەو کۆڵان و بازاڕو دامەزراوەیەکی دەوڵەتدا هەبوو.

(ئیستیخبارات) کە چاودێری جموجوڵی سەبازی دەکردو زانیاریی سەربازی دەگەیاندە سەرووی خۆی، دەزگا هەرە ترسناکەکەی تریش بریتیبوو لە (موخابەرات) ئەم دەزگایە راستەوخۆ چاودێری تۆڕەکانی پۆلیس و کۆنتڕۆڵکردنی چالاکییەکانی دەزگاکانی دەوڵەت و لەشکرو کاروباری حکومی و دامەزراوە جەماوەرییەکانی دەکرد.

(لەساڵی ١٩٨٥ەوە پیاوانی ئاسایشی بەعس پێکهاتبوون لە نزیکەی ٤٠,٠٠٠ کەس، ئەمانە بەگوێرەی میتۆدی توندوتیژی تەعداکردن مەشقیان پێدەکرا، لەهەموو بەشێکی کارگێڕی دەوڵەت، لە هەموو یەکەیەکی سوپا، لەهەموو خوێندنگەیەك، زانکۆیەك، لادێیەك، گەڕەکێك، تەنانەت مزگەوتێکیش قۆمیسەرێکی سیاسی دانرابوو، کە پەیوەندیی بەتۆڕەکانی پۆلیسی سیاسییەوە هەبوو و ئەمانیش راستەوخۆ بەستڕابوون بەخودی سەدام حوسەینەوە، سەدامیش هەر خۆی بەتەنها رێکخراوێکی نهێنی بوو).

بەمشێوەیە دەبینین کە کۆمەڵگەی عیراقی لەسایەی بەعسدا، بەگەورەو بچووك و بە ژن و پیاوەوە ببوون بە سوپایەك لەچەکدارو خەسڵەت و سروشتی خۆیان لەدەستدابوو، ئامانجی بەعس لە بەعەسکەرکردنی کۆمەڵگەدا، بێبایەخکردنی هەموو پیشەو شارەزایی و بەهرەو تواناو ئەرك و فەرمانێکی بەشەری و مەعریفی بوو.

ئەوەی لەم نێوەندەدا هیچ نرخێکی نەبوو، زانست و زانیاریی و شارەزایی و بەهرەو پسپۆڕی تاکەکان بوو.

پزیشك، ئەندزیار، مامۆستای زانکۆ، یاساناس، فەرمانبەر، خوێندکار، ژنێکی

ماڵەوە، دوکاندار، رۆژنامەنوس، شۆفێری تەکسی، هونەرمەند، شاعیر، رەخنەگر، چەقۆکێش، دزو پیاوکوژ.. هتد، هەمووان وەکو یەك دەبوو یەك جۆری جلی خاکی عەسکەری بپۆشن و ببن بە جەنگاوەرو رۆژانە مەشقی سەربازی ئەنجامبدەن و سەنگەرێك پربکەنەوە... ئەوەیشی ئامادەنەبوو بەم رۆڵە هەستێت، ئەوا بەتۆمەتی خیانەت و نانیشتمانپەروەری تاوانباردەکرا، کە سووکترین سزای فەسڵکردنی بوو لە کارو پیشەکەی، هەربۆیە بایەخی خوێندن و زانست و زانیاریی و کارو پیشە لەسایەی دەسەڵاتی بەعسدا هیچ نرخێکیان نەبوو، چونکە ئەوەی تاکەکەسی دەکردە کەسێکی کاریگەر لەکۆمەڵدا، بەهرەو توانای تاکەکان نەبوو، بەڵکو رادەو پلەی دڵسۆزی تاکەکان بوو بۆ سوپاو بۆ حزب و دواجاریش بۆ سەرۆك.

لەجیاتی ئەوەی کێبەرکێ بکرێت لەبواری زانستی و پەروەردەیی و وەرزشی و هونەریی و کایەکانی تری مەعریفە، کێبەرکێیان دەکرد لەسەر ئەوەی کە کێ زیاتر دڵسۆزە بۆ حزب و بۆ سەرۆك، ئەمەش ئامانجی هەرە دیارو بەرچاوی دەسەڵاتدارانی بەعس بوو لەحوکمڕانیکردنی کۆمەڵگەدا. ئەمانەو چەندان خەسڵەتی تری پاوانکردنی دەسەڵات ئاماژەن بۆ ئەوەی کە بڵێین: بەعسیزم وەك سیستم و وەکو حزب و وەکو رابەر جگە لە رژێمێکی تۆتالیتار هیچی تر نەبوو.

## بەعسیزم وەکو کەلتوور

بەعسیزم تەنها سیستمێکی سیاسی، یان دەسەڵاتێکی توندڕەوانەی ناسیۆیالیستی نەبوو کە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ حوکمی عیراقی کردو هەوڵیدا چارەنووس و ئایندەی تاکەکان وەك ئەوەی خۆی دەیەوێت دیاری و ئاراستە





بکات، بەڵکو بەعسیزم وەکو هەر رژێمێکی تۆتالیتاری تر جۆرێك لەئاکارو کەلتووری تایبەت بەخۆی بەرهەمهێنا، کە لەدوای خۆشی سێبەری ئەو ئەخلاق و کەلتووره لەرەفتارو بیرکردنەوەی تاکی عیراقیدا بەجێهێشتووە.

کێشەی گەورەی توێژەران بۆ موتالاو تێگەیشتن لەبەعسیزم وەك ئەوەی هەبوو و کردی ئەوە نییە، کە بزانین ئەم رژێمە تۆتالیتارە چۆن هاتە سەر دەسەڵات و چۆن توانی ئەوەندە ساڵە لەسەر حوکم بمێنێتەوەو بە چ میکانیزمێك هەوڵیداوە نەیاریبکات لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکاندا، بەڵکو لەگەڵ توێژینەوە لەمانە، گەورەترین کێشە نەبوونی میتۆدێکی زانستیی ئەوتۆیە کە لە رێگەیەوە بتوانرێت بزانین بەعسیزم چییە؟ پێکهاتەی دەوڵەتەکەی چۆن بوو؟ بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بۆ تێگەیشتن لەکەلتووری بەعسیزم، ناچار دەبێین بگەڕێینەوە بۆ زانستەکانی سۆسیۆلۆژی سیاسی، بۆ ئەوەی لەپاشخانی فکری و کۆمەڵایەتی ئەم رژێمە تێبگەین، بگەڕێینەوە بۆ زانستی سایکۆلۆژی بۆ ئەوەی لەسەرۆك و کارەکتەرە گەورەو بچووکەکانی بەعسیزم لە جەماوەری بە مێگەلکراوی عیراقی تێبگەین، زانستی زمانمان پێویستە بۆ ئەوەی لەو زمانە تایبەتەی کە بەعس لەڕووی کەلتووری و سیاسیەوە دروستیکرد تێبگەین، زانستی پەروەردەمان پێویستە بۆ ئەوەی بزانین لەڕووی رەفتارو بیرکردنەوەوە مامەڵەوە چ مرۆڤێکی بەرهەمهێناوە، زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیمان پێویستە بۆ ئەوەی لەپەیوەندیی نێوان تاك و خێزانی کۆمەڵگەی عیراقی تێبگەین، زانستی راگەیاندنمان پێوستە بۆ ئەوەی لەرادەی درۆو چەواشەکاری و شاردنەوەی راستییەکانی بەعسیزم تێبگەین.

هەموو ئەم زانستانەمان پێویستە، چونکە ئەگەر چی بەعسیزم وەکو دەسەڵات نەماوەو لەبەینچووە، بەڵام وەکو کەلتور هێشتا زیندووەو وبوونی

هەیە، چونکە لەئێستادا هەڵەیە گەر وابزانین بەعسیزم بووە بە مێژوو و بووە بە رابردوو، بۆ ئەوەی بتوانین راڤەی کەلتووری بەعسیزم بکەن، دەبێت لەسروشت و پێکهاتە تایبەتییەکەی بەعسیزم تێبگەین.

(دەسەڵاتی بەعس دەسەڵاتێك بوو لەسەر قەبەبوونی هەرچی زیاتری دەسەڵاتی دەوڵەت و حزب و دەزگا ئەمنییەکان و لەسەر لاوازبوونی دەسەڵاتی کۆمەڵگەو تاکەکەس و خێزان و سەرجەم هێزە نادەوڵەتی و ناحزبی و نائەمنییەکان کاریدەکرد، ئەوەشی ئەم هەندەسە تایبەتەی دەسەڵاتی بەڕێوەدەبرد، دیکتاتۆرێك و نوخبەیەکی نەخوێندەوار بوو کە پێیەکیان لەناو کەلتووری خێڵ و بنەماڵەو گوندا بوو، پێیەکی تریان لەناو ئابووری نەوتدا کە هێزو دەسەڵات و توانایەکی ماددی وا گەورەی پێدەبەخشین، بتوانن خەیاڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری خۆیان بکەن بەواقیع، واقیعێکی تۆتالیتاری ترسناك.

ئەو مەیلە تۆتالیتارییانەی هەر لەسەرەتاوە لەئایدۆلۆژیاو چاوەڕوانی و خەونەکانی بەعسدا ئامادەبوون، پێویستی بە دەساڵ دەسەڵاتدارێتی بوو بۆ ئەوەی بتوانێت لە خەون و ئەگەرو ئایدۆلۆژیاوە بیانکات بە واقیع، یان لەبوونێکی هێزەکییەوە بیانگۆڕێت بۆ بوونێکی کردەکی بەمانا ئەرستۆییەکەی.

گۆڕانی بەعس بەهێزێکی تۆتالیتار، هاوکات بوو بەسەرۆکبوونی سەدام حوسەینەوە لەعیراق. لەدە ساڵی یەکەمی دەسەڵاتیدا، بەعس خاوەنی سەرکردەیەك بوو ئەحمەق.. بەڵام لەدوای ئەوەوە بوو بەخاوەنی سەرکردەیەك درندە، گەرچی لەزۆر کاتدا ئەحمەقبوونی ئەم سەرکردە درندەیە هیچی ئەوتۆی لە ئەحمەقبوونی سەرکردەکەی بەرخۆی کەمتر نەبوو، تێکەڵبوونی حەماقەت، بەدڕندەیی نەخوێندەواری بەتەکنەلۆژیای مۆدێرنی دیسپلین و کۆنترۆڵ و لەناوبردن، تێکەڵبوونی عەقڵییەت و خەیاڵ و سایکۆلۆژیای گوندنشینە





کۆچکردووەکان بۆ ناو شارە گەورەکان بە داروینیزمی کۆمەڵایەتی و ڕۆمانسیەتی نەتەوەیی، موتوربەکردنی بەرزنرخاندنی توندوتیژی شۆڕشگێڕانەی ناو عەقڵییەتی چەپگەرایی ساڵانی شەست و حەفتاکان، بە ڕۆحیەتی هێزپەرستی بەعس لە مۆدێلە بسمارکییەکەیدا، تێکەڵبوونی سایکۆلۆژیای شێواوی سەدام حوسەین و نوخبە داخراوەکەی دەوروبەری، بەو ترسە ئایدۆلۆژیانەی کە ئایدۆلۆژیا باڵادەستەکان لە کۆتایی ساڵانی شەستەوە تا ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرهەمهێنا، مەبەست لە فۆبیای ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و ڕۆژئاواو دوژمنە ناوەکیی و دەرەکییە گریمانکراوەکانە.. ئەم تێکەڵە ئاڵۆزە لە ئایدۆلۆژیاو سایکۆلۆژیاو تەماحی سیاسی و تەکنەلۆژیا ئەو پێکهاتە ئاڵۆزە پێکدەهێنێت کە لەپشتی بەشێکی زۆری ڕووداوە تراژیدییەکانی مێژووی عیراقەوەن لەهاتنی بەعسەوە تا کەوتنی لەساڵی ٢٠٠٣دا بوونی سەدام حوسەینیش بەتاقە پیاوی بەهێزی وڵاتەکە، بوونی بەوکەسەی کە ئیرادەو ویستی ئەو چووە جێی ئیرادەو ویستی دەوڵەت و سایکۆلۆژیای ئەو بووە سایکۆلۆژیای دەسەڵات لە وڵاتەکەدا، دۆخێکی دروستکرد ڕادەی بەربەریەتی لەمێژووی هاوچەرخی عیراقدا بەئاستێکی خەیاڵی گەیاند..).

بەعسیزم کە ئەمە سروشت و پێکهاتەو مێژووی بێت دەبێت چ کەلتوورێکی بەرهەمهێنابێت؟

ئێمە هەوڵدەدەین بەشێنەیی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە.

کەلتوری توندوتیژی تێکەڵە بە ئایدۆلۆژیا دیارترین سیمای بەعسیزم پێکدەهێنێت، ئەگەرچی ئایدۆلۆژیاش وەك ئامرازێك بۆ شەرعییەتدان بە توندوتیژی بەکاردەهێنرا.

بەعسیزم و توندوتیژی سێبەری یەك جەستەبوون و بەدرێژایی دەسەڵاتی

بەعسییەکان یەکتریان بەدوای خۆیاندا راکێشاوە.

(توندوتیژی کۆڵەکەی سەرەکی ئەزموونی سیاسی و ئەزموونی دەسەڵاتی بەعس بوو، بۆیە بەردەوام پێویستی بە قوربانی هەبوو، واتا پێویستی بەکەسانێك هەبوو توندوتیژییان بەرامبەر بەکاربهێنێت و بیانکاتە بابەتی زەبروزەنگە سەربازیی و سیاسی و ئەمنییەکانی، پێویستیشی بەقوربانی راستەوخۆو پێویستی بە جەللاد دەهێنێتە ئاراوە، بەعس هێزێك بوو چەند لەسەر بەرهەمهێنانی بەردەوامی قوربانی دەژیا، بەهەمانشێوە جەلادیشی هەڵدەهێنا.. ئەوانەی دەبوونە قوربانی تەنها کەسانی دەرەوەی حزبی بەعس نەبوون، تەنها کوردو کۆمۆنیست و هێزە دینییە شیعییەکان نەبوو، بەڵکو کەسانی ناو ریزەکانی بەعس خۆشیان بوون، هاوڕێکانی دوێنێ و خزمە نزیکەکانی سەدام خۆشی بوون، ئەوانەشی کە دەکرا رۆڵی جەللاد ببینن هەموو ئەو بەعسییانە بوون کە پێویست بوو هاوڕێکانی خۆیان ئازار بدەن، بەگرتییان بدەن و تەنانەت بەشدارییش بن لە کوشتنیاندا، یان لانیکەم چەپڵە بۆ کوشتنیان لێبدەن و هەلهەلە بۆ مردنیان بکێشن و لەسەر لاشەی کوژراویان ئاهەنگبگێڕن).

بێگومان دڵڕەقی و دواجاریش بێدەنگی دوو خەسڵەتن و لەپزدانی توندوتیژییەوە لەدایکدەبن.

دڵڕەقی کە پێچەوانەی سۆزو بەزەیی و خۆشەویستییە، یەکێکی ترە لەو کەلتوورانەی بەعسیزم بەرهەمیهێناو لەدوای خۆشی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر تاکی عیراقییەوە بەجێهێشتووە. بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بەعسیزم لەگەڵ ئەوکەسانەی کە دەکەوتنە دەرەوەی بازنەی ئارەزوو و سیاسەتەکانی ئەوەوە چەند دڵڕەق و بێبەزەیی بووە، مرۆ ماندوو نابێت، چونکە مێژووی بەعسیزم





بۆخۆی یەکسانە بەدڵڕەقی و لێوانلێوە لەبێ بەزەیی و توندوتیژی.

وەك بەڵگە بۆ راستی ئەم قسانە دەکرێ ئاماژە بەدوو رەفتاری دڵڕەقانەی بەعسیزم بکەین، ئەوانیش پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد لەساڵی ١٩٨٨ کە بەهەشت قۆناغ ئەنجامیداو تیایدا زیاتر لە (١٨٢) هەزار مرۆڤی کورد تیایدا بوونە قوربانی و زیاتر لە (٥) هەزار گوندی کوردستان خاپوورو وێرانکران.

ئەنفال کە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی گشتیی، جگە لە جینۆساید هیچی تر نەبوو، چونکە ئەنفال ئەوەندەی هەوڵێك بوو بۆ قڕکرنی نەتەوەیەك، ئەوەندە کاردانەوەیەکی عەسکەری نەبوو لەبەرامبەر دوژمندا، بە پێچەوانەوە قوربانییەکانی ئەنفال هەموویان کەسانی مەدەنی و زۆربەی هەرە زۆریشیان ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە بوون.

دووەم رەفتاری دڵڕەقانەی بەعس کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بوو، کە هەر لەساڵی ١٩٨٨دا روویدا، کە تیایدا زیاتر لە (٥)هەزار هاووڵاتی مەدەنی بوونە قوربانی و شەهیدبوون، کە زۆربەی ئەم قوربانییەش هەر ژن و منداڵ بوون.

هەڵەبجە کارەساتێکی خێرابوو لەچەند ساتێکی کەمدا هەزاران مرۆڤ تیاچوون، رووداوێکە لە سروشتی کارەساتە سروشتییەکاندایە وەك بوومەلەرزەو لافاو، بەعس زۆر مەبەستی بوو جێدەستی لەسەر زەوی لە جێدەستی ئادەمیزاد نەچێت، بەڵکو لە جێدەستی خودا، یان سروشت بچێت.. وەك نەفرەتێکی ئیلاهیو تووڕەبوونێکی لەناکاوی سروشت وابێت، کوشتنی زۆرترین ژمارە لەخەڵك لەکەمترین کاتدا، ئەمە لای بەعس نیشانەی سەرکەوتنێکی گەورەبوو.. بەعس لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا بەردەوام خەڵکی کوشتووە، ژمارەی قوربانییەکانی بەعس سەدان هەزار جار لە ژمارەی قوربانییەکانی هەڵەبجە زیاترن، بەڵام وێنەی هەڵەبجە وێنەیەکی ئیدیاڵی قودرەتە کە بەعس پێویستی

پێی بوو... بەعس نایەوێت تەنیا تێبگەین کە ئەو دەتوانێت بمانکوژێت، بەڵکو دەیەوێت تێبگەین کە ئەو هێزێکی کوتوپڕو خێرایە...

بەعس لە هەڵەبجەدا دوو مەبەستی سەرەکی هەبوو، یەکەم، سەرکەوتنێك بەسەر کورددا تۆماربکات هێندە کوشندەو جەرگبڕبێت ئاسان لەیادنەچێتەوە، سەرکەوتنێکیش تەواوی خەیاڵی سادییانەی بەعس تێربکات.. هەڵەبجە لە سایکۆلۆژیای بەعسدا بەرەنجامی ترسێکی ناوەکی و دێرینەی ناو عەقڵی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە لە شکست، بەرەنجامی ساتێکی سایکۆلۆژییە کە تیایدا بەعس نێرە هێزی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەدوودڵییەکی قوڵدایە بەرامبەر تواناکانی خۆی، ئەم گومانە لەعورفی سایکۆلۆژیدا وەك گومانی نێرێك وایە لە پیاوەتی خۆی، کە هەڵبەت بەجۆرێك لە جۆرەکان فۆبیایەکی ناوەکی ترسناك دروستدەکات کە لەماوەی ڕیزێك میکانیزمی بەرگری گەورە دەخاتە کار، سەرکەوتن لەلای بەعس هیچکات گرێدراوی ئەنجامەکانی ناو گۆڕەپانی جەنگ و سیاسەت نەبوو، بەڵکو هەمیشە یەك پێوەری هەبووە ئەویش پێوەری پشکنینی توانای خۆی لەسەر لەناوبردن و سڕینەوەی ئەوانی دی لەسەر زەوی، هەڵەبجە دەرفەتێکی گرنگ بوو بۆ بەعس، تا لە دوودڵییەکانی خۆی ڕابکات..

توندوتیژی لەلای بەعس کردەیەکی سەومبولییە، بەبێ توندوتیژی ناتوانێت دڵنیابێت، ساتەوەختی هەڵەبجە ساتەوەختێکە بەعس بەدوای دڵنیاییدا دەگەڕێت).

ترس لە دەسەڵات یەکێکی ترە لەو کەلتوورانەی کە بەعسیزم دایهێناو زۆر بەچڕی کاری لەسەر دەکرد، بەعسیزم بەسوود وەرگرتن لە تیۆریای مەکیاڤیللی هەمیشە خەڵکی ڕاهێنابوو لەسەر ئەوەی سڵ لە دەسەڵات و دەزگاکانی دەوڵەت بکەنەوە، زاتنەکەن لەبەرامبەر سیاسەتەکانی دەوڵەت (ئیتر هەرچییەك بێت) دەنگهەڵبڕن، یان ڕەخنەبگرن، یان ناڕازی بن.





مەکیاڤیللی لەکتێبی (میر)دا پرسیارێك لە میرەکان دەکات و دەڵێت: (ئایا چاکتر وایە خۆشەویست بیت زیاتر لەوەی بەهەیبەت و ترسێنەر، یان خەڵکی لێت بترسن زیاتر لەوەی خۆشیان بوێیت؟) هەرخۆشی ئاوها وەڵامدەداتەوە... پێویستە خەڵکی هەم لێت بترسن و هەم خۆشیان بوێیت، بەڵام لەبەرئەوەی زەحمەتە بتوانییت هەردووکیان پێکەوە لەخۆتدا کۆبکەیتەوە، چاکتر وایە لێت بترسن).

بەعسیزم بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دیدە، هەمیشە هەوڵیداوە کەخەڵکی بگەیەنێتە حاڵەتی ماسیۆشیزم، واتا لەزەت لەئازاری خۆیان و نەفرەتەکانی دەسەڵات وەربگرن و هەرواش بەسزاکانی ڕازی بن، بۆیە دەبێت لەلایەك لەدەسەڵات بترسن، لەلایەکی تریشەوە خۆشیان بوێت! بەڵام خۆشویستنی دەسەڵات، هەر قسەیەك نییە مرۆڤ بیکات و بیڕێتەوە، بەڵکو پێویستی بەکردەوەو سەلماندن هەیە، باشترین سەلماندنیش بریتییە لە خزمەتکردنی دەسەڵات، لەمەش زیاتر دڵسۆزی نواندنە بۆ حزب، لەمانەش زیاتر قوربانیدانە بەسەرۆك.. هەر کەسێك بتوانێت ئەم قۆناغانە ببڕێت، ئینجا دەتوانێت متمانەو خۆشەویستی حزب و سەرۆك بەدەستبهێنێت یان لایەنیکەم نەکەوێتە بەر نەفرەتەکانی حزب و سەرۆك.

بەپێی کەلتووری بەعسیزم تەنها ئەو کەسانە دەتوانن بگەن بەم قۆناغە کە هەموو ئیعتیبارێکی خودی و خێزانی و ئەخلاقی و ئاینی و پیشەیی و... هتد لەبەرامبەر بەرژەوەندیی دەسەڵات و حزب و سەرۆکدا بنێنەلاوە، گەرنا، نەك ناتوانێت خۆشەویستی و متمانەو سۆزی سەرۆك بەدەستبهێنێت، بەڵکو بەر نەفرەتی دەکەون و خۆیان و خێزانیان تیادەچن.

لەنێوان خۆشەویستی و نەفرەتی حزب و سەرۆك نەك مەودایەکی زۆر نییە، بەڵکو مەسافەیەکی ئێجگار کەم هەیە، ئەوەندە بەسە کەسێك بەدرۆ، یان بەڕاست



هەواڵنامەی کتێب

ئەوە بەدەسەڵات و دەزگا ئەمنی و ئیستیخباراتییەکان بگەیەنێت کە تۆ کەسێکی دژ بە سیاسەتەکانی دەوڵەت جوڵاویتەتەوە، ئیدی لەچاوتروکانێکدا خۆشەویستی دەگۆڕێت بەرەق و بەزەیی دەگۆڕێت بەدڵڕەقی و دەبێت سزا بدرێت.

بەشێك لە ئەندامە گەورەکانی بەعس لە ٢٢ی تەمووزی ١٩٧٩ کە پێشتر خۆشەویستی و متمانەی حزب و سەرۆکیان بەدەستهێنابوو، لەچاوتروکانێکدا خۆشەویستیان لەدەستداو کەوتنە بەر نەفرەتی سەرۆك، (ئەو رۆژە کادیرە گەورەکانی حزب کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کاروباری دەوڵەتی بەعس، کۆبوونەوەکە بە وتارێکی ئیرتیجالی لەلایەن تەها یاسین رەمەزانەوە دەستیپێکرد... تەها یاسین دەستیکرد بە باسکردن لەبوونی کودەتایەك دژی حزب و شۆڕش، ئەم ناپاکانە کە کۆکرابوونەوە، تەنانەت ئاگاداریش نەکرابوونەوە لەسەر بابەتی کۆبوونەوەکە. لەسەر بنچینەی تاوانبارکردن و شایەتی هەندێ بەعسی، سەدام حوسەین لەو کۆبوونەوەیەدا دەستیکرد بە خوێندنەوەی ناوی ئەو ناپاکانە کە (٦٦) کەس بوون و لەهۆڵەکە کرانە دەرەوە. ئەو ئەندامانەی کە مابوونەوە دەستیان کرد بە چەپڵەلێدان و ستایشکردنی سەرۆك بۆ ئەو بڕیارەی کە دای.. لە ٢٨ی تەمووز مەحکەمەیەکی تایبەتی پێکهێنراو (٥٥) کەسیان تاوانبارکران بە ئەنجامدانی کودەتا، لەم ژمارە (٢٢) یان لەسێدارەدران، کە پێنجیان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوون، کە بریتیبوون لە موحی عەبدولحسێن مەشهەدی، محەمەد عایش حەمەد، عەدنان حوسێن ئەلحەمدانی، محەمەد مەحبوب مەهدی، غانم عەبد ئەلجالی، (٣٣) کەسیان خرانە زیندانەوەو (١٣)کەسیان ئازاد کران..

لەهەمانکاتدا حکومەت دەستیکرد بە خرۆشاندنی هەستی میللی و سەدەها هەزار لە هاووڵاتی پاڵپێوەنران بۆ خۆپیشاندان لەشەقامەکانی بەغدا بۆ ئەوەی





وایدەرخەن کە لەسێدارەدای ئەو کەسایەتییانە بریتیبووە لە هەڵوێستێکی دادوەرانە، رادیۆی بەغداش لەناوبردنی ئەو خائینانەی وەك هێمایەك بۆ سەرکەوتنی حزب و شۆڕش وسەرۆك و پاڵەوان سەدام حوسەین ناوزەدکرد).

مرۆڤ بۆ خۆ رزگارکردن لەنەفرەت و پارێزگاریکردن لەو خۆشەویستی و ئەو متمانەی لەلای حزب و سەرۆك بەدەستیهێناوە، دەبێت لەلایەك متمانەی بەکەس نەبێت، لەلایەکی تریشەوە زۆر بەوردی چاودێری دەوروبەری بکات و ببێتە سیخوڕ لە هەموو شوێنێك.

نەبوونی متمانە بەکەس و سیخوڕیکردن بەسەر هەموو کەسێکەوە، ئەو کەلتوورە بوو کە بەعس دایهێناو هەتا ما زۆر بەجددی کاری لەسەردەکرد.

ئەم کەلتوورە لەخێزان و لەبازاڕو لەفەرمانگەو... هتد. رەنگیدابووەوە. ترس و خۆشەویستی بۆ حزب و بۆ سەرۆك لەسەرووی خۆشەویستی هاوڕێیەتیو ئەندامانی خێزانەوە بوو، بەعسیزم وەك بەشێك لە کەلتووری خۆی منداڵی دەکرد بەگژ دایك و باوکدا، باوکی دەکرد بەسیخوڕ بەسەر منداڵ و ئەندامانی خێزانی خۆیدا، هاوڕێ و دراوسێی کرد بە دوژمنی یەك، ماڵ و خوێنی کوردو شیعەو سوننەو تورکمانی بۆ یەکتری حەڵاڵکرد.

بەکورتی بڵێین: ئەوەی پێی دەگوترێت ئەخلاقی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆیی، لەناوبرد، چونکە لەبنەڕەتدا ئەمانە بەشێك نەبوون لە کەلتووری بەعس.

(سەدام حوسەین و رژێمەکەی لەهەر هەنگاوێکدا کە دەیاننا دوودڵی بەکارو کردەوەیانەوە دیاربوو، وەلێ لەئاست کوشتندا هەرگیز دوودڵنەبوو، بەعسییەکان بەزەحمەتێکی زۆر ملیان بۆ هەر پرۆژەیەکی ئاوەدانی دەدا، کەتەنکەرێکی ئاویان دابمەزراندایە، یاخود فوتابخانەیەکیان بکردایەتەوە، یان بەکۆبوونی شەکرو چا بژێوێکی بچوکیان بدایەتە خەڵك وەك منەت و وەفای حزب بۆ خەڵك

پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد، بەڵام هەر ئەو بەعسییانە کە هێند بەزەحمەت شتە بچووکەکانی ژیانیان دابیندەکرد، کە دوودڵبوون لە جێبەجێکردنی بچووکترین پڕۆژەی کشتوکاڵی، یان پیشەسازی، پتر لەسەدا هەشتای دەرامەتی عیراقیان دەخستە خزمەت کڕینی چەك و گەشەدان بە پیشەسازی جەنگ، هەرگیزیش لەکوشتندا دوودڵنەبوون).

لەپەراوێزی ئەم چەند دێڕەدا دەمانەوێت بڵێین: ڕاستە لەساڵی ٢٠٠٣دا ڕژێمی بەعس لەناو چووەو پەیکەرەکەی سەدامیش هێنرایە خوارەوەو شکێنرا، بەڵام لەڕەگهەڵکێشانی کەلتووری بەعس وەك شکانی پەیکەرەکە ئاسان نییە... بۆیە ئەو شمشێرەی کە بەعسیزم زیاتر لە (٣٠) ساڵ خستبوویە سەر ملی عیراقییەکان جۆرێك لە کەلتووری بەعسییانەی بەرهەمهێنا، لەدوای خۆشی هەتا چەندین ساڵ کاریگەریی هەر دەمێنێت.

**** ****

## سەرچاوەکان:

(١) اميل ميخائيل بشور: دراسة في تأريخ سوريا السياسي المعاصر، ط١/، ٢٠٠٣، ص ٩٢.

(٢) بوعلي ياسين و أخرون، الاحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص ٢١٦.

(٣) عبالرزاق الحسني: تأريخ الاحزاب السياسية العراقية، بيروت، لبنان، ١٩٨٠، ص ٢٨١-٢٨٢.

(٤) حنابطاطو: العراق، ترجمة: عفيف الرزار، كتاب الثالث، مؤسسة الابحاث العربية، ط٢/ بيروت، لبنان، ١٩٩٩، ص٣٤.

(٥) راستى: المسألة الكردية حوائل على طريق الحل الديمقراطي، مطبعة- هاظيبوون، ٢٠٠٣، ص ٧٠.

(٦) فاضل حسين، الفكر السياسي في العراق المعاصر (١٩١٤-١٩٥٨)، مؤسسة الخليج للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٤، ص ١٣٤.

(٧) عبدالرزاق الحسني: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٨٢.





(٨) شبلي العيسمي: حزب البعث العربي الاشتراكي، مرحلة النموو التوسع ١٩٤٩-١٩٥٨، دار الشؤن للثقافة العامة (افاق عربية، بغداد، ١٩٨٧، ص ٢٠٤).

(٩) عبدالرزاق الحسنى هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٨٤.

(١٠) مصطفى دند شلي: مساهمة نقد الحركات السياسية في الوطن العربي، حزب البعث العربي الاشتراكي ١٩٤٠-١٩٦٤، ج١، لايدولوجية والتأريخ السياسي، دار الطلعة، ط١، بيروت، ١٩٧٩، ص ٩٢.

(١١) د. ئەلبێرت عیسا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩-٤٠.

(١٢) د. ئەلبێرت عیسا: هەمان سەرچاوە، ل ٤٨-٤٩.

(١٣) ئاراس فەتاح: بەعسیزم پرۆژەیەکی تەواوکراو شوناسێکی تەواو نەبوو، گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە، ژمارە (١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥، ل ٩٩.

(١٤) بەختیار عەلی: خوێندنەوەی کتێبی کۆماری ترس، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٢)، ١٩٩٧، ل ٢٠.

(١٥) میشێل عەفلەق: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ص ٩٠.

(١٦) د. ئەلبێرت عیسا: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢-٥٣.

(١٧) مەریوان وریا قانع: سەرەتایەك بۆ لێکدانەوەی دیاردەی دیکتاتۆریەت، گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە، ژمارە (١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥، ل٧٠-٧١.

(١٨) د. ئەلبێرت عیسا: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

(١٩) ئەلێبرت عیسا: هەمان سەرچاوە، ل١٠٨-١٠٩.

(٢٠) ئەلێبرت عیسا: هەمان سەرچاوە، ل١١٠.

(٢١) حسن علوي: العراق دولة المنظمة السرية، دار نشر بيروت، ١٩٩٠، ص٤٠.

(٢٢) حسن علوي: العراق دولة المنظمة السرية، دار نشر بيروت، ١٩٩٠، ص٤٠.

(٢٣) مەریوان وریا قانع: هەمان سەرچاوە.

(٢٤) بەختیار عەلی: خوێنەری کوشندە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٥٢-٥٣-٥٥.

(٢٥) نيوقولو ميكيافيللي: الامير، ترجمة خيري حماد- دار الافاق الجديد، بيروت، ط١١، ١٩٨١، ص ١٤٣-١٤٤.

(٢٦) د. ئەلبێرت عیسا: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٧٢-٧٣.

(٢٧) بەختیار عەلی: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٥٧-٥٨.

٭ مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ.



هەواڵنامەی کتێب

# مـــافـــەکانی ژنــــان لـــە ڕوانگـــەی دەستوور و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانەوە

پارێزار. ئارام صالح محمد

**لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریانەی بەراووردکارییە**

## پێشەکی:

لەبەر گرنگی و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگادا و پێدانی مافە مەدەنی و سیاسیەکان لە جیهاندا بە ژنان و بۆ بەرچاوڕوونی تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان بە گرنگمزانی کە ئەم بەراوردکارییە بە ئەنجامبگەیەنم سەبارەت بە مافەکانی ژنان لە پەیمانامە و ڕێککەوتننامە نێو دەوڵەتییەکان و لە دەستورەکاندا، ژنان ئەو کائینەن کە هەردەم هەوڵیانداوە جیانەکرێنەوە لە پیاوان و ئەمانیش لە کاروانی ژیاندا بتوانن سودێکی شان بە شانی پیاوان بە کۆمەڵگا بگەیەنن وەك بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگا، ئەگەر سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکەین ئەوا بە ئاشکرا هەست بە چەوساندنەوە و زوڵم لێکردنی ژنان دەبینین، بەلاّم بەپێی





تێپەڕبوونی کات و پێشکەوتنە زهنیەکانەوە مرۆڤ و لەدەستپێشخەری وڵاتانی دیموکراسی ڕۆژئاوادا، لە دەستورەکانیاندا و دواتریش بە عەمەلی ژنان بوونە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگا و توانیان یەکسانیەکی تەواو ببەخشنە ژن و پیاو بە هیوای ئەوەی ئیمەش وڵاتانی دراوسێش ئەو هەنگاوانە بنێین.

### تەوەرەی یەکەم

### مافەکانی ئافرەت لە ڕوانگەی ڕێککەوتننامە نێو دەوڵەتییەکان ئەمەش دابەشی سێ خاڵ دەکەین:

**١ – ١ مافەکانی ئافرەت لە جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨**

جاری گەردونی مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨ دادەنرێت بە یەکێك لە گرنگترین دۆکیومێنتە نێودەوڵەتیەکان سەبارەت بە مافەکانی ئافرەت لە جیهاندا بۆ یەکەمجار، باس لە مافەکانی ئافرەت دەکات لە چەند بەندێکدا:

ئەم جاڕنامەیە ئاماژە بەوە دەکات هەموو مرۆڤێك بۆی هەیە سوود وەربگرێت لە تەواوی ئەو ماف و ئازادییانەی کە لەم جاڕنامەیەدا هاتووە بەبێ جیاوازی وەك جیاوازی بەهۆی رەگەز، نەژاد، رای سیاسی، یان هەر راییەکی تر یان بنەچەی نیشتمانی یان کۆمەڵایەتی یان دارایی و لەدایکبوون یان هەر شتێکی تر بەبێ هیچ جیاوازییەك لە نێوان ژن و پیاودا.

ئەم دەقە لە بەندی (٢)ی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨ ئاماژەی پێکراوە.



هەواڵنامەی کتێب

هەر لەم جاڕنامەیەدا ئاماژە بەوە دەکات کە پیاو و ژنی ڕەسیو مافی ژن و مێردایەتی و دامەزراندنی خێزانیان هەیە، بەبێ گوێدانە ڕەگەز و نەتەوە و ئایین لە کاتی ژن و مێردایەتی لە کاتی جیابوونەوەشدا مافی یەکسانیان هەیە.

ئەم دەقە لە بەندی (١٦) ژمارە (١)ی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨ ئاماژەپێپێکراوە .

هەروەها لە بڕگەی (٢) هەمان بەندا دەڵێت:-

مارەبڕین بە تەنیا بە قایلبوون و سەربەستی تەواوی ژن و مێردەکە دەکرێت.

- لە خوێندنەوەی ئەم بەندانەدا دەردەکەوێت کە ماف و ئازادیەکی تەواو دراوە بە مرۆڤ ئافرەتیش وەکو هەر مرۆڤێکی کۆمەڵگا بێبەشنەکراوە لەو مافە دەتوانێت بە سەربەستی لە ژیاندا بژی و مافەکانی خۆی دیاریبکا  یەکێك لە مافە گرنگەکان کە ئەم جاڕنامەیە جەختی لەسەر کردۆتەوە دروستکردنی ژیانی هاوسەرێتی (زواج) بە شێوەیەکی ئازاد لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا.

### ١ – ٢ مافەکانی ئافرەت لە ڕێککەوتننامە سیاسی و مەدەنییەکانی ساڵی ١٩٦٦:

#### ١ – ٢ – ١ ڕێککەوتن نامەی تایبەت بە مافە سیاسییەکانی ژن:

لەم ڕێککەتنامە نێودەوڵەتیەدا ئاماژە بە مافە سیاسییەکانی ژن دەکرێت دەڵێت: ژنان مافی دەنگدانیان هەیە لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا بەو مەرجانەوە کە لەگەڵ پیاواندا چوونیەکیان دەکات، بەبێ هیچ جیاوازییەك .

ئەمەش لە مادەی (١)ی ڕێککەوتننامەی مافە سیاسییەکانی ژن ئاماژە پێکراوە .





هەر لەم ڕێککەوتننامەیەدا باس لەوە دەکات، ژنان شایستەی ئەوەن خۆیان بۆ هەموو ئەو ئۆرگانانە بپاڵێون کە بەدەنگدانی گشتی هەڵدەبژێرێن و بە پێی یاسای نیشتمانی دامەزراو، بەو دەرجانەوە کە بەبێ جیاکاری لەگەڵ پیاوان چوونیەکیان دەکات، ئەمەش لە مادە (٢) ئەم ڕێککەوتننامەیە باسی لێوەکراوە.

لەبارەی وەرگرتنی پۆستە گشتییەکان بۆ ژنان ئەم ڕێککەوتننامەیە ئاماژە بەوە دەکان ژنان شایستەی وەرگرتنی هەموو پۆستە گشتییەکانی هەیە بۆ بەدەستهێنانی هەموو ئەو فەرمانبەریە گشتییانەن کە بە گوێرەی یاسای نیشتمانی دامەزراون، بەومەرجانەوە کە بەبێ جیاکاری لەگەڵ پیاواندا چوون یەکیان دەکات لە مادەی (٣) ی هەمان ڕێککەوتننامە وەرگیراوە .

بەگشتی ڕێککەوتننامەی مافە سیاسیەکانی ئافرەت ئاماژە بەوە دەکات، کە ژنانیش وەکو پیاوان مافی وەرگرتنی دەسەڵات و وەرگرتنی پۆستە گشتییەکانی وڵاتیان  هەیە، وەکو خۆپاڵاوتن و دەنگدان و هەڵبژاردن و چەند پۆستێکی تر وە لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانن بوونی خۆیان بسەلێنن لە کۆمەڵگادا ئەوە دووپات بکەنەوە کە جیاوازنین لەگەڵ پیاوان وە ئەوانیش ئەتوانن بەشداریبکەن لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا [1]

#### ١ – ٢ – ٢ پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان:-

پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ مافە سیاسی و مەدەنیەکانی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ مادەکانی دەستورە عێراقیەکاندا لە مادەی (٣)دا هاتووە و دەڵێت دەوڵەتانی ئەندامی ئەم پەیمانە بەڵێندەدەن بە دەستەبەرکردنی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەو مافە مەدەنی و سیاسیانەی کە بەدەق  لەم پەیمانەدا هاتووە .[2]



هەواڵنامەی کتێب

**١ – ٣ ڕێککەوتننامەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ژنان (سیداو):-**

ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ئافرەت کە ناسراوە بە (سیداو) لە دایك بوو لە ئەنجامی بڕوابوون بە مافی یەکسانی ژن و پیاو هەر وەکو چۆن لە دەستپێکی پەیمانامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٤٥ دا هاتووە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەرهەمی ڕەنج و هەوڵ و کۆششی ئافرەتان خۆیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە جیهاندا، کە لە سەرەتادا کۆمسیۆنی سەنتەری ئافرەتان لە نەتەوە یەکگرتووەکان (CSW) هەستا بە گەلاڵەکردنی کۆمەڵێك لە جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی لابردنی جیاکاری سەبارەت بە ئافرەت، هەر لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٦ وە لە لیژنەیەکی لاوەکی لە لیژنەکانی مافی مرۆڤ ئەمە لە سەرەتادا هەر زوو جیابووەوە و بووبە لیژنەیەکی سەربەخۆ پاش ئەو گەشەسەندن و پاڵەپەستۆیانەی کە ئافرەتان بەدەستیانهێنا لە بواری نێو دەوڵەتی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (٥)ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣ بەپێی بڕیاری ژمارە ١٩٢١ داوای لە ئەنجومەنی ئابوری کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، کە داوا لە کۆمسیۆنی سەنتەری ئافرەتان بکات پرۆژەیەك دابنێ سەبارەت بە نەهێشتنی جیاکاری دژ بە ئافرەتان بە یەکسانبوون لەگەڵ پیاو، هەر بۆیە کۆمسیۆن دەستبەکار بوو لە ساڵی ١٩٦٥ لە ساڵی ١٩٦٧ جاڕی نەهێشتنی جیاکاری دژ بە ئافرەت درا، لە سەرەتادا ئەم جاڕە زیاتر پابەندبوو بە ئەخلاق و سیاسەت بوو هیچ خاسییەتێکی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی پابەندی نەبوو.

کۆمسیۆنی ئافرەتان لە ساڵی ١٩٧٢ هەستا بە دارشتنی پرۆژەی ڕێککەوتننامەی پابەندبوون و لە هەمان ساڵدا گروپێکی کارکردن دامەزرا بۆ





کۆتاییهێنان بە ڕێککەوتننامەکە ئەوە بوو ساڵی ١٩٧٩ هەموو کارەکانی سەبارەت بە ڕێککەوتننامەکە تەواو بوو کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (٢٨)ی کانونی هەمان ساڵ هەستا بە دەنگدان لەسەر پرۆژەی ڕێککەوتننامەکە بەرێژەی (١٣٠) دەوڵەت کە لەگەڵ ڕێککەوتننامەکەدا بوو تەنها (١٠) دەوڵەت پارێزی خۆیپیشاندا، بەبێ هیچ پێناسەیەك ئەم ڕێککەوتننامەیە ساڵی ١٩٨١ چووە بواری جێبەجێکردن پاش ئەوەی (٦٤) وڵات پەسەندکردنی خۆی لەسەر ڕێککەوتننامەکە بە دیارخست.

ڕێککەوتننامەی سیداو ئاماژە بەوە دەکات، کە دەوڵەتانی ئەندام هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست دەگرنە بەر بۆ بنبڕکردنی هەر جیاکارییەك دژی ژن لە ژیانی سیاسی و گشتی وڵاتدا، بەتایبەتیش بە چوونیەکی لەگەڵ پیاودا ئەم مافانە بۆ ژن فەراهەمدەکات .

ئەم دەقە لە مادە (٧)ی ڕێککەوتننامەی سیداو ئاماژەپێکراوە .

هەر لە هەمان مادەدا برگەی (أ) باس لەوە دەکات، دەنگدان لە هەموو هەڵبژاردن و راپرسییە گشتییەکاندا بە لەبار زانینی بۆ خۆپاڵاوتن لە هەموو ئەو ئۆرگانانەدا کە ئەندامەکانیان بە دەنگدانی گشتی هەڵدەبژێرێت.

لە برگەی (ب)دا باسی لە مافی بەشداریکردن لە دارشتنی سیاسەتی حکومەت و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەدا و مافی وەرگرتنی فەرمانبەریە گشتییەکان و راپەراندنی هەموو ئەرکە گشتییەکان لە هەموو ئاستەکانی حکومەتدا .

لە برگەی (ج)ی مادەی (٧)دا دەڵێت، بەشداریکردن لە هەر کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی حکومیدا بایەخ بە ژیانی گشتی و سیاسی وڵات بدات .

لە مادەی (٨)ی ڕێککەوتننامەی سیداو دەڵێت، دەوڵەتانی ئەندام هەموو ڕێوشوێنێکی گونجاو دەگرنەبەر بۆ ئەوەی بە چوونیەکی لەگەڵ پیاو بەبێ هیچ

هەواڵنامەی کتێب

جیاوازیەك، دەرفەتی ئەوە بخەنە بەردەم ژنان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نوێنەرایەتی وڵاتەکەیان بکەن و لە هەموو کارەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا بەشداریبکەن .

## تەوەرەی دووەم

## ١- مافەکانی ئافرەت لە دیکۆمێنتە دەستوریەکان

لەم تەوەرەیەدا ئاماژە بە مافەکانی ئافرەت دەکەین لە دەستوری چەند وڵاتێکدا :-

**١ – ٢ مافە سیاسیەکانی ئافرەت لە دەستورەکانی عێراقدا:-**

أ- مافی بەشداری سیاسیانەی ژن بە گوێرەی دەستوری کاتی عێراقی ساڵی ١٩٧٠ :

دەستوری عێراق مافە سیاسییەکانی ژن بەگوێرەی دەقی دوو مادە (٣٠،١٩) ڕێکخستووە ئاماژەیانداوەبە.

**مادەی ١٩ :**

هاوڵاتیان لەبەردەم یاسادا یەکسانن بەبێ جیاوازیکردن بە هۆی ڕەگەز یان نەژاد یان زمان یان پێکهاتنی کۆمەڵایەتی بەڵام لە مادەی (٣٠) دا هاتووە :

( یەکسانی لە وەرگرتنی پۆستە گشتییەکاندا یاسا لە ئەستۆیدەگرێت)

لە خوێندنەوەی ئەم دەقانەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە دەستوری کاتی ساڵی ١٩٧٠ ئەگەرچی بە شێوەیەکی ورد ئاماژەی بە مافی سیاسی ژنانیش نەکردبێ، کەچی جەخت لەسەر یەکسانی لە بەردەم یاسا و یەکسانی لە وەرگرتنی پۆستە گشتییەکاندا دەکاتەوە، کە ئاماژە بۆ یەکسانی ژن و پیاو لە بەهرەمەنبوون لەم





مافانە و تەنانەت ئەگەر ئەم دەقەمان بە دەقێکی کارتۆنی دانا، ئەوا ئەم کلۆمدانە بەسەر زۆربەی دەقەکانی دەستوردا جێ بەجێدەبێ کە جەختکردنەوەیە لەسەر ڕێزگرتنی بەهای مرۆڤایەتی گەورە لەگەڵ ئەوانەشدا هەمیشە لەسەردەمی ڕژێمی پێشودا ئەم مافانە پێشلکراون .

ب- مافی ژن لە بەشداری سیاسیدا بە گوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا :

لەگەڵ پێکهاتنی ئەنجوومەنی حوکم و دەرچوونی یاساکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کە جێگەی دەستووری کاتی دەگرێتەوە، دابینکردنی مافی ژن لە بەشداری سیاسی و مافەکانی تر بە شێوەیەکی یەکسان لە تەواوی کۆمەڵگادا بەرقەرارکرا ئەویش لە میانەی پێدانی هەلی خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی و بەشداری لە فەرمانڕەوایدا بەرێژەیەك کە لایەنی کەم (٢٥٪) کەمتر نەبێت.

لەم دەستورەدا مافی سیاسی ژن بە شێوەیەکی زیاتر و وردتر جەختی لەسەرکراوەتەوە لە پرەنسیپە بنەرەتەکانی دەستورەکە و لە مادەی (١)م دا هاتووە:-

(ئاماژەکردن بە نێر لەم یاسایەدا مێینەش دەگرێتەوە) واتە ئەم دەستورە مافی یەکسانی ژن و پیاو دەکات، بەبێ هیچ جیاکارییەك کە لەسەر بنەمای ڕەگەز بەند بێت وەك چۆن لە مادەی (١٢)دا ئاماژەی بەوە کردووە :-

(سەرجەم عێراقییەکان لە مافەکانیاندا یەکسانن، بە چاوپۆشی لە ڕەگەزدا...)

ئەمەش دووپاتکردنەوەی ئەو چەمکەیە کە لە مادەی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە.

بەڵام مادەی (٢٠) برگەی (١) دەڵێت : (هەر عێراقیەك کە مەرجە سیاسیەکانی هەڵبژاردنی تێدایە، بۆی هەیە خۆی بۆ هەڵبژاردن بپاڵێوێ، بە نهێنی لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا دەنگبدات)

برگەی (٢) ئەوەشی بۆ زیاد کردووە .( ڕێگە نادرێت بە جیاکاری لە دژی هەر



هەواڵنامەی کتێب

عێراقییەك لەسەر بنەمای رەگەز یان ئاینزا بەمەبەستی دەنگدان لە هەڵبژاردندا )

لە کاتێکدا لە دەقی مادەی (٣٠) هاتووە رێژەی لانی کەمی بەشداری ژنان لە پەرلەماندا دیاریبکات بە جۆرێك لە مادەی (٣٠) برگەی (ج) هاتووە :

( ئەنجومەنی نیشتمانی بە پێی یاسای هەڵبژاردن و یاسای پارتە سیاسیەکان هەڵدەبژێردرێت یاسای هەڵبژاردن ئامانجی بەدیهێنانی رێژەی نوێنەرایەتی ژنانە کە نابێت چارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کەمتر بێت. [٣]

**٢ – ٢ مافەکانی ئافرەت لە دەستوری مەغریبدا:-**

لە پێشەکی دەستوری مەغریبدا هاتووە:-

(لە میانەی تێگەیشتن لە پێویستی کارکردنی لە ناو رێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا، شانشینی مەغریبی ئەندامێکی چالاکی ئەم رێکخراوانەیەو پابەندبوونی خۆی بۆ داواکاری بەڵگەنامەکانی لە پرەنسیپ و ماف و ئەرکەکانی ئەو رێکخراوانە دووپاتدەکاتەوە و جەخت لەسەر مافەکانی مرۆڤ دەکاتەوە وەك ئەوەی لەجیهاندا ناسراوە)

بەشی هەشتەمی ئاماژەی تێدایە بۆ :-

( یەکسانی ژن و پیاو لە بەهرەمەندبوونیان لە مافە سیاسیەکان تا دەگاتە مافی هەموو هاوڵاتیەك نێر بێت یان مێ، کە خۆی بپاڵێوێ ئەگەر گەیشتبێتە تەمەنی پێگەیشتن و لە مافە مەدەنی و سیاسیەکانی بەهرەمەند بێت)

لە میانەی ئەم دەقە دەستوریانەوە تێبینیدەکەین، کە دەستوری مەغریبی تەنها باس لە یەکسانی لە مافە سیاسیەکانی ژن دەکات و ئاماژە بە مافەکانی تری ژنان ناکاتو لەمەشدا مافە سیاسیەکانی ژن لە مافی خۆپاڵاوتن دا کورتدەکاتەوە ئاماژە بە





مافە سیاسیەکانی تر ناکات، وەك ئەوەی دەستووری مەغریبی لە پێشەکیەکەیدا ئاماژەدەدات بە پابەندبوونی بە مافەکانی مرۆڤەوە وەك ئەوەی لە جیهاندا ناسراوە . [٤]

**٢ – ٣ مافەکانی ئافرەت لە دەستووری سوریا :**

دەستوری سوریا جەخت لەسەر پاراستنی خێزان و تەواوی مافەکانی ژن دەکاتەوە بەمشێوەیە شیدەکاتەوە:

مادەی ٤٤ : (١) "خێزان خانەی بنەرەتی کۆمەڵگایە و دەوڵەت دەیپارێزێ"، دەوڵەت هاوسەرێتی دەپارێزێ و هانیدەدات کاربۆ نەهێشتنی رێگرە مادی و کۆمەڵایەتیەکانی بەردەمی دەکات و دایکایەتی و منداڵییەتی دەپارێزێت"

هەرچی لە مادەی ٤٥ دا هاتووە " دەوڵەت گشت ئەو هەلانە بۆ ژن دەرەخسێنێ کە رێگەی بەشداری کارو تەواوی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریدا بۆ دەکەنەوە کاربۆ لابردنی ئەو کۆسپانە دەکات، کە رێگەی پێشکەوتن و بەشداری بوونی لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی عەرەبی سۆشالیستدا لێدەگرن . [٥]

وە لە دەستوری سوریا ساڵی ١٩٧٣ جارێکی تر باسی مافەکانی ئافرەت دەکات وەکو:

بەندی(٤٥) ئەم دەستورە جەخت لەسەر گرەنتیکردنی دەرفەت لەلایەن دەوڵەت بۆ ئافرەت دەکات، لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ......... وە کاردەکات بۆ لابردنی هەموو ئەو کۆتانەی کە رێدەگرن لە پێشکەوتن و بەشداریکردن لە بنیاتنانی کۆمەڵگا .

وە لە برگەی(٣) بەندی(٢٥)دا هاتووە، کە هاوڵاتیان یەکسانن بەرامبەر بە یاسا بەرامبەر ماف و ئەرکەکان[٦]



هەواڵنامەی کتێب

### ٢ — ٤ مافەكانی ئافرەت لە دەستوری یەمەندا

دەستوری یەمەنی باشوور لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٠ دەرچووە، هەنگاوێكی پۆزەتف و باش لە خستنەڕووی مافەكانی ژنان و پاراستنی خێزاندا هەلگرتووە بەمشۆوەیە .

مادە (٧٩):- " دەوڵەت كار بۆ هاوكاری خێزان و پارێزگاری لە دایك و منداڵ دەكات رێوشوێنی سیاسی و ئابوری و رۆشنبیری دەگرێتەبەر بۆ پاراستنی خێزان بەشێوەیەكی تەندروست تاوەكو كارەكانی ئەنجامبدات.

هەروەها لە مادەی (٣٦) هەمان دەستور باسی مافی یەكسانی ژن و پیاو دەكات لە بوارەكانی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی[٧]

### دەرئـە نجـــام

لە ڕوانگەی ئەم توێژینەوەیەوە بۆمان ڕوونبووەوە كە، ئافرەتیش توانای ئەوەی هەیە بگاتە مافەكانی خۆی و دەسەڵات بگرێتەدەست هەروەكو پیاو كە دەتوانێ بەشداریبكات لە لایەنی كۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیدا وە دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساوە كە مافەكانی خۆی بە دەست بهێنێ لە دەستوردا، كە رێككەوتننامە و دیكۆمێنتە دەستورییەكان بەڵگەن بۆ سەلماندنی بوونی ئەم مافانە، لە نوسینی ئەم توێژینەوەدا توانیمان گەڕانێك بكەین بۆ دەستكەوتنی چەند سەرچاوەیەك لەسەر مافەكانی ئافرەت كە لە هەر سەرچاوەیەكدا گرنگی ئافرەتی ڕوونكردۆتەوە بۆیە هەر لەم توێژینەوەیەدا گرنگی مافەكانی ئافرەتمان خستۆتەڕوو .

**** ****





### پەراوێزەكان:

١. بۆ زانیاری وەرگرتن لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە ئازادییە گشتییەكان و دیموكراسی كە لەلایەن چەند لێكۆڵكارێكی یاساییەوە نوسراوە، لە بڵاوكراوەكانی پەیمانگای نێودەوڵەتی یاسای مافەكانی مرۆڤ (LHRLI) سەر بە كۆلێژی یاسای زانكۆی دیپۆل .ساڵی ٢٠٠٥ ل.٣٦٧

٢. بۆ زیاتر ئاشنابوون و خوێندنەوەی ئەم مافە سیاسی و مەدەنیانەی مرۆڤ دەتوانین بگەڕێینەوە سەر نوسینەكانی پەیمانگای نێو دەوڵەتی بۆ یاسای مافەكانی مرۆڤ ، كۆلێژی ماف \ زانكۆی دیپۆل ، (پێوەرە نێو دەوڵەتیەكان) بۆ مافەكانی مرۆڤ بە بەراوردكردنی لەگەڵ مادەكانی دەستورە عێراقیەكاندا ج(١) چاپی (١) چاپخانەی بینایی ساڵی ٢٠٠٥ ل.٨

٣. بۆ زانیاری وەرگرتن لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە:-
دادوەری جێندەری و مافەكانی ژنان لە عێراق دا . ل. ٦٤ — ٦٥

٤. ئەم بابەتە لە دادوەریی جێندەری مافەكانی ژنان لە عێراق وەرگیراوە. ل.٦١

٥. ئەم بابەتە لە دادوەری جێندەری مافەكانی ژنان لە عێراق وەرگیراوە . ل.٦٢

٦. بۆ زانیاری وەرگرتن لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە:-
د.سرهنگ، د. رۆژان. مافەكانی ئافرەت لە دەستوری سوریای ساڵی ١٩٧٣ كە لە گۆڤاری تەرازووی ئەكادیمی بڵاویكردۆتەوە. ژ.٢٧ — ٢٨ ساڵی ٢٠٠٦ ل.٥٥

٧. ئەم بابەتە لە دادوەری جێندەری مافەكانی ژنان لە عێراق وەرگیراوە ل.٦٢

هەواڵنامەی كتێب

# جیۆپۆلۆتیک و جیۆستراتیژی نوێی کوردستان

**چاوخشاندنێک بە سەر پێگەی هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان**

ئەردەڵان فەرەجی

## جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلۆتیک

زانستی جوگرافیا بە دوو لقی سەرەکی جوگرافیای سرووشتی و مرۆیی دابەش دەبێت. جوگرافیای سیاسی لقێکە لە جوگرافیای مرۆیی و هەروا کە لە ناوەکەیەوە دیارە پێکهاتەیەك لەم دوو زانستە و لەگەڵ هەر دوو زانستی جوگرافیا و سیاسەت لە پەیوەندیدایە.

بۆ ناسینی سیاسەت لە سەرزەمینێکدا ناچارین کۆمەڵێك لە هەڵکەوتە جوگرافیاییەکانی پەیوەست بەو سەرزەمینەوە کە دەتوانن کاریگەریان لەسەر پرسە سیاسییەکان هەبێت و یان بە کردەوە کاریگەرییان هەیە، لەبەرچاو بگرین. بە واتایەکی تر ناسینی جوگرافیایی یەکێك لە کۆڵەکەکانی ناسینی





سیاسەت لە سەرزەمینێکە. لە هەمان کاتدا بۆ ناسینی وردی پرسەکان و رەوتە سیاسییەکان لە وڵاتێك یان سەرزەمینێك جگە لە سەرنجدان بە هەڵکەوتە جوگرافیاییەکان دەبێت هۆکارە کولتوری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، یاسای‌و سیاسی و تیۆرییەکانی زانستی سیاسەتیش لەبەرچاو بگرین. لەبەرچاوگرتنی ئەم پرسانە زۆرکات گرنگی تایبەتی هەیە و تەنیا لەبەرچاوگرتنی هۆکارە جوگرافیاییەکان ناتوانێت گرێی راستییە زانستییەکان بکاتەوە.

لە راستیدا دوو چەمکی ناوەرۆك و هەرێمی جوگرافیای سیاسیش لەگەڵ ئەم دوو وشەیە پەیوەستن. سەرەتا دوو وشەی جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلۆتیك لە یەك جیادەکەینەوە و پێناسەیان دەکەین.

جوگرافیای سیاسی دیاردە سیاسییەکان لە سنووری ناوخۆی وڵاتێك دەخاتە بەرباس کە بە شێوەی نەریتی بریتییە لە سنوور، نەتەوە، دەسەڵات و وڵات.

جگە لەوەی کە جوگرافیای سیاسی سێ هۆکاری نەتەوە، دەسەڵات و سەرزەمین کە وڵات پێکدێنن و لە هەموو ئەو بابەتانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندیان بەم چەمکانەوە هەیە (لەوانە رەگی پرسە نەتەوەییەکان، لێکدانەوەی دەسەڵاتی سیاسی ناوچە جیاجیاکانی وڵاتێك و لێکدانەوەی کەشی سیاسی لە ئاستی وڵات، دابەشکردەکانی ناو سنووری وڵات و دەوڵەتە خۆجێییەکان و...)، ئەمڕۆکە پەیوەندیدارەکان بەم چەمکانە پرسە جیهانییەکانیش لە هەرێمی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی جیۆپۆلۆتیکدان کە بەشێوەی نەریتی پەیوەندی هێزەکان لە ئاستی جیهانی و رێگەکانی گەیشتن بە دەسەڵاتی جیهانی و بردەنە سەرەوەی ئاستی دەستڕۆیشتوویی لە ئاستی جیهانیدا دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.



هەواڵنامەی کتێب

بە گشتی دەکرێ لەسەر ئەم پێناسەیەی جوگرافیای سیاسی کۆکبین کە لقێکە لە زانستی جوگرافیا و لە کاریگەریدانان و کاریگەریوەرگرتنی سیاسەتو هێز لە ژینگەی جوگرافیایی و یان بە واتایەکی تر دەربارەی کاریگەری بڕیارە سیاسییەکان لە سەر ژینگەی جوگرافیایی دەکۆڵێتەوە.

چەمکی جیۆپۆلۆتیك دەرخەری پانتاییەکە لە تاوتوێکردنی جوگرافیایی کە هۆکاری سرووشت و کەش‌وهەوا بۆ ناسینی چۆنییەتی دروست بوونی پەیوەندی نێودەوڵەتی گرنگ پیشان دەدات.

جیۆپۆلۆتیك مانای جیاواز و جۆراوجۆری هەیە. بۆ وێنە دەتوانین هاومانای جوگرافیایی سیاسی یان سیاسەت لە ڕەهەندی جیاواز و لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە مانا بکرێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا، مانای سەرەکی یان نێونەتەوەیی ئەو بریتییە لە: "ڕەکابەرایەتی دەوڵەتانی بەهێز یان هەمان زلهێزانە بۆ وەدەستهێنانی سەروەری". لە ڕەهەندی بچووکتر، جیۆپۆلۆتیك بە مانای "ڕکەبەرایەتی" نێوان دەوڵەتانی بەهێز یان هەمان زلهێزەکان بۆ وەدەست هێنانی سەروەری و دەسەڵاتە. بەڵام لە باسی ستراتێجیك، جیۆپۆلۆتیك، بە مانای پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەیە. ئەو کاتە هاومانای سیاسەت دارشتنی نێونەتەوەیی بە پشتبەستن بە توانایی سەربازی لە بەرچاودەگیرێت.

جگە لەم لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنانە بە پێی تیۆرییە کۆن و نوێکان، جیۆپۆلۆتیك بەمانای "پەیوەندی نێونەتەوەیی دەوڵەتان و وڵاتان" مانا دەکرێتەوە. بە پێی ئەم تیۆرییە و لەم ڕوانگەیەوە، لە جیهانی ئەمڕۆکەدا،





نەتەوەیەك باڵادەستە کە هەڵێنجانێکی دروست و وردی لە جیۆپۆلۆتیك هەبێتو بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات و سەروەری بەسەر سیاسەتی زاڵ بە سەر جیهانی زلهێزەکان، هەوڵی زۆرتر بدات، بە واتایەکی تر مەرجی مانەوەی نەتەوەکان، وشیاری، زاڵبوون و پێدزەکردن لە سیاسەتی زاڵ بە سەر جیهانی زلهێزەکاندایە. بەڵام ئەمڕۆ شاهیدی سەرهەڵدانی ڕوانگەیەکی نوێش سەربارەت بە پرسی "جیۆپۆلۆتیك"ین کە تێدەکۆشێت تا پەیوەندییەکی لۆژیکی لە نێوان چەمکە کۆنەکان لە جیۆپۆلۆتیك و ڕوانگەی نوێ بە ناوی جوگرافیای ئابووری هەڵببەسرێت، ئاوێتەیەك لەم دوو تیۆرییە بە "جیۆپۆلۆتیکی قەیران" ناسراوە.

ئەم وشەیە سەرەتا لە ساڵی ١٩١٦ لە لایەن ڕۆدێڵف کیلێن سویدی بیرمەندی زانستە سیاسییەکان بەکار برا و دواتر لە لایەن کارڵ هاوس هۆفێر جوگرافیزانی ئەڵمانی کە لایەنگری بەشێك لە بۆچوونەکانی فردریك راتزێل بوو بەکاربرا و راتزێلیش لە ژێر کاریگەری چەمکی هێگڵی دەوڵەت _بوونی ڕۆحێکی تاقانە لە کۆمەڵگادا و ئاوێتەکردنی لەگەڵ بۆچوونەکانی تر_ دەوڵەتی بە ئۆرگانیزمێك دەزانی کە هەموو تاکەکان فەرمانبەرداری ئەون و پێویستی جیددی بە ژینگە و فراژوبوونی وڵاتەوە هەیە.

ئەم بۆچوونەی راتزێل لە لایەن ڕێبەرانی حیزبی نازی و بە تایبەتی ڕۆدێلف هێس لە پیلانەکانی بۆ بەرینترکردنەوەی وڵاتەکەی کەڵکی لێوەرگیرا. کەڵکاوەژوو وەرگرتن لەم ئەندێشەیە بۆ ئامانجە سیاسییەکان، زیانی گەیاندە زانستی جیۆپۆلۆتیك. بەڵام ئەم وشەیە دوای ئەوەی کە لە پاش جەنگی جیهانی دووەم بە ناوزڕاوییەوە خرایە لاوە، لە کۆتایی دوو دەیەی سەدەی بیستەم واتە

کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠ و دەیەی ١٩٨٠ جارێکتر بووژایەوە و کۆمەڵێك لە بیرمەندان و زانایانی بواری سیاسەت دەستیاندایە شیکردنەوە و هەڵێنجانی جیاواز لەم زانستە هەروەها توێژینەوەی بێ ئەژماری مەیدانی بۆ دەربڕینی سیستمی جیۆپۆلۆتیکی جیهانی هاتنە ئاراوە کە سێ خاڵیان شیاوی باسن:

١_ روانگەی پەیوەندی دامەزراو لەسەر بنەمای هێز کە لەسەر زنجیرە ریزبەندییەکانی دەوڵەتان لە ناو سیستمەمی جیهانی جەختدەکاتەوە. گۆڕاوی سەرەکی لێرەدا توانای وڵاتێك لە ئەنجامی کاریگەری یا خود گۆڕانی هەڵسووکەوتی ئەوانی تر لە ئاراستەی خاڵە داواکراوەکەی خۆیەتی.

کۆهێن ساڵی ١٩٨٢ بە دوای سەرهەڵدانی سێ هێزی نوێی جیهانی واتە ژاپۆن، چین و ئەوروپای رۆژئاوا و سەرهەڵدانی چەند هێزی ناوچەیی، نووسی: جیهان بەرەو سیستمێکی زنجیرەیی ریزبەند دەڕوات. کوهێن ناوچەکانی ئاسیای باشووری رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە هۆی گرنگی جیۆستراتیژیکی جیهانی ئەو ناوچانە و تووشبوونیان لە نێوان دوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دوو زلهێز و تایبەتمەندییە کولتووری و ناوچەییەکەیان ناسەقامگیر وێنا دەکرد و بەقایشی سست ناوزەدیدەکردن.

کۆهێن لە ساڵی ١٩٩٠ بڕوایهێنا بە رۆڵی هێزە پلە دووەکان کە ئەو بە وڵاتانی دەروازەیی ناوزەدیدەکردن. بە بۆچوونی ئەو دوو بوار لە بەرزترین ئاستی جیئۆستراتێژیك بوونیان هەیە. یەکەمیان بواری زەریایی واتە ئەوروپای رۆژئاوایی، ئەفریقا و کیشوەری ئەمەریکا و ئەویتر بواری وشکانی واتە یەکێتی





سۆڤییەتی کۆن و چین. زۆربەی هەرەزۆری هێزە پلە دووەکانی ئاماژە پێکراو لە جۆخزی ئەم دوو بوارەدان، بەڵام سێ ناوچەش لە دەرەوەی ئەوان بوونیان هەیە واتە باشووری ئاسیا و قایشی سستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە گۆڕەپانی رمبازێن‌و رکەبەرایەتین و ناوچەی دەروازەیی و نوێی ئەورووپای ناوەندی و رۆژهەڵاتی کە ناوچەیەکی پردییە و دەتوانێت پەیوەندی و دان‌وستانی دوو بوارەکە ئاسان بکاتەوە. ئەو لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمەریکا شتی دەنووسی و هیوای دەبەخشی کە رووخانی یەکێتی سۆڤییەت بوار بۆ کێشانی نەخشەیەکی نوێ و سەقامگیرتر بۆ جیهان خۆش دەکات.

٢_ روانگەی دووەم لە سەر فراژۆبوونی هێز لە سەر بنەمای ئایدئۆلۆژی دەوڵەتی وەستاوە. بۆ وێنە ئەمەریکا بە راگەیاندنی راسپاردەی وشکانی خۆی بۆ گەشەی دیموکراسی دەسەڵاتی خۆی لە سەدەی نۆزدە لە کیشوەری ئەمەریکا پەرە پێدا و بەرینتری کردەوە. ئەم وڵاتە لە سەدەی بیستیشدا بە راگەیاندنی راسپاردەی خۆی لە خەبات دژی کۆمۆنیزم دەسەڵاتی جیهانی خۆی بردە سەرێ. روسیای تێزاریش لە بەرامبەردا بە راگەیاندنی راسپاردەی خۆی بۆ رێکخستنی کۆمەڵگای داهاتووی مرۆیی، پەرەیدەدا بە بەرینتربوونەوە یان دەستێوەردان لە کاروباری جیهانی سۆشیالیست. ئێستاش ئەمەریکا پاش کۆتایی جەنگی سارد و سیستمی نوێی جیهانی و بە کەڵکوەرگرتن لە رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر لە ژێر دروشمی "دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" بە پلانی "رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە" پەرە بە هەژموونی ئەمەریکایی خۆی دەدات.

٣_ روانگەی ئابووری سیاسی، کە لەسەر ئەمەی کە کێ، چ شتێك، لە کوێ و

چۆن وەدەست دێنێت پێداگری دەکات و پێویستە کە بۆ تێگەیشتنی تەواو لە جیۆپۆلتیك دەبێت دینامیكەكانی ئابووری جیهان لەبەرچاوبگیردرێ. ئەمانوئێل والێرشتاین لە ساڵی ١٩٨٤ بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی نێوان رەوتەکانی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان، رکەبەرایەتی لەسەر سەرچاوەکان و سیاسەتی دەرەوەی وەك بەشێك لە سیستمی جیهانی تاقانەی پێکەوە گرێدراو _کە تێیدا کاپیتالیزم، فۆڕم پێدانی تایبەتمەندی و سیستمی زنجیرەیی ریزبەندی دەوڵەتەکان جێگیر دەکات یارمەتی ئەم بۆچوونەی کرد. وەها سیستمێکی جیهانی، ئەمەریکای بەرەو وەئەستۆگرتنی رۆڵی سەرەکی جیۆستراتیژیك و ئابووری پاڵ پێوەناوە. لەم لێکدانەوەیەدا لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان، هێزە ئابوورییەکان دیاریکەرن و رەوتە سیاسی و کولتوورییەکان رۆڵی ئەوتۆیان نییە.

جیا لەم سێ روانگەیە، پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت و پاش بە دەسەڵات گەیشتنی نوێخافزەکارەکان لە ئەمەریکا، ئەم وڵاتە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی بێرکابەری خۆ بە سەر ناوچە ستراتیژیکەکانی جیهان کەوتە هەوڵ و بە پشتبەستن و بەلگەهێنانەوەی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبری ٢٠٠١ لەم پێناوەدا شەڕێکی لە ژێر ناوی "خەبات دژی تیرۆریزم"ی دەستپێکرد.

بە گشتی ناوەرۆك، هەرێم و بابەتەکانی جێی باس لە زانستی جۆگرافیای سیاسی دەکرێ لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەست نیشان بکرێن:

ئەلف. بۆچوون و ئەندێشەکانی جوگرافیای سیاسی (لەوانە باسەکانی





پەیوەست بە کاریگەری جوگرافیا لەسەر سیاسەت) و جیۆپۆلۆتیك.

ب. لە کاتێکدا کە ئامانج تاوتوێکردنی جوگرافیای سیاسی یەکەیەکی سیاسی تایبەت بێت، دەبێت لانیکەم چەند بستێن و هۆکار لە بەرچاو بگیردرێن کە بریتین لە:

١. هۆکاری بوونی. ٢. جوگرافیای سیاسی وڵاتەکە و تایبەتمەندییە سرووشتییەکانی کە بریتین لە دۆخ و جۆرەکانی ئەو، پانتایی، هەیکەل و شێوەکەی، بەرزاییەکان، کەشوهەوا، سەرچاوە سرووشتی و کانزاییەکان و هتد. ٣. جوگرافیای سیاسی سنوورە نێونەتەوەییەکان. ٤. گرنگی ناوەندە سیاسییەکان یان پایتەختی وڵاتەکە. ٥. جۆرەکان، رێژە و شێوەی کۆنترۆڵی وڵاتەکە. ٦.حەشیمەت و ئاوێتەییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوەی دابەشبوونی وڵاتەکە. ٧.تۆڕی رێگاکانی پەیوەندی.

ج. لە کاتێکدا کە مەبەستی ئێمە تاوتوێکردنی جوگرافیای سیاسی ناوچەیەکی تایبەت بێت، جگە لە لەبەرچاوگرتنی جوگرافیای سیاسی هەر کام لە وڵاتەکانی ناوچەکە، دەبێت هەندێ پرسی تری وەك بەهای سەرچاوە کانزاییەکانی ناوچەکە، خاڵە (شوێنە) ستراتێژیکییەکانی ناوچەکە، هێزە پڕ دەسەڵاتەکانی ناوچەکە، ئامادەیی هێزە گەورەکانی دەرەوەی ناوچەکە و خواستو ئاواتی ئاراستەکردنی داهاتووی ناوچەکە و جیهانبینیشیان لەبەرچاوبگرین.

جیۆپۆلۆتیك کە بە شێوەی نەریتی بە پێی زانیارییەکان، روانگە و تەکنیکە جوگرافییەکان لە پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە دەکۆڵێتەوە، جۆرێك جوگرافیایی سیاسی ئەژمار دەکرێت.



هەواڵنامەی کتێب

ئەگەرچی لە ئێستادا گۆڕانکارییەکان لە ئاستی سیاسەتی جیهانی بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێك باسی نوێ ببەخشێتە بوارەکانی جیۆپۆلۆتیکی و ئەم لقە لە زانستی جوگرافیای سیاسی پڕکردووە لە چەمکی نوێ و جۆراوجۆر.

## ئاسایش و چەمکی ئاسایش

مرۆڤ لە سەرەتای دەستپێکی ژیانییەوە، لەگەڵ پرسی ئاسایش بەرەوڕوو بووە. چونکە هۆکارە ژینگەییەکان، گرنگترین مەترسی بۆ سەر سەرەکیترین بەهای مرۆڤ، واتە ژیانی دەهاتە ئەژمار. ئەو مەترسیانەی کە زۆربەیان لە لایەن هێزە سرووشتییەکانەوە بوون. هەر بۆیە ئاسایش بوو بە پرسی ئاشنای ژیانی مرۆیی، بەڵام ئاسایش وەك باقی بەها و چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە گرێدراوە بە دۆخ و هەلومەرجی کاتی (ئێستا)و هەربۆیەش و بە هۆی کارکردی ئەو هێزانەی کە کاریگەری قووڵ لە سەر تەوەر و ژینگە دادەنێن، چەمکێکی گەشەکردووبووە.

کارکردی ئەو هێزانەی کە کاریگەری قووڵ (وەك تەکنۆلۆژیا، کولتوور، ئابووری و ...) لەسەر سیستمی نێودەوڵەتی، حەقیقەتی نوێی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەرخستووە و زۆربەی چەمك و هەڵێنجانەکانیانی بواری زانست و پەیوەندی نێونەتەوەییەکانی لەگەڵ ناکارمەیی بەرەوڕوو کردۆتەوە.

سەرەڕای پێشینەی درێژی ئاسایش لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ چ لە ڕەهەندی ناوخۆیی و چ لە ڕەهەندی دەرەکییەوە کۆمەڵێك خاڵ و لایەنی ناڕۆشن دەوریداوە. ئەگەرچی لە تاقەتی ئەم وتارە بەدەرە، باس لە لایەنە ناڕوونەکانی هەر





دوو ڕەهەندی ناوخۆیی و دەرەکی ئاسایشی وڵاتێك بکرێت، بەڵام دوو ڕێنمایکەری عەینی و زەینی لە بواری بوونی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی هەر وڵاتێك، بۆ وردبوونەوە لە چەمکی ئاسایشی ئەو سەرزەمینە پێویستن.

سەرەڕای بوونی ڕوانگەی جیاواز و جۆراوجۆرەوە بەرامبەر بە پرسی ئاسایش لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەر لە ڕیالیستی نوێوە بگرە تا لیبراڵی نوێ و بەجیهانی بوون و گولۆبالێزەیشن لە هەر ئاستێکی ئاسایش، بوونی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی .

## چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی

"ئاسایشی نەتەوەیی" چەمکێکی ڕۆژئاوایی و بە تایبەتی ئەمەریکاییە کە لە ساڵەکانی پاش ١٩٤٥ بوو بە باو. سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوەیی پێناسەی جۆراوجۆر خراوەتەڕوو. ئەم چەمکەش وەك باقی چەمکەکانی زانستە مرۆییەکان، خاوەنی پێناسەیەکی تاقانە و قبووڵکراو لە لایەن هەمووان یان لانیکەم زۆربەی چاودێران نییە.

لە قامووسی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم وشەیە وەها پێناسەکراوە: "تواناییەکان بۆ پاراستنی بەها ناوخۆییەکانی لە هەڕەشە دەرەکییەکان." ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە توێی توێژینەوەیەك سەبارەت بە چەمکی ئاسایش لەو بڕوایەدایە :"ئەوەی کە وڵاتان هیچ چەشنە هەستێکی مەترسی هێرشی سەربازی بۆ سەر خاکەکەیان، گوشاری سیاسی یان ئابووری لە سەر نەبێت و بتوانن ئازادانە پەرە بە گەشە و فراژووبوونی خۆیان بدەن."یان بە

وتەی والتێر لیپمەن لە زومرەی ئەو کەسانەی کە بۆ یەکەمجار ئاسایشی پێناسەکردووە دەڵێت: "گەلێك (نەتەوەیەك) کاتێك خاوەنی ئاسایشە کە لە ئەگەری خۆ دوورگرتنی لە جەنگ، بتوانێت بەها بنەڕەتییەکانی خۆی بپارێزێتو لە ئەگەری کەوتنە ناو جەنگەوە بتوانێت بەرەو پێشیانبەرێت" یان لە شوێنێکی تر دەنووسێت: "ئاسایش لە چەمکێکی ئۆبژێکتیف، بە نەبوونی هەڕەشە بەرامبەر بە بەها دەستخستەکان دەوترێت و لە چەمکێکی سوبژێکتیف ﴿ئاسایش﴾ بە پێی نەبوونی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لەوەی کە بەهاکانی بکەونە مەترسییەوە و توانستی پێویست بۆ وەدەستهێنانی ئەنجامی دادپەروەرانە، هەڵدەسەنگێندرێت."

بە هەموو جیاوازییەکان لە جۆراوجۆری پێناسەی گشتی ئاسایش بەڵام لە یەك خاڵی هاوبەش لە رای هەموو چاودێران بوونی هەیە و ئەویش پێویستی "پاراستنی بوونی خۆ"یە. ئەگەرچی هەندێ لە چاودێران پاراستنی خۆ بە "پاراستنی گیانی خەڵك، پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتەکەیان، پاراستنی سیستمی ئابووری و سیاسی، پاراستنی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی وڵاتەکەیان لێکدەدەنەوە و ئەم چوار گوتەزایە وەك ناوەرۆکی ئاسایشی نەتەوەیی ئەژمار دەکەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئاسایشی نەتەوەیی خاوەنی دوو رەهەندی ناوخۆیی و دەرەکییە کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە دەکرێت ئاوا پێناسە بکرێ:

"ئاسایشی نەتەوەیی: واتە وەدەست هێنانی هەلومەرجێك کە توانایی ئەوە بە وڵات دەدات، کە لە هەڕەشە هێزەکییەکان یان کردەکییە دەرەکییەکان و پێدزەی سیاسی و ئابووری بێگانە پارێزگاری بکات و لە رێگەی بەرەوپێشبردنی





پرسی گەشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و مرۆیی و بۆ دابینکردنی یەکێتی و بوونی وڵاتو خۆشگوزەرانی گشتی دوور لە دەستتێوەردانی بێگانە هەنگاو بنێت."

### چەمکی ئاسایشی نێونەتەوەیی و دەوڵەتەکان

هەڵێنجان لە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و مەرجەکان و پێداویستییەکانی، یەکسان نیین. دەوڵەتان بە پێی پلە و دۆخەکەیان کە لە بواری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و هەروەها بە پێی بنەمای بەهایی خۆیان، وێنا و لێکدانەوەی جیاوازیان لە چەمکی ئاسایش هەیە. دەکرێت بڵێین کە پانتایی ئاسایشی وڵاتێك، پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە هێزی ئەو وڵاتەوە و هێزی وڵاتانیش جیاوازە. ئەگەرچی زۆرێك لە شارەزایانی زانستی سیاسەت لەو بڕوایەدان کە جیاوازییەکی حاشا هەڵنەگر هەیە لە نێوان دەوڵەتان لە بواری سیاسەتی نێونەتەوەیی (نێودەوڵەتی) لە رووی ناوەرۆك، پانتایی و دەستڕۆیشتووییان، بەڵام سەبارەت بە دابەشکردن و پۆلێن کردنیان ناکۆکی و جیاوازی بەرچاو هەیە.

### چەمکی سیستمی نێونەتەوەیی ( نێودەوڵەتی ) و پەیوەندی بە ئاسایشەوە

سیستمی نێونەتەوەیی (نێودەوڵەتی)، ژینگەیەکە کە تێیدا، یەکە سیاسییە نێونەتەوەییەکان کار دەکەن، بە جۆرێك کە کردەکان، هەڵوێست وەرگرتنەکان، نیاز و خواستەکانی یەکە ناوبراوەکان لە سیستمی نێونەتەوەییەوە کاریگەری وەردەگرن. ریمۆن ئارۆن لە پێناسەی سیستمی نێونەتەوەیی دەڵێت: "من سیستەمی نێونەتەوەیی بە کۆمەڵەیەکی تێکەڵ و ئاوێتە لەگەڵ یەکە سیاسییەکان دەزانم کە لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندییەکی رێکخراودان و هەر کام لەوان ئەم لایەنە لاوازەیان هەیە کە تووشی شەڕێکی هەمەگیربن" ئەمە لە



هەواڵنامەی کتێب

کاتێکدایە کە ئارۆنیش وەك کاپلان و رۆز کرانس، پێگەیەکی تایبەت بۆ دەسەڵاتە گەورەکان (زلهێزەکان) لە پێکهاتەی سیستمی نێونەتەوەی (نێودەوڵەتی) لەبەرچاودەگرێت.

لەهەر سەردەمێکدا ئەکتەر و یاریزانانی سەرەکی زیاتر لەوەی کە لەو سیستەمە کاریگەری وەربگرن، لە دیاریکردنی رۆڵەیان هەبووە. گۆڕین یان گۆانکارییەك لە رژێمێك لە ناوخۆی وڵاتەکەی یەکێك لە یاریزانانی سەرەکی سیستمی نێونەتەوەیی دەبێتە هۆی گۆڕینی مۆدێل و هەندێجاریش هەموو رەوتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. پەیوەندی هێزەکان لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵات، برینە گشتیەکانی سیستمی نێونەتەوەیی خۆش و سارێژ دەکاتەوە. بەم پێیە دەتوانین دابەشکردنەکانی وەك: تاك جەمسەری، دوو جەمسەری، چەند جەمسەری و ... لە سیستمی نێونەتەوەیی (نێودەوڵەتی) پێناسە بکەین.

### ئاسایشی نەتەوەیی و جەنگی سارد

سەردەمێك کە لە ساڵی ١٩٤٥ بە دوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە دەستی پێکرد و تا رووخانی یەکێتی سۆڤییەت بەردەوامبوو، بە سەردەمی جەنگی سارد ناسراوە. خاڵی دیاری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان (نێودەوڵەتی) لەم سەردەمەدا تەوەرەی مۆسکۆ_واشینتۆنە کە وەك هێمای پەیوەندییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە جیهانی دوو جەمسەری، بناغەی لێکدانەوەی رووداوە نێونەتەوەییەکان ئەژماردەکران. سەرەڕای ئاڵۆزتربوونی پەیوەندی و پرسە نێونەتەوەییەکان لە ساڵەکانی دەیەی ٥٠ و پاش ئەو ساڵانە و سەرهەڵدانی هێزە ناوچەییەکان و دروستبوونی هێزە سەربازییەکانی وەك چین و هێزە





ئابوورییەکانی وەك ژاپۆن و بازاری هاوبەش و بەرجەستەتربوونی و هەروەها روو لە زیادبوونی رۆڵی جیهانی سێیەم لە کاروباری نێونەتەوەیی، ئەم بازنەیە سەرەڕای کەموکوڕییەکانی (وەك تاکە پێوەر) وەك دیاردەیەکی گرنگی پەیوەندی نێونەتەوەیی، لەم سەردەمەدا درێژەی بە ژیانی خۆیدا و باقی هەوڵەکانی تر بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی ئەم دیاردەیە بێسوود مایەوە. "جەنگی سارد دەکرێ بە شەڕێکی بنەڕەتی نێوان بەرژەوەند و ئەندێشەکان پێناسەبکرێت کە تا دەستپێکی جەنگێکی کلاسیك ناچێتە پێشەوە. هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی وەها جەنگێك لە ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، چەکی ئەتۆمی بوو کە پێشی بە سەرهەڵدان و دەست پێکردنی جەنگێکی گەرمدەگرت.

لە ساڵی ١٩٤١ەوە ئەمەریکا ئەکتەر و یاریزانێکی چالاك و خاوەن دەسەڵات لە کاروباری نێونەتەوەیی بووە و وەك رێبەری هێزەکانی رۆژئاوا، چەترێکی ئاسایشی بە رووی ئەوروپا و زۆرێك لە وڵاتانی تر دژی شتێك کە بە بڕوای ئەوروپایی و ئەمەریکاییەکان، هەڕەشەی جیدی، مەترسیدار و نزیکی یەکێتی سۆڤییەت، هەڵداوە. لە ماوەی جەنگی سارددا، هەڕەشە سەربازییەکانی باو بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی لە روانگەی زۆربەی شارەزایانی ئاسایش، بەسەر باقی هەڕەشەکانی تر زاڵبوو. لەم سەردەمەدا دەوڵەتان لە هەڕەشە ناوخۆییەکانی ئاسایش بێئاگا مانەوە. ئەگەرچی ئەم پرسە تەنیا داوێنی وڵاتانی جیهانی سێیەمی نەگرتەوە، بەڵکوو دەوڵەتە گەورەکانیش تووشیبوون و زۆرێك چاودێران رووداوەکانی ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بۆ ئەنجامی ئەو بێ ئاگاییەی ئەمەریکا بە لایەنی ئاسایشی ناوخۆیی دەگەڕێننەوە.

هەواڵنامەی کتێب

ئاسایشی نەتەوەیی لە سەردەمی جەنگی سارددا لە چوارچێوە و هاوتەریبیو هاوپەیمانی لەگەڵ دوو هێزی جیهانی پێناسە و دیاریدەکرا و بە توندی لە ژێرکاریگەری ئەم دابەشکردنەدا بوو. واتە هەموو وڵاتان (یان باشترە بڵێین زۆربەی وڵاتانی جیهان) بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان لە بڕیاردان دەربارەی سەر بەکام جەمسەر و لایەنبوون دیاریدەکرد و ئەم رەوتە رووخانی جەمسەری رۆژهەڵات (یەکێتی سۆڤییەت) بەردەوام بوو. ئەگەرچی جارێکی تر دوای یەک دەیە لە رووخانی سۆڤییەت دابەشکردنێکی دیکە دێتە ئاراوە.

## ئاسایشی نەتەوەیی پاش جەنگی سارد

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە پێکهاتەی نوێ، پاش دوو دەیە لە کۆتایی جەنگی سارد چۆنە؟ لە وەها پێکهاتەیەکدا ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی جیهانی سێیەم لەسەر هێڵی کام بازنە دەخولێنەوە؟

**سیستمی نێونەتەوەیی ئێستا چوار تایبەتمەندی بنەڕەتی هەیە:**

ئەلف- یەکەمین تایبەتمەندی ئەمە کە ئەو خواست و پاڵنەرانەی کە لە ئەنجامی ئەودا دوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دروستبوون، ئەمرۆکە نەماون. بە واتایەکی تر ئەو خواستە مێژووییانەی کە بلۆکی کۆمۆنیستی پێکهێنابوو لە بنەڕەتیترین و گرنگترین ناوەندەکانی ستراتیژیکی جیهانی کاڵبوونەتەوە.

ب- دووەمین تایبەتمەندی دۆخی پێکهاتەی نوێ، گشتگیربوونەوەی ئابوورییە. ئەم پرسە دەکرێت لەمخاڵانەدا ببینرێت. پاش رووخانی یەکێتی سۆڤییەت ئارایشی نوێی جیهان بە جۆرێك فۆڕمی گرت کە سێ بلۆکی گەورەی لە





جیهان دەرکەوتن: یەکیان لە ئاسیای باشووری رۆژهەڵات، یەکیان لە ئەمەریکا و ئەوی تر لە ئەورووپا. ناوەرۆکی هەر کام لەم سێ بلۆکە ئابووری بوو و لە بنەڕەتدا لایەنی سیاسی و ئایدۆلۆژیکیان نەبووە. کۆڵەکەی یەکێتی ئەم سێ بلۆکە ناوچەییە، ئابوورییە. هەر بۆیە تایبەتمەندی نوێی جیهان، بریتییە لە "بوون بە تەوەرەیی ئابووری.

ج- سێیەمین تایبەتمەندی پێکهاتەی نوێ، تاکڕەهەندی بوونەوەی جیهانە. لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٩٠، جیهان بە گشتی تەنیا یەك رەهەندی بنەڕەتی بەخۆیەوە گرت و ئەویش لیبرالیزم بوو. تاکڕەهەندی بوونەوەی سیستمی نێونەتەوەیی (نێودەوڵەتی) و جیهانیبوونەوەی لیبرالیزم واتە سەرتاسەری بوونەوەی سیستمی بەرهەمهێنانی ئابووری رۆژئاوایی.

د- چوارەم تایبەتمەندی سیستمی نوێی جیهانی، دەرکەوتنی مێژووی شوناسە ناوچەییەکانە. بە واتایەکی تر فۆڕمگرتنی سیستەمی سێ کوچکەیی کە بە مانای پێکهاتنی سێ بلۆکی جیهانییە، بووە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێك ناوچە کە هەر کامەیان بە جیا لەوی تر، بەڵام لە چوارچێوەی بلۆکە پەیوەندیدارەکە، کەم تا کورت وەك وڵاتێکی یەکپارچە کاریاندەکرد. ئەم پرسە ناوەرۆکی ستراتیژی جیهانی گۆڕی.

رووخانی سیستمی دوو جەمسەری و کۆتایی جەنگی سارد، گۆڕانێکی پێکهاتەیی بوو لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان (نێودەوڵەتی). بەم مانایە کە یەکێك لە دوو ناوەندی گرنگی کۆبوونەوەی هێزی سیاسی و سەربازی تێکشکا و



هەواڵنامەی کتێب

بووە هۆی سووڕی خێرای تەرازووی هێز بەرەو لای رۆژئاوا. لە لایەکی دیکەوە بە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، دژایەتی و رکابەری نێوان هێزە گەورەکانی جیهان لە بواری سەربازی و چەك‌وچۆڵەوە بۆ بواری ئابووری و بازرگانی گوازرایەوە و ژاپۆن و ئەڵمانیا بەدەر لە چوارچێوەی وەستانەوەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا وەك دوو جەمسەری گرنگی ئابووری بەرەو بە دەستەوەگرتن و نواندنی رۆڵی سەربەخۆی سیاسی خۆیان لە جیهاندا هەنگاویاننا. جگە لەمە هەڕەشەکان بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی لە سەردەمی جەنگی ساردیشدا زۆرتر لەوەی کە لە مەترسی ناسەقامگیری و ناکۆکی نێوان پەیوەندی زلهێزەکان بێت، لە پێکدادانە نەتەوەیی، نەژادی و گەشەنەکردووی سیاسی و ئابوورییەوە سەرچاوەیدەگرت. لە ٨٩ پێکدادانی چەکدارانە کە لە میانەی ساڵەکانی ١٩٨٩ تا ساڵی ١٩٩٢ لە جیهان روویدا، ٨٦ خاڵێکیان لە ناو سنووری وڵاتانو تەنیا ٣ خاڵ لە دەرەوەی سنووری وڵاتانەوە بوو.

ئەم گۆڕانی پێکهاتەییە گرنگە، دوو ئەنجامی گشتی لێکەوتەوە: یەکەم توندتربوونەوەی هەڕەشە سەربازییەکان دژی ئاسایشی نێونەتەوەیی و بەرەوی ئایدۆلۆژی لیبراڵ/دیموکراسی لە ئاستی جیهاندا. لە ئێستاشدا رەوتی گشتگیر بوونەوەو گەشەی چەمکی "ئاسایش" لە ژێر کاریگەری ئەم ئەنجامە گرنگە دایە.

لێکدانەوەی پرسە ئەمنییەکانی تر لە ئاستی دەوڵەت_نەتەوەکان ناوەستن، بەڵکوو بۆ ئاستێکی خوارتری وەك دامەزراوەکان، گرووپەکان، تاکەکانی ناو خاکی وڵاتێك و بۆ ئاستەبەرزەکانی وەك: ناوچە جوگرافییە هاوبەشەکان لە نێوان چەند وڵات دا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی (نێودەوڵەتی) بەرینتر دەبێتەوە.





هەروەها لە بواری بابەتیشەوە چەمکی ئاسایش لە پشتبەستن بە پرسە سەربازی و چەك‌وچۆڵەکان دوور دەکەوێتەوە و بابەتە بەرینەکانی سیاسی، ئابووری، ژینگە، کولتووری و مرۆییەکان لە خۆگرت.

لە کاتێکدا کە لە سەردەمی جەنگی ساردا زۆرینەی پێکدادانەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە ژێر کاریگەری سیاسەتەکانی زلهێزەکاندا بوو، دەستدرێژییەکانی ناو وڵاتانی جیهانی سێیەمیش پاش جەنگی سارد، بە شێوەیەکی گشتی کەوتە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان خۆیانەوە.

ئەگەرچی ناکرێ لێرەدا تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی سیستمی نێونەتەوەیی (نێودەوڵەتی) لەبەرچاو نەگرین، بەڵام قووڵبوونەوەی قەیرانی شوناس، وەستانەوەی نێوان ناسیۆنالیزم، قەیرانی بەشداریکردن، قەیرانی دابەشکردن و قەیرانی رەوایی لە زومرەی ئەو خاڵانەن کە بوونە مایەی پێکدادان لە نێو خاکی ئەو وڵاتانەدا. جێی ئاماژەیە کە زۆرێك لە گرووپە نەتەوەیی و ئایینی و ... کە لە سەردەمی جەنگی ساردا لە چوارچێوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە دەژیان، پاش جەنگی سارد، نەبەردێکی نوێیان بۆ شوناسی خۆیان لە سەرتاسەری جیهان دەستی پێکرد کە تا ئێستاش بەردەوامە.

بە گشتی و بە کورت کراوەیی دەکرێت لە پەیوەند بە چەمکی "ئاسایشی نەتەوەیی" بڵێین کە لە زوومرەی ئەو چەمکانەی کە هەم لە رەهەندی تیۆری و هەم لە رەهەندی پراکتیکییەوە سەرنجی زۆرێك لە تیۆریسیەنەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و سیاسەتمەدارانی بەرەو لای خۆی راکێشاوە. ئاسایشی نەتەوەیی،

لەو گرفتە جیددیانەی سیستمە سیاسییەکان دێتە ئەژمارو لە جیهانی دوای جەنگی سارد، چەمکێکی نوێ لە ئاسایش لە دایکبوو کە لەگەڵ چەمکی ئاسایش لەچاو باقی سەردەمانی پێشووتر جیاوازی بنەڕەتی هەیە. بەم مانایەی کە ئاسایشی چەند لایەنە، لێکجیانەکراوە و یەکسان خەریکە ئیچم دەگرێت.

لە پێگەی لێکدانەوەدا، چەمکی ئاسایشی نێونەتەوەیی پێکهێنانی کەشێك کە تاکەکان، کۆمەڵگاکان، وڵاتەکان و باقی یاریزانانی نوێی نێونەتەوەیی هەستی بێ‌متمانەیی و خەسارمەندی و هەستی ئەوەیان نەبێت کە هەڕەشەیان لە سەرە. لە رابردوودا ڕێگەچارە سەرەکییەکان بە وەدەست هێنان و پاراستنی ئاسایش لە وەدەستهێنان و نمایشی دەسەڵاتی سەربازی سنووردار دەکرایەوە. لە کاتێکدا کە پاش جەنگی جیهانی دووەم دەوڵەتان هێز و دەسەڵاتیان لە بەرژەوەندی گرووپ و یاریزانانی نوێی بواری نێونەتەوەیی دەدۆڕاند. ئەم گوتاری ئاسایشە کە لە بواری سەربازی کورت دەکرایەوە، پرسە تەواو سەربازییەکان پێگەی خۆیان لە دەست دەدا و هۆکاری نوێی ئابووری، ژینگەیی، کولتووری  هاتە ناو پارادایم و بازنەی ئاسایشی پەیوەندی نێودەوڵەتییەکان.

لە سەردەمی جەنگی سارددا بە هۆی بوونی کەشی قورسی ئەمنییەتی و دەرکەوتنی هەڕەشەی ڕۆژانە لە نێوان دوو بلۆکی جیهانی، کەمتر سەرنج و بەها درا بە هۆکارە کاریگەرە نوێکان لە چەمکی ئاسایش. بەڵام بە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤییەت، گۆشەنیگای ئاسایشی جیهانی لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، لە تەنیا جەمسەری جێماو لە سەردەمی بلۆك بەندییەکان کاریگەری وەردەگرت.





وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە راستیدا لە سەرەتای رووخانی یەکێتی سۆڤییەت تووشی قەیرانی مانا و سەر لێشێواوی شوناس بوو، چونکە بێبەشبوون لە بوونی دوژمنێك کە کۆڵەکەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکای پاش جەنگی سارد بوو، کەشێکی ئەمنییەتی نوێی خستە بەردەم وڵاتە یەکگرتووەکانەوە. لە راستیدا لە سەردەمی جەنگی سارددا بە هۆی زاڵبوودنی پارادایمی ریالیزم لەسەر رەهەندی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەموو هەڕەشەکان و گوتارە ئەمنییەکان بە شێوەی سەربازی و نەتەوەیی دیسانەوە پێناسەکرانەوە و رکابەرایەتی چەك و دەسدرێژییە ئایدیۆلۆژیکییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا وێناکەری بالآنس و تەرازوی هێز دەگەیشتە ئەنجامی ئاسایشی نێونەتەوەیی، بەڵام پاش جەنگی سارد و گەشە و دەرکەوتنی ئەمەریکا وەك زلّ هێزێکی ئایدیۆلۆژیك، چەمکی ئاسایشی لە ئاسایشی نەتەوەیی و سەربازی کردە ئاسایشی جیهانی لە سیاسەتەکانی خۆیدا.

"قەیرانی مانایی لە بەهێزی ئەمەریکا، بووە هۆی گۆڕانی چەمکی ستوونی ئاسایش لە سەردەمی جەنگی سارددا بوو بە چەمکی ئاسۆیی و جوگرافیای سیاسی جیهان لەسەر بنەمای یاسای نوێی نێودەوڵەتی شوناسی بۆ کرا."

یاسای نوێ لە بواری ئاسایشی نێونەتەوەی بریتیبوو لە "نەبوونی هەڕەشە بە مانای بوونی ئاسایش و ئەمنییەت" نییە و هەر بەم پێیەیە کە ئەمەریکا نەبوونی زلهێزێکی وەك سۆڤییەت _هەڕەشەیەکی گەورە_ ئیتر بە مانای بوونی ئاسایش لێکناداتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پاش جەنگی سارد خۆی بە شێوەی ئاسۆیی و لەگەڵ کۆمەڵێك هۆکاری کاریگەردانەری نوێی وەك ئابووری، ژینگە، کۆچ، تیرۆریزم و کولتوور،  وێڕای هۆکاری سەربازی لێکدەدایەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ١١ ی سێپتەمبەر

لەم رۆژەدا، گەورەترین هێرشی تیرۆریستی مێژووی مرۆڤایەتی تا ئەمرۆکە کرایە سەر ئەمەریکا و هێرشەکانی یانزەی سێپتەمبەر جگە لەمە بە گەورەترین هێرش بۆ سەر خاکی ئەمەریکا لە دوای هێرشی ئاسمانی ئیمپراتۆری ژاپۆن بۆ سەر بەندەری پرێل هاربێر لە ٧ی دیسامبەری ١٩٤١، (کە نزیکەی سێ قاتی کوشتە و قوربانیانی ١١ی سێپتەمبەری قوربانی لێکەوە،) ئەژماردەکرێت.

لەو رۆژدا دوو تەقینەوەی بەهێز بە باڵندە ئاسنینەکان لە بینای ناوەندی بازرگانی جیهانی و وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا هەزاران کوشتە و قوربانی لێکەوتەوە.

ئەوەی کە لەو دیوی ئەم رووداوە ورد و درشتانەی کە ئەو دوو تەقینەوە جێی ئاماژەن ئەوەیە کە زۆربەی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەکان بەرامبەر بە بەرپرسان و پلاندارێژەرانی ئەم هێرشە تیرۆریستییەیە و کەمترینی لێکدانەوەکان، رەنگدانەوەی ئەم رووداوانە لە سیستمی نێونەتەوەیی و سیاسەتی جیهانی بوو، لە کاتێکدا کە ئاکامی ئەم رووداوانە بۆ یاریزانانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زۆر گرنگە، لەو رەهەندەوە کە بووە هۆی گۆڕانێکی ناوەرۆکی و فۆرمی لە پێکهاتەی رەوتی سیستمی نێونەتەوەیی.

بە گشتی کاریگەری رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر لە بواری پەیوەندی نێودەوڵەتییەکان دەکرێت لە ٣ ئاستدا تاوتوێ بکرێت: یاریزانان، رێسای یارییەکە، ژینگەی یارییەکە.





### ١_هاتنەکایەی یاریزانانی نوێ بۆ بواری سیستمی نێودەوڵەتی

پاش رووخانی یەکێتی سۆڤییەت لە سەرەتاکانی دەیەی ٩٠ کە فۆکۆیاما ئەوی بە سەرکەوتنی لیبراڵ دیموکراسی ناوزەدکرد، جۆرج بووش سیستمی نوێی جیهانی هێنائاراوە و بەڵێن و مزگێنی ئەوەی بە خەڵکی جیهان دا کە ئەم سیستمە دەتوانێت بۆ ئەوان، ئاشتی، دادپەروەری و ئازادی بەدیاری بێنێت.

سیستمی لیبراڵ دیموکراسی بە شێنەیی باسی لە بەجیهانیبوون و دروستکردنی گوندی جیهانی دەکرد کە رێبەر و بەرێوەبەری ئەم سیستمە ئەمەریکا بوو. بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەمەیە کە بەجیهانی بوون، کەشی زاڵ بەسەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان بە گشتی نەتەوە خوازانە و بە دەگمەن جیهانگیرییانە بوو و هەتا ئێستاش حەزی ئیمپریالیستی و نەتەوەخوازی لەمپەرێکی گەورەیە بۆ دەستەبەر بوونی سیستمی نوێی جیهانی.

یەکێك لە رەهەندەکانی بەجیهانی کردن، سڕینەوە و هەڵوەشاندنەوەی سنوورەکان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتەکان بوو، بە واتایەکی تر لە دەیەی ٩٠ی زایینی لە ئەدەبیاتی نێونەتەوەیی هەڵوەرین و کەمبوونەوە و نەمانی دەوڵەتان لە بواری سیستمی نێونەتەوەیی و تۆخبوونەوەی رۆڵی یاریزانانی نێونەتەوەیی رێکخراوە ناحوکمییەکان جێی سەرنج بوو، بەڵام رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر جارێکیتر رۆڵی دەوڵەتانی لە سیستمی نێونەتەوەیی لە دابینکردنی ئاسایشی بەرجەستەتر کردەوە، بە مانایەکی تر چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لە لایەن دەوڵەتان بە مەبەستی بووژاندنەوەی جارێکیتر پێداچوونەوەی بۆ کرا.



هەواڵنامەی کتێب

لەم ناوەدا سەرهەڵدانی یاریزانانی ڕێکخراو (بە دوای دروستبوونی کۆمەڵگای ڕێکخراوی ئەم سەدەیە دا"تۆڕی ڕێکخراو")ی وەك ئەلقاعیدە کە نە دەوڵەتن و نە نەتەوەیەکی تاقانە، ڕۆڵێکی زۆر بنەڕەتی لە پاساوی دەوڵەتان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ڕۆڵی گرنگیان بووە.

### ٢_ گۆڕانی بەرچاوی ڕێسای یارییەکە

ڕێسای یاری لە سیستمی نێونەتەوەیی بەر لە ڕوودانی ئەم ڕووداوانە، بەرەو کۆی جەبری چەند قات (ڕێژەیەك لە بردنەوە و ڕێژەیەکی لە دۆڕاندن) و بە جۆرێکی گرێدراوی دوو لایەنە هەنگاوی دەنا.

ئەم گرێدراوییە دوو لایەنەیە بە شێوەی ڕێکخراو و ڕژیمێکی نێونەتەوەیی بە تایبەتمەندی جیاوازی خۆیەوە و هاوکات لەگەڵ ڕەوتی بەجیهانیبوون لە چوارچێوەی هاوکارییە ئاشتیخوازانەکانی چەند دەوڵەت، ڕێکخراوی نێونەتەوەیی و نێوان دەوڵەتان لە ئارادابوو.

هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نەبوو کە جۆری یارییەکە تەواو گۆڕابێت، بەڵکو کۆمەڵگای جیهانی، پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت ڕێسای یاری سەربازی_ئاسایشی بۆ بواری ئابووری_تەکنیکی ڕێنوێنیکرد و هەر بەو پێیە جۆری گوتارەکەشی تووشی گۆڕان هاتبوو، بەڵام ڕووداوەکانی ئەمەریکا بووە هۆی ئەوەی کە تا ڕادەیەك توخمی ئاسایش، (بەتایبەت لە ڕەهەندی سەربازییەکەیەوە) لە دانوستانەکانی نێوان دەوڵەتان تۆختر بێتەوە، بە واتایەکی تر سیستمی نێونەتەوەیی پاش ئەم ڕووداوانە بەرەو قۆناغی





سەربازی_ئەمنییەتی پێچی کردۆتەوە.

لە جیهانیسازی توخمی کات تا ڕادەیەکی زۆر بێ بەها و بایەخە و کەشی فانتازیایی لە کەشی حەقیقی گرنگتر دێتە ئەژمار، ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر دەریخست کە کەشی ڕاستەقینەی و سنوورەکان هێشتاش خاوەنی گرنگی تایبەتی خۆیانن و دەبێت بڵێین کە ڕووداوەکانی نیۆیۆرك توخمی جیۆپۆلۆتیکی بۆ بواری سیستەمی نێونەتەوەیی گەڕاندەوە.

هەر بەم پێیە ئەو ناوچانەی کە پاش جەنگی سارد خرابوونە پەراوێزەوە جارێکیتر بوونەوە بە ناوەندی سەرنج. لەمپێناوەدا سەرنجدان بە ئەفغانستان، ئۆراسیا، عێراق، ڕۆژئاوای ئاسیا و هەروەها سەربازگەکان (بە لەبەرچاوگرتنی سەربازی بوونەوەی کەشی نێونەتەوەیی) شیاوی باس و هەڵسەنگاندنن.

### ٣_ ژینگەی نێونەتەوەیی

پاش ئەو ڕووداوانە، توخمی ئەمەریکایی لە ژینگەی نێونەتەوەیی تۆختربۆوە و قەڵەمبازی ئەم وڵاتە بۆ ڕەچاوکردن و سەپاندنی هەژموونی و ئامادەبوونی بەرجەستەتر لەو ناوچانەی کە لە سەردەمی جەنگی سارد خرابوونە لاوە.

لەم ژینگەیەدا کولتوور و هێزی سەربازی لایەنی زاڵی ڕوحی سیستمی نێودەوڵەتییە، بەمجۆرەی کە باسی کولتوور و بایەخەکانی وەك ئیسلام و موسڵمانان و بەها ئەمەریکاییەکان، جیاوازی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر ئامادەیی کەڵکوەرگرتن لە کەلوپەلە سەربازی و بەرگری لە بەرامبەر دیاردەی تیرۆریزم بووە سەرەکیترین هۆکاری فۆڕمگرتنی ژینگەی

رۆحی نێونەتەوەیی.

بە پشتبەستن بەو باسانەی سەرەوە دەکرێت ئەنجامی رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر لەم چوار خاڵەدا کورتبکرێتەوە:

١ ) گرنگی دووبارەی جیۆپۆلۆتیك.

٢ ) زیادبوونی شوناسی کولتووری بە گوتارەکانی ئاسایشی نێونەتەوەیی.

٣ ) پێکهێنانی ململانێی هاوکاتی نێوان بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە لایەن ئەمەریکا و بەڕێوەبەرایەتی توخمی ئەمەریکایی لەلایەن باقی یاریزانانی دەوڵەتی و نادەوڵەتی (فەرمی و نافەرمی) سیستمی نێونەتەوەیی.

٤ ) سەربازی بوونەوی کەش (فەزای) سیستمی نێونەتەوەیی

مشتومڕەکانی پاش رووداوەکانی نیۆیۆرك، بووەتە هۆی ئەوەی تا هەوڵی ئەمەریکاییەکان بۆ سەقامیگری هێژێمۆنی خۆیان لە ژینگەی نێونەتەوەیی لە رێگەی سەربازیکردنەوەی ئەم ژینگەیە، بەرەنگاری و وەستانەوەی باقی یاریزانانی سیستمی نێونەتەوەیی لێکەوتۆتەوە.

ئەوەی جێی وردبوونەوەیە کە ئەو شۆکە ئاسایشەی کە لە ئەمەریکا درا، بەڕێوەبەرایەتی و هەژموونی ئەم وڵاتەی بردە ژێر پرسیار و هەر بۆیە جۆرج دەبلیۆ بووش و هاوکارەکانی تێکۆشان لە رێگەی جەنگ و ئامادەیی لە ناوچەکانو پرسە گشتی و گەورەکانی سیستمی نێونەتەوەیی لەم دەرفەتە زۆرترین بەهرە و سوود وەربگرن بۆ بەرەو پێشبردنی سیاسەتەکانی ئەمەریکا، هەرچەند سیستەمی نێونەتەوەیی لە حاڵەتی لەدایکبوون و تێپەڕین بەرەو





قۆناغێکی نوێیە کە لەگەڵ هەلومەرجی بەر لەم رووداوە بەدڵنیاییەوە جیاوازە.

وتەکانی هەر کام لە فۆکۆیاما و ئێمبرتواکۆ (رۆماننووسی بەناوبانگی ئیتاڵی) لەم بوارەدا و پاش رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر جێی لێوردبونەوەن:

فۆکۆیاما: رووداوە تیرۆریستییەکەی ١١ی سێپتەمبەر دەریخست دەبێت ئەمەریکا لە ژێستی خۆ بە زلزانی بێنێتە دەرێ.

ئێمبرتواکۆ: جیهانی پاش ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، ئیتر جیهانی رابردوو نابێت.

## ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا و ١١ی سێپتەمبەر

بەر لەوەی باسکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بە دوای ١١ی سێپتەمبەر جێی خۆیەتی باسێك لە کاریگەری و ئاکامەکانی پاش ١١ی سێپەمبەرو پێکهاتەی سیستمی نێونەتەوەیی بکرێت. ئەگەرچی ئێمە بە تێروتەسەلی سەبارەت بەم دوو بابەتە دواوین، بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانم گرنگترینی ئەو خاڵانەی کە لە پەیوەست بە ١١ی سێپتەمبەر بوونە هۆی ئەنجامی ئەم هێرشە ئاماژەی پێدەدرێت و بزانین کە رێگەچارەی ئەمەریکا بۆ سڕینەوە و بێکاریگەری کردنی ئەو خاڵانە چین و هەروەها کاردانەوە و کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکان بە دوای رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر چیبوون.

یەکەم دەبێت بوترێت کە رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر چەند راستییەکی بینراو و هەستپێکراوی راگەیاند:

١. ئاسایشی ناوخۆی ئەمەریکا و رێکخراوە ئاسایشی و زانیارییە بەرینو بەناوبانگەکانی ئەمەریکا چەندە ئەگەری ئەوە هەیە کە خەساریان بەربکەوت و

لاوازن و خاوەنی هێزی پێشگیرانەی بەهێزنین.

٢. کاردانەوەی سیاسی، ئاسایشی و سەربازی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باقی ناوچەکانی دیکەی جیهان بۆتە هۆی فۆڕمگرتنی وەها هەولگەلێك و کاردانەوەی توندوتیژ و تۆڵەسەندنەوانەی لێکەوتەوە.

٣. بەم هەوڵەی گروپێکی فەندەمێنتاڵی ئیسلامی بەهێز و رێکخراو (ئەلقاعیدە)، پتەوی و هێزی ئاسایشی وێناکراو لە پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووری ئەمەریکا چووە ژێر پرسیارەوە و سیاسەتمەدارانی ئەم وڵاتەی تووشی قەیران و کێشەیەکی جیددی کۆمەڵایەتی و سیاسی کرد.

کاریگەری و کاردانەوەکانی ئەم رووداوە بێوێنەبوون و دەکرێت بە دوو بواری کاردانەوە و کاریگەری ناوخۆی و نێونەتەوەییەکان دابەشبکرێن:

لە بواری ناوخۆیی دەکرێت باس لە کاردانەوە لە بوارەکانی سیاسەت، ئابووری و نێونەتەوەیی بکرێت. ئەم رووداوانە کاریگەری سیاسی زۆریان لەسەر وڵاتە یەکگرتووەکان دانا کە دەکرێت لەوانە ئاماژە بە هەڵسووکەوتی توندوتیژی ئەمەریکاییەکان بەرامبەر بە نەژاد و نەتەوە جیاوازەکانی نیشتەجێ لە ئەمەریکا و گوشاری رای گشتی ناوخۆی ئەمەریکا بۆ سەر دەوڵەتی ئەو وڵاتە بۆ هەوڵی تۆڵەستاندنەوە و تارادەیەکیش کەمبوونەوەی ئازادی رادەربڕین و دیموکراسی بدرێت.

کاردانەوە ئابوورییەکانی رۆژی ١١ی سێپتەمبەری نیویۆرك دەکرێت لە زیانیو زەرەری کۆمپانیا ئەمەریکاییەکان لە بوارەکانی فڕۆکەوانی، بیمە، توریزم، داخرانی بازاڕی بورسەی نیویۆرك و هەروەها کۆمپانیاکانی زانیاری و ... ببینینەوە.





دەربارەی کاردانەوە ئەمنییەتییەکانیشی دەکرێت باس لەلاواز بوونی سیستمی زانیاری و ئاسایشی ناوخۆی ئەمەریکا بکرێت کە پاش ئەو رووداوانە لە گشتیترین کاریگەرییە ئەمنییەتییەکان بوون. بەڵام ئەم کاریگەرییانە تەنیا گشتیترینی کاریگەری ئەمنییەکانن. کاردانەوە نێونەتەوەییەکانی رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر خاوەنی گرنگی زۆرترن کە لە چەند ئاستدا جێی لێوردبوونەوە و تاوتوێکردنن.

## پێکهاتەی سیستمی نێونەتەوەیی پاش ١١ی سێپتەمبەر

پاش رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر، پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی سیستمی نێونەتەوەیی شێوازێکی زنجیرەیی ریزبەندی فەرمانڕەوایی بەخۆیەوەگرت. لە چوارچێوەی سیستمی نافەرمانڕەوایی، سیستمی نێونەتەوەیی تەنیا لە روانگەی سیاسییەوە داخراو بوو، بەڵام پاش رووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەر سیستەمی نێونەتەوەیی لە روانگەی یاسایی (حقووقی)، بەها و ئایدیۆلۆژیکیشەوە لەگەڵ کۆمەڵێك سنووورداری بەرەورووو بوویەوە. هەر بۆیە دیتمان کە جۆرج بووش سەرۆك کۆماری پێشووی ئەمەریکا لە ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، لە کۆنگرێس ئەمەریکا داوای لە وڵاتانی جیهان کرد لە نێوان ئەم دوو بژاردەیە یەکیان هەڵبژێرن. یان لایەنگری تیرۆریزم بن یان ئەوەی کە بەرەی دژی تیرۆریزم هەڵبژێرن. وتەکانی جۆرج بووش لە راستیدا دەرخەری ئەم گۆڕانە لە پێکهاتەی نێونەتەوەی بوو کە نموونە رەفتاری نوێی پێکهێنا. ئەمەریکا لەو کاتەوە هەستا بە جێبەجێ کردنی نۆرمە نوێکانی سیستمی نێودەوڵەتی. ئەگەرچی بە پێچەوانەی سیستمی زنیجرەی ریزبەندی نافەرمانڕەوایی خاڵی هاوبەشی لەگەڵ سیستمی تۆتالیتێر زۆرە، بەڵام دەبێت قبوڵی ئەوە بکەین کە ئەم سیستمە شێوازێکی کورت کراوەی سیستەمەی گریمانەیی زنجیرەی ریزبەندی مۆرتۆن

کاپلانە. لەم هەلومەرجەدا دەسەڵاتە گەورەکانی وەك چین، ژاپۆن، یەکێتی ئەرووپا و روسیە مەیل و حەزی زۆرتریان بۆ هاوکاری نیشان دا. ئەم دەسەڵاتە گەورانە توانایی شێواندن و پێکدانانی باڵانس و تەرازووی هێزی نێونەتەوەییان نییە و لە ناردنی نیشانەی هەڕەشەئامێز بۆ ئەمەریکا خۆ دەبوێرن. ئەمەریکاش وەك تاکە زلهێز هەڵسووکەوت دەکات کە هەموو دەسەڵاتێکی هەیە. ناتۆ بەرەو رۆژهەڵات پەرە پێدەدات، پلانی قەڵغانی دژە مووشەکی دژی روسیە و ئێران لە ئەوروپای رۆژهەڵات جێگیر دەکات و... هەندێك لە کارگێڕانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەڵکەوتنی وەها هەلێك و ئەم دۆخە بە نیشانەی سەرکەوتنی ئەمەریکا دەزانن و ئەمەریکای پاش ١١ی سێپتەمبەر بە تاکە هێزی گەورەی جیهان دەناسێنن.

### کاریگەرییەکانی ١١ی سێپتەمبەر لە رووکاری دەرەکی ئەمەریکا

ئەم رووداوە بۆ ئامانجەکانی ئەمەریکا دڵخوازترین بواری خۆش کرد. ئەمەریکاییەکان ویستیان تا ئەم رووداوە هاوتەریبی گوتارە ئاسایشییەکانی پێشووی خۆیان بکەن. لە وەها هەلومەرجێکدا، شێوازی جەنگی پێشگیرانەیان خستەڕوو. ئەگەرچی ئەمە تەنیا مەبەست و ئامانجی گەورەی ئەمەریکا نەبوو. لێرەدا نابێت لە گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ سڕینەوەی وێنای ناشیرینی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت دەربارەی سیاسەتی پشتیوانی لە دەسەڵاتەکانی ناوچەکە لە بەرامبەر بزووتنەوە حەقخوازانەکانی نەتەوەکانی ئەم وڵاتانە لەبری پارێزگاری کردن لە چاڵە نەوتییەکان، چاوپۆشی بکەین. شێوەکاری جەنگی پێشگیرانە لەسەر بنەمای جۆری لێکدانەوەی بەرپرسان و پلان دارێژەرانی بەرگری_ئەمنییەتی بۆ بەرگری کردن لە





بەرامبەر هەڕەشە نوێکان فۆڕمەکەی گۆڕا. ئامانجی ئەم شێوە لە کار، هەنگاوی پێشگیرانە لە بەرامبەر هێرشە شاراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. چونکە وڵاتانی ناوچەکە لە بەرامبەر ئەمەریکا، هەڵوێستێکی رەخنەیی و کردارێکی بەرهەڵستکارانەیان رەچاو کردبوو. کاتێك کە هێرشەکانی یانزەی سێپتەمبەر روویدا و ئەمەریکاییەکان بە دڵخوازترین بواری نێونەتەوەیی گەیشتن لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە پێناسەکراوەکان، بواری پێکهاتنی ئەم رەوتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بوو. ناوچەیەك کە لە دەیەکانی ١٩١٠ـەوە بەملاوە، ناوچەی بەرهەمهاتنی قەیرانی جیهان دەناسرێت. هەر بۆیە نموونەیەك کە ئەمەریکا لە پەیوەند لەگەڵ ئەفغانستان دەستپێکرد، دەتوانێت بە شێنەیی لە باقی ناوچەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەڵکی لێوەربگیرێت. لە روانگەی ئەمەریکا وەك بەهێزترین یاریزانی گۆڕەپانی ئاسایشی نێونەتەوەیی هەڕەشەکان پانتاییەکی بەرینی هەیە و هەر وڵاتێك کە ئامراز و کەرەستە (هێزەکی) ی ئەم جۆرە هەڕەشانەی بێت، لە کاتی گونجاودا هێرشی دەکرێتە سەر.

### سەرزەمینی کوردستان

کوردستان بە پانتاییەکی ٤٥٠ هەزار کیلۆمەتری چوارجا لە رۆژئاوای ئاسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵکەوتووە. لە باکوورەوە لەگەڵ قەوقاز لە سنوورەکانی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو، لە لای چەپەوە لەگەڵ رۆژهەڵاتی تورکیا و باکووری سوریە و لە لای راستەوە لەگەڵ رۆژئاوای ئێران و باکووری عێراقەوە دراوسێیە.

گرنگی تۆپۆگرافیکی کوردستان بە کێوە بەرزەکانی ئارارات و زاگرۆس و باقی زنجیرە کێوە گەورە و بچووکەکان لە پاڵ یەکتر هۆکاری جوگرافیایی دیاریکەرن کە لە بە درێژایی ساڵانێکی دوور رو درێژ بوونەتە لەمپەرێکی گەورە



هەواڵنامەی کتێب

لە سەرڕێی توانەوە (assimilation) و لەناچوونی نەتەوەیی کورد لە لایەن داگیرکەرانییەوە. هەروەها وێڕای ئەمە ڕیزبەندییەکی سیاسی_کۆمەڵایەتی کە لە سیمای گرووپ و هۆز و فیۆداڵە کوردییەکان پێکهات و بووەی هۆی ئەوەی کە قەوارە و شوناسی کوردی لە مەترسی ڕووخان و فەنابوونی یەکجارەکی پاراست.

قووڵایی جیۆپۆلۆتیکی کوردستان کە بە پانتایی سەرزەمینەکە و دانیشتوانی زیاتر لە ٣٥ (هەندێك بە نزیکەی ٤٠ ملیۆن کەس مەزندەی بۆ دەکەن)ملیۆن و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی هەستیار و هەرێمی جیۆپۆلۆتیکییەکەی، هەڵکەوتنی لە سنووری چوار یەکەی سیاسی (ئێران، تورکیا، عێراق، سوریا) کە خاوەنی گرنگی دیاریکەری سیاسی و ئابووری لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانن، سەنگ و قورسایی جیۆپۆلۆتیکی کوردستان دەردەخات.

هۆکاری گەشەکردوو لە چوارچێوەی ئەم چەمکە، بوونی سەرچاوەی سرووشتی، کانزاکان، نەوت، ئاسن، مس و کرۆم کوردستانی کردووە بە سەرزەمینێکی دەوڵەمەند کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە حەز و ویستی زۆرێك لە وڵاتانی پیشەیی جیهانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا.

کانزای کرۆم لە نزیك دیاربەکر یەکێك لە گەورەترین کانزاکانی کرۆمی جیهانە کە بە ٨٣٢٠٠٠ تەن کرۆمی پاك لە ساڵی ١٩٦٧، تورکیای پاش یەکێتی سۆڤییەتی ئەو کاتە لە پلەی دووەمی بەرهەمهێنی ئەم مادەیە لە جیهاندا جێگیر کرد. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هاوکاری گەشەی ئابووری (OECD) لە ساڵی ١٩٦٧ بەرهەمهێنانی ئاسن لە دیوریگی کوردستانی تورکیا، زیاتر لە ١/٥ تەن بووە.





هەڵێنجانی مس لە دیاربەکر لە ساڵی ١٩٧٠ زیاتر لە یەك ملیۆن تەن و بەرهەمی نەوت لە مەیدانە نەوتییەکانی دیاربەکر و سیرت گەیشتۆتە ٤ ملیۆن تەن.

هەڵکەوتەی سەرزەمینی کوردستان لە بەشی سەرووی دوو ڕووباری گەورەی دیجلەو فورات بە تایبەتی گەورەبوونەوەی کێشەی "ئاو" کە ساڵانێکە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماتیکیەکانی سوریا و تورکیایە، فاکتەرێکی بەهێزی تر کە دەتوانێت لە داهاتوودا ڕۆڵ و گرنگی جیۆپۆلۆتیکی کوردستان لە ململانێکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرێتە سەرێ.

جگە لەوەش دەبێت ئاماژە بە گرێبەستی بەرچاوی باکو_جیجان بکەین کە بەشێکی بەرچاو لە هێڵە نەوتییەکەی لە کوردستانی تورکیاوە تێدەپەڕێت. بە ڕێکەوت نییە کە جیا لە بەهێزبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی تورکیا، گوشارێکی زۆری سیاسی و دیپلۆماتی لە لایەن یەکێتی ئەورووپاوە دژی ئەنقەرە ڕەچاو دەکرێت. ئەمەش بەهۆی ناسەقامگیری تورکیایە لەم ساڵانەی دواییدا، کە تورکیا لە پەیوەند لەگەڵ کێشە کورد لەگەڵی دەستەو یەخەیە و ئەم ناسەقامگیرییەش لە بەرژەوەندی کۆمپانیا گەورە نەوتییەکاندا نییە. یەکێتی ئەورووپا تورکیایەکی هێمن و سەقامیگری دەوێت کە بیکات بە پردی گواستنەوەی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەك تورکیایەك کە تێیدا شاخەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی باشووری ئەو وڵاتە لەمپەری بەهێز بن لە بەردەم هێمنی و سەقامگیری.

جگە لەمانە سەرچاوە نەوتییەکانی کوردستانی ئێران لە نزیك نەفت شاری

کرماشان و پانتایی بەرچاوی سەرچاوە سرووشتییەکان لەوانە زەوی شاز و ئامادە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کە رۆڵی گەورەیان هەیە لە پێکهاتەی ئابووری کوردستان. لە کوردستانی عێراق لە هەمووان بەرچاوتر بە هۆی ئامادەبوونی و دەسەڵاتی خۆجێی هەرێم و سەرپەرشتی دۆزینەوەی مەیدانە نەوتییەکان لە کەرکوك و موسڵ و تەنانەت دەرووبەری سلێمانیش و لە هەمانکاتدا هەڵێنجانی نەوت بە بڕی تێچوونی کەمتر لە باقی ناوچەکانی تر، ئاو و باقی سامانە سرووشتییەکانی ئەم ناوچەیە کوردستانی بە سەرزەمینێکی دەوڵەمەند خستۆتە ڕوو.

لێرەدا تیشکخستنە سەر گرنگی جیۆپۆلۆتیك و جیۆستراتێژی کوردستان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێویستە دەستنیشان بکرێت:

بایەخی جیئۆپۆلۆتیك و جیۆستراتێژیکی کوردستان لە پرسە نێودەوڵەتییەکان لە سەدساڵی رابردوو لە سەروبەندی سەدەی بیستەم، سەرنج و حەزی سیاسی_ئابووری زلهێزە گەورەکانی جیهانی بەرەو لای خۆی راکێشا. رووخانی دوو ئیمپراتۆرییەتی گەورە لە ئەروپا (روسیای تێزاری) و لە ئاسیا (دەسەڵاتی عوسمانی) بووە هۆی ناکۆکی و ململانێ لە نێوان کۆمەڵگای جیهانی و توندبوونەوەی دووژمنایەتییە نەتەوەییەکان لە سیمای سێ ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیستی بەهێزی (فارس، تورك و عەرەب) لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دامەزراندنی وڵاتانی عەرەبی کە بە هاوکاری دەوڵەتانی بەریتانیا و فەرەنسا بەرپابوون و دواترەکان بوون بە پاڵپشتێکی دڵنیاییبەخش لە خۆشکردنی بوار بۆ دەستێوەردانی سیاسی و سەربازی ئەم دەوڵەتانە. رەوتی درێژ و پڕئازاری "نەتەوەسازی _نەتەوە دروستکردن" لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر لە هەمان





سەرەتاوە، جۆراوجۆری نەتەوەیی و کولتووری رەتکردەوە و ئامرازە توندوتیژئامێزەکان و لەوانە سەروەری نژادی و زمانی کردە ئامرازێکی کارامە و دڵنیایی بەخش لە پەیڕێژی "پرۆژەی دروستکردنی وڵات" لە ناوچەکە.

پارچە پارچە بوونی دەسەڵاتی باب عالی (دەرباری شاکانی عوسمانی)، بەشێکی بچووکی لە ئەرمەنستانی بە ئازادی گەیاند کە لە پەناهی وڵاتی یەکێتی سۆڤییەت توانی لە توانەوە و فەوتانی یەکجارەکی نەتەوەیی رزگاری بێت. نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئاسیای ناوەڕاست (گورجستان، ئازەربایجان، تورکمنستان و کازاخستان) بە پێکهێنانی دەوڵەتی بچووك و "سەربەخۆ" توانیان لە فەوتان و توانەوە لە کورەی ئاگری فراوانخوازی سیاسی و سەربازی تورکە گەنجەکان دەربازیان بێت. تەنیا کوردستان وەك پەیکەرێکی بریندار و دابەشکراو وەك "ئیدیۆمێکی جوگرافیایی" و کۆمەڵگایەکی "ئێگزوتیك " (exotic) یان بێگانە کە گۆیا لە بەشێك لە ئاناتۆڵی نیشتەجێن سپێردرانە دەستی چارەنووس.

هەوڵەکانی کۆمەڵگەی سیاسی و رۆشنبیری کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەم و بە مەبەستی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ بەناکامی مایەوە. ئەگەرچی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بەشە جیاکراوەکانی کوردستان ناسیۆنالیزمی کوردی بەهێزکرد، بەڵام بە هۆی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دواکەوتوو راگیراوی کوردستان کە لەسەر بنەما نەریتی و کۆنی ئابووری و کولتووری بنیات نرابوو و هەروەها دەستێوەردانە سەرکوتگەرانەکانی وڵاتانی زاڵ بەسەر سەرزەمینی کوردستان ئەگەری گەشەکردن و فراژووبوونی کۆمەڵگەی کوردی لە ناوخۆوە لەگەڵ سەختی و دژواری ڕووبەڕوو کردەوە و بوو بە



هەواڵنامەی کتێب

لەمپەرێکی گەورە کە رێگەی گەشە و شکۆفایی هەستە نەتەوەییەکانی لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی کوردی قەتیس دەکردەوە.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تا سەرەتای نیوەی دووەمی دەیەی هەشتای سەدەی بیستەم (بەهۆی هۆکاری سیاسی و مێژووی دیاریکراو) لە جەرگەی ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و جیهانییەکان توانی بوارێکی لەبار و دڵنیاییبەخش و بەردەوام کەڵك وەربگرێت و شکڵ و فۆڕم بدات بە بزووتنەوە پەرتەوازە بێناوەرۆك و بێستراتیژی روون و بوون بە کارتی گوشار لە راگرتنی تەرازووی هێز دەسەڵاتی وڵاتانی ناوچەکە. ئەگەرچی سەرچاوە سروشتی و قووڵایی ستراتیژیك و هەروەها هۆکاری حەشیمەت، کوردستانی بردۆتە دۆخێکی هەستیارو جێی سەرنج، بەڵام بەرینبوونەوەی گۆڕانە قووڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پاش جەنگی سارد و هەوڵ و خەباتی بەردەوامی یاریزانانی سەرەکی جیهانی دوو جەمسەری، لە سەقامگیرکردنی تەرازووی هێز و پێداگرتن لەسەر سەقامگیری و نەگۆڕانی سنووره جوگرافییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هیچکات کوردستان بە هۆکارێکی سەربەخۆ و گرنگ لە ناوچەکە و لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان ئەژمارنەکرد. ئاراستەی سەرەکی و بنەڕەتی لە دروستکردن و هەڵبژاردنی وەها سیاسەتگەلێك لە لایەن زلهێزەکانی جیهانەوە، ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکەیان خستۆتە ئەولەوییەتی کاری خۆیانەوە و ئاڵوگۆڕە قووڵە سیاسی و ستراتیژیکیە ناوەختەکان بە ناپێویست هەڵنەدەسەنگاند. ناسەقامگیرییە بەردەوامەکانی کۆتایی دەیەی شەست لە ئاسیاو ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتین بووە هۆی رووخانی داگیرکاری، بەڵام بەشی کوردستان لە چوارچێوەی ئەم رووداوە گەورانە نەبینین و نەبیستین بوو و تەنیا لە دەیەی ٨٠ و





سەرەتای سستبوونە لە پێکهاتە و بنیادە سیاسی و ئابووری پەیوەندیی نێودەوڵەتییەکانە، کە بایەخ و گرنگی جیۆپۆلۆتیك و جیئستراتیژیکی کوردستان لە دانوستانە ناوچەیی و جیهانییەکان دەردەکەوێتو دەرکەوت.

هەروا کە سەرەوە ئاماژەم پێدا بە دوای ئەو گۆڕانە گەورە و قووڵانە لە ئاسایشی سیستەمی نێونەتەوەیی لە قۆناغە یەك لە دوای یەکەکان بە دوای جەنگی دووەم و جەنگی سارد و سیستمی نوێی جیهانی و رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر گرنگی و بایەخی جیۆپۆلۆتیك و جیۆستراتیژیکی کوردستان دەرکەوت و کوردستان کەوتە بازنەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا (وەك کاراترین و بەهێزترین یاریزانی گۆڕەپانی ئاسایش لە جیهاندا) و ئەمەش کوردستانی (باشوور) لە دۆخێکی هەستیاردا جێگیر کرد و لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و بە دوای هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر رژیمی سەدام حوسێن لە عێراق و هاوڕێیەتی و هاوپەیمانی کوردستان لەو پرۆسەیەدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەم گەلەدا کورد لە دانوستانە نێونەتەوەییەکان لایەنی براوەی هەڵبژارد و دەسکەوتەکانی تا ئێستا (سیاسی، ئابووری، کولتووری، سەبازی و دیپلۆماسی) بەرهەمی ئەم هەڵبژاردنەی کورد بووە.

ئەمەریکا لە کاتێکدا سەدام حوسێن دیکتاتۆری پێشووی عێراق کە چنگی بە خوێنی هەزاران رۆڵەی کورد لەم پارچەیە لە کوردستان سوور بوو بەهۆی

١_ هەوڵی دەوڵەتی عێراق (سەدام حوسێن) بۆ دەستخستنی و جێگیرکردنی چەکە کۆمەڵکوژەکان.

٢_یارمەتی عێراق بە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بە تایبەتی ئەندامانی تۆڕی



هەواڵنامەی کتێب

ئەلقاعیدە و گرووپە ئیسلامییە فەندەمنتاڵەکان.

٣_دژایەتی عێراق لەگەڵ هەر چەشنە رێکەوتنێك لە نێوان ئیسرائیل و عەرەبەکان بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٤_هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس و بە تایبەتی کوێت، لە ساڵی ٢٠٠٣دا هێرشی کردە سەر عێراق و سەدام کە نەك تەنیا لە لایەن وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارس و جیهانی ئیسلام، لە لایەن جیهانی عەرەب خاوەنی هیچ پشتوانییەك نەبوو و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دەسەڵاتێکی پشتگوێخراو دەهاتە ئەژمار و لە هەمانکاتدا کە بە هۆی مێتۆدی دەسەڵاتەکەیەوە (دیکتاتۆری) نارەزایەتییەکی بەرینی کۆمەڵایەتی لە ناوخۆی وڵاتەکەی بە دژی خۆی پێکهێنابوو بەرگەی زیاتر لە ٢١ رۆژی نەگرت و رژیمی بەعسی عێراق رووخا.

هاوپەیمانییەتی کورد لە پرۆسەی ئازادی عێراق و رووخاندنی رژیمی بەعس کە بە هەڕەشەیەکی هێزەکی و کردەکی بۆ سەر ئاسایشی ئەمەریکا دەهاتە ئەژمار سەنگی کوردی لە بەدەستەوە گرتنی پۆستە باڵاکانی عێراق بردە سەرێ. جگە لەمەش لە ئەنجامی خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانێکی زۆری گەلی کورد لەم پارچەیە پێشووتر (١٣ ساڵ پێشتر) بە کەڵك وەرگرتنی لە دەرفەتێکی مێژووی لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئەم گەلە لە سنووری جوگرافیایی وڵاتی عێراق دەسەڵاتێکی خودموختاری وەدەستهێناو بەرد و بناغەی دەسەڵاتێکی کوردی دامەزراند. پەرلەمان، حکوومەت و بەڕێوەبردنی سەرزەمینەکەی دەسکەوتێکی مێژوویی بوو بۆ گەلی کورد کە پاش پرۆسەی ئازادی عێراق توانی گەشەیەکی بەرچاوی پێبدات.





کوردستانی عێراق جگە لە چەمکەکانی جیۆپۆلۆتیك هەر لە حەشیمەتەوە بگرە (ژمارە و جۆری حەشیمەتەکە "گەنج") تا کەشوهەوا، بازاڕ و تایبەتمەندییە ئابوورییەکان و ... دیکە، هەڵکەوتەیی جوگرافی ئەم ناوچەیەو جێگیربوونی لە ناو سنووری عێراق، کە لە حوکمڕانییەکی خۆماڵی بەهرەمەندە کە دەتوانێت لە هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەم سەرزەمینە لە بەرژەوەندی گەلەکەی کەڵك وەربگرێت و تەوەرەی باسی ئەم وتارەش زۆرتر تیشکدەخاتە سەر تایبەتمەندییە جیۆپۆلۆتیك و جیۆستراتیژییەکانی کوردستان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بە تایبەتی ئەمەریکا.

### پێکهاتە جیاوازەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە کوردستان

پێشینەی سیاسەتی دەرەوەی واشنتۆن بەرامبەر بە مافی گەلان لە هەڵبژاردنی شێوەی ژیانیان لە لایەن ویلسۆن سەرۆك کۆماری ئەمەریکا لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩٢٠ لە چوار ماددەدا بڵاوکرایەوە. لە ماددەی دوانزەدا باس لە "نەتەوە بندەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی" دەکرێت کە بریتین لە کورد و ئەرمەنییەکان. ئاڵوگۆڕە سیاسی و ئابوورییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناکۆکییەکانی سەرچاوەگرتوو لە دوو جەمسەریبوونی جیهان، دەوڵەتی تورکیای کردە پێگە و ناوەندێکی دڵنیاییبەخش و جێی پشت بەستن لە ململانێ و پێکدادانەکانی ئەمەریکا و رۆژئاوا لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت و ناکۆکی لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا لە روانگەی ئەمەریکا و رۆژئاواوە بوو بە بەرەیەکی دژی سۆڤییەت. هەر بۆیە ئەمەریکا و رۆژئاوا لە بزووتنەوەی کورد لە تورکیا پشتیوانیان نەدەکرد. پەیوەستبوونی ویلایەتی موسڵ بە وڵاتی تازە دامەزراوی عێراق لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە لایەن بەریتانیا و بە

ڕەزامەندی ئەمەریکا لە بری پشکێکی بەرچاوی لە داهاتی نەوتی کەرکووك، یەکێکی تر لە پێکهاتە جیاوازەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بوو لە پەیوەندی لەگەڵ کوردستان.

دەوڵەتەکانی دوای ئەمەریکا لە بەستنی پەیمانی ناوچەیی (سەعدئاباد، بەغدا) لە چوارچێوەی جەنگی سەردار زیابی ڕۆڵی بەرچاویان وەئەستۆگرت. ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەی هەر کام لە بەشداربووان لە پەیماننامە ناوبراوەکان هاوکاری و ئاڕاستەی هاوبەش لە سەرکوتی هەرچەشنە بزووتنەوەیەکی نەتەوەی بە تایبەت لە کوردستانی فۆڕم پێدا. پەیمانی ئەلجەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥، کە شۆڕشی چەکدارانەی کوردەکانی عێراقی شکستپێهێنا، بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ڕژیم پاشایەتی ئێران لە ناوچەکەیان دابیندەکرد. گوشاری بۆ سەر بلۆکی ڕۆژهەڵات کە دەوڵەتی سەدام حوسێن لە عێراق دیمەنێکی قێزەونی ئەوی دەنوانده و بە دەستەچیلەکردنی و پشتیوانی بە ڕواڵەتی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەکانی تەواو کرا و بواری تێکشکاندنی خۆشکرد. ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ساڵانی ١٩٨٧ و ٨٨ کە تێیاندا سەدان هەزار کورد بە دەستی ڕژیمی سەدام حوسێن کوژران و لەناو بران نە کۆمەڵگای "شارستانی" جیهان و نە ئەمەریکا هەڵوێست و کاردانەوەی شیاویان نەنواند. لە میانەی جەنگی کەنداوی فارس لە ساڵی ١٩٩١ سەرەڕای ڕاگەیاندنی پشتیوانی سەرۆك کۆماری ئەمەریکا لە شۆڕشی کوردەکان، شیعەکان، دەوڵەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە کوشتار و ئاوارەیی بە ملیۆنان کورد خەمسار و دەستەوەستان بوو. ئەم پێشینە تاریك و تاڵە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرامبەر بە کێشەی کورد لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم پێکدێنێت.





### پێداچوونەوەی ئەمەریکا بە سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە کوردستان

کارکردی ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان لە کۆتایی دەیەی ٨٠ کە بە جێگۆڕکێ و دەستاودەستبوونی تەرازووی هێز لە جیهان و بە تایبەتی ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە لە پرۆژەی "سیستمی نوێ"ی جیهان ڕەنگی دەدایەوە، گۆڕانی قووڵی تێدا پێکهات. ئامادەکردنی دوکتورینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە کە بە بڵاوکردنەوەی "دیموکراسی" لە وڵاتانی ستەمکاری ناوچەکە لە لایەن ئەمەریکاوە هەڵدەسەنگێندرێ، ڕوانینی کۆشکی سپی، سیاسەتەکانی سەردەمی جەنگی ساردی گۆڕی و ڕۆڵی وڵاتانی تورکیا و عەرەبستانی سعوودی (هاوپەیمانانی گەورەی ئەمەریکا) لە ناوچەکەی کەمکردەوە. هەر لەم ڕەهەندەوە دەکرێت ئەمە بە بایەخ و گرنگی ستراتیژی نوێی ئەمەریکا لە هاوکاری و پشتیوانی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد (لە باشوور) بە مانای هاوپەیمانێکی جێی متمانە لە قەیرانی عێراق ناوزەدبکەین. لە لایەکی دیکەوە لاوازبوونی ڕژیمی سەدام حوسێن لە عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە و بەریتانیا کە بە سنوورداکردنی فڕینە ئاسمانییەکانی ڕژیمی عێراق لە ئاسمانی کوردستان و هەروەها گوشارە سیاسی و ئابوورییەکان کامڵ دەبوو، وەرەی خەباتکارانەی کوردی لەم پارچەیە بەهێز دەکرد و ڕوانینی سیاسی حیزبە بە ئەزموون و ئامادەکان لە شانۆی سیاسی، کوردستانی گۆڕی.

### ستراتیژی نوێ لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد

پەیمانی ئەلجەزائیر کە شکستی کاتی خەباتکارانی کوردی کوردستانی باشووری تەئیددەکرد، زەبرێکی قورس و بەهێز بوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی

کوردی کە ناوخۆ و دەرەوەی خۆی شلەژاند و بواری بۆ پێداچوونەوە بە قووڵایی مێژووی خەباتی کوردی چ لە فۆڕم و چ وەك ناوەرۆك بە شێوەی جیددی لە نێوان بەشە بەئاگاکانی کۆمەڵگەی رۆشنبیری کوردی پێکهێنا. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کە لەگەڵ پشتگوێ خستن و نەبینینی داواکارییە نەتەوەیی و مێژوویی کورد لە سەدساڵی رابردوو بەرەوڕوو بوو، بە کەڵکوەرگرتن لە دۆخی هەستیاری و گۆڕانی باڵانسی هێز لە ناوچەکە و جیهان توانی هەلی نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێز لە عێراق و بە پشتیوان رای پێشکەوتنخواز و مرۆڤ دۆستی جیهانی و یارمەتی وڵاتانی رۆژئاوایی و بە تایبەتی ئەمەریکا بقۆزێتەوە لە بەشێك لە کوردستان (باشوور) دەسەڵاتی خۆی جێگیر ببێت. ئەم ئاڵوگۆڕە تەنیا لە فۆڕم و بە ڕواڵەت ئەنجامی نەدەگرت، بەڵکوو ستراتیژی بزووتنەوەکەشی لە ناوخۆ تووشی گۆڕانی قووڵکرد و پێکهاتە و ناوەرۆکی سیاسەتی دەرەوەی بزووتنەوەی کوردی کە فۆڕمێکی کۆن و نەریتیانە و لەسەر بنەمای ئەندێشەی چەپ بنیات نرابوو بە هێمنی دایە بەر پێداچوونەوە. "یەکێتی سۆڤییەت بزووتنەوەی کوردی بە هێزی یەدەکی دژی ئیمپریالیزم ئەژمار دەکرد"** بێ هیوایی مێژووی لە ئەندێشەی چەپ کە لە سیمای یەکێتی سۆڤییەتدا وێنا دەکرا، لە نیوەی یەکەمی دەیەی هەشتای زایینییەوە سەرنجی حیزبە کوردییەکانی بەرەو ئاراستەی سیاسەتێکی تر راکێشا. حەز و مەیلی حیزبە کوردییەکانی "یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان" بۆ بە ئەندام بوون لە کۆنگرەی سۆسیال دیموکراتەکان (کۆنگرەی حیزبە سۆسیال دیمۆکراتەکانی ئەوروپا) نیشانە و هێمایەکی رۆشن لە پێداچوونە بە ئەندێشە و تێڕوانینی رابردوویان دەردەخات کە بە پێداچوونەوە بە بەرنامەکانی ئەم حیزبانە کە لەگەڵ گۆڕینی دروشمی خودموختاری



(ئۆتۆنۆمی) بە فیدراڵیزم گەشەیکرد، دەکرێت بە هێمایەکی بەرجەستە و دیاری ئاڕاستەی نوێی بزووتنەوەی کورد بێنینە ئەژمار کردن. ئەندێشە و تێڕاونینی نوێ لە ئاڕاستەی ستراتیژییەك لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کە دەبێت لە قۆناغی یەکەمدا بە چەند فاکتۆرەوە پەیوەند بدەینەوە. یەکەم، سووڕ و گۆڕانی خێرای ئاڵوگۆڕە سیاسی_ کۆمەڵایەتییەکان لە جیهان و ناوچەکە (شۆڕشی ئیسلامی ئێران، شەڕی ئێران و عێراق، ئاڵوگۆڕەکان لە ئەفغانستان، کەلێنتێکەوتنی بنیاتە سیاسی و تیۆرییەکانی رژیمی یەکێتی سۆڤییەت و وڵاتانی سۆسیالیستی) دواتر کارکردی ئاڵووێری و زانیارییە سیاسی و کولتوورییەکان لە ئاستی جیهاندا کە بە شۆڕشی مەزنی تەکنۆلۆژیا شنەبای فێنکی ئازادی لە ناوچەکەی خستبووە رێ و هەروەها هۆکارە کۆمەڵایەتییە گرنگەکانی وەك جێگۆڕکێی چینایەتی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەر دا دابەشکراوە کە گیانی تازەیان بە توێژە ناونجییەکانی کۆمەڵگا دەبەخشی، هۆکاری ماددی ئاڵوگۆڕە تیۆریك و سیاسییەکان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بوون کە بواری بۆ ئامادە کردنی ستراتێژییەکی نوێی کوردستان و بزووتنەوەکەی خۆشکرد.

بە لەبەرچاوگرتنی داتا و فاکتە مێژووییەکان لە سەد ساڵی رابردووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، دەکرێت گرنگی جیۆپۆلۆتیك و ژیۆستراتیژی کوردستان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بەمجۆرە دەست نیشانبکەین:

١_ سیاسەتی دەرەوەی بزووتنەوەی کورد لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەر هاوکاری بەرین و بەربڵاو لەگەڵ وڵاتانی بەهێزی جیهانی و لە پلەی یەکەمدا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی پیشەسازی ئەورووپایی.

٢_ ئاراستەی بنەڕەتی و ئامانجی گشتی خەباتی کورد لە بەشە

جیاکراوەکانی کوردستان (ئێران، سوریە و تورکیا) بۆ پێك هێنانی سیستمێکی فێدراتیف لە ڕێگەی لاوازکردنی دەسەڵاتی ناوەندی (تورکیا) و ڕووخانی ڕژیمە تۆتالیتێرەکان لە (ئێران و سوریا) ئامادەکراوە.

٣_ جیۆپۆلۆتیکی کوردستان خاوەنی بایەخی حاشاهەڵنەگرە لە ناوچەکەو لە جیهاندا.

٤_دراوسێبوونی لە پاڵ چوار وڵات بە تایبەتمەندی و شوناسی دیاریکراوی نێونەتەوەیی و باقی فاکتە بەرچاوەکانی تر کە ئاماژەی پێکرا، گرنگی جیۆستراتیژی کوردستان لە پێناو سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە دەردەخات.

٥_بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ڕاستییەکە کە حاشای لێناکرێت. سەرەڕای ناکامڵی و کرچوکاڵ بوونی سیاسەت لە ڕابردوودا، لەم بەش یان ئەو بەشی سەرزەمینی دابەشکراوی کوردستان، خاوەنی پێشینەیەکی دوور و درێژ و ریشەدار لەم سەرزەمینە، مێژوو و کولتوور و نەریتە کۆنەکانی نەتەوەی کورد بەربڵاوتربۆتەوە و گەشە و هەڵکشانی ڕۆژ لە ڕۆژ زۆرتری ئەو لە ئیدارەی هیچ نەتەوە و وڵاتێکی ترەوە سەرچاوەی نەگرتووە جگە لە نەتەوەی کورد نەبێت.

٦_ مێژووی خەباتی گەلی کورد و بە مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان لە قۆناغی زۆر ئاڵۆزەوە تێپەڕیوە. نەبوونی ستراتیژێکی دیاریکراو، بێ ناوەرۆکی سیاسی و باقی هۆکارە ڕێگر و نیگەتیڤەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوویی، تا گەیشتن بە ستراتیژی هاوبەش و دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵ لە کوردستانی باشوور (عێراق) کوردستانی لە قۆناغێکی سەخت و هەستیار جێگیرکردووە کە ئاوێنەی مێژووی یەك سەدەی ڕابردووی کوردستانە.





## ئەنجام

لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو بۆ یەکەمجار خاکی کوردستان بە جێگیربوونی لە بازنەی ئاسایشی نەتەوەیی گەورە زلهێزێکی جیهانی (واتە ئەمەریکا) کورد لایەنگری لایەنی براوەی ململانێکان بوو. هەروەك ئاماژەپێدرا دەرەنجامی پێداچوونەوەی حیزبە جەماوەرییەکانی کوردستانی باشوور بە بەرنامە و ستراتیژییەکانیان ئەم هەلەیان قۆستەوە و تا ئێستا توانیویانە لەم دەرفەتە زێڕینە بقۆزنەوە. هاوپەیمانی لەگەڵ زلهێزێکی وەك ئەمەریکا یەکەم دەتوانێت پاڵپشت بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی تا ئێستا کەڵك وەربگرت و ببێتە لەمپەرێکی بەهێز لە ئەگەری دووپاتکردنەوەی ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کورد هاتوون و لە هەمانکاتدا بیکاتە سەکۆیەك بۆ گەشەپێدان و فراژوو کردنی دەسکەوتنەکانی تا ئێستا. هەر لە چەسپاندنی شوناسی نەتەوەیی و پێشگیری کردن لە توانەوە و ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوەیی و ناساندنی ئەم نەتەوەیە وەك نەتەوەیەکی ئاشتیخواز، پەرەپێدان و گەشەی دیپلۆماسی کوردی، گەشەدان بە ڕەوتی دیموکراتیزەکردنی سەرزەمینەکە و گەشەی خزمەتگوزارییەکان و بردنەسەرەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی خەڵك و پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری و پیشەسازییەکان و ...کەڵك لێوەربگرێت.

****　　　　****

## سەرچاوەکان:


١. ژئوپولتيك و جغرافياي سياسي _مؤلف: دكتر مصطفي ملكوتيان (دانشيار دانشكده حقوق و علوم سياسي دانشگاه تهران)
٢ . سياست خارجي آمريكا پس از ١١ سپتامبر نويسنده : على فلاح نژاد
٣. پاين، كيت و والتون،سي ديل،(بازداندگي در دوران پس از جنگ سرد)، در استراتژي در جهان معاصر، جان پليس و ديگران، ترجمه بابك خبيري، تهران:انتشارات معاصر تهران، چاپ دوم، ص١٢٤.
٤. امانوئل و والرشتاين، (جنگ بوش عليه تروريسم) در آمريكا پس از ١١ سپتامبر، سياست داخلي و خارجي(مجموعه مقالات)، ويراستار: محمود يزدان فام، پژوهشكده مطالعات راهبردي، ١٣٨٤،ص١٨٤.
٥. اهميت ژئوپلتيک و ژئوستراتژيک کُردستان در مناسبات بين الملل. کتر اسعد رشيدى (دکترای تاريخ روابط بين الملل
٦. .هه فته نامه ى په يامى كورد،ژماره ٧٥رێكه وى ١٠,٢,٢٠٠٦
٧. درک کينان، کردها وکردستان، ،ص١٢١،ترجمه ابراهيم يونسى ٣.رابرت اولسن،قيام شيخ سعيد پيران،ترجمه ابراهيم يونسى،ص١٢٣ ٤ .ديويدمک داول،تاريخ معاصرکرد،ترجمه ابراهيم يونسى،ص،٧٠٣

٨. پيامدهاي ١١ سپتامبر بر نظام بين المللي نويسنده: احمد فراهاني http://www.bashgah.net/pages-١٧٠.html
٩. از ويكىپديا، دانشنامۀ آزاد (جغرافياى سياسى)
١٠. امنيت در سياست خارجى آمريكا قبل و بعد از جنگ سرد. نويسنده : ويليام پترسون. ترجمه: عليرضا رضايى
١١. مقدمه اي بر زمين شناسي نظامي(Military Geology)
١٢. كتاب "جغرافيا و سياست" نوشته دكتر مصطفي ملكوتيان،* دانشيار دانشكده حقوق و علوم سياسي دانشگاه تهران.
١٣. عزت الله انتظامي، ژئوپلتيك در قرن بيست و يكم،
١٤. خاورميانه ژئوپليتيك نوين و چالشهاي ايران و آمريكا
١٥.** كؤمةلَيَك بةلَطةنام و ديكؤمينَت لة ئةرشيفي وةزارةتي ناوخؤي ولآتي كؤماري ئازةربايجان و هةروةها ئةرشيفي وةزارةتي دةرةوةي يةكيَتي سؤظييةت (دةربارةي ضؤنييةت درست كردن و لةناوبردني كوردستاني سوورية ثشت بةستن بة وتارةكةي بةريَز دوكتؤر ئةسعةد رةشيدي دوكتؤراي ميَذووي ثةيوةنديية نيَودةولَةتييةكان
١٦. بررسى مفهوم امنيت در سياست تازه بين الملل دكتر فرهاد قاسمى (استاديار روابط بين الملل و عضو هيئت علمى دانشكده حقوق و علوم سياسى دانشگاه شيراز)
١٧. نگرشي مجدد به ژئوپولتيك مهدي پرويزي امينه: محقق مؤسسه بين المللي مطالعات آسيايي در دانشگاه آمستردام (ترجمه: مهتاب صفرزاده خسرو شاهى )






# دەربارەی فەلسەفەی (stoicism- ڕەواقی)

م. فاتیح عەبدوڵلا محەمەد

## پێشەکی:

قسەکردن لەسەر بابەتێکی وا زۆر هەڵدەگرێت، لەکورتە باسێکی مەودا کورتدا ڕەنگە نەتوانرێت بە تێرو تەسەلی هەموو لایەنەکانی ڕوون بکرێتەوە، فەلسەفەو بیری سیاسی هەر لەگەڵ سەرهەڵدانیان تاکو ئەمڕۆ جێی مشت و مڕی زانایان وفەیلەسوفانی بواری بیری سیاسی بووە.

فەلسەفەی ستۆیکیزم وەك بابەتێکی فیکری لەدەرئەنجامی ئەو گۆڕانە هزریانەی لە سەدەکانی(٥و٤) پ.ز سەری هەڵدا کە زۆر بابەتی سەرەکی و ئاڵۆزی لەخۆ گرتووە، کێشەی یەکسانی و ماف و یاساو چاك و خراپە و عەقڵ و لۆژیكو ئەخلاق و سیاسەت. ئەمانە هەموو لە ماوەکانی دواتردا بوونە کەرەسەی خوێندنی ڕێبازە فەلسەفی و فکریەکانی یۆنان، بەتایبەتیش ڕێبازی ستۆیکیزم، کە ئێمە لێرەدا وەك بابەتێکی سەرەکی قسەی لەسەر دەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

## کورتەیەك لەسەر هزرو فەلسەفەو قوتابخانە فەلسەفیەکان:

ئەگەر بمانەوێت لەهەر لایەنێکی هزرو فەلسەفە بدوێین، یان سەرەتاو سەرهەڵدانی دەست نیشان بکەین، بێ گومان دەبێت بگەڕێینەوە بۆ یۆنان و بەلانکەی هزرو فەلسەفەی دابنێین، دیارە ئەویش ڕاستیەکی مێژوویيەو نکوڵی لێ ناکرێت، هەر بۆیە زۆرێك لە سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە یۆنان لانکی سەرهەڵدانی فکرو فەلسەفەیە وسەدەی(٥) پ.ز دەست نیشان دەکەن و لەو سەدەیەدا فەلسەفە لەدایك دەبێ. ئەوان ئەوکات خەریکی شیکردنەوەی دیاردەکانی کۆمەڵ بوون،و بە فەیلەسوفانی کلاسیك ناودەبرێن، وەك، فەیلەسوف(اناکسا گۆرۆس) و شاعیری (سۆفۆکلس)و مێژوونووس(هێرۆ دوتس)، دوای ئەمانە فەیلەسوفانی سەدەی (٤) هەم دێن وەك: (سوکرات)و(ئەفلاتون)و (ئەرستۆ)... هتد.[1] کەلە سەردەمی ئەمانەدا فەلسەفە گەیشتە چلە پۆپی خۆی و بوارێك نەما باسی لێوە نەکرێ، هەر لە مێژوو، سیاسەت، هزر، یاسا،تاك،ئاین،خودا،مرۆڤ، کۆمەڵ...هتد هەربۆیە دەتوانین بڵێین فەلسەفەو بوارەکانی لە یۆناندا خۆی لە سێ بواردا دەبینێتەوە وەك:

١- تێڕوانین بۆ سروشت و پێکهاتەکانی گەردوون.

٢_ تێڕوانین بۆ مرۆڤ و هەڵسوکەوت و ئەخلاق و سیاسەت.

٣_ هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیان بە کێشەکانی ناو شارە دەوڵەتەکانی یۆنانەوە هەبوو.

هەموو ئەمانە ڕێگە خۆشکەربوون بۆ سەرهەڵدانی چەندین ڕێبازی فەلسەفی بە ناوبانگ وەك سۆفستائیەکان.[2] ئەمانە کۆمەڵێ زاناو و مامۆستا بوون گەنجیان فێری زانست و زانین دەکرد، لە ڕابەرە یەکەمەکانی ئەم ڕێبازە





فەلسەفیە(بورتا گۆراس)بووە، پەرتووکێکی بە ناوی(عن الحقیقە) داناوە، تێدا بەوە دەست پێ دەکات کە((مرۆڤ پێوانەی هەموو شتێکە)) ئەمەش بنچینەی چەندین بیری جیاجیای دامەزراند لەلای سۆفستائیەکان.[3]

دوای ئەمانەش فەلسەفەی کەلبیەکانە کەبە(cynics) ناسرابوون ئەمانە ژمارەیەك ڕۆشنبیر بوون، بەرەگەز بیانی لە ئەتینا سەریان هەڵداو دژی بنەماکانی دەوڵەتە شاربوون ئەم ڕێبازە بە خاڵی پەیوەیستی نێوان سۆکرات و ستۆیکیزمەکان یان فەلسەفەی تەواوکریکی سەدەی(٤)پ.ز و سیستەمی فیکری دادەنرێت.[4]

پاش ئەمەش فەلسەفەی ئەبیکۆری لە ئەتینا ساڵی(٣٠٦) پ.ز لەلایەن((Epicurus)) دامەزرا، ئامانجی فەلسەفە سیاسیەکانی پاش ئەرستۆی هەبووە.[5]

## سەرهەڵدانی فەلسەفەی ستۆیکیزم( stoicism ):

ستۆیکیزم هەروەك خوێندنگە فەلسەفیەکانی پێشتر لە شوێن و کاتێکی دیاری کراو لە سەردەستی چەند فەیلەسوفێك هاتە کایەوە، ڕۆڵی سەرەکی لە بوارە جیاجیاکانی فەلسەفەو کۆمەڵی ڕۆمانی دابنێ. زۆربەی سەرچاوەکانی یۆنان و ڕۆمان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بەردی بناغەی فەلسەفەی ستۆیکیزم لە ئەسینادا و لە کۆتایی سەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی سێ یەم پێش زایندا دانراوە.[6] کە ساڵی ٣٠٠پ.ز بووە، لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕێبازە فەلسەفیە لە ئەتینادا دانراوە و وانەکانی لەسەر خاکی ئەتینادا ووتراوەتەوە، هێشتا ناتوانین بە فێرگەیەکی تەواوی ئەتینای دابنێین، چونکە زۆربەی بیریارانی قوتابخانەی ستۆیکیزم لەدەرەوەی وڵاتی ئەتینا بوون و هەروەها بە ڕەچەڵەك ئەتینایی

نەبوون و ئەوانەی دواییش ڕۆمانی بوون. ئەمانە وایان کرد کەمتر مۆرکی ئەتینی وەربگرێت.[٧]

دەتوانین زینۆن دی سیتۆم(zenon de citium) ساڵی (٣٢٢-٣٤٦پ.ز) بە دامەزرێنەری ڕێبازی ستۆیکیزم دابنێین، دوای ئەویش کلیانت(cleanthe) ( ٢٤٦-٢٣٢پ.ز) و دوای ئەویش کریزب (chrysippe) ٢٣٢-٢٠٤پ.ز دابنێین.[٨]

هەروەها فەیلەسوفی یۆنانی(پانتیتوس-panaitios) ناودارترین نوێنەری ڕێبازی ستۆیکیزم بوو، کە لەگەڵ هەندێ هەڵبژاردەو دەستە بژێرەکانی ڕۆمدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبووە.[٩] پانتیتۆس ساڵی( ١٧٠-١١٠پ.ز) بووە دوای ئەویش (سیبیون) ساڵی( ١٤٦-١٢٩ پ.ز) دێت کە خوێندنگەی ستۆیکیزمەکان بەرێوە دەبات و لە ڕێگای سیسرۆن(ciceron)ە وە کاریگەری گەورەیان لە نێوان فەیلەسوفان و پیاوی دەوڵەتدا دروست کرد.[١٠] بە هۆی ئەوە و نزیکی بۆچوونەکانیەوە(سیسرۆن) یش ساڵی( ١٤٣-١٠٦ پ.ز )بە یەکێ لە لایەنگرانی ڕێبازی ستۆیکیزم دادەنرێت.[١١] هەروەها(سینیکا-seneca) کە فەیلەسوفێکی لاتینە و لە قورتوبە لە دایك بوو ساڵی(٤ پ.ز-٦٥ز) ژیاوە، بە هۆی ئەوەی فەلسەفەکەی زیاتر لە بواری ئەخلاق و فەزیلەت و بەختەوەری و یەکسانی دا چڕ بۆتەوە، بە کەسێکی ستۆیکیزم لە قەڵەم دراوە.[١٢] جگە لەمانە چەندین فەیلەسوفی تریش سەر بەم ڕێبازە فەلسەفیە بوون، بەڵام لە ڕووی سروشتی بیری سیاسی ئەم ڕێبازە فەلسەفیەوە دەتوانین(سۆکرات) بە پێشەنگی گشت ستۆیکیزمەکان دابنێین، چونکە بە هەڵوێستە بوێرانەکەی لە کاتی دادگایی کردنی و هەڵنەهاتنی لەگەڵ ئەوەی بواری هەبوو و هێمنی لەبەرامبەر مەرگداو بەرگری کردنی کە دەڵێت: (ئەوەی ستەم بلاوبکاتەوە زیان لە خۆی دەکەوێت زیاتر لە قوربانیەکەی) هەروەها ساکاری و پشت هەڵکردنی لە هێزە





جۆربەجۆرەکانی جەستە، ئەمانە هەمووی لەگەڵ بنەماکانی فەلسەفەی ستۆیکیزمدا یەك دەگرنەوە[١٣] هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین سوکرات سەرچاوەی هەموو ڕێبازە فەلسەفیەکانی یۆنان و ڕۆمان بووە.

بەر لەوەی باس لە ناوەڕۆکی فەلسەفەی ستۆیکیزم بکەم پێویستە ئاماژەبە قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەو ڕێبازە بدەم، کەبە سەرسێ قۆناغدا دابەش دەکرێت:

**قۆناغی یەکەم:** قۆناغی دامەزراندن لەسەر دەستی(زینۆن) و (کریبۆس) لە ماوەی نێوان ساڵی( ٣٠٤-٣٠٥پ.ز )دا بە جۆرێ بنەماو چەمکی ستۆیکیزم دانرا.

**قۆناغی دووەم:** کە تێیدا هەریەك لە(دیو جینیس-diogenesو بۆتیس Bothus) ناوبانگیان پێدەرکرد.

**قۆناغی سێ هەم:** سەردەمی ڕۆمانیا دەگرێتەوە، کە تێیدا لە میانەی کتێبەکانی هەریەك لە(سێنێکا-seneca و کۆرنۆتس- cornotus و ئێپیکتۆتس- Epictetusو مارکۆس ئۆریلۆسmerc aurelius) چەمکەکانی بەتەواوی ڕوون و ئاشکرابوون.[١٤]

بەو پێیە ستۆیکیزم توانی نزیکەی چوار سەدە پێگەی پێشەنگی لە بزوتنەوەی هزری جیهانی ئەوکاتەدا بگرێت و دەنگدانەوەی تایبەتی لەلای فەرمانڕەوایان هەبووە، زۆربەی جێنشینەکانی ئەسکەندەر و پاشاکانی دوای(زینۆن) بانگەشەی ستۆیکیزم بوونیان کردووە و شانازیان پێوە کردووە، بەوەی کە ستۆیکیزم گوزارشت لە فەلسەفەیەك دەکات باوەڕیان پێی بووە.[١٥]

## ناوەڕۆکی فەلسەفەی ستۆیکیزم:

لە سەرەتاوە ستۆیکیزمەکان گروپێکی کەم بوون لە پیاوە گەورەو داناو شکۆدارەکان، تێکەڵ بوونیان بە خەڵك دژوار بوو، فەیلەسوفێکی ڕاستەقینەی

ستۆیکیزم نەدەبوو ڕێگا بە خۆی بدات، بکەوێتە ژێرکاریگەری خۆشگوزەرانی یان تەنگوچەڵەمەی ژیانەوە، بەڵکو دەبوو سەرسەختانە بەرگەی هەورازو نشێوی ژیان بگرێت، بەلاَم نەدەبوو لە کاروباری دنیادا دورە پەرێزە بێت، بەڵکو دەبوو بەرپرسیارانەو بەپاکی ئەو ئەرکانە ئەنجام بدات کە کۆمەڵ لە ئەستۆی دەنێت.[١٦]

ستۆیکیزم ئامانجی ژیانیان لەبەدیهێنانی بەختەوەری بۆ تاك کۆکردۆتەوە.

ئەم بەختەوەریە لە تێڕوانینی ئەواندا، واتە خەفەکردنی هەڵچوونی سۆزداری و ملکەچکردنی ئەو ئارەزووانەی لەگەڵ ئەخلاق ناکۆکن بۆ دەستەلاَتی عەقڵ، مرۆڤی عاقڵ ئەو کەسەیەلەسەر مەشق کردن، شکاندنەوەی دەرون و داماڵینی لە هەموو هەست و هەڵچونەکان و بەدوای حەسانەوە و پارێزدا دەگەڕێت، بە جۆرێ ڕووداوەکان چەند سەخت بن پێیانەوەکاریگەر نابێت.[١٧]

هەروەها جەختیان لەسەر پرەنسیپی برایەتی مرۆڤ کردۆتەوە، تاکەکان وەك بونەوەری عاقڵ لەبنەڕەتدا وەك یەکن

مل کەچی یاسای سروشت دبن و مافی یەکسانیان هەیە، هەر لەم بیروبۆچوونەوە تیۆری سیاسەتی جیهانی هاتە ئاراوە، کە تێیدا گشت تاکەکەسەکان بە سروشت بران هاولاَتی یەك کۆماری جیهانین.(١٨) (دواتر لێی دەدوێین).

لەم ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت ستۆیکیزم بایەخی تەواوی بە یاسای سروشت داوە، لەو باوەڕە دابوون کە مرۆڤ و کۆمەڵەکانیان بەشێکن لە تۆری سروشتی بێ سنوری مرۆڤ وەك دیاردەیەکی سروشتی پەیڕەوی لە چەند یاسایەکی دیاری کراو دەکات، بە پێی بڕوای ئەوان مرۆڤ دەتوانێ دروست و نادروست جیابکاتەوە.[١٩]

هەروەها وای بۆ چوون کەیاساکانی سروشت لەگەڵ ئەقڵی مرۆڤدا دەگونجێن‌و هیچ بوارێکی گۆڕانیان نیە، بۆیە بیروڕاکانی خۆیان بە پەیوەندیە کۆمەلاَیەتیەکان لە سروشتەوە وەرگرتووە، ئەو مرۆڤەی ژیانی باشتری دەوێت،





دەبێت بە تەواوی تێکەڵی سروشت بێت،چونکە ناسینی سروشت وبە گرنگترین بنەماکانی ژیانی فازیلەیە و ژیانی سیاسی هیچ زەرورەتێکی نیە، مادامێکی تاك دەبێت پشت بەخۆی ببەستێت لە ژیانیدا و لە گەڕان بە دوای بەختەوەریدا هەوڵ دەدات لەسەر ژیانی سیاسی بمێنێتەوە و بەلایەوە باشترە بەپێی یاسای سروشتی بژی.[٢٠] بە گوێرەی بۆچوونی ستۆیکیزم ، یاسای سروشتی جگە لە کاروباری دیکە، سیستەمی خوازراوی دەوڵەتی تێکەڵ دەنرخێنێت، کە پێیان وایە ئەو جۆرە سیستەمە لەگەڵ یاسای سروشتدا یەك دەگرێتەوە، دیارە پێشتر ئەرستۆو ئەفلاتون ئاماژەیان بەسێ جۆر حکومەت کردبوو وەك: پاشایەتی، ئەرستۆکراتی، دیموکراسی، زۆر لە مێژەوە باس لە دروست کردنی سیستەمێك دەکرا لە تێکەڵ کردنی ئەوسێ جۆرە دەسەلاَتە، باشترین حکومەت دەبێت.(پۆلیبوس)ی مێژوونوسی هاوچەرخی(پانیتیوس) بە گەرمی پڕوپاگەندەی بۆ ئەو سیستەمە دەکرد، بە بۆچوونی ئەو پێشکەوتنە سیاسیەکانی ئیمپراتۆری ڕۆما بوونی ئەو جۆرە حکومەتە تێکەلاَوە بوو.[٢١] دیارە هەوڵدانی فێرگەی ستۆیکیزم بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی جیهانی لەسەر بنەمای ڕاڤەکردنی نمونە بالاَکانی سیاسەت بووە، بە جۆرێ لەگەڵ سروشتی دەوڵەتی جیهانیدا گونجاوبێت، داوای برایەتی مرۆڤی جیهانی دەکات لە سایەی سروشتیدا کە هەموو کەسێ لە بەردەمی دا وەك یەك وایە، ئەمەش بنەمای بیرۆکەی دەوڵەتی جیهانییە لای ستۆیکیزم.[٢٢]

ڕۆڵی(stoicisme) لە تێکەڵ کردنی(**الحاضرة العالمية**-cosmopoplis ) ستۆیکیزمەکان وەك کۆمەڵێکی گەشەکردووی ڕۆشنبیر هەوڵیانداوە یەکێتی یەکی سیاسی دروست، بکەن و ڕۆڵی گرنگیان بینی لەو گۆڕانکاریە بنچینەییەدا کە دەیان ویست دنیا وەك یەك لێ بکەن هەموو مرۆڤ تێیدا بەیەکسانی بژین.[٢٣]



هەواڵنامەی کتێب

ئامانجی دەوڵەتی جیهانی (cosmopolitic) بەدیهێنانی بەختەوەری بووە بۆ تاك لە ڕێگای ڕاهێنان و بەهێزی ئیرادەو پەیوەست بوون بە ئارام گرتن گەورەیی‌و دڵسۆزیەوە دورکەوتنەوە لە هەندێ چێژی دنیای و پێویست بوونی باوەڕ بە هەڵسوڕێنەری گەردون، بەو پێیەی تاك پەیامێکی بۆ هاتووە وەك ئاین، هەر بۆیە یەك لە ئامانجە سەرەکیەکانی فەلسەفەی ستۆیکیزم باوەڕهێنانە بە یەکێتی سروشت و تەواوەتی و ئەخلاقیەت، ئەویش وەك داوایەك لە لایەن خوداوە و هاوکاری کردن لە هەموو چاکەو یەکسانیدا.[٢٤]

بە پێی بۆچوونی ڕەواقی(ستۆیکیزم) فەلسەفە بۆ خۆی ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە بەختەوەری، بۆیە فەلسەفە وەك هێلکەیەك دەچوێنن. کە لۆژیك توێکڵەکەیەتی و سروشت زەردێنە و ئەخلاقیش سپێنەکەیەتی، هەر لەم ڕوانگەیەوەستۆیکیزم فەلسەفەکەیان دەکەن بە سێ بەشەوە منتق و سروشت و ئەخلاق، ممارەسە کردنی ئەمانە، ممارەسەکردنی فازیلە یە، ژیانی بەختەوەریش لەسەر جێبەجێکردنی لۆژیك و یاسای سروشت و ڕەوشتە بالأکانە.[٢٥] ئەمانەش لە شارە جیهانیەکە(المدینە العالمیە) یان دەوڵەتە جیهانیەکە دا جێ بەجێ دەکرێت، هەربۆیە ستۆیکیزمەکان سەرەرای کەم کردنەوەی جیاوازی نێوان تاکەکان بۆ پێکەوە گونجانی مرۆڤی دەوڵەتەکە، وایان دانا دەبێ هەموو تاکێ ملکەچی دوو جۆر یاسا بێت، یاسای شارەکەی و یاسای شارە جیهانیەکە، یاسای نەریت و یاسای عەقڵ، کەلە دووەمیاندا جیاوازی گرفتە هەرێمییەکان لە بیردەچنەوە.[٢٦] لە کۆتای ئەم بابەتەدا دەبێت بڵێین کە بوارەکانی تایبەت بە یەکسانی و برایەتی و دادپەروەری و یاسای سروشتی کە لەلایەن رەواقیەکانەوە پێشکەش کرابوو، کاریگەری لەسەر فەلسەفە سیاسیەکانی تر بەجێهێشتووە، مەسیحیەت بیرۆکەی برایەتی جیهانی و ڕۆمانەکان بیرۆکەی یاسای سەخت و





قوڵترە کە گریکەکان سەبارەت بەدابەش کردنی جیهانی بۆ( گریك و بەربەر) پێشکەشیان کردبوو بەجۆرێك لێرەدا وادەخوازێت پێوانەی زۆر جیاواز لە عەقڵ‌و گێلێتی بۆ پێوانەی پلەکان دابهێنرێت، کە دەرگا بەروی بانگەشەی پێوانەی کە تێکەڵە بە خەوشی هەڵچون و خۆی لە گوزارشت و لە بڕیاردا، تەنانەت لێرەدا هیچ ڕێگریەك دانەنراوە بۆ بەرگرتن لە گشتگیری کردنی هەردوو خەسڵەتی(عەقڵ و گێلێتی) بەسەر تەواوی گەلێك یان گەلێکی تردا ، وەك ئەوەی رەواقی سەرەرای رەونەقی بانگەشە جیهانییەکەی ، شتێکی نوێ ی دانەهێنابێت، بەڵکو ڕیشاڵەکانی لایەنگریە ڕەگەز پەرستانەکەی قوڵتر کردەوە.[٢٧]

ئەوەی لێرە خستمانەروو پوختەیەك بوو لە فەلسەی رەواقی(ستۆیکیزم)کەبە یەکێك لەفەلسەوفە وقوتابخانەیەکی گرنگی فەلسەڤی و بیری سیاسی دادەنرێت کە لەلایەن پاشاوئیمپراتۆروسەرکردەکانەوە هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم هزرە دراوە لە جیهاندا،بەتایبەتی مەکدۆنیەکان ورۆمەکان، ئەم هزرە تائەمرۆش بایەخی ماوەو ئیشی لەسەر دەکرێت ،بەلاٚم بەناوی جیاجیاوە وەك بەجیهانیبوون(العولمە)وهەروەها بەشێکی گرنگی ناوەندی توێژینەوزانکۆکانی جیهانە ،ئێمەلێرەدا رەنگە نەمانتوانیبێت هەموو لایەنەکانی ئەو فەلسەفەیە باس بکەین ،بەڵکوئەوە کورتەیەك بوو دەربارەی ستۆیکیزم وەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد.

## پەراوێزەکان

١. اندیـة ایمـار- جـانین اوبوابـة: التـاریخ الحضارات العـالم، الـشرق الیونـان القـدیم، مجلـد الاول، بیروت،١٩٩٣،ص ٣٨١.

٢. د. عـادل نجـم عبـو، عبـد المـنعم رشـاد: الیونـان والرومـان، دراسـة في التـاریخ الحضارة، جامعـة موصل، ١٩٩٣،ص ٢٠٨،٢٠٩.

٣. د. مصطفى النشار: مدخل القراة الفکر الفلسفي عند الیونان، قاهرة، سنة،١٩٩٨،ص ٧٠.

٤. د.غانم محمدصالح: بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، چاپی یەکەم، و ،سەلام کەریم،٢٠٠٥،ل٢٠٥.

٥. هەمان سەرچاوە: ل٢١١.

٦. سـڤین ئیریـك لیـدمان: مێـژووی بیروبـاوەڕی سیاسـی، و عـلاو نـوری، دلێـر مـیرزا، سلێمانی،٢٠٠٤،ل ٧٣.

٧. د. غانم محمد صالح: سەرچاوەی پێشوو،ل٢١٥-٢١٦.

٨. ٢جان توشار: التاریخ الفکر السیاسی، ترجمة، د. علی مقلد ،طبعة الاولی، بیروت، ١٩٨١،ص ٤٧ .

٩. سڤین ئیریك لیدمان: سەرچاوەی پێشوو،ل٧٤.

١٠. جان تۆشار: سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٨.

١١. سڤین ئیریك لیدمان: سەرچاوەی پێشوو،ل٧٧.

١٢. ماجد عدوان: الموسوعة اعلام فلسفة، طبعة الاولی، عمان، ٢٠٠١ ص ١٣٤.

١٣. د.غانم محمد صالح: سەرچاوەی پێشوو،ل٢١٨.

١٤. د.عوسمان امین: الفلسفه الرواقیه، القاهره، ١٩٧١، ص ٣٤.

١٥. دغانم محمد صالح:سەرچاوەی پێشوو. لا ٢١٦.

١٦. سڤین ئیریك لیدمان: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

١٧. د. غانم محمد صالح: سەرچاوەی پێشوو،ل ٢١٨.

١٨. د. غانم محمد صالح: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩.

١٩. سڤین ئیریك لێدمان: سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٥.

٢٠. د.غانم محمد صالح: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٨.

٢١. سڤین ئیریك لێدمان: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.

٢٢. د. غانم محمد صالح: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٩.

٢٣. جان تۆشار: سەرچاوەی پێشوو،ل ٤٨.

٢٤. ابراهیم دروێش: الدوله، نڤریتها وتنڤیمها، دراسه فلسفیه تحلیلیه، قاهره، ١٩٦٩،ص٥١.





٢٥. د. کریم متی: الفلسفة الیونانیة، مطبعة ارشاد، بغداد، ١٩٧١، ص ٣٦٣-٣٦٤.

٢٦. د. غانم محمد: سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٢١.

٢٧. د. غانم محمد صالح: سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٢٢.

## سەرچاوەکان:


١_ اندیة ایمار- جانین اوبوایة:

التاریخ الحضارات العالم، الشرف الیونان القدیم، مجلد الاول، بیروت،١٩٩٣.

٢_ د. عادل نجم عبو-د. عبدالمنعم رشاد:

الیونان والرومان، دراسة التاریخ الحضاراة، جامعة موصل ١٩٩٣.

٣_د. مصطفی نشار:

مدخل القراة الفکر الفلسفی عند الیونان، قاهرة، ١٩٩٨.

٤_ د. غانم محمد صالح:

بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، چاپی یەکەم، سەلام کەریم، ٢٠٠٥.

٥_ سڤین ئیریك لێدمان:

مێژووی بیروباوەڕی سیاسی:

و. علاو نوری-دلێر میرزا، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦_ جان توشار:

تاریخ الفکر السیاسی، ترجمة- علی مقلد، طبعة الاولی، بیروت، ١٩٨١.

٧_ ماجد عدوان:

الموسوعة اعلام فلسفة، ظبعة الاولی، عمان، سنة، ٢٠٠١.

٨_ د. عثمان امین:

الفلسفة الرواية، القاهرة، سنة، ١٩٧١.

٩_ د. ابراهیم درویش:

الدولة، نظریتها، دراسة فلسفیة تحلیلیة، قاهرة. ١٩٦٩.

١٠_ د. کریم متی:

الفلسفیة الیونانیة ، مطبعة ارشاد، بغداد، سنة ١٩٧١




هەواڵنامەی کتێب

# مـــــێژوو


- سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر کـــــوردستان( ١٩١٨–١٩٢٣ ).
- ڕۆڵـی کـــــورد لە پـــــاراستنی ئـــــەرمەن و پەیوەندییەمێژووییەکانیان.
- ئینگلتەرا، دە ســـــاڵ سیستمی کـــــۆماری.






# سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر **کوردستان**

## ( ١٩١٨-١٩٢٣ )

م.هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم

**پێشەکی:**

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی، بەریتانیا بوو بە ئەندازیاری نەخشەی ئەو ناوچەیەی کە لە ئێستادا پێی دەوترێت ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. کوردستان وەك سەرەکیترین پێکهێنەری رەگەزیی لە ناوچەکەدا، پشکی شێری لە هێڵی دابەشکاری بەریتانیا بەرکەوتو بەسەر دەوڵەتە نەتەوەییە نوێکانی وەك تورکیا عێراق ئێرانو سوریا دابەشکرا. بەڵام کورد وەك دانیشتوی کوردستان ، چ وەك نەتەوەی سەربەخۆ یان وەك نەتەوەی هاوبەش لە دەوڵەتە نوێکاندا، هیچ مافێکی ناسیۆنالیستی لە لایەن بەریتانیا وە پێڕەوا نەبینراو لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیدا بەریتانیا کردی بە ژێردەستەی دەوڵەتانی ناوچەکە.

ئامانج لە نوسینی ئەم بابەتە تیشکخستنە سەر سیاسەتی بەریتانیایە لە ناوچەکە بە گشتی و لەکوردستان بە تایبەتی، هەروەها لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەو هۆکارانەی کە وایکرد نەتەوەی کورد لەناو نەخشەی بریتانی بۆ نەتەوەکانی

رۆژهەلاّتی ناوەراست پێگەی دەولّەتی بۆ تەرخاننەکرێت.

هەولّدراوە لەم لێکۆلّینەوەیەدا سود لەو سەرچاوە زانستیانە ببینرێت کە زیاتر سودیان لە دیکۆمێنتە بەریتانیاکان بینیوە، وەك کتێبەکەی ( دکتۆر. سەعد بەشیر ئەسکەندەر) بەناوی (سیاسة بريطانيا العظمى تجاة مستقبل كردستان). هەروەها کتێبی (فەیروز حسن عزیز) بەناوی( الاهمية الجيوسياسية لكردستان الجنوبية وتاسيرها على السياسة البريطانية) .

## تەوەرەی یەکەم: نەگۆرەکانی سیاسەتی بەریتانیا لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی.

بەریتانیا لەگەلّ کۆتاییهاتنی جەنگدا چەند نەگۆرێکی سیاسی بۆ خۆی هەلّبژارد، کە دەکرێت ئەوانەی پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە لە چەند خالّێکدا ئاماژەیان پێبکەین:

١. سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر هاوپەیمانە جەنگیەکەی کە فەرەنسا بوو بە جۆرێك بوو، کە ئەمەی دوایی نابێت هێندە بەهێز بێت وەك فەرەنسای سەردەمی ناپلیۆن ململانێی بەریتانیا بکات، چاکتر وایە برتانیا هەندێك سازش لە ئامانجە ناوخۆیەکانی لە ئەوروپا بەرامبەر فەرەنسا بکات، لە پێناو بەهێزبوونی پێگەی خۆی لە داگیرگەکانداو کەمکردنەوەی دەسەلاّتی فەرەنسی تیایاندا. [١]

٢. لە کۆتاییەکانی جەنگداو دروست لە (ئۆکتۆبەری١٩١٧) دا، بەلشەفیەکان لە روسیا شۆرشی کۆمۆنیستی کرێکارییان بەرپاکردو چوونە لوتکەی دەسەلاّتو بە ئاشکرا دژی بەرژەوەندی ئیمپریالی جیهانی وەستان، لەمبارەدا بەریتانیا بە





ئەرکی سەرشانی خۆی زانی لەپێناو بەرژەوەندیە باوە جیهانیەکانی، بەرەنگاری ئەو شۆرشە بکاتو نەهێلّێت تەشەنە بسێنێت، بەتایبەت لە نێوان گەلانی تازە رزگاربوو لە سنوری دەولّەتی عوسمانیدا. [٢]

٣. بەریتانیا لەدوای پاشەکشەی سوپای روسی لە بەرەکانی جەنگ، روبەروی ناوچەیەکی بەرفراوانی خالّی لە هەموو دەسەلاّتێکی سیاسی بۆوە، بەتایبەت لە باکورو رۆژهەلاّتی ئێران، لە پێناوی جێنەگرتنەوەی دەسەلاّتی عوسمانیو ئەلّمانی لەو شوێنانە، هەلّپەیەکی زۆری کرد کە پێگەی خۆی تیایاندا قایمبکات[٣].

٤. لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگ، بەریتانیا لە ئاستی ناوخۆدا توشی گەورەترین تەنگەژەی داراییو کەمی ژمارەی سەرباز بۆوە. بۆ ئەوەی پارێزگاری لە سەرکەوتنەکانی بکات، بۆیە سیاسەتی بە جۆرێك بوو، دەسەلاّتی لە ناوچە تازە داگیرکراو یان تازە سەربەخۆکان رەچاوی ئەو خالّە بکات، کە کەمترین ئەرکی ئابوریو سەربازی لە ئەستۆی خۆی بگرێت. [٤]

٥. بەسیفەتی ئەوەی هند لای بەریتانیاکان دلّی ئیمپراتۆریەکەیانە، ئەوا پێویستە هەموو هەولّی خۆیان لە پێناو پارێزگاری کردنیدا وەگەربخەن، بۆ ئەم مەبەستە بەریتانیا لە ئۆقیانوسەکاندا پشتی بە مەزنترین هێزی دەریایی خۆی بەستبوو، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا دەیویست کە لە وشکاییشدا هێلّی (بەریتانیا-هند) تۆکمەو ئارام بکات، بۆیە بە پێویستزانرا، کە لە میسرەوە تا هند بۆخۆیان کۆنترۆلّ بکەن لە نێوانیشیدا ئەو زەویانە بو کە پێیان دەوت میزۆپۆتامیا، واتە دەوروپشتی دیجلەو فورات. هەروەها دژی هەر دەسەلاّتێکی نێودەولّەتی بوەستن کە هێلّی ئارامی (بەریتانیا-هند) بشێوێنێت. باشوری کوردستانیش لەگەلّ بەغدادو بەسرە لە پێکهێنەرە ستراتیجیو ئابوریە سەرەکیەکانی ئەو هێلّە بوو. [٥]

٦. ئێــران پێویـــستە ســـنورەکانی پارێزگـــاری لێبکرێـــتو خاکەکـــەی دابەشـنەکرێت، چـونکە بـەپێی ڕێکەوتنامـەی نێـوان روسـیاو بـەریتانیا(١٩٠٧) ئێرانیان لە نێوان نفوزی خۆیاندا دابەشکردبوو، کە باکوری بۆ روسیاو باشوری بۆ بەریتانیاو ناوەندیش بۆ حکومەتی ئێرانی بەجێمابوو، لە دوای ئەوەی روسیا لە (١٩١٧) لە باکوری ئێران پاشەکشەیکرد، چیدی تەواوی خاکی ئێران بۆ نفوزی بریتانی مایەوە.[٦]

٧. پێویستە ولاَتانی دۆڕاو لە جەنگدا بە چەند ڕێکەوتنامەیەکی بێ مەرج پابەندبکرێن، کە جارێکی تر توانای هەڵایسانی جەنگێکی نوێیان نەبێت، بە تایبەت دەوڵەتی عوسمانی کە بڕیاری دابەشکردنی لە نێوان براوەکانی جەنگدا درا، هەتا ئەگەر پێویستیش بکات لە گۆڕەپانی سیاسیدا لابرێت، چونکە وەك سەرەك وەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند" هیچ هۆکارێك نییە کە وامانلێبکات دەوڵەتی عوسمانی بهێڵینەوەو".[٧]

٨. پێگەی کوردستان لە نەگۆڕە سیاسیەکانی بەریتانیا بە دابەشبوون مەحکومبوو، راستی ئەم وتەیەشمان لە پلانەکانی بەریتانیا بەرامبەر داهاتوی دەوڵەتی عوسمانی دەردەکەوێت، کە تیایدا کوردستانی دابەشکردووە بە بێ ئەوەی لەو سنوری دابەشبونەشدا هیچ قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد دابمەزرێت، گرنگترین ئەو پلانانەش، پلانی (بۆنسن)و ڕێکەوتنامەی (سایکس بیکۆ) بوو.

### پلانی یەکەم: ڕاسپاردەکانی لیژنەی بۆنسن

کاتێك دەوڵەتی عوسمانی بەشداری یەکەمین جەنگی جیهانی کرد لە دژی هاوپەیمانان، ئەمە بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە سیاسەتی پێشووی بەریتانی، کە بەندبوو لەسەر هێشتنەوەی هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بە





شێوەیەکی یەکگرتوو. لە دەستپێکی جەنگدا لە ناوەندی بڕیاردانی بەریتانیا بیرۆکەی دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی سەریهەڵدا، بۆ گەڵاڵە کردنی ئەم بیرۆکەیە سەرۆك وەزیرانی بەریتانی(هربت ئەسکویس) لیژنەیەکی بە سەرپەرشتی جێگری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (مۆریس بۆنسن)و بە بەشداری نوێنەری وەزارەتەکان لە ساڵی (١٩١٥) پێکهێنا، بە ئامانجی دیاریکردنی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە دوای تەواوبوونی جەنگ. ئەم ڕاسپاردەیە چوار پێشنیاری بۆ داهاتوی زەویەکانی بندەستی دەوڵەتی عوسمانی دیاریکردبوو، کۆی گشتی پێشنیارەکە لە چەند خاڵێکدا هاوبەشبوو ئەویش ئەوە بوو کە کوردستان پێویستە لە نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیەکاندا بەشبەشبکرێتو باشوری کوردستانیش لەبن دەستی بەریتانیاوە بێت، چونکە بە پلەی یەکەم ئەم هەرێمە دەبێتە هۆی پاراستنی ولایەتی بەغدادو بەسرە، کە بەریتانیا لە ناو ئەو سنورەدا داینا بوو، کە پێویستە لە ماوەی جەنگدا داگیریبکات. لە لایەکی تر بایەخی پەترۆڵی هەرێمەکەو هەروەها گرنگی لایەنی کشتوکاڵی، ڕۆڵێکی گەورە لە دیاریکردنی بەرژەوەندی ئابوری بەریتانیا لە داهاتودا دەگێڕێت.

لەم ئەجندایەی بەریتانیا بە هیچ جۆرێك باس لە دەوڵەتی کوردی نەکراوە لە کاتێکدا دەوڵەتی ئەرمەنی و عەرەبی تیادا جێگەیان بۆتەوە، هۆکارەکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا مارك سایکس دیاریدەکاتو دەڵێت،"کوردەکان خاوەنی هەستی نەتەوەیی نین، کارێکی ئەستەمە کە کوردستان چەسپاو بێت، لە کاتی چەسپاندنی سنوریشدا هیچ هۆکارێك لەبەردەم دابەشکردنی کوردا نییە، یان بۆچی وا دابنێین کە کورد گەلێکن پێویستیان بە پشکیری هەیە".[٨]

### پلانی دووەم: ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ سازانۆف

ئەم ڕێکەوتنە لەنیوان بەریتانیاو فەرەنساو روسیا کرا لە ساڵی (١٩١٦)، کە بریتییبوو لە دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بنەمای رەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی یەکدی لە نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیەکان. لەم ڕێکەوتنەدا کوردستان دابەشکرا بەسەر سێ هەرێم، گەورەترین هەرێم کە باکوری کوردستان بوو بەر روسیا کەوت، دواتر فەرەنسا بەشی رۆژهەلاتو بەشێکی لە باشور وەرگرت، بچوکترین بەشیش پشکی بەریتانیا بوو چونکە بەریتانیا لەپێناوی دورکەوتنەوەی لە کارتێکەری سیاسەتی روسی لە ناوچەکە، ویستی فەرەنسا بۆخۆی بکاتە بەربەست. لەگەڵ ئەوەی ناوچەی بەریتانی روبەرەکەی کەم بوو بەلاَم دەوڵەمەندترین پێگەی کوردستانی لەروی پەترۆڵەوە بۆ خۆی تەرخانکردبوو.[9]

## تەوەرەی دووەم: سیاسەتی بریتانی بەرامبەر کوردستان ( ١٩١٨–١٩٢٠ )

دەتوانین ساڵی (١٩١٨-١٩٢٠) بە قۆناغی یەکەمی سیاسەتی بریتانی ناوزەدبکەین، چونکە ساڵی(١٩١٨) سەرەتای بەریەککەوتنی پراکتیکی دەسەلاَتی بریتانی بوو لەگەڵ کێشەی کورد، کە تا ساڵی (١٩٢٠) بریتانەکان لە شەنوکەو کردنی ئەم کێشەیەدا بوون، کە داخۆ لە ئایندەدا چۆن مامەڵەی بەلەگەڵ بکەن، ئایا دەسەلاَتی بریتانی بەسەر هەموو کوردستاندا بە شێوەیەکی یەکگرتوو بەرقەرار بێت، یان بەپێی بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکان، بەسەر دەوڵەتە تازەکانی ناوچەکە دابەشبکرێت. دوا ئەنجامیش کە پێیگەیشتن ڕێککەوتننامەی (سیڤەر) بوو لە ساڵی (١٩٢٠) وەك ڕێگاچارەیەك بۆ وەلاَمی ئەم پرسە دیاریکرا.





دەسپێکی سیاسەتی راستەوخۆی بەریتانیا بەرامبەر کورد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی کۆتاییهاتن بە جەنگ، کە سیاسەتی بەریتانی لە رۆژهەلاَت گۆڕانێکی گەورەی بەخۆوە بینی، ئەوەیش دوای پاشەکشەی روسیا بوو لە بەرەی شەڕەکان لە ساڵی (١٩١٧)، ئەمە وایکرد بەریتانیا گۆڕان لەو باوەڕەدا بکات، کە پێویستە کۆمەڵە دەوڵەتێکی لەمپەر یان دەسەلاَتی فەرەنسا وەك بەربەستێك لە نیوان نفوزی بەریتانی لە دەسەلاَتی روسی لە رۆژهەلاَتدا جیا بکاتەوە، بۆیە بەریتانیا لە دابەشکردنی ویلایەتی موسڵ لەگەڵ فەرەنسادا پاشگەز بۆوەو تەواوی هەوڵی خۆی بۆ داگیرکردنی باشوری کوردستان خستەگەڕ، ئامانجی بەریتانیاکان بریتیبوو لەهێرشبردن بەرەو ئەوپەڕی باکور[10]. ئەوەبوو هێزەکانیان بۆ دوو بەرە دابەشکرد یەکەمیان لە شارەبانەوە بەرەو خانەقینو کفری و کەرکوك بەڕێکەوت، ئەوەی یارمەتی جێبەجێکردنی ئەم پلانەی دا، سەرکردەی دیارو بەرچاوی باشوری کوردستان(شێخ مەحموود) بوو کە لەمیانەی ئەم هەڵمەتانەدا نوێنەری نارده لای بەریتانیەکانو بە پشتبەستن بە ڕاگەیاندنی بەریتانی و فەرەنسی تایبەت بە رزگارکردنی گەلانی ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها (١٤) بەندەکەی (ودرۆ ولسن)، حکومەتی کوردی بە سەرپەرشتیاری بەریتانیا لە بەریتانیا داوا کرد، ئەوەی پێراگەیاندن کە ( کوردستان لە لیستی گەلە ئازادکراوەکان دانەبرن)[11]

ئەو هەڵوێستەی شێخ، دەسەلاَتی بریتانی لە رۆژهەلاَتی ولایەتی موسل زامنکرد، بۆیە بەریتانیاکان بەرەی دووەمیان لە رۆژئاواشەوەو لە کەناری روباری دجلەوە بەرەو هەولێرو موسڵ بەرێخست، هێزەکانی بەریتانیا بەپێی ئاگربەستی مۆدرۆس ئەو مافەیان بەخۆ بەخشی، کە موسڵو شارەکانی تری رۆژئاوای زێی

گەورە داگیربکەن. بەمشێوەیە باشوری کوردستان بەبێ ئەوەی ئەرکی گەورەی سەربازیو دارایی بکەوێتە سەر شانیان لە لایەن بەریتانیاوە کۆنترۆڵکرا.

لەدوای ئەم هەڵمەتە سەربازیانە وەك مەندوبی سامی بریتانی دەڵێت، سێ پرسی گەورە بەرەوڕومان بۆوە، یەکەمیان ئایندەی ولایەتی موسڵ، دووەمیان، زەویەکانی باکوری ولایەتی موسڵ، سێیەمیان، پرسی بزوتنەوەی کوردی لە ئێران کە کاریگەری لەسەر چارەنوسی روداوەکان هەبوو.[١٢] بۆیە لە لای بەریتانیاکان دوو بۆچوون گەڵاڵە بوو کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

### بۆچونی یەکەم: لایەنگرانی دەسەڵاتی راستەوخۆ

خاوەنی ئەم باوەڕە ئەو کەسانە بوون، کە باوەڕیان وا بوو، کە داگیرگەکان توانای بەڕێوەبردنیان نییە، بۆیە بەریتانیا خۆی ئەرکی بەڕێوەبردن بە شێوەی راستەوخۆ لە ئەستۆ دەگرێت و دانیشتوانی ئەوو شوێنانە رادەهێنێت، ئەمانە بریتیبوون لە ئارنۆڵد وڵسن، برسی کۆکس، ستیڤان لۆنگریك، و کاپتن لێمانە های. ئەم رایانەی پیشوو تەنها سنوری کوردستانی باشوری دەگرتەوە، بەڵام وڵسن خواستی ئەوەی هەبوو کە دەسەڵاتی بەریتانیا بە بەکارهێنانی کەسانی وەك سەید تەهاو سەرکردە خێڵەکیەکان بەرەو باکوری کوردستان بڕوات، ئەمەش بۆ بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی بریتانی لە میزۆپۆتامیا، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کەمالی. بەڵام بەهۆی تەنگژەی دارایی و سەربازی هێزەکانی بەریتانیا لە سەرجەم داگیرگەکان، دوو بۆچونی تری پێشنیارکرد، کە یەکەمیان دابەشکردنی کوردستانی باکور بوو بۆ دوو پارچە یەکەمیان بخرێتەسەر میزۆپۆتامیاو ئەوەی تریشیان بەدەست تورکەوە بمێنێتەوە، لە کاتێکدا ئەگەر ئەوە سەرینەگرت ئەوا باشترە کە سەرجەم باکوری کوردستان





بەدەست ئەرمەنو تورکەوە بێت، واتە دژی دەوڵەتی کوردی بوو چونکە، پێی وابوو ئەم دەوڵەتە نارەزای ئێرانیەکانو عێراقیەکانیشی لێدەکەوێتەوە کە دەبێتە فشارێکی گەورە بۆ سەر بەریتانیا[١٣]

بەهانەکانیان بریتی بوو لە:

- پێکهاتەی دانیشتوانی کوردستان لە پێکهاتەی ناوچەکانی باکوری رۆژئاوای هندستان دەچێت، کە خێڵەکیەو ئەزمونی دەسەڵاتی راستەوخۆ تیایدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.
- ناکۆکی ناوخۆیی کورد رێگرە لەبەردەم دەسەڵاتی یەکگرتوو بە سەرکردایەتی شێخ مەحمودو بە شێوەی ناراستەوخۆ، بەڵگەی ئەمەش رەتکردنەوەی خێڵەکانی ناوچەی کفری بوو بۆ دەسەڵاتی شێخ و هەروەها ناوچەی بادینان کە دانیان بەدەسەڵاتی شێخدا نەدەناو هەروەها هەندێك لە منەوەرەکانی کورد کە لایەنگری دەسەڵاتی راستەوخۆی بریتانی بوون.
- خودی وڵسن باوەری وابوو کە سەرکردە کوردەکان تەنها بۆ ئەوە شیاون کە فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی کەمیان پێبسپێدرێت نەك ناوچەی گەورە، لێرەدا یەکێك لە فەرمانبەرە بەریتانیاکان دەڵێت: ئیمە نەمانتوانی سۆراغی سەرکردەیەکی کورد بکەین، کە بەشێوەی فەرمانڕەوای بوکەشووشە وابێت کە بەڕێوەبەرایەتی کوردی بدەینێ و هاوڕێی بەریتانیا بێت و دژی تورکەکان بێت.
- رایەکی تری بەریتانیەکان لەمبارەیەوە وا بوو، کە کوردستان هیچ کاتێك یەکێتیەکی سیاسی نەبووەو دابەشبونەکانی و قەبارەی گەورەی رێگرە لە بەردەم یەکێتیەکی سیاسی. خودی کوردەکانیش کەسانی گێلنو ململانێی توند دابەشی کردوون.[١٤]



هەواڵنامەی کتێب

### بۆچونی دووەم: لایەنگرانی دەوڵەتی سەربەخۆ

ئەم باوەڕە زیاتر لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پێداگری لێدەکراو باوەڕی بە دەسەلآتی نا ڕاستەوخۆ هەبوو بەسەر ئەو گەلانەی کە تازە لەبن دەستی عوسمانیەکان ئازاد بوون و دەوڵەتی سەربەخۆ پێکدەهێنن.

سەرکردەی ئەم بیروڕایە مێجەر نوێل بوو، پاشان ونستۆن چەرچل، وەك وەزیری داگیرگەکان، هەروەها لایەنگرانی ئەو بۆچونانەی کە باسی لە دەوڵەتی لەمپەر دەکرد، هەموو ئەمانە لایەنگری بیروڕاکانی نوێل بوون، کە باوەڕی وابوو پێویستە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان لەژێر یەك دەسەلآتی کوردیدا بە سەرپەرشتی بەریتانیا حوکمبکرێن، چونکە ئەمە هۆکاری راگرتنی باڵانسە لە نێوان تورکیای نەیارو عێراقی دۆستی بەریتانیا، ئەم ناوچەیە توانای مرۆیی‌و ئابوری لەباری هەیە، کە دەتوانێت لە داهاتودا بەر لە بەهێزبونی دەسەلآتی تورك بگرێت بۆ ئەوەی نە هەڕەشە بێت بۆ سەر عێراق‌و نە مەترسی بێت بۆ سەر ئەرمینیا. هەروەها باوەڕی وابوو کە نابێت باشوری کوردستان بە عێراقەوە بلکێنرێت.[15]

پێشنیارەکانی نوێل بە تەنها روەو باشوری کوردستان نەبو، بەڵکو رۆژهەلآتو باکوریشی دەگرتەوە، ئەو باوەڕی وابو کە بزوتنەوەی کوردی لە کوێبێت پێویستە بەریتانیا لەوێبێت، چونکە بەرژەوەندی هەردوکیان تێکەڵە، ئەو وای بە باش دەزانی، کە بە شێوەی بەشبەش مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا نەکرێت، بەڵکو پێویستە سیاسەتی بەریتانی گشتگیر بێت، بۆ ئەم مەبەستە دوو پرۆژەی هەبوو:

- **پرۆژەی یەکەم:** بریتیبوو لەوەی سێ دەسەلآتی کوردی بە شێوەی کۆنفیدراڵی دروستبکرێت، کە یەکەمیان لە ناوەندو مەڵبەندەکەی دیاربەکر





بێت، ئەوەی تریان لە رۆژئاواو موسڵ مەڵبەندەکەی بێت، بەشی باشوریش مەڵبەندەکەی سلێمانی بێت، ئەمانە لە لایەن پیاوانی وەك شێخ مەحمودو سەید تەهاوە سەرۆکایەتی بکرێن‌و لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیادا بن. بەپێی بۆچوونی ئەو، ئەم دەوڵەتە کوردیە ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە، کە ناوچەکە لە دوای جەنگ پێوەیدەناڵاند. هەروەها رکابەرە نێودەوڵەتیەکانی بەریتانیاش لە مەیدانەکەدا وەلا دەنێت‌و رێگەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنیش ئاساندەکات، هەروەها کەمترین قورسایی لە رووی دارایی‌و سەربازی دەخاتە ئەستۆی بەریتانیا لەگەڵ ئەوەی کە گەورەترین دەستکەوتیشی دەستگیردەبێت. نوێل بیروراکانی بە پراکتیکی لە سلێمانی جێبەجێکرد ، لە لایەکی تر ویستی پرۆژەکەی پشتئەستور بکات بەوەی هانی کوردە نەتەوەییەکان بدات کە پاڵپشتیبکەن، ئەوەبوو شیخی هاندا کە پشگیری (جەنەراڵ شەریف پاشا) بکات، کە وەك نوێنەری کورد لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس بۆ ساڵی (١٩١٩) بەشداریبکات. هاوکات نوێل لەو باوەڕەوە مامەڵەیدەکرد کە چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشە کورد بدۆزرێتەوە، بە شێوەیەك کە رۆژهەلآتی کوردستانیش بگرێتەوە. ئەو رەخنەی لە سیاسەتی بەریتانی دەگرت لەڕوی پاراستن یەکپارچەیی خاکی ئێران‌و بە سیاسەتێکی بەسەرچووی دادەنا. بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لە رۆژهەلآت لای نوێل وای دەبینی کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری راگەیاندنی هاوپەیمانان کە داوای مافی چارەنوسی گەلان دەکەن، راپەرینەکانی (سمکۆی شکاك)و داواکانی (سەید تەهای نەهری)و هەروەها موکریەکان کەداوای کوردستانی سەربەخۆیان بە سەرپەرشتی بەریتانیە دەکرد، وەك بەڵگەیەك بۆ باوەڕەکانی دەیهێنانە پێش. ئەو پێی وابوو کە سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە باشوری کوردستان لەگەڵ سیاسەتی بەرامبەر قاجاریەکان بەیەکەوە ناگونجێت، چونکە گەلێك لە کوردەکانی رۆژهەلآت بەرەو

باشور هاتون‌و داوای ئەوە لە ئینگلیز دەکەن کە بچنە پاڵ حکومەتەکەی شێخ مەحمود. نۆێل لە هەوڵێکی چاوەروان نەکراودا یاریدەدەرەکەی (شێر یانگ) دەنێرێتە رۆژهەلاٌت. دوای ئەوەی (یانگ) دەچێتە ورمێ‌و چاوی بە سەید تەهاو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردەکان دەکەوێت، لە راپۆرتێکدا هەستی پێخۆشحاڵی کوردەکان بۆ لایەنگری بەریتانیا بە ڕوونی دەردەخات.[١٦]

- **پرۆژەی دووەم:** لە بەهاری (١٩١٩) نۆێل بە کارێکی فەرمی گەشتێکی بە کوردستانی باکوردا، بۆ نوسینی راپۆرتیك لەسەر بارودۆخی سیاسی‌و ئابوری کوردەکانی باکور، وەك پێشینەیەك پێش دەستپێکردنی کۆنگرەی ئاشتی، ئەنجامدا، ئەمەش دوای ئەوەی لە ئەنجامی روخانی حکومەتەکەی شێخ محمودو هەروەها پروپاگەندەی تورکەکان بەوەی کە دەوڵەتێکی مەسیحی ئەرمەنی لە ناوچە کوردیەکاندا پێکدەهێنرێت، باوەڕی کورد بە بەریتانیا لەق بوو بوو. نۆێل ئەوەی دەرخست هەستی نەتەوایەتی کوردی زۆر بەهێزەو رق‌و کینەیان بەرامبەر تورك‌و حکومەت بە ئاشکرا دیارە. بە هیچ شێوەیەك دژایەتی بریتانی یان هەستی ئیسلامگەرایی نابینرێت. ئەو لە راپۆرتەکەیدا پێشنیاری دەسەلاٌتێکی کرد، کە ولایەتەکانی ئەرزەرۆم‌و تەرابزۆن‌و ڤان‌و خەرپوت‌و بەتلیس‌و دیاربەکری دەگرتەوە، کە لە باشوردا دەسەلاٌتی کوردی تیایدا بەرقەرار بێت، لە باکوریش ئەرمەن‌و لە نێوەندیشدا دەسەلاٌتێکی تێکەڵەی کوردو ئەرمەن بەرێوەبەرایەتی بکات.[١٧] لە کۆتایدا ئەو باوەڕی لەسەر سێ بنەما داڕشتبوو: یەکەم پێویست تەواوی کوردستان لە دەسەلاٌتی تورکی پاکبکرێتەوە. دووەم: کوردستان نابێت پارچە پارچە بکرێت. سێیەم: پێویستە هێڵی نیوان کوردو عەرەب بە هێڵێکی ئەتنیکی جیایبکرێتەوە. ئەو بەریتانیای لە دابەشبونی کوردستان





ئاگادارکردەوە، کە دەبێتە هۆی بەهێزبونی بەرەنگارە دژی بەریتانیاو تورکەکان بەکاریدەهێنن بۆ بەهێزبونی خۆیان‌و هەروەها لەسەر سنورەکانی میزۆپۆتامیا لەگەڵ ئێران‌و تورکەکان، گەورەترین کێشەی ئاشایش بۆبەریتانیا دروستدەکات. هەرچۆنێك بێت هەوڵەکانی تۆێل رۆڵێکی گەورەی بینی لە بە نێودەوڵەتی کردنی کێشەی کوردو جێکردنەوەی کێشەکەی لە رێککەوتننامەی سێڤەری (١٩٢٠).[١٨]

حاکمی مەدەنی وڵسن دوو جۆر سیستمی لە باشوری کوردستان پەیڕەو کرد، یەکەمیان بریتی بوو لە دەسەلاٌتی بەریتانی بە شێوەی ناراستەوخۆ وەك لە رۆژهەلاٌتی زێی گەورە هەبوو، دوەمیان بە راستەوخۆ وەك ئەوەی کەکۆلۆنیۆل لیچمەن لە رۆژئاوا بەرێوەی دەبرد. هاوکات کاری لە پێناو ئەوەدا دەکرد، کە دەسەلاٌتی شێخ مەحمود کەمبکاتەوە بە دابڕینی ناوچەی رەواندوزو کۆیەو هەڵەبجەو خۆشناوەتی و کفری و کەرکوك. ئەم سیاسەتەی وڵسن کە لە سەرەتادا وەك راپۆرتەکان دەڵێن(خێڵەکانی نێوان زێی گەورەو زێی بچووك رێگەیان پێدەدرێت بچنە ژێر دەسەلاٌتی کارگێری شێخ مەحموود، لە لایەن ئێمەشەوە پشگیری ئەخلاقی دەستگیردەبێت)، بەلاٌم لە کۆتایدا وا دەرکەوت کە تەنها سیاسەتێکی کاتی بووە چونکە لەوکاتەدا بەریتانیاکان توانای دارایی‌و سەربازییان بەسەر کوردستان نەشکاوە بەلاٌم بە تێپەڕبونی کات ئەم سیاسەتەی گۆڕی بۆ ئەوەی دەسەلاٌتی راستەوخۆی بەریتانیا لە باشوری کوردستان بەرقەرار بێت.[١٩]

وڵسن لەبەرئەوەی پشگیریەکی زۆری لە لایەن فەرمانبەرە مەیدانیەکانی میزۆپۆتامیای بە دەستهێنابوو لەوانە لۆنگریك و لیچمەن‌و مێجەر سۆن‌و مێجەر هێی، بۆیە ساسەتی گۆرینی فەرمانڕەوای راستەوخۆ سەرکەوتنی بەدەستهێنا،



هەواڵنامەی کتێب

ئەوەبوو مێجەر نۆێل بە مێجەر سۆن گۆڕا، کە کەسێکی توندوو لەتبەرزبوو، هەروەها فەرمانبەرە کوردەکانیش بۆ فەرمانبەری عەرەب و هیند ئالوگۆڕپێکران.

لە راپۆرتەکانی بۆ لەندەن، وڵسن کیانی کوردی بە دەسەڵاتێکی خێڵەکی وەسفکردبوو، کە لە یەکگرتنی کۆمەڵە خێڵێك پێکهاتووە بە شێوەکی (کۆنفدراڵی) واتە بەشبەش، کە دوورە لە هەمو رێکخستنێکی سیاسیو کارگێڕی مۆدێرنی یەکگرتوو، هەروەها خواستی ئەو (٦٠) سەرکردە کوردانەی باشورو رۆژئاوا، کە بە ئامادەبوونی وڵسن لە سلێمانی لە(١ی دیسەمبەری ١٩١٨)، داوای یەکێتییەکی سیاسیان دەکردو پێداگری شێخ مەحمود لەسەر ناوچەکانی هەولێرو موسڵ وایکرد، کە وڵسن ئەوە بۆ لەندەن رونبکاتەوە، کە بەرژەوەندیەکانی کورد لەگەڵ بەرژەوەندی بەریتانیا دژ دەوەستێت و مێژووی کەسێتی یاخیبووی شێخ وادەکات، کە داهاتووی ناوچەکە لە مەترسیدا بێت. چونکە وڵسن مەترسی ئەوەی هەبو، کە عەرەبەکانی بەغدادو بەسرەش داوی هەمان شێوە حوکمبکەن کە بەریتانیاکان بە کوردیان داوە، بۆیە لە بەرنامەی وڵسندا دەسەڵاتی کوردی مانایەکی نەما، ئەوەبوو لە ئەنجامدا شێخ لە (٢٢ی مارتی ١٩١٩) دژی بەریتانیا راپەریو سەرجەم فەرمانبەرەکانی دەسگیرکردن. هەرچەندە بەریتانیا توانی سلێمانی داگیرکاتەوەو شێخ پەڕاگەندەی هندستان بکات، بەڵام ئەو شێوە سیاسەتە وایکرد، کە راپەرین لە ناوچەی بادینان بکرێتو دواتر ناوچەکانی باشوریش بگرێتەوە لە ئەنجامدا ٤٢٦ سەربازی بەریتانی کوژرانو ١٢٢٨ برینداروو ٦١٥ ی تر بێسەروشوێن و دیل کراو بوون.[٢٠]





یەکێك لە هۆکارەکانی راپەرینی ناوچەی بادینان وەك دوو رۆژ پێش کوشتنی لە لایەن کوردەوە کۆلۆنێل بیل نوسیویەتی "ئەو باوەڕە لای کورد دروستبوو بوو، کە بەریتانیا پشگیری مەسیحی ئەکات دژی موسڵمانان) ١١١ لە راستییشدا بەریتانیاکان پشتیان بە ئاشوریە ئاوارە پەڕاگەندەکانی ئێران بەستبوو، بەکاریانئەهێنان لە هێزی( لیڤی)و وەك داردەستێك کوردەکانیان پێ سەرکوت دەکرد، کە وایکرد شێخی تەکیەی ئامێدی فەتوای (جهاد) لە دژی بەریتانیاکان دەربکات.[٢١]

لە سەروبەندی ئەم روداوانەدا کوردە نەتەوەییەکانی باکوور دژی سیاسەتی فەرمانڕەوایی راستەوخۆی بەریتانیا بوون، لە لایەکی تریش هانی کوردیان نەدەدا بۆ راپەرین دژی بەریتانیا تا کێشەی کورد لە کۆنگرەی پاریس لە لایەن بەریتانیاوە رەتنەکرێتەوە، ئەمە وایکرد کە کوردەکانی باکور هاورێ لەگەڵ کەساییەتیە ناودارەکانی باشور داوای گەڕانەوەی فەرمانرەوایی ناراستەوخۆ بۆ کوردستان بکەن، بۆیە هەندێك لە ئەفسەرە بەرپرسەکانی بەریتانیا دوو کەسایەتیاندەستنیشان کرد، کە رۆڵی سەرکردەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری ببینێت، ئەوانیش حەمدی بەگی بابانو سەید تەهای نەهری بوو، بەلاّم لە کۆتایدا وڵسن لەسەر رای خۆی سوور بوو، کە دەسەڵاتی راستەوخۆ باشترین رێگا چارەیە لە کوردستاندا پیادە بکرێت(٢١)١١٤-١١٥، ئەسکەندەر لەم بارەیەوە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دەڵێت:"زۆر ئاستەمە کەبزانین دروست کوردەکان چیان دەوێتو ئەو جۆری ئەو سەقامگیریە لە کاتی بوون بەدەوڵەتدا چۆن بەدیدەهێنن، ئێمە لەمیانەی ئەوەی لە بەغدادو قوستەنتینیەو شوێنەکانی تر بە دەستمانگەیشتووە، زۆر گران بوو کە کوردێك بدۆزینەو سیفەتێکی نوێنەری



هەواڵنامەی کتێب

گشت تیادا بەدیبکرێت، هیچ کوردێك نەبوو کە نوێنەرایەتی زیاتر لە خێڵەکەی بکات، لە لایەکی تر کوردەکان ناتوانن پارێزگاری لە بونی خۆیان بکەن بەبێ بەدەستهێنانی پشگیری یەکێك لە دەوڵەتە زلهێزەکان" [٢٢]

لێرەدا جێی خۆیەتی گەر ئاماژە بەوە بکەین، کە خاڵی هاوبەشی سەرکردە کوردەکان لە دوای جەنگ ئەوەبوو تەواویان داوای پشگیری بەریتانیان لە رووی نێودەوڵەتیەوە دەکرد، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، شەریف پاشا وەك دبلۆماتێکی کورد لە ئێران ئەوەی بە مەندوبی سامی بەریتانی لە ئێران (پرسی کۆکس) وت: کە دەوڵەتی کوردی پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لە میزۆپۆتامیا دەکات، هەروەها شێخ عەبدولقادر وەك خانەدان و سیاسەتمەدارو سکرتێری (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) لە ئەستەمبوڵ ئەوەی راگەیاند، کە ئەو دەوڵەتە دەبێتە لەمپەرێك لە بەردەم چاوتێبڕینی بەلشەفیەکانو تورك لە میزۆپۆتامیا، سوریا بەدرخانیش وەك نوێنەری بۆرجوزی کوردیو سکرتێری (جەمعیەی ئیستقلالی کوردستان) هەمان داوای لە قاهرە خستە بەرچاوی بەریتانیاکان. ئەم داوایانە جارێکی تر بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن شەریف پاشا لە کۆنگرەی ئاشتی دووپاتکرایەوە، بەڵام کوردەکان لە دوای روخانی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، هەروەها پشگوێخستنی داواکاریەکانیان لە لایەن بەریتانیا بەڕوونی، هەروەها خاوکردنەوەیان بۆ هەڵایسانی شورش دژی کەمالیەکان لە ١٩٢٠، ئەو باوەڕەی لا دروستکردن، کە بەریتانیا لە مامەڵە کردندا لەگەڵ کێشەی کورد ستراتیجیەکی رونی نییە، ئەمە بوو بەهۆی پەرتبوونی ریزی سەرکردایەتی کوردی لە ئاڕاستەی کارکردن لەگەڵ کێشەی کورد، بەتایبەت شێخ عەبدولقادری نەهری ئەوەی بە ئاشکرا راگەیاند، کە ئەو خواستی کوردستانێکی یەکگرتووی هەیە ئەگەر لەسەر بنەمای دابەزاندنی ئاستی داخوازیە نەتەوەیەکانی کوردیش بێت بۆ





ئاستی ئۆتۆنۆمی لەژێر دەسەڵاتی تورکیدا.[٢٣]

لەنێوان کێشمەکێشی روداوو گفتوگۆو راپۆرتەکاندا دوو رای جیاواز لە لەندەنی ناوەندی بڕیاری بەریتانی لەسەر کوردستان دروستبوو، رای یەکەم کە بە فوتابخانەی (ئیمپریالی) ناسرابوو لە لایەن بەغدادو تارانو وەزارەتی هند پشگیری لە بیروڕاکانی وڵسن دەکرا، رای دووەم کە بە فوتابخانەی (ئەهلی) دەناسرا لە لایەن قاهیرەو وەزارەتی دەرەوە پشگیری راکانی نۆێلیان دەکرد. لە کۆتایدا سەرجەم راوبۆچونەکان سودی لێوەرگیرا لەکاتی گفتوگۆکانی شاندی بەریتانی لەگەڵ فەرەنسیەکان لە پاریس. واتە پێش کۆنگرەی سانریمۆو رێکەوتنامەی سیڤەر. هێڵە گشتیەکانی ئەم سیاسەتە بریتیبوو لە:

١. بەریتانیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی نابێت لەپشت سنوری باشوری کوردستانو میزۆپۆتامیا هێز بەکاربێنێت.

٢. جگە لە باشوری کوردستان بەریتانیا هیچ پارچەیەکی تری کوردستان لە ئەستۆ ناگرێت.

٣. بەریتانیا ناڕازییە گەر دەسەڵاتی تورکی بگەڕێتەوە باکوری کوردستان.[٢٤]

بەپێی ئەم باوەڕە، بەریتانیا گەیشتە ئەو رایەی کە کوردستان دابەشبکات بەجۆرێك باشوری بەشێك بێت لە (میزۆپۆتامیا یان عێراق)، ئەمەش لە پێناو بەرژەوەندیە ستراتیجیو سیاسیو ئابوریەکانی، هەرچی باکوری کوردستانە ئەوا هیچ پابەندیەکی بۆ نەنوێنێت تەنها بەدەستهێنانی حوکمێکی ئۆتۆنۆمی نەبێت لە ژێر دەسەڵاتی تورکیو کوردەکان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان سەرپشك بکات. هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو باری دارایيو سەربازی بەریتانیا رێگەی بەم سیاسەتی دەستوەردانی لە باکوری کوردستان نەئەدا، هەر ئەم رایە خۆی لە

هەواڵنامەی کتێب

کۆنگرەی سانریمۆ سەپاند، کە کۆنگرەیەکی بەرایی بوو بۆ رێکەوتنامەی سێڤەر، بەڵام ئەم دابەشکردنە قازانجێکی گەورەی بە بەریتانیا گەیاند، چونکە دەستی فەرەنسی لە باشورو باکوری کوردستان دورخستەوە، ئەوەبوو لەژێر کاریگەری روداوەکانی ناوخۆی ئەوروپا، بەریتانیا توانی وا لە فەرەنسا بکات کە سازش لەباشوری کوردستان بکات لەبەرامبەر بەدەستهێنانی ٢٥٪ی ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکی. [٢٥]

فەرەنسیەکانیش هاوڕای بەریتانیا بوون، لە رەتکردنەوەی کوردستانی یەکگرتوو، چونکە بە درێژکراوەی سیاسەتی بەریتانیایان لە رۆژهەڵات دادەنا، هاوکات باوەڕیان بە دابەشکردنی کوردستان بوو لەنیوان خۆیو بەریتانیا، بەڵام بەریتانیا ئامانجی ئەوەبوو، کە فەرەنسا وەك هێزێکی رکابەری نێودەوڵەتی نابێت دەسەڵاتی ئابوریو سیاسی خۆی لە کوردستانی نزیك میزۆپۆتامیادا هەبێت. ئەوەبوو هەردولا لەپێش رێککەوتننامەی سیڤەر لەسەر ئەوە رێککەوتن کە منداتی فەرەتسی لە کوردستاندا لە سنوری سوریا بێتو منداتی بەریتانیاش لە سنوری عێراقدا بێت. [٢٦]

## تەوەرەی سێیەم: سیاسەتی بەریتانی بەرامبەر کوردستان (١٩٢٠-١٩٢٣)

### کۆنگرەی قاهیرە:

ئەم قۆناغە بە پاشەکشەی بەریتانیا لە رێککەوتننامەی سیڤەر دەستپێدەکاتو بە مۆرکردنی رێکەوتنامەی لۆزان کۆتاییدێت، کە کۆتایی بە هەموو سیاسەتێکی بەریتانی هێنا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردو دانی بە سنوری دەوڵەتی تورکیا نا کەگەورەترین بەشی کوردستانیی گرتەوە،





سیماکانی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە بەریتانیا لەگەڵ هەرپارچەیەکی کوردستان بە شێوازێکی جیاواز لەوانی تر مامەڵە دەکات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### یەکەم: باشوری کوردستان

سەبارەت بە باشوری کوردستان بە تایبەتیو عێراق بەگشتی سیاسەتی فەرمانڕەوای راستەوخۆی بەریتانی توشی بەرەنگاری گەورە بۆوە، کە لە یاخیبونی شێخ مەحمودو شورشی ساڵی (١٩٢٠) ی ولایەتەکانی بەغدادو بەسرەدا ئەو بەرەنگاریە خۆی نواند، بۆ گۆڕینی ستراتیجی بەرێوەبردنی بەریتانی، کۆنگرەی قاهرە لە(١٢ی مارتی ١٩٢١)بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا کە (٤٠) کەس لە شارەزایانی سەربازیو مەدەنی بەریتانی بە سەرۆکایەتی ونستۆن چەرچڵ بەشداریان تیادا کرد: سێ بابەت لێکۆڵینەوەی لەسەرکرا، کەبریتیبوو لە داهاتووی سیاسی میزۆپۆتامیاو کەمکردنەوەی ئیلتزاماتی بەریتانیاو داهاتوی پەیوەندیەکانی بەریتانیا لەگەڵ میزۆپۆتامیا. [٢٧] ئەوەی بۆ عێراق لەم کۆنگرەیەدا بریاری لەسەردرا، ئەوەبوو کە فەرمانرەوایی ناراستەوخۆ لە ولایەتەکانی بەغدادو بەسرە پەیرەوبکرێتو (میر فەیسەڵی کوری شەریف حسێن) بکرێتە پاشای عێراق. سەبارەت بە کوردستانی باشور دوو رای جیاواز سەریهەڵدا :

- یەکەمیان کە لە لایەن تازە مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق (پرسی کۆکس) و (مس بێڵ) ی یاریدەدەری، داکۆکی لێدەکراو داوای یەکگرتنی باشوری کوردستانیان لەگەڵ دەوڵەتی نوێی عێراقی دەکرد.
- رای دووەمیان کە (هیوبرت) وەك سکرتێری یاریدەدەری



هەواڵنامەی کتێب

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕایگەیاند بریتیبوو لەوەی، کە کوردستانی باشور پێویستە دەستبەجێ سەربەخۆیی وەربگرێت، چونکە دەبێتە لەمپەر لەبەردەم چاوتێبڕینی بزوتنەوەی کەمالی لە عێراقی نوێدا. لەم ڕایەشدا نۆێل و چەرچڵ پشگیریانکرد. سەرەنجام ڕای دووەم دەنگی زۆرینەی کۆنگرەکەی بەدەستهێنا.[٢٨]

هەرچەندە چەرچڵ لە لەندەن سور بوو لەسەر ئەوەی کە برسی کۆکس دوو پۆستی هەیە یەکەمیان لە بەغداد مەندوبی سامیەو دووەمیان لە باشوری کوردستان کاروباری ئەو ناوچەیە بەڕێوەدەبات، تا ئەوکاتەی دانیشتوانەکەی خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاریدەکەن. بەڵام لەبەرئەوەی لە پراکتیکدا برسی کۆکس لە بەغداد فەرمانڕەوای باڵای بەریتانی بوو، بۆیە هەڵمەتی بەستنەوەی باشوری کوردستانی بە عێراقەوە دەستپێکردو لەدوای دەستبەکاربوونی هەموو هێزی زەمینیی و ئاسمانی بەریتانی خستبووە کار بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوە ناوچەکان لە ناوچە شاخاویەکانی ڕەواندوز بارزان و سلێمانیی و ئاکرێ، کەمالیەکان خێرا ئەم هەلەیان قۆستەوەو چەکیان ڕەوانەی کوردەکان کرد تادژی دەسەڵاتی بەریتانی ڕاپەڕن بە تایبەت لە ڕەواندوز.[٢٩]

لەم کاتەدا کوردەکان زۆر بە باشی کەوتبونە ژێر پڕوپاگەندەکانی کەمالیەکان کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کورد لە سنوری تورکیای نوێدا ئۆتۆنۆمی وەردەگرێت و ئەندام پەرلەمانی هەیە، ئەمە وایکرد کە هەڵوێستی بەریتانیا لە کوردستان لاواز بێت بەتایبەت دوای ئەوەی جەماوەری کوردی تێڕوانینیان بۆ بەریتانیا گۆڕابوو بەوەی، کە دەخوازێت بەزۆر باشوری





کوردستان بە عێراقی نوێوە بلکێنێت. هاوکات (جەمعیەی استقلالی کوردستان) لە سلێمانی بە تەواوی چالاك بووبوو، کە دژایەتی دەسەڵاتی تورکی دەکردو پشگیری هاتنەوەی شێخ مەحمودی دەکرد، ئەمە وایکرد کە حکومەتی بەریتانی ئەوە بە سەر کۆکسدا بسەپێنن کە پێویستە شێخ مەحمود بگەڕێتەوەو بارودۆخەکە هێور بکاتەوە.

هاتنەوەی شێخ، هاریکارە بریتانیەکەی نۆێل بۆ کوردستان و دواتر سەرکەوتنەکانی لە بواری ئارامکردنەوەی کوردستان و هەروەها پشگیریکردنی زۆربەی ناوچەکانی هەولێرو کۆیەوە سلێمانی، وەك گورزێك وابوو بۆ بەرنامەکانی کۆکس لە عێراق، بۆیە ئەمەی دوایی لە هەوڵی بەردەوامدا بوو بۆ پەکخستنی کارەکانی شێخ، ئەوەی یاریدەی نیازەکانی کۆکسیدا لاچونی چەرچڵ بوو لەسەر پۆستەکەی وەك وەزیری داگیرگەکان و جێگرتنەوەی لە لایەن کەسێکی تر کە شارەزایی لە کێشەی کوردا نەبوو، لە لایەکی تر ڕێکەوتنامەی لۆزان ڕۆڵی سەرەکی بینی، کە بەریتانیا بۆ ڕازیکردنی تورکەکان ئەو بەڵێنەیان پێبدات کە نەهێڵێت کوردەکانی باشور کێشە بۆ کۆماری نوێی تورکیا دروستبکەن. لە ئەنجامدا بیری لکاندنی باشوری کوردستان بە عێراقەوە بەرەو سەرکەوتن هەنگاوی هەڵهێنا [٣٠]

هەرچەندە بەریتانیاکان مافی دامەزراندنی حکومەتیان بە کورد بەخشیبوو لەناو سنوری عێراقدا، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ڕازیکردنی کورد بوو بۆ دورکەوتنەوە لە تورکیاو هەروەها بۆ سازشکردنی کورد بوو لە دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ ئەوە بوو کورد بخزێننە ناو سنوری عێراقی نوێوە.

کۆکس سەرجەم یارمەتیە داراییی و سەربازیەکانی لە شێخ بڕی، هەروەها هەوڵیدا لەناو کورددا جەماوەری فەیسەڵ زیاد بکات، بەڵام کێشەی هەرە بەرچاو



هەواڵنامەی کتێب

لەسەر ناوچەکانی کەرکوك‌و کفری بوو کە تۆمارکران لە ریزی ناوچە عێراقیەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، ئەمە جێگای ناڕازی شێخ بوو، لای خۆیەوە ئەو هەنگاوەی بە هەوڵی بەرایی بەریتانیا دانا بۆ لکاندنی ئەو ناوچانە بە عێراقەوە، کە ئەم لای خۆیەوە بە بەشێکی دانەبڕاوی قەڵەمرەوی خۆی دادەنا، ئەمە وایکرد کە شیخ پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەریتانیا ببچڕێنێت‌و سەربەخۆیی خۆی وەك مەلیکی کوردستان ڕاگەیاند.[31]

هەوڵەکانی کۆکس پشگیری تەواوی لە لایەن مەلیك فەیسەڵ لێدەکرا، کە بەڕای ئەو سنوری دەوڵەتی عێراق لە باکورەوە باشوری کوردستان‌و شارەکانی جزیرە دەگرێتەوە، ئەم داواکاریانە، مەلیك فەیسەڵ لە کاتی دانوستانەکانی لە گەڵ بەریتانیا لەسەر روبەری دەوڵەتەکەی بە راشکاوانە داکۆکی لەوە دەکرد، کە باشوری کوردستان بۆ عێراق رۆڵێکی ستراتیجی ئابوری‌و سیاسی گەورە دەبینێت، نەك هەر ئەوە بەڵکو داوای ئەوەی دەکرد کە باکوری کوردستانیش بخرێتە سەر عێراق، ئەو بە هەموو شێوەیەك دژی دەوڵەتی کوردی بوو.۲۹۲ هاوکات دژی بڕیارەکانی کۆنگرەی قاهیرەش بوو کە داوایدەکرد لە کوردستانی باشور راپرسی بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان ئەنجامبدرێت.دواجار دژی هاتنەوەی شێخ مەحمودیش بوو، بۆیە هاتنەوەی شێخ بۆ کوردستان، فەیسەڵ‌و کۆکسی کردە هاوخەبات بۆ ئەوی کوردستانی باشور بە عێراقەوە بلکێنن.[32]

لەلایەکی تر لە دەستپێکی بە پراکتیککردنە سیاسەتی ناڕاستەوخۆی بەریتانی لە عێراق بە پلەی یەکەم چەرچڵ گرنگیدا بە جێگیرکردنی کورسی پاشایەتی فەیسەڵ لە سنوری دەوڵەتێکی عەرەبی دیاریکراودا، هەرچی کێشەکانی تر هەبوو خستیانە ریزی پلە دوو، بۆیە کۆکس بە پشگیری ئەفسەرە عەرەبە سونەکان‌و فەیسەڵ ئەم هەلەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی کە بیسەلمێنن عێراق بەبێ





کوردستانی باشور لەروی ئابوریەوە لاوازە بە تایبەت کە نەوت لە نەفتخانە دۆزرایەوەو رایان وابوو کە ئەم سامانە ئەرکی دارایی بەریتانی لە عێراق کەمدەکاتەوە، هەروەها لە سەروبەندی سەرکەوتنی کەمالیەکان کۆکس ئەوەی خستەڕوو، کە پێویستە لەمپەرێکی سروشتی کە چیاکانی کوردستانە لەبەردەم هەرەشەی کەمالیەکان دابنرێت،خاڵێکی تر کەمینەی دەسەڵاتداری سونا پێویستی بە کوردی سونا هەیە بۆ ئەوەی باڵانسی ئاینزای سونە لە پەرلەمان‌و لە ناوەندی دەسەڵات لە بەرامبەر شیعە ڕاگرێت، کە بە ئاشکرا جیهادیان لە دژی بەریتانیاکان لە ۱۹۲۰ بەرپاکرد.[33]

### دووەم: رۆژهەڵاتی کوردستان

دوای کودەتای ۱۹۲۱ی ئێران، ئێرانیەکان رێککەوتنێکیان لەگەڵ بەلشەفیەکان مۆرکردو هەروەها پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کەمالیەکان دەستپێکرد، ئەمە وایکرد کە بەریتانیا بۆ ئەوەی ئێران نەچێتە بازنەی هاوپەیمانی بەلشەفی تورکی، سەرجەم پەیوەندیەکانی لەگەڵ سمکۆی شکاکدا ببچڕێ‌و یارمەتییەکی تەواوی ئێرانی دا بۆ سەرکوتکردنی شۆرشەکەی، لە لایەکی تر یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی بەستنەوەی باشوری کوردستان بە عێراقەوە، داواکاریەکانی ئێران بوو لە باشوری کوردستان، بۆیە بەریتانیا بە لکاندنی باشور بە عێراقەوە کۆتایی بە داواکاریەکانی ئێران هێنا.[34]

### سێیەم: باکوری کوردستان

لەگەڵ پەرەسەندنی سەرکەوتنەکانی کەمالیەکان‌و رێککەوتننامەی (کەمالی بەلشەفی)، بەریتانیاکان خۆیان لەبەردەم هەرەشەی هەردولادا بینیەوە، لەم

بارودۆخەدا دوو راسەریهەڵدا کە بریتیبوولە:

١. رای پرسی کۆکس کە بەند بوو لەسەر بنەمای هێرشکردن بە یارمەتیدانی کوردەکانی باکور لە دژی کەمالیەکان بەتایبەت دوای شکستی کۆنگرەی لەندەنی نێوان بەریتانیاو کەمالییەکان لە ١٩٢١.

٢. رای چەرچڵ کە باوەڕی بە بنەمای بەرگری هەبوو، بە بەهێزکردنی ریزی بەرگریکاری لە سنوری کوردستانی باشورو کوردەکانی ئەم ناوچەیە. چەرچل باوەڕی وابوو، کە پێویستناکات فشاری گەورە بۆ سەر کەمالیەکان دروستبکرێت، چونکە دەبێتە هۆی زیاتر نزیکبونەوەی کەمالیەکان لە بەلشەفیەکان، هەروەها لەمبارەدا رای جیهانی ئیسلامیش دژی بەریتانیاکان دەوەستێتەوە. لە لایەکی تر بەریتانیاش دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی سەربازیو دارایی گەورە کە لەوکاتەدا لە توانایدا نەبوو ئەو بەرپرسیاریە بگرێتە ئەستۆ.

بۆیە رای کۆتایی گەیشتە ئەوەی کە لە رێگەی لۆزانەوە مامەڵەی دبلۆماسی لەگەڵ کەمالیەکان بکرێت، ئەوە بوو ئەمە وایکرد کە بەریتانیا لە پشگیریکردنی باکوریەکان خۆ بەدوربگرێت، هەروەها بەپێی رێککەوتنەکە کەمالیەکانی لە باشوری کوردستان دورخستەوە، بەڵام لە دواجاردا بە شێوەیەکی پراگماتیکی کوردستانی دابەشکردو بەم رێکەوتن وایکرد کە کەمالیەکان هەڵەتی سەربازیو راگەیاندنو هاندان لە سنوری کوردستانی باشور رابگرن، بەمەش بەریتانیا سنوری باکوری عێراقی ئارامکردو دەسەڵاتی سەرتاسەری بەسەر عێراقدا کێشا. [٣٥]

**** ****





## سەرچاوەکان:

١. . محمد سليم سيد: تطورات السياسة الدولية, مطبعة مدبولى ، قاهرة، ٢٠٠٨،ل ٢٨٧.
٢. جليلى جليل و اخرون: الحركة الكردية فى العصر الحديث، دار الرازى، بيروت، ١٩٩٢، ل٩٩.
٣. . ويلسون نثانيل هاول: الكورد والاتحاد السوفيتى: ت: ضياءالدين المرعب، بغداد، ٢٠٠٦،ل ٢٦٨.
٤. . هنرى فوستر: نشاة العراق الحديث، ت: سليم طة التكريتى،ج١،المكتبة العلمية:ل١٤٢
٥. .فەيروز حسن حمە عزيز: الاهمية الجيوسياسية لكردستان الجنوبية وتاثيرها على السياسة البريطانية، مركز دراساة، سليمانية، ٢٠٠٨، ل١٦٢
٦. امال السبكى: ايران بين الثورتين(١٩٠٥-١٩٧٩)، دار المعرفة، كويت، ١٩٨٩، ل٢٦.
٧. محمد سليم سيد: هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٩.
٨. سەعد بەشیر ئەسکەندەر: سياسة بريطانيا العظمى تجاة مستقبل كردستان،بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧ ل٥٢
٩. فەیروز حسن حمە عزیز: هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٢٥٦-٢٥٧.
١٠. جليلى جليل واخرون: سەرچاوەی پێشوو،ل ٩٨
١١. فەیروز حسن حمە عزیز: هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦٨.
١٢. فاضل حسين: مشكلة موصل: مطبعة الرابطة، بغداد، ١٩٥٥، ل ٢-٣
١٣. ١١٩ الحركة،
١٤. ١٣٩-١٤٠ ئەسکەندەر
١٥. وەلید حەمدی: ٦٦-٦٧
١٦. (٢٨٢_١٨٥) فەیروز
١٧. ١٤٦-١٤٧ ئەسکەندەر.
١٨. کمال مەزهەر ٣٣٨-٣٣٩.
١٩. ١٥٦ ئەسکەندەر.
٢٠. ١٠٧ ئەسکەندەر
٢١. ١٠٩ ئەسکەندەر.
٢٢. ( عوسمان عەلی٣٠٨)
٢٣. سوڤیەت ١٣٢.
٢٤. ئەسکندر ١٧٦-١٧٧.
٢٥. وەلید ٧٦
٢٦. فاضل حسين ٧.
٢٧. ئەسکەندەر٢٣٤.
٢٨. احمد محد ٤٥
٢٩. وەلید ٩٩-١٠٠
٣٠. عثمان ٤٣٠-٤٣١.
٣١. ٢٧٩(٣١) ئەسکە.
٣٢. کریس کۆچیرا ٧٩.
٣٣. ئەسکەندەر ٢٩٣
٣٤. ئەسکەندەر٣١٢-٣١٣.
٣٥. وەلید ٣١٤
٣٦. ئەسکەندەر ٣٤١

# ڕۆڵــی **کـــورد** لەپـــــاراستنی **ئەرمەن** و پەیوەندییەمێژووییەکانیان

ئارام مەجید شەمێرانی

## کوردەکان ئەرمەنیان پاراستوە نەك جینۆسایدکردنی ئەرمەن

مەسـەلەی جینۆسـایدی ئەرمـەن بابـەتێکی گـرنگ و هەسـتیار و زینـدوە لەڕابردوو و ئـەمڕۆدا، لێـرەو لـەوێ زۆری لەسـەر نوسـراوەو زۆری لەسـەر وتـراوە دەربـارەی کۆمـەڵکوژی ئەرمـەن و بەشـداری کردنـی کـورد و ناوهێنـانی لـەو کـارە قێزەونـــەدا، زۆر نوســـەرو مێـــژوونوس بێئاگایانـــە لـــەڕابردوو و لـــە مێـــژوو بێشەرمانە کوردیـان خـستوەتە بۆتـەی ئـەو تاوانـە دژە مرۆڤایەتیـە، بێئـەوەی ئاگـاداری پەیوەنـدی و هاوکـاری و دۆسـتایەتی ئـەم دوو نەتەوەیـە بـن، چـونکە ئەوانــە بەچـاویلکەی تـورکی فاشـی و ڕۆژئـاوای دوور لـەدین خوێندنـەوە بـۆ ڕووداوەکـان دەکـەن لەکاتێکـدا ڕۆژئـاوا خـۆی ئاگـاداری کێـشەکە بـووە، کەچـی





لەئاستیدا بێدەنگی نیشانداوە، ئەمـەش بـەهۆی بەرژەوەنـدی و سیاسـەتی خۆیـان بـووە....!! یـان هەنـدێك کـەس لەژێرسـێبەری لایـەنێکی تونـدڕەو دژە کـورد و بـەکرێگیراو ئـەو کارانـە دەکـەن و دەنوسـن و هەڵیدەواسـن، چـونکە قـسە بێدەسەڵاتەو هەموو کەس پێی دەوێرێت و دەتوانێت باق و بریقی پێ بدات،

ئەوانـە هـەرگیز فێرنـەبوون بەچاوی واقعی و مێژووی ئاوڕ لـە ئارێشە و کێـشەکان بدەنـەوە و ڕاسـتیەکان وەك خـۆی بگەیـەنن و بینوسـن کـەوا کـورد هەرلەسـەرەتاوە دۆسـت و هاوکـاری ئەرمـەن بـووە و ڕۆڵـی بەرچـاوی هـەبووە لەپاراســتن و رزگــارکردنی ئەرمەنــەکان و پاراســتنیان لەدەســت دوژمنــە سەرسـەختەکەی هـەردوولا کـەتورکی فاشـست و دەمـارگیربووە، ئەوانـە هـەرگیز زمانیـان راسـت نـاڵێ و قەڵـەمیان واقعـی نانوسێت و چاویان بـەرایی نـادات کورد ببینێـت و دوژمنـی سەرسـەختی کوردن و کەسایەتیە ناودارەکانی **کورد** بەسوك سەیردەکەن، لەکاتێکدا ئەگەر چاوێك بەنێو لاپـەڕەکانی مێـژوودا بگێـڕین بۆمـان دەردەکەوێت کە ئەوانە چەند بەپەرۆش بون بـۆ هاوکـاری ئەرمـەن و پاراستنیان، هەندێك لەوانە وەك (بـەدرخان پاشـا) کـەهانی کوردەکـانی دەدا بـۆ ژن‌و ژنخـوازی لەگـەڵ ئەرمەنـەکان یـان کەسـایەتیەکی وەك (شـێخ عوبەیـدوڵلا) کەلـەکۆنگرەی سـاڵی ١٨٨٠دژی لێـدانی ئەرمەنـەکان بـوو وە نـەیارەکانی ئـەو فیکـرەی دەمکوتکرد کەبەکرێگیراوی عوسمانیەکان بوون ئەمەیـە راسـتی مەسـەلەکان، ئـەو هاوکاریانـە بەردەوامە تا سەردەمی (سـوڵتان عەبدالحمیـد) و سـوارەی حەمیدیـە کـە لـە سـاڵی ١٨٩١بە فەرمـانی سـوڵتان پێـك هێنـرا، ئەمـەش کەسـانی ماسـتاوچی و بـەرتیلخۆری دژە کورد و ئەرمەن تێیدا بەشداربون، سـەرەڕای ئـەوەش دروشمـی خـودی سـوڵتان ئــەوە بــوو کــە ﴿تــا ئەمــە هۆکارێــك بێــت بۆکۆتــایی کێــشەی ئەرمــەن و جینۆسـایدکردنیان﴾ هـەر ئـەو دروشمـەش بـوو دەسـەڵاتەکانی دواتـر درێـژەیان



هەواڵنامەی کتێب

پێداو لەسەری ڕۆشتن لەکوشتاری ئەرمەنەکان.

لەگەڵ ئەوەی سوارەی حەمیدی بەرهەمی عەقڵ و هزری سوڵتان بوو بۆ لە ناو بردن و لێدانی ئەرمەن و کوردەکان، بەلاّم هەمویان دژی ئەرمەن نەبون و ئەوکارانەی سوارەی حەمیدی کردیان لەڕەشەکوژی ئەرمەن هەمویان کوردنەبوون و نابێت ئەوەش لەسەر کوردیش تۆماربکرێت وەك ئەوەی هەندێك کۆلکە نوسەر کردویانە، چونکە لەراستیدا ئەوە سوپایەکی سەر بە حکومەت بووە و فەرمانی حکومەتی جێبەجێکردوە و نەیتوانیوە لەبڕیاری حکومەت دەرچێت، سەرەڕای ئەوەش کوردستان لەو سەردەمەدا لەنێوان دوو بەرداش دا دابەشکراوە بەشی ڕۆژهەلاّت و بەشی ڕۆژئاوا، لەبەشی ڕۆژئاواشدا کە لەژێر دەسەلاّتی عوسمانیدا بو هەموویان بەشدارنەبون بەشی باشوری هەر ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نەبوون تەنانەت ئامادەش نەبون یەك سەربازی خۆیان بنێرن بۆ ئەو کوشتارە، ئەوەی ئاگاداری ئەم کێشەیەبوو تەنیا کوردەکانی باکور بوون ئەوانیش وەك دانیشتوان بەشدارنەبون، بەڵکو هەندێك ئاغاو دەرەبەگ و کەسانی بەکرێگیراو بوون، بۆیە ناکرێت ئەمە نەتەوەیەکی پێتاوانباربکرێت تاوانی ئەو کوشتارە بخرێتە ئەستۆی، چونکە خاوەن بڕیار دەوڵەت بووە نەك کورد.

تەنانەت ناوهێنانی وشەی (کورد) یش لەڕووی زمانەوانیەوە ڕاست نیە، چونکە کەدەڵێین کورد واتە هەموو کورد بەشداربوە، بەلاّم لەمێژوودا هەرگیز نەتەوەی کورد بەژن و منداڵەوە، بەگەورەو بچوکەوە دژی هیچ نەتەوەیەك نەبووە نەخوازە ئەرمەنیش، کەپێکەوە گیرۆدەی دەستی دەوڵەتی عوسمانی بوون، بەلاّم دەکرێت بەناوی هەندێك ئاغاو دەرەبەگەوە ناوبنرێت نەك نەتەوەی کورد، لەسەرەوە ئاماژەم بەوەدا کەهەموو سوارەی حەمیدی لەو کوشتارە بەشدارنەبوونو هەندێك ئاغای کورد دژی ئەم کێشەیە بوون، بۆیە لێرەدا





دەمەوێت بە بەڵگە ناوی هەموو ئەو کەسانە بەرم کوردبون و لەناو سوارەی حەمیدی و دەرەوەی ئەو سوپایە بوون، دژی ئەو کێشەیە بوون تەنانەت ئەرمەنەکانیشیان پاراستوەو ڕووبەڕوی دەوڵەت وەستاون بۆ پاراستنیان.

ئەو کەسانەی لەناو سوارەی حەمیدی بوون و ئەرمەنەکانیان لەکوشتن پاراست و دژی ئەرمەن نەبون وەك ﴿متیع الله﴾ کەلەناوچەی مۆکس و ﴿بەدرخان بەگ﴾لەمەرگەوەڕ و قائیمقام ﴿حاجی خان﴾لە نوردز، ئەمە و جگە لەوەش کەسایەتیەکی وەك ﴿زوهیر ئاغایان﴾یەکێك بووە لەو ئاغایانەی کەدژی سوپای عوسمانی وەستاوە بۆ پاراستنی ئەرمەنەکان، کوردەکانی ناوچەی (دەرسیم)یش زیاترلە(٥٠)هەزار ئەرمەنی ئاوارەیان لەکوشتن پاراست و ڕزگاریان کردن، وەکەسایەتیەکی کوردی وەك ﴿ئیبراهیم پاشای میللی﴾ کەپلەی میری میرانی هەبوو زیاتر لە (١٠)هەزار ئەرمەنی لەکوشتن پاراست، سەرەڕای ئەوەش هەڵویستی ڕۆژنامەی کوردستانیش کە بۆ ئەوکات زمانحاڵی نەتەوەی کورد بوو دڵسۆزانە هانی کوردانی دەدا کەدژی سوڵتان بن و دوور بن لەکوشتاری ئەرمەنەکان ئەمەیە هەڵوێست و ڕۆڵی جوامێرانەی کورد و ڕۆژنامەکەی، لەراستیدا ئەوەی لەمێشکی تورکاندا بوو، پلانی بۆ دانرابو سڕینەوە و لەناوبردنی نەتەوەی ئەرمەن بوو، لەمێژوودا کورد نەخشەی بۆ لەناوبردنی هیچ نەتەوەیەکی غەیرەدین و غەیرە خۆی دانەناوە و هەرچی ڕوویدابێت دەستی دەرەکی بووە و توانیویانە بەچەند کرێگیراوێك ئەو کارانە بکەن وەك جاشەکانی لای خۆمان کەدەستیان لەئەنفالی کورداندا هەبوو دواتر وەك بەرزەکی نەبان بۆی دەرچوون....!! تورکیش ئێستا دەیەوێ دەستی تاوانی خۆی بەسەر کوردی بێتاواندا بسڕێ.

هەروەها لەساڵی ١٩٠٣شدا تورکەکان ویستیان ئەرمەنەکانی ناوچەی ساسۆن دەرکەن و ئەوانیش ڕاپەڕین، کوردەکانیش وەك وەفایەك بۆ ئەرمەنەکانی دراوسێیان لەو ڕاپەڕینەدا بەنهێنی بەئاشکرا یارمەتی ئەرمەنە ڕاپەڕیوەکانیاندا، هەرئەمەش بوو وای لەقۆنسوڵی بەریتانیا کرد لە ئەرزە ڕۆم کە لە نامەیەکی ڕۆژی ١٦تشرینی یەکەمی ١٩٠٣بنوسێت (لەم چەند مانگەی دوایدا دیاردەیەك سەرنجڕادەکێشێت ئەویش مەسەلەی پەیوەندی کوردو ئەرمەنە و کوردەکان یارمەتی ئەرمەنەکان دەدەن) تەنانەت بەریتانیەکانیش چاویان بەم دۆستایەتیەدا هەڵنەدەهات، بەهەمانشێوەش لەسەردەمی هاتنە سەرکاری تورکەلاوەکان لەساڵی ١٩٠٨کورد و ئەرمەن دۆست و هاوکاری یەکبوون و هەر لەو سەردەمەشدا ڕێکخراوی (کورد تعاون ترقی جمعیتی) بەسەرۆکایەتی شێخ عبدالقادر نەهری دامەزرا، کە یەکێك لەئامانجەکانی بەهێزکردنی پەیوەندی کورد و ئەرمەن بوو، ئەمە هەڵوێستی کوردە نەك کوشتاری ئەرمەن، تەنانەت کەتورکە لاوەکان پێشتر بەڵێنیان بەهەردوو نەتەوە دابوو لەو بەڵێنەی خۆیان پاشگەزبونەوە ئەمەش سیاسەتێکە لای زۆر دەوڵەتی داگیرکەری کورد و ئەرمەنەکان درێژەی هەبوە، بۆیە دژی هەردوو نەتەوە بونەوەو، لێرەدا تورکەکان ئەرمەنەکانیان بەلەمپەر دەزانی بۆ جێبەجێکردنی فکرەو هزری پانتورانیزمیان کەگەشتن بوو بەناوچەکانی (ئازەربایجان و تورکمانستان)و دروستکردنی دەوڵەتی تورانی تورك، بەیە ساڵی ١٩٠٩جارێکی تر ماڵوێرانیان هێنایەوە بەسەر ئەرمەنی زوڵم لێکراودا.

هەر لەو قۆناغە بەدواوە چەند کەسایەتیەکی تری کورد وەك (حەسەن بەدرخان و عبدالرزاق بەدرخان) ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لەپتەوکردنی پەیوەندی کوردو ئەرمەن، لەڕاستیدا ئەمە هەڵوێستی ناودارانی کوردە کەچی ناحەزانی کورد، کورد بەو، مەسەلەیە تاوانباردەکەن بێبەڵگە، لەساڵی





١٩١٣(مەلاسەلیم) داوای هاوکاری و کۆمەکی ئەرمەنەکان کردو پاشتر کە ڕاپەڕینێکی بەرپاکرد کوردو ئەرمەن جارێکی تر دۆست و هاوکاری یەك بوون و بۆ پاراستنی یەکتر هەوڵیاندەدا، هەر لەوبارەیەوە ڕۆژنامەی ئەرمەنی بەناوی (هوریزۆن) دەنوسێت: (کوردەکان بەوپەڕی ڕێزو دۆستایەتی لەگەڵ ئەرمەنەکان هەڵسوکەوتدەکەن) ئەمە شایەتیدانی خودی ئەرمەنەکانە بە بەڵگەوە، ئیتر ئەوانەی باسی کورد دەکەن لەکوشتاری ئەرمەن تەنیا فیشەك بەتاریکیوە دەنێن، بەلاّم ناحەزانی هەردولا حەزیان بەئاژاوەو قسەی بێ بەڵگەیە و دەیانەوێت بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان کورد لەو مەسەلەیەدا تاوانباربکەن، کەچی خۆشبەختانە ئەمڕۆ لای ئەرمەنیش ئەوە ساغبوەتەوە کە کورد دەستی لەو کوشتارو کێشەیەدا نەبوە تەنانەت مێژوونوسی ئەرمەنی (ئارشاك سا فرستیان) لەکتێبی کوردو کوردستانەکەی ئەوەی ئاشکراکردوە کە: (خودی تورکەکان هەموو تاوانێکی لێککەوتنی هەردوو گەلی برای کوردو ئەرمەنیان لەئەستۆدایە نەك کورردەکان) ئەمەش بەڵگەیەکی تری خودی مێژوونوسی ئەرمەنەکانە و دیرۆکنوسەکانیان شایەتی لەسەردەدەن، لەڕاستیدا پێموایە هێندەی نوسەران و مێژوونوسان باسی ئەوەیان کردوە، کە کورد بەشدارە لەکوشتاری ئەرمەن و کۆمەڵکوژی ئەرمەن و تاوانبارکردنیان بەکوشتاری ئەرمەن هەرگیز باسی ئەوەیان نەکردوە کە کورد چەندێك ئەرمەنی پاراستووە و لەمردن رزگاریکردوون، خۆشبەختان دەتوانین بڵێین نیوەی ئەرمەنەکانی ئەمڕۆ نەوەی ئەو ئەرمەنانەن کوردەکان لەمردن ڕزگاریان کردوون.

## ئەرمەنەکان لەژێر بڕیاری سەرانی سێکوچکەی دیکیتاتۆریەت دوچاری جینۆسایدکردن بوون

لەمبەشەدا دیسان دەمەوێت زیاترلەوەی کە پێوستە بچمە نێو بابەتە گرنگەکانی مێژووی پەیوەندیەکانی کورد و ئەرمەن و دورخستنەوەی کورد لەکوشتارو کۆمەڵکوژی ئەرمەن و نیشاندانی مێژووی ڕاست و دروستی کورد بەشێوەیەکی شەفاف و بەڵگەنەویست و لادانی ئەو پەردەڕەشە نامۆیەی کەبەدەستی لەخوێن هەڵکێشراوی تورکی ئەرمەن کوژ و دژە ویژدان لەسەر ڕووی سپی مێژووی کورد، لەڕاستیدا ئەم کارە هەروا ئاسان نییە، چونکە زۆر لەنوسەرەکان بەبێبەڵگە و بەشێوازێکی نامەنتیقی خۆیان بەو بابەتەوە هەڵواسیوە و کانیاوی ڕاستیەکانیان بەبەردی ڕش و نەگریسی خۆیان پرکردۆتەوە و خۆیان بەسۆپەر مێژوونووس ناوزەندکردوە، بۆیە ئەمەش هەوڵو ماندوبونی زۆری دەوێ و ئەرکی سەرشانی نوسەر و مێژوونوس و ڕۆشنبیرە بە وییژدانەکان هەردوو نەتەوەی برای کورد و ئەرمەنە.

لێرەوە دەمەوێت ئاشناتانکەم بەبەشی دووەمی راستی و بەڵگەکان، کەلەماوەی جەنگی جیهانی یەکەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و نەتەوەکانی جیهان توشی کارەسات وماڵوێرانی بوون، بەڵام ئەوەی گرنگە مەسەلەی پاراستنی ئەرمەنەکانە لەلایەن کوردە خۆنەویست و قارەمان و دڵسۆزەکانەوە کەلەکاتی تەنگانەو گەرمەی شەڕدا ئەرمەنی برایان لەیادنەچووە، لەو پێناوەشدا ئامادەی قوربانیدان بوون لەپێناو پاراستنیان، ئەمەیە ڕاستی مەسەلەکان بەدەستی ناحەزان و بەناو مێژوونوسان شێوێنراوە.





زۆربەی زلهێزەکان لەساڵانی جەنگدا لەهەوڵی سەرنجڕاکێشانی نەتەوەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی بوون بەبیانوی جۆراوجۆر بۆ مەبەست و بەرژەوەندی گلاَوی خۆیان، وەلەهەمانکاتیشدا سیاسەتێکی نادیاریان بەرامبەر هەردوو نەتەوەکە هەبوو، لەهەوڵی بەگژیەکدادانی کورد و ئەرمەن بوون ئەمەش لەسنورو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ زیاتر شێواندنی بارودۆخەکەو تاوانبارکردنی نەتەوەی کورد، ئەوەی گرنگە بۆ مێژوو ئەوە بوترێ لەساڵانی جەنگی یەکەمدا دەوڵەتی عوسمانی لەژێر فەرمان و سیاسەتی سێکوچکەی دیکتاتۆری ئیتحاد و تەرەقی بوو کە(جەمال پاشا و ئەنوەرپاشا و تەلعەت پاشا)بوون، ئەمانە خاوەن دەسەلاَت و خاوەن بڕیاربوون، تەواوی فەرمانەکان لەلایەن ئەوانەوە دەردەچوو، ئەمانە باوەڕیان بەپێکەوەژیانی نەتەوەکانی ناو دەوڵەت نەبوو لەهەوڵی پاکتاوکردنیان بوون، بۆیە لەو ماوەیەدا ئیتیحادیەکان کوشتارێکی ترسناکان لەکورد و ئەرمەن کرد، ئەمەش گوزارشتێك بوو لەماهیەتو فراوانخوازی و ڕەگەزپەرستی بزووتنەوەی تورانیزم، چونکە ئەوان باوەڕیان بەهەردوو نەخشەی پانتورکیزم و پانتورانیزم بوو، ئامانج لەنەخشەی یەکەم بەتورککردنی هەموو میللەتی غەیرە تورك بوو کە زۆربەی دانیشتوانی دەوڵەتی پێکدەهێنا، ئامانج لەنەخشەی دووەم کۆکردنەوەی هەموو میللەتی تورانی بوو لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی تورکی فراوان کە لە بەغازی بسفۆڕەوە دەستیپێدەکردو دەگەشتە ئاسیای ناوەڕاست، بەلاَم لەبەرامبەر ئەمەدا گەلی ئەرمەنیان بەلەمپەرو ڕێگر دەزانی بۆ گەشتن بەو خەونەیان، چونکە بە پێگە جوگرافیەکەی تورکانی ئامۆزای تورانیەکانی دانیشتوانی ئازەربایجانی ڕوسیا و تورکستانیان جیادەکردەوە، لەو پێناوەشدا هەمو ڕێگەوشێوازێکی نامرۆڤانە و

کوشت وبڕیان دەگرتەبەر، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تر سیاسەتێکی تریان بەکاردەهێنا ئەویش هەستی ئاینی بوو ئەمەش بۆ بزواندنی هەستی ئاینی کورد بوو، بەلاّم لەهەمان کاتدا ئیتیحادیەکان عەلمانی بوون و باوەڕیان بەئاین نەبوو، لەلایەکی تر لەو ئان و ساتەدا سولْتان بەناوخۆی بەپارێزەر و خەلیفەی ئیسلام دەزانی و بانگەوازی ئاینی دەکرد بۆنەتەوەکانی ناو دەولْەت، بەلاّم لەهەمانکاتیشدا لەگەڵ ئەڵمانیای غەیرە ئیسلام دەستی تێکەڵکردبوو ئەمە سیاسەتی سولْتان بوو دژی ئەرمەنی مەسیحی کەچی دۆست و هاوپەیمانی ئەڵانی مەسیحیش بوو، ئەمەیە سیاسەتی چەواشەکاری سولْتان بەناو خەلیفە، لەڕاستیدا ئەمە دوورە لەواقعی ئیسلام، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کەس وای بۆ دەچن کە کورد بەهۆی سیاسەتی کوێرانەی ئاینی دژی ئەرمەنەکان بووە، بەلاّم ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە بەدرێژی مێژوو تائەمڕۆش کورد کێشەی ئاینی لەگەڵ هیچ نەتەوەیەك نەبووە و بوونی ئەو هەموو ئاین و ئاینزایە لەکوردستان ڕاستیەکی بەڵگەنەویستە، سولْتان و سەرانی تورك لەم سیاسەتەیان زیرەك بوون کەوتنە فەتوادەرکردن، بۆیە هەر لەسەرەتای شەڕەوە دیسان تورکەکان کۆمەڵکوژی و ماڵوێرانیەکی تریان بەسەر ئەرمەنەکاندا هێنا، تەنانەت لەڕۆژی ١٩١٥/٤/٢٤فەتوایەکیان دەرکرد کە لەسەر کورد و تورك پێویستە غەزای ئەرمەن کوشتن دەستپێبکەن و لەمایسی هەمانساڵدا حکومەت فەرمانی دەرکرد ئەرمەنەکان لەسەر سنور دەربکەن لەو سەروبەندەدا (ئەنوەر پاشا) سودی لەو هەل و بارودۆخە وەرگرت تا بەوتەی خۆی (مەسەلەی ئەرمەن بۆ هەتاهەتایی لەتورکیادا چارەسەربکات و ئەو کێشەیەش بنەبڕبکات)کەئەویش ڕەشەکوژی ئەرمەنەکان بوو بەشێوەیەك هیچ ئاسەواریان نەمێنێ ئەمەش بەڵگەیەکە کەخودی ئەنوەر پاشا خاوەن بڕیارە کەیەکێکە لەسێکوچکەی دیکتاتۆریەت نەك کوردەکان.





لەماوەی شەڕی جیهانیدا دەوڵەتی عوسمانی توشی چەندین شکستی یەك لەدوای یەك بویەوە لەبەرەکانی شەڕدا، بۆیە هەریەك لەئەنوەر پاشاو تەلعەت پاشا هەوڵیاندەدا تاوانبار و هۆکاری ئەو شکستەیان بدۆزنەوە وە کەسیش لەو ڕۆژەدا وەك ئەرمەن بۆ ئەو مەسەلەیە دەستینەدەدا بۆیە ئەنوەر بڕیاریدا تەواوی ئەرمەنەکانی تورکیا لەناوبەرێ بەوشێوەیە کوشتارێکی دروستکرد تاوانەکانی (سولْتان عبدالحمید) لەو بارەیەوە هیچ نەبوو....!!سەرەڕای ئەوەش هەستا بە بەردان و ئازادکردنی زیندانیەکان و مەرجی ئازادبونیانی کردبوو بە کوشتنی ئەرمەن و لەناو بردنیان، لەلایەکی تر بۆ تاوانبارکردن و سوککردنی کورد هەستا پیاوکوژ و تاوانبارەکانی خۆیان جل و بەرگی کوردی لەبەردەکردن و دەیان ناردنە سەر ئەرمەنەکان بەجۆریك کەبەشێوەیەکی وەحشیگەری و دڕندانە قەتڵ و عامی ئەرمەنیان دەکرد و لەهەموو لایەك بلاّویاندەکردەوە کەوا کوردەکان پەلاماری ئەرمەنەکانیان داوە و کوشتاریان لێکردوون، بەوشێوەیە ناوی کوردی بێتاوانیان زڕاندوە ئەمەیە سیاسەتی شەیتانی تورك و تاوانی نێومێژووی ڕەشیان، ئەمەیە تێکدانی ڕاستیە مێژووییەکان و هەندێك لەمێژوونوسەکان دیماگۆجیانە﴿ساویلکە﴾ شوێن ئەو سیاسەتە شومە کەوتوون، کە دوورە لەڕاستیەوە لەوەوە خوێندنەوە بۆ کورد و مێژووەکەی دەکات.

جگە لەو سیاسەتە ناڕەوایانە سەرانی تورك بۆلەناوبردنی ئەرمەن چەندین بڕیار و بروسکەی جۆراو جۆریان دەردەکرد، لەوانەش بە نمونە بروسکەیەکی (تەلعەت پاشا)یە دەینێرێت بۆ حاکمی حەلەب و دەڵێت (بەرلە ئێستا پێتان ڕاگەیەنراوە کەوا بەپێی فەرمانی جەمعیەت بڕیار دراوە کە بەیەکجاری ئەو ئەرمەنانە لەناو ببرێت کە لەتورکیا دەژین، ئەوانەی دژی ئەم



هەواڵنامەی کتێب

بڕیارەن ناتوانن لەسەرکاری خۆیان بمێنن، هەرچەندە ئەو هەنگاوانە توند و تیژبن، بەلاّم بەهیچ شێوەیەك گوێمەدەنە تەمەن و ژن و پیاو و ویژدان)ئەمە ناوەڕۆکی سیاسەتی تورکەو تەنانەت دژی ویژدانیشن.....!!!!

لەئەنجامی ئەم سیاسەتەی تورك کەبەپێی ڕاپۆرتێکی ئینگلیز لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٦ناردبوی بۆ پەرلەمانی وڵاتەکەی نوسرابوو (لە دوو ملیۆن ئەرمەنی دانیشتوی تورکیا ١/٣یان کوژراون و ١/٣یان ئاوارەو دەربەدەر بوون)، تەنانەت ڕۆژنامەنوسی ڕووسی لەوبارەیەوە دەنوسێت (لەشاری وان نەکەسی زیندووی تیا ماوە نەخانووی بەپێوە ماوە، لەشاری بەتلیس لە١٨هەزار ئەرمەنی تەنیا ٣٠٠تا٤٠٠ ژن و منداڵ ڕزگاریان بوو، لەشاری موش و ئەو سێ گوندەی دەوروبەری کە ٢٥هەزار ئەرمەنی لێدەژیا پاش ڕەشەکوژییەکان تاکەکەسێکی لێدەرنەچوو...!!) ئەمەیە سیاسەتی جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی تورك کەبەو کارانەیان لاپەڕەکانی مێژووی خۆیان پێ ڕەش و شەرمەزارکرد، لەڕاستیدا لەمپەڕ بۆ ئەو پەڕی مێژووی کورد بگەڕێ سیاسەت و کارێکی هاوشێوە و قێزەونی وا بەدی ناکەی، ئیدی کامەیە کوشتاری ئەرمەن بەدەستی کوردی بێ دەوڵەت و بێ کیانی سیاسی.

لەبروسکەیەکی تری وەزیری ناوخۆ (تەلعەت پاشا) دەڵێت: (ئەرمەنەکانی ولایەتی ڕۆژهەلاّت بەنهێنی بکوژن) کەچی خۆشیان ئەو ڕاستیانە باش دەزانن، بەلاّم تائەمڕۆش سەرانی تورك دانیپێدا نانێن و تورکی لێبێبەری دەکەن، لەگەڵ ئەو هەموو ماڵوێرانی و ڕەشەکوژیەی سەرانی تورك و دەوڵەتی عوسمانی بەسەر نەتەوەی ئەرمەنیان دا هێنا، کەچی پاکانە بۆ خۆیان دەکەن و تاوانی ئەوکوشتارانە دەخەنە ئەستۆی کورد، ئەمەش بۆ ئەوەی پەردەی ڕەش و تاریك بەسەر کوردەکان بدەن و بەچەتەو ڕێگر لەقەڵمیان بدەن، لەلایەکی تر ئابڕووی





بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەرن و لەکەداری بکەن، وەلەلایەکی تریش ئەمە بەهانەیەکیش بێت کە پەلاماری کوردەکانی پێبدەن، تەنانەت (تەلعەت پاشا)پاکانە بۆخۆی دەکات و تاوانی کوشتارەکە دەخاتە ئەستۆی خودی ئەرمەنەکان، چونکە یارمەتی ڕوسیایان داوە و دەڵێت: کلێسەکانیان جگە لەچەك و تەقەمەنی هیچی تری تیانەبووە، بەلاّم ئەی تاوانی ڕاگوێزان و کورد کوشتن دەخاتە ئەستۆی کێ.....!!!! لەکاتێکدا هاوئاینی خۆیان بوون، بەلاّم پەتی درۆ کورتە و مێژوو حاکمێکی بەویژدانەو تاوانباران لەمەحکەمەی مێژوو ڕزگاریان نابێت و مێژوو ڕەحم بەکەس ناکات.

جگە لەوەش (جەمال پاشا) تاوانی کوشتارەکە دەخاتە ئەستۆی ڕوسەکان، چونکە هانی ئەرمەنیان داوە دژی تورکەکان، ئەمانە بڕووبیانوی پوچن و ناگاتە ئەوەی نەتەوەیەکە بەژن و منداڵەوە جینۆسایدکەیت خۆ ئەوانە نەلەبەرەی شەڕدابون و نەلەناو سوپای ڕوس، ئەمە واقعی مێژووە، بەلاّم ئەی ماڵوێرانی و ڕاگواستنی کوردەکان چی....؟! سەرەڕای ئەوەی ئیتیحادیەکان ئەو کارەساتەیان بەسەر ئەرمەن هێنا بڕیاریاندا ئەوەی بەئەرمەنیان کردوە بەکوردیشی بکەن، بۆیە دەستیانکرد بەڕاگواستن و ئاوارەکردنی کوردەکان ئەمەش بەمەرجێك ژمارەی ئەو کوردە ئاوارانە لەهەر شارێکی تورکدا ژمارەیان لە٥٪ زیاتر نەبێت لەڕاستیدا ئەمە سیاسەتی تەتریك و تواندنەوەی کوردە لەبۆتەی نەتەوەی تورکدا، لەئەنجامی ئەوەدا نزیکەی ٥٠٠کورد گیانیان لەدەستداو ٧٠٠هەزار کوردیش بەرەو ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ ڕاگوێزران ئەمانە بەدەم ڕێگەو برسێتی و ماندوێتی و سەختی ڕێگا لەناوچون و بەشێکی تریان پێش ئەوەی بگەنە شوێنی دیاریکراو کوشتنیان، هەر لەو بارەیەوە (د.عبدالعزیز یامولکی) دەنوسێت (تابڕانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی زیاتر لە٧٠٠هەزار کوردی تورکیا مردن و لەناو

بران)ئەمانە ڕاستی سیاسەتی تورکەو چاویان بەرایی نادات ڕاستیەکان ببینن).

سەربارى ئەوەى کوردەکان وەك ئەرمەنەکان توشى کارەسات و ماڵوێرانى سیاسەتى ڕەگەزپەرستى تورك بون، بەڵام لەو قۆناغەشداو لەگەرمەى شەڕیشدا برا ئەرمەنەکانیان لەیادنەکردوە بەپێى توانا یارمەتى ئەرمەنیان داوە، تەنانەت ئەو ئەرمەنانەى لەڕێگەى دیرۆزەوە پەنایان بردوەتە بەر کوردە یەزیدیەکان ئەوانیش پاراستویانن و نەیانهێشتوە تورکەکان سزایانبدەن و لەناویانبەرن، لەلایەکى تر (عبدالعزیز یاموڵکی) دەنوسێت: (بێگومان ئەو ئەرمەنانەى لەئەنادۆڵ مابونەوە، لەشمشێرى تورکان ڕزگاریان بوو بەبێ خۆهەڵکێشان سێ لەچواریان ئەوانە بوون کورد ڕزگاریکردبوون یان شاردبونیەوە) بەهەمانشێوە (د.بلەج شێرکۆ) دەنوسێت: (خۆشبەختانە ئەمڕۆ لەکۆڕەکاندا ساغبوەتەوە کەلەساڵانى جەنگى گشتیدا و لەکاتى کوشتارى ئەرمەندا کوردەکان بەوەى داڵدەى ٥٠هەزار ئەرمەنیان داوە و نەیانهێشتوە دەستى تورکانیان پێبگات، کارێکى دۆستانەو بێوێنەیان ئەنجامداوە، بەتایبەت خودى ئەرمەنەکان دان بەو ڕاستیەدا دەنێن) وە لەساڵى ١٩١٥دا کەسایەتیەکى وەك (ئەحمەد بەگ) بویە سایەو پەناى ئەرمەنەکان و گەلێکى لەمردن رزگارکرد، وەلەنامەیەکى تایبەتیدا ئەرمەنەکانى گوندى (خاتسۆ)باسى ئەوەیانکردوە، کەچۆن کوردەکانى هۆزى (محمد ئاغا)بەرەنگارى سەرباز و جەندرمەى میرى بونەتەوە ڕێگەیاننەداوە ئەرمەنەکان بگوازرێنەوە، هەر لەو نامەیەدا نوسراوە هۆزەکە خۆیان بەدەست برسێتیەوە دەیانناڵاندکەچى دواپارچە نانیان لەگەڵ ئەرمەنەکان دەکرد بەدوو بەشەوە و یارمەتیاندەدان، لێرەشدا دەمەوێت بەڵگەیەکى ڕاست و دروستى ئەرمەنەکان بهێنمەوە کەیەکێك لەپیاوە ئاینیەکانى ئەرمەن بەناوى ﴿گریگۆریۆس پەلاکیان﴾ بەهەمانشێوە داکۆکى زۆرى کردوە لەکورد و دەیسەلمێنێت کەکورد





ڕۆڵى نەبوە لەکارەسات و کوشتارى ئەرمەنەکان، نمونەش دێنێتەوە لەکتێبەکەیدا بەناوى (ئەرمەنەکان و کۆمەڵکوژى و تاراوگە)باس لەو ڕوداوە دەکات لەنزیك ئەنقەرە ڕویداوە و دەڵێت کوردى لێنەبووە، بەمەش نەك نوسەرو مێژوونوسە ئەرمەنیەکان، بەڵکو پیاوە ئاینیەکانیشیان بێتاوانى کورد لەکوشتارى ئەرمەندا دەسەلمێنن و تەواوى کوشتار و ماڵوێرانیەکانى ئەرمەن دەخەنەئەستۆى تورك و سەرانى ئیتیحادیەکان، بۆیە دەبێت بەرپرسیاریەتى مێژووى بخرێتە سەر تورك نەك کوردەکان، چونکە ئەوان ویستویانە دەستى بەخوێن سوربوى ئەرمەنکوژى خۆیان بەسەر نەتەوەى کورد بسون، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەوان خاوەن دەوڵەت و دامودەزگا و بڕیاربون نەك کورد.

## سەردەمى تۆڵەى ئەرمەن و لەناوبردنى جینۆسایدکەرانیان

زۆرگرنگە لێرەدا ئەوە بۆ مێژوو بخرێتەڕوو یان ئەکرێت وەك بەڵگەیەکى گرنگ و وەك وەڵامێکى پۆڵاین و کۆنکرێتى بەکاربهێنرێت، کەدەڵێم پۆڵاین چونکە هەتا ئێستا زۆر کەس و لایەن و زۆر مێژوونوس و زۆر فەریکە نوسەر پێیان وایە کورد جینۆسایدى ئەرمەنى کردوە و کوردیان بەو ناوەوە ناساندوە یان بۆ هەر مەبەستێك بێت ڕاستیەکانیان شاردۆتەوە، بەڵام وەك دەڵێن ڕاستى لەنێو ئاگریشدابێت ناسوتێ، جگەلەوەش ئەمە سەردەمێکە دەتوانین بەئاشکراو بێ ترس ڕاستیەمێژووییەکان وەك خۆى بوترێ و بنوسرێت، لێرەدا سەیر نییە ئەمە بوترێ چونکە لاى مێژوونوسى ڕاستگۆ و بەویژدان گەردیلەو وردیلە ڕاستیەکان وننابن لەبەرئەوە ئەوانە ڕۆحیەتى مێژوویى و نوسینى مێژووییان

هەیە بەچاوی واقعی بۆ ڕوداوەکان دەچن و خوێندنەوەی بۆدەکەن، زۆر پێمخۆشبوو منیش ئەم ڕاستیە بڵێم، چونکە دەمێکە سەلماندنی ئەم ڕاستیە ئاواتی منەو دەمێك بوو لەمێشکمدا دەهات و دەچوو، بەڵام سوپاس بۆخودا پاش ئەوەی توێژینەوەیەکم لەسەرکرد گەشتمە ڕاستیەکان، منیش حەزدەکەم ئەو ڕاستیانە وەك خۆی باسکەم بۆ ئەوەی بتوانین هەمیشە دەمکوتی ناحەزانی کوردی پێبدەینەوە و شەرمەزاریان کەین، ئەمڕۆش ئێمە نەدەوڵەت و نە کیانێکی سیاسی زۆر بەهێزمان هەیە تابتوانین بەهێز یان بەفشاردروستکردن ئەو گومانانە لەنێوبەرین، بەڵام ئەوەی مایەی خۆشحاڵیمانە ئەمڕۆ چەکی دەستی ئێمەی کورد تەنیا قەڵەمی دەستمانە بۆیە دەتوانین زۆر ڕاشکاوانە و بێ ترس تەواوی خڵتەو بوختان و گومانە پیسەکان لەسەر مێژووی خۆمان لابەرینو مێژوویەکی بێ هەڵەو پەڵە تۆمار بکەین، وپێویستە وەڵامی تەواوی بەناو مێژوونوس و نوسەرە گومان چیەکان بدەینەوە و بڵێین: گەر ئێوە بێ بەڵگە کورد بەجینۆسایدکردنی ئەرمەن ناو دەبەن؟ ئەی بۆچی ئەرمەنەکان تۆڵەی ئەو جینۆسایدەیان لەکورد نەکردەوە و نەهاتن چەند کەسایەتیەکی ناوداری کورد لەنێوبەرن؟ خۆ ئەوان تۆڵەی خۆیان لەجینۆسایدکەرانیان کردەوەو حەقی مەعنەوی خۆیان کردەوە و ئەوەی کردبویانە ئامانج بۆ تۆڵە لەنێویان برد چ لەدەرەوە و چ لەناوەوە، خۆ ئەوانە تورك بوون و دوڵەتیان هەبوو، بەڵام کوردی بێ دوڵەت و دابەشکراو زۆر نزیکن لەئەرمەن، دەیانتوانی بەئاسانی لەکوردەکان بکوژن بەو ناوەی کەئێوە دەڵێن جینۆسایدکردن، بەڵام دەڵێم ئەی بۆ کورد و بەرپرسانی کوردیان تیرۆر نەکرد؟ بۆ تۆڵەیان لەکورد نەکردەوەو؟ ئەمە ڕاستیەکانە چونکە کورد بێبەری بوە لەکوشتاری ئەرمەن و جینۆسایدکردنیان وەك لەبەشەکانی پێشووتر ڕونمانکردەوە.





لێرەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەرمەنەکان وێڕای کوژرانی سەدان هەزار ئەرمەن و ئاوارەو ڕاگواستنیان بەڵام هەوڵیاندا تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و ڕووی جینۆسایدکەرانیان ڕەشکەن و بیانخەنە نێو زبڵدانی ڕەشی مێژوو، بۆ هەتاهەتای مرۆڤایەتی ڤێزیان لێبکاتەوە نەفرەتیان لێبکەن و شەرمەزاری نێولاپەڕەکانی مێژوویان کەن، وەك پێشینان دەڵێن: (قەرز کۆن دەبێت و نافەتێت) جینۆسایدکەرانی ئەرمەنیش باجی ئەو قەرزەیان دەدەن وەك دواتر ڕوون دەبێتەوە، دوبەدوای تەواوبونی جەنگ سەردەمێك هاتە ئاراوە دەتوانم ئەو حەقە بەخۆم بدەم و بەسەردەمی (تۆڵەسەندنەوەی ئەرمەنەکان) ناوزەندیبکەم، ئەوە بوو دوای کۆتاییهاتنی کۆمەڵکوژی و ڕوخانی ئیمپراتۆری عوسمانی و هەڵهاتنی سەرانی سێکوچکەی دیکتاتۆریەت و دامەزراندنی کۆماری تورکیا، ئەو ئەرمەنانەی کەلەگۆشەو کەناری دنیادا پەرتو بلاو بوبونەوە بەدەست تورکان، بەتایبەت ئەو ئەرمەنانەی لەمەرگی مسۆگەر ڕزگاریان بوبوو کەوتنە هەوڵی تۆڵەسەندنەوە لەو کەس و بەرپرسانەی کە لە کوشتار و جینۆسایدکردنی ئەرمەندا دەستیان هەبوو لەناویانبردن و تیرۆریانکردن، هەر لەو واقیعەشدا ئەرکی تۆڵەسەندنەوە کەوتە ئەستۆی خودی نیشتمانپەروەرانی ئەرمەن کە لە سالآنی(١٩٢٠_١٩٣١)بەوپەڕی فیداکاری و قارەمانی چاونەترسی سەرانی حکومەتی خوێنرێژی ئاژاوەگێڕی ئیتیحادی تورکی فاشستیان تیرۆرکرد، بۆیە لەناو ئەوانەش سەرۆك وەزیرانی ئازەربایجان بوو لەساڵی ١٩٢٠بەدەستی (ئارام یەرگانیان) تیرۆرکراو هەر لەهەمانساڵدا (عەباس بیگۆف)لەکوشتاری ئەرمەندا پێگەی پلەدووی هەبوو بەدەستی (یەرگان)تیرۆرکرا، دوای ئەوەش کەسێکی تر کەدەستی تۆڵەی پێگەشت شەرمەزاری نێو مێژوو بوو (تەلعەت

پاشا)بوو کە لە کۆمەڵکوژیەکەدا پلەیەکی هەبوو، هەموو ئەو فەرمانانەی ئەو دەریدەکردن بۆ کۆمەڵکوژی ئەرمەن هێشتا ماون، دوابەدوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی تەلعەت ڕۆشتە بەرلین و لەوێدا بەنهێنی دەژیا ئەمیش دەستی تۆڵەی پێگەشت و بەدەست کەسایەتیەکی ئەرمەنی تیرۆر کرا بەناوی (سوغوفۆن تەهلیریان) کە ئەویش لەسەردەمی کۆمەڵکوژیەکەدا بریندداربوبوو، تەهلیریان دەڵێت: (کاتێك بەهۆش خۆم هاتمەوە چەند هەنگاوێك لەولامەوە بوك و دایك و براو خوشکەکانم لەخوێندا نقوم بووبوون)وە خۆیشی بەزەحمەتێکی زۆر لەگۆڕستانی بێگۆڕی ئەرمەن ڕزگاری بوبوو، دواتر بەجلی تورکی و بەناوی نەخوازراو دەژیا بەلاَم پاشماوەك گەشتە ئەڵمان ولەوێدا بەدوای جینۆسایدکەرانی ئەرمەندا دەگەڕا و بەتایبەتیش تەلعەت کەلەوێ بوو، پاش دۆزینەوەی ماڵەکەی و لەڕۆژی ٢١/ئاداری١٩٢١گەشتە تەلعەت و دەڵێت: بەناوی خۆی بانگمکرد و کاتێ ئاوڕی لێدامەوەو پێموت: (گۆڕهەڵکەنی پیس دواساتی تەمەنت هاتوە) هەر لەوێدا تیرۆریکردو تۆڵەی مەعنەوی خۆی کردەوەو دوابەدوای ئەوە خۆی تەسلیمی دادگاکردو دواتر دادگای لەسەرکراو لەداگا پرسیار لەتەهلیریان کرا کەبکوژی تەلعەت بوو:ئایا ئەوانەی ئەرمەنیان کوشت و تەقەیان لێکردن کورد بون؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر، پاشان لێی دەپرسن:جلەکانیان کوردی بوو؟ پێیان دەڵێت:نەخێر، لەڕاستیدا ئەمەش ئەوە دەردەخات کەدادگا ویستویەتی بەهەرشێوەیەك بێت مەسەلەکەو کۆمەڵکوژیەکە لەسەرکورد ئیسپاتبکات، بەلاَم وەلاَمدانەوەکەی تەهلیریان بەنەخێر بەڵگەیەکی باشە لەبێتاوان دەرچونی کورد لەو مەسەلەیەدا و وە دوربونی کورد لەو کۆمەڵکوژیەدا، سەرەڕای ئەوانەش یەکێکی تر لەجەلادەکانی کۆمەڵکوژی ئەرمەن کەدەستی تۆڵەی پێگەشت (سەعیدحیلمی پاشا) بوو ئەمە یەکێك بوو لەهاوکارە





نزیکەکانی تەلعەت پاشا کە هەڵهاتبوو بۆ ئیتالیا و لەڕۆما دەژیا ئەمەبەدەست لاوێکی ڕاکردوی ئەرمەنی بەناوی (ئەرشاویز شیرگیان) تیرۆرکرا کە لەتورکیاوە ڕۆشت بۆ ئیتالیا و بەدوای ئەودا گەڕاو لەڕۆژی ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٢١ دۆزییەوە تیرۆریکرد.

جگە لەوەش شۆڕشگێڕانی ئەرمەن حوکمی کوشتنیان بۆ (د.بەهائەدین پاشا)دەرکرد کەڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەکوشتاری ئەرمەنەکاندا، ئەوە بوو لەساڵی ١٩٢٢له ئیربیلی بەهەمانشێوەی ئەوانیش تیرۆرکرا، دواتریش کەسێکی تر کەتۆڵەیان لێکردەوە و لەناویان برد ئەویش (ئەنوەر پاشا)ی وەزیری جەنگ و پێشەوای خەیاڵی تورکیای مەزن، کەیەکێك بوو لەو نەژادپەرستانەی تورکیای لاو بۆ دروستکردنی تورکیای مەزن لەگەڵ کۆمەلێك سەرباز سەردانی تورکستانی کرد تائەو ناوچەیەش بکاتە بەشێك لەقەڵەمڕەوی عوسمانی و(تورکیای مەزن)، بەلاَم خۆشبەختانە پێش ئەوەی نەخشە خەیاڵیەکەی جێبەجێبکات دەستی تۆڵە یەخەی گرت و دوو ئەرمەنی قارەمان بەناوەکانی (پەترۆس تربۆغوسیان و ئەرتاش گورگیان)تیرۆریان کردو ڕەوانەی دۆزەخی هەتاهەتاییان کرد، یەکێکی تر لەو کەسانەی کەدەستی تۆڵەی پێگەشت (بەهبودخان جوانشیر)ی وەزیری ناوخۆی ئازەربایجان بوو کەلەکۆمەڵکوژی ئەرمەندا دەستی بالاَی هەبوو له١٩ی‌تەمموزی ١٩٣١ لەئەستەمبوڵ بەدەستی (میساك تورلاکیان) تیرۆرکرا، کاری ئەرمەنکوژی تەلعەت و ئەنوەر و جەمال پاشا وای لەکەسایەتیەکی وەك (لۆردبرایس)کرد، کە بە(پیاوکوژی بێشەرم) ناویان ببات، بۆیە حەقی خۆی بوو ئەمانە تۆڵەیان لێبکرێتەوە، چونکە ئەوانە بەلەناوبردنی ئەرمەن و سڕینەوەیان قەناعەتیان دەکرد و دڵیان ئاوی دەخواردەوە.

لەڕاستیدا کوژرانی ئەو ناپاك و خوێنرێژ و ڕەگەزپەرستانە بەدەستی ئەرمەنەکان هەرچەندە ناکاتە تۆڵەسەندنەوەی تەواوی ئەرمەنەکان و ساڕێژبونی برینەکانیان، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوان بەدەستی خۆیان تۆڵەیان لەناحەزو خوێنرێژانیان کردەوەو شەرمەزاری نێو مێژوو و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیان کردن و ڕەوانەی نێو زبڵدانی مێژوویان کردن، ئەمەش هەر هیچ نەبێت تاڕادەیەکی باش خەمەکانی سەرشانی ئەرمەنی سوککرد، ئەمەش چارەنوسی هەموو مرۆڤێکی دیکتاتۆر زاڵمی نێو مێژووی مرۆڤایەتیەو وەك وتراوە پەتی زوڵم و ستەم لەئەستوریدا دەپچڕێت، لەڕاستیدا ئەمە وەڵامی ئەو هەموو پرسیارانەیە کەدەڵێن کێ بەرپرسیارە لەکوشتاری ئەرمەن؟ یان کوردەکان بەرپرسیار بون لەکوشتاری ئەرمەن؟ بەڵام ئەی بۆچی ئەرمەنەکان و پارتی داشناکی ئەرمەنی تۆڵەیان لەکورد نەکردەوە و چەند ناودارێکی کوردیان لەناو نەبرد و تیرۆریان نەکرد وەك ئەنوەر و تەلعەت و جەمال......؟!!! بەڵام لەڕاستیدا تیری ژەهراوی ئەم جۆرە پرسیارانەی ئەوان هەرگیز ناتوانێت پەیوەندی دۆستانەی کورد و ئەرمەن و خۆری ڕوناکی نێوانیان کۆتای پێ بهێنێت، وەلەهەمووشی گرنگتر دوابەدوای جەنگی یەکەم قۆناغێکی نوێتر لەپەیوەندی کورد و ئەرمەن دەستپێدەکات، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگ و پڕبایەخە چونکە ئەگەر کورد دەستی هەبوایە لەکوشتاری ئەرمەنەن ئەوا ئەرمەنەکان هەرگیز ئامادەنەدەبون پەیمانی دۆستایەتیان لەگەڵ ببەستن و دەستی برایەتی بخەنە نێودەستی کورد و درێژە بەکاروانی پەیوەندیەکانیان بدەن.





## ڕۆڵی شەریف پاشا لە بەهێزکردنەوەی پەیوەندی کورد و ئەرمەن و سیاسەتی تورکیای کەمالی لەهەمبەر ئەو دوو نەتەوەیە

دوابەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و سەرکەوتنی هاوپەیمانان و کۆتاییهاتنی جەنگ، بەپێی ئاگربەستی (مۆدرۆس)لەڕۆژی ١٩١٩\١٠\٣٠هاوپەیمانان بەڵێننیان بەهەموو گەلە ژێردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا کەئازادیان دەکەن و داهاتویان دیاریدەکەن و لەزوڵم و زۆری عوسمانیەکان ڕزگاریاندەکەن، هەر لەو سەروبەندەدا (وڵسن)ی سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند کەپێویستە هەموو گەلانی ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی (مافی چارەی خۆنوسین) وەرگرن، لەناو ئەوانەشدا هەردوو گەلی کورد و ئەرمەنی ستەم دیدەی دەستی تورك، ئەم گەلانەش زۆردڵخۆش بوون بەو بڕیارە، بۆیە بۆ باشترکردنی ئەو بارودۆخە گەیشتن بەمەبەستەکانی خۆیان بڕیاردرا بەبەستنی کۆنگرەیەك، ئەوە بوو لەڕۆژی ١٩١٩\١\١٨کۆنگرەی(ئاشتی) لەپاریس بەسترا، ئەوەش بەسەرپەرشتی وڵاتانی سەرکەوتوو لەسەروو هەموشیانەوە (وڵسنی) سەرۆکی ئەمریکا و (کلیمەنسۆ)ی سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا و (لویدجۆرج)ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، سەرەڕای ئەوەش نزیکەی (١٧) وەفد بەشداریان تێداکرد، ئەوەی گرنگە لێرەدا بوترێ ئەوەیە لەم کۆنگرەیەدا هێندە بەرژەوەندی زلهێزەکان ڕەچاوکرا هێندە گرنگی بەلایەنەکانی ترنەدرا....!!

لەو سەروەختەشدا گەلانی ژێردەستەی ناوچەکەش بەهیوای بەدەستهێنانی ئازادی و مافی چارەی خۆنوسین و پێکهێنانی دەوڵەتی

سەربەخۆبوون، بۆیە شەڕی یەکەمی جیهانی و شکستی دەوڵەتی عوسمانی هەلێکی گونجاوی بۆ ڕزگاربونی نەتەوە ژێردەستەکانی ئەو ئیمپراتۆرە هێنایە ئاراوە، لەسەروو هەموشیانەوە هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن کە دروستبوونی دەوڵەت ئاواتی هەمیشەیی و لەمێژینەیان بوو، ئەوەبوو لەو بارودۆخەدا ڕۆشنبیران و خاوەن ڕاکان و پیاوماقوڵان و چەندین کۆمەڵەی کوردی هەوڵی بەستنی ئەو کۆنگرەیان بیست (شەریف پاشا)یان وەك نوێنەری خۆیان هەڵبژارد بۆ بەشداریکردن و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورد، ئەوەی شایانی هەڵوەستە لەسەر کردنە لەو سەردەمەدا کورد دەوڵەتێکی نەبوو تا بەڕەسمی بەشداربیکات لەو کۆنگرەیەدا، لەوکاتەشدا شەریف پاشا لەپاریس بوو داوای لێکرا بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی کۆنگرە بۆ سەندنەوەی مافی کورد و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەرمەن، ئەوەبوو شەریف پاشا وەك سیاستمەدارێك خۆی گەیاندە کۆمەڵەکانی ئەرمەن بۆ گفتوگۆ لەگەڵیاندا بۆ لابردنی ئەو ناکۆکیەی کەناحەزان بۆیانهەڵواسیبوون، لەڕاستیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ئاریشە دەستکردەکانی دوژمن پێشووتر شەریف پاشا لەگەڵ (بوغزنۆ بارپاشا)ی سەرۆکی وەفدی ئەرمەن لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨لەپاریس پەیمانێکیان مۆرکرد، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە بوو تارێگەبگرن لەدەستتێوەردانی لایەنەکانی تر لەکێشە بەدرۆ هەڵواسراوەکان و زیاتر زەقنەکردنەوەی ئەوکێشانە، لەلایەکی تر بۆ لەناوبردنی ئەو هەوڵەی درابوو بۆ دروستکردنی دەوڵەتی ئەرمەنی لەسەرخاکی کوردستان بەهاوکاری زلهێزەکان، باسیش لەوە کرابوو کەتورکەکان ڕۆڵی خراپیان بینیبوو لە ئاڵۆزکردنی پەیوەندیەکانی کورد و ئەرمەن و قەڵاچۆکردن و لەناوبردنی هەریەك لەکورد و ئەرمەن، بۆیە هەر لەو سەردەمەشدا سەرۆکی وەفدی ئەرمەن (بوغزنۆبار پاشا)





لەمانگی تەممووزی ساڵی ١٩١٨ئەوەی ڕاگەیاندبوو، کە(سوڵتان عبدالحمید) و تورك بەرپرسیارن لەکوشتوبڕەکانی ئەرمەن ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریش لەکۆنگرەی ئاشتیدا دیسان تورکەکان هەوڵی ئەوەیاندەدا نێوانی کورد و ئەرمەن تێکبدەنەوە و بیاندەن بەگژیەکدا و لەهەمانکاتدا ئەوان لەسەر ئەو سیاسەتەی خۆیان بەردەوامبوون.

لەڕاستیدا خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی شەریف پاشا لەو قۆناغەدا زۆرقورس و گران بوو، چونکە کەش و سیاسەت و بەرژەوەندی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە لەگەڵ خواستە نەتەوەییەکانی کورد پێکنەدەهاتەوە، بەڵام تاڕادەیەك بۆ ئەرمەن باشتربوو بۆ دامەزاندنی دەوڵەتی ئەرمەنی چونکە تاڕادەیەك وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵیان بوون، تەنانەت لەو سەردەمەشدا ئەرمەنەکان بەهاندان و سیاسەتی زلهێزەکان داوای دوڵەتی خۆیان دەکرد، ئەوەش زیاتر ناوچە کوردیەکانی (ئەرزەڕۆم و وان و خەرپوت و ئازەربایجان و دیاربەکر)ی دەگرتەوە، بەڵام ئەم جۆرە سیاسەتەو ئەم شێوازە داواکارییە کورد و نوێنەرەکەی دڵگرانکردبوو، بۆیە هەوڵێکی زۆر درا ئەو داوایە لەمێشکی ئەرمەنەکان بسڕنەوە چونکە ئەوە لەبەرژەوەندی کورد و ئەرمەندا نییە، ئەمە فیتی دوژمنی هەردوولایانە، ئەوەش لەئەستۆی کەسێکی بەتوانای وەك شەریف پاشابوو تا هەوڵبدات ئەو پلانە گڵاوە دەستکردە لەمێشکی ئەرمەن دەرکات، هەر بۆیە لەڕۆژی ٢٠\١٢\١٩١٩ڕێکەوتنێکی دووقۆڵی لەنێوان نوێنەری کورد شەریف پاشا و نوێنەری ئەرمەن بوغزنۆبار پاشا مۆرکرا و جێگری سەرۆك کۆماری ئەرمینیا (د.ه.ئۆهانجانیان) وەك چاودێر لەو دانیشتنەدا بەشداربوو، لەواقیعدا ئەمە یەکەمجار بوو کە لە نێوان هەردوو میللەتی کورد و ئەرمەن بەڵگەنامەیەکی هاوپەیمانی ئیمزاکرا، ئەوەشی گرنگ بوو لەم یاداشتەدا هەردوو شاندەکە

بەسەرۆکی کۆنگرەیان ڕاگەیاندبوو کە لە نێوان کورد و ئەرمەندا هیچ جۆرە کێشەو گیروگرفت و ئاریشەیەك لەئارادانییەو ئەوەشی بمێنێتەوە سەبارەت بەدیاریکردنی سنورەکانی نێوان کوردستان و ئەرمینیا دواتر بۆخۆیان چارەسەری دەکەن، لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە هەردوولا هەستیان بەمەترسی ناحەزان و دوژمنانیان کردبوو، کە دەستبخەنە کارەکانیان و ئاژاوەیەکیان بۆدروستبکەن، ئەم پەیمانەش بۆ ئەوە بوو کە کێشە لە نێوان کورد و ئەرمەن دروستنەبێت و شەریف پاشا لەگەڵ نوێنەری ئەرمەنەکان کۆبویەوە و پاش ئەم کۆبونەوەیەش نوێنەری ئەرمەنەکان لەدروستکردنی ئەو دەوڵەتە پەشیمانبونەوە و داواکاریەکی هاوبەشیان لەگەڵ کورد بەرزکردەوە بۆ کۆنگرەی ئاشتی، لەڕاستیدا ئەوە بوارێکی گرنگی بۆ دۆستایەتی و هاوکاری نێوان کورد و ئەرمەن دروستکرد، ئەوەی گرنگە بوترێ ئەوەیە، ئەو بەیانەی ئەو دوو نوێنەرە هاوبەشە ئاڕاستەی کۆنگرەیان کردبویە مایەی سەرسوڕمانی شارەزایان و ڕوژنامەنوسان، چونکە لەمێژبوو زۆر بەخراپی و بەشێوەیەکی هەڵواسراو باس لەخراپی پەیوەندی ئەو دوونەتەوە هاوستەملێکراوە کرابوو، وە هەرگیز چاوەڕوانی شتێکی لەو جۆرەنەبون وا بەئاسانی کورد و ئەرمەن پێکبێنەوە پێکەوە بەهاوبەشی داوای مافەڕەواکانی خۆیان بکەن، لەگەڵ ئەوەی شەریف پاشا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەچارەسەرکردنی کێشەهەڵواسراوەکان و بوختانە ناڕەواکانی نێوان ئەو دوونەتەوەیە، بەلاّم دیسان نەهامەتی کورد دەستیپێکرد و ئەوانەی ئەم کۆنگرەیەیان بەڕێوەدەبرد دانیاننەنا بەوەی کەشەریف پاشا نوێنەری کوردە و ئەو یاداشتانەی ئەو دەیگەیاندە کۆنگرە کاریگەریەکی وایان نەبوو، چونکە ئەمەش بەهۆی سیاسەتی ئەوان لەلایەك و لەیەکی تریش پاڵپشتیەکی نێودەوڵەتی بەهێزی نەبوو، ئەمانەو چەندان فاکتەری تر بویە هۆی





ئەوەی شەریف پاشا لەڕۆژی ١٩٢٠\٤\٢٧دەست لەکاری نوێنەری بکێشێتەوە، بەلاّم شۆڕەسواری کورد جارێکی تر ویژدانی قبوڵینەکرد لەپێنا مافەڕەواکانی میللەتەکەی تێنەکۆشێ و ئەو ئەرکە لەئەستۆنەگرێ بۆیە دیسان لەڕۆژی ١٩٢٠\٥\١نوێنەری کورد جەنەراڵ شەریف پاشا سکالاّنامەیەکی بەناوی کورد ئاڕاستەی کۆنگرەی ئاشتی کرد و هەمیشە لەخەمی نەتەوەکی بوو، بەلاّم بارودۆخ بەوشێوەیە مایەوە تابەستنی پەیماننامەی سیڤەر، ئەوەبوو لەو سەروەختەشدا هێزە سەرکەوتەوەکانی شەڕ پەیماننامەی سیڤەریان ئیمزاکرد، ئەمەش لەڕۆژی ١٩٢٠\٨\١٠لەلایەن چواردە دەوڵەتەوە بەسترا و ٤٣٣ مادەشی لە خۆدەگرت، ئەوەی گرنگە لەم پەیمانەشدا نوێنەرانی کورد و ئەرمەن بەشداریانکرد و تارڕدەیەك گوێ لەم نوێنەرانە گیرابوو، لەواقعیدا ئەم پەیمانە تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزبوو، بەلاّم تارادەیەك ڕێژەی بەرژەوەندی پێکهاتە ئەتنییەکان ڕەچاوکرابوو، چەند مادەیەکی سیڤەر بۆنەتەوەکانی کورد و ئەرمەن تەرخانکرابوو، بەلاّم بەتەواوی خواست و ئاوات و بەرژەوەندی ئەو دوو نەتەوەیەی نەهێنایەدی، چونکە وەك دەڵێن (پەیماننامەی سیڤەربەمردووی لەدایك بوو) بەلاّم لەچوارچێوەی ئەم پەیمانە مردوەدا دوو دەوڵەتی نیمچە سەربەخۆی کورد و ئەرمەنی دیاریکرابوو، ئەوەی تایبەت بوو بەکورد لەمادەکانی (٦٤، ٦٣، ٦٢) پێکهاتبوو، ئەوەشی تایبەتبوو بەنەتەوەی ئەرمەن لەمادەکانی (٩٣، ٩٢، ٩١، ٩٠، ٨٩، ٨٨) پێکهاتبوو، ناکرێت لێرەدا بەوردی ناوەڕۆی مادەکان بخرێتە ڕوو، بەلاّم دەکرێت بڵێم ئەم مادانە بەشێوەیەکی مردوو لەنێو پەیمانە مردوەکەدا ناوهێنرابوون، وەك لاشەیەکی مردوو خرابوونە ڕوو، لەوەشدا ئەتاتورك ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاری هەبوو، چونکە ئەوان دژی هەموو ئامانج و ئاواتێکی ئەم دوو نەتەوەیە بوون، بەو شێوەیە سیاسەت و هەوڵی



هەواڵنامەی کتێب

تورکیای فاشست بەردەوامبوو لەسیاسەتی خرپی خۆی بەرمبەر هەریەك لەکوردو ئەرمەن و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی نەتەوە و دژایەتیکردنی کەلتورو فەرهەنگ و زمان و مێژووی ئەم دوونەتەوەیە و دروستکردنی کۆسپ و لەمپەر لەرێگەی سەرنەگرتنی پەیمانی سیڤەر، بۆیە سەرئەنجام بەیەکجاری پەیمانی سیڤەریان خستە نێو ئەرشیفی مێژوو و خەون ئاواتەکانی ئەو دوونەتەوە ستەم لێکراوەیان لەگۆڕنا، دواتریش پەیمانی (لۆزان)یان لە٢٢\تەمموز١٩٢٣ بەدوو قۆناغ هێنایە جێگەی، ئەمەش بویە هۆی بەهێزبون و داڕشتنی بناغەی دەوڵەتی تورکی کەمالی و دواترکۆتایهێنان بەخەلافەتی عوسمانی، بەمشێوەیە دەوڵەتی تورکی عەلمانی کردە ئەمری واقع و ئەرمینیای ڕۆژئاوای لەسەر جوگرافیا سڕیەوە و لەلایەکی تر لەسەر جەستەی ماندو و شەکەتی کورد پایەکانی خۆیان بەهێزکرد، تەنانەت کەمالیە نەتەوەپەرستەکان و شۆڤێنیەکان هەر لەسەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی خۆیان، یەکەم ئامانجیان هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی سیڤەر بوو وە لەمەشدا سەرکەوتووبون و پەیماننامەی سیڤەریان بەمردوویی خستەنێوگۆڕی هەتاهەتایی، سەرە ڕای ئەوەش تورکیای کەمالی هەرگیز ڕازی نەبوو دان بەبنەمای نەتەوایەتی ئەو دوو نەتەوەدابنێت، بەڵام خۆشبەختانە دوای ئەو کۆنگرەیە خەباتی سیاسی و سەربازی کورد و ئەرمەن بەردەوامبوو، زۆرجاریش هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوانیان دروستدەبوو، لەسەروو ئەو سیاسەتە خراپانەی ئەتاتورك لەهەمبەر کورد و ئەرمەن پەیڕەویدەکرد، هێشتا تروسکایی هاوسۆزی و هاوکاری کورد و ئەرمەن هەربەردەوام بوو، تەنانەت لەسەردەمی کۆماری تورکیادا قۆناغێکی تری پەیوەندی دۆستانە بەشێوەیەکی ڕەسمی ترو توندوتۆڵتر هاتەکایەوە، ئەوەبوو کە شۆڕشەکەی (شێخ سەعید) سەریهەڵدا دژی سیاسەتی تورك وکەمالیزم و هەڵوێستەخراپەکەیان لەو شۆڕشەشدا، ئەرمەنەکان دیسانەوە





هاوکاری کورد و شۆڕشەکەیان کردەوە، بەمەش دیسان لاپەڕەیەکی پڕشانازیان بۆخۆیان تۆمارکرد، بەڵام سەرئەنجام کەمالیەکان ئەو شۆڕشەیان سەرکوتکرد و کەوتنە وێزەی کوردو ئەرمەن و ڕاوەدوونانیان، ئەوەی گرنگە لێرەدا بۆ دیرۆك بوترێ‌و جێگەی شانازیمان بێت ئەو هەوڵ و ماندووبونەی کەسایەتی کورد شەریف پاشا بوو، کەلەناو نازو نیعمەتی خۆیدا کوردی لەیاد نەکرد و بەتەنگ کێشەی کوردەوە بوو لەوپێناوەشدا ماندووبونی زۆری چەشت، بۆیە نابێت ئێمەی کورد ئەو کەسایەتیە کوردپەروەرەمان لەیادبچێت، ئەوەی گرنگە لێرەوە لەم قۆناغە بەدواوە سەردەمێکی تر لەهاوکاری و هاوکۆمەکی و هاوسۆزی لەنێوان کورد و ئەرمەن دەستپێدەکاتەوە، ئەمەش لەسەردەمی کۆمەڵەی (خۆیبون) کەدەچێتە چوارچێوەی پەیمانێکی دۆستایەتی و ستراتیژی.

## دۆستایەتی و پەیوەندی ستراتیژی کورد و ئەرمەن لە کۆمەڵەی خۆیبوندا

دوابەدوای سەرکوتکردنی شۆڕشی (شێخ سەعیدی پیران) لەساڵی ١٩٢٥و لەسێدارەدانیان لەڕۆژی ٣٠\حوزەیرانی ١٩٢٥، لەپایزی هەمانساڵدا لەخارپێت (٤٠٠) نیشتیمانپەروەری کوردیان لەسێدارەداو دواتریش لەناوچەیەکی سەربەبینگولیش (١٠٠)هاولاتی دیکەی کوردیان لەسێدارەدا و هەڵیانواسین، تەنانەت لەو ڕۆژگارەشدا ڕۆژنامەی (وەقت)ی تورکی دەنوسێت(چیتر پرسی کورد لەئارادا نەماوە)، جگە لەوەش تورکە کەمالیەکان بەشێوازێکی زۆر توند و تیژ و دڕندانە لەدژی تاکەکانی کورد و ئەرمەن هەڵسوکەوتیاندەکرد، بەهۆی ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستیەوە ژمارەیەکی زۆر لەئەرمەن کۆچیانکرد و خاکی خۆیان بەجێهێشت، تەنانەت ژمارەی ئەو ئەرمەنە کۆچکردوانەی تورکیا لەنێوان



هەواڵنامەی کتێب

سالآنی(١٩٢١_١٩٢٥) گەشتە (٥٥٠٠٠)هەزارکەس، بەهۆی ئەم سیاسەتە خراپەی تورکەکەمالیەکان هەریەك لەکورد و ئەرمەن ناچاربوون ڕێگەی هەڵهاتن بگرنەبەر، ئەوەبوو بەشێك لەڕوناکبیران و پیاوانی سیاسی کورد لەتورکیا هەڵهاتن و ڕویان کردە ناوچە قەڵەمڕەویەکانی فەرەنسا (سوریا و لوبنان) و قەڵەمڕەوی ئینگلیز(عێرق)لەوێدا خۆیان گرتەوە، بەهەمانشێوەش ئەرمەنەکان لەترسی گیانی خۆیان هەڵهاتبوونە ئەو نێوچانە، لەوکاتەدا ئەرمەنەکۆچکردوەکان و کوردەکان لەسوریا تازە پێکەوە دەژیان لەچوارچێوەی پەیوەندییەکی گەرم و گوڕدا وە نزیکبونەوەیەکی باشتر لەنێوانیان هاتەئاراوە، دەمەوێ بۆ دیرۆك ئەوە بڵێم ئەو سیاسەتە خراپەی تورکی فاشست لەبەرامبەر هەریەك لەکورد و ئەرمەن پیادەی دەکرد سەرلەنوێ پەیوەندی ئەو دوو نەتەوەیەی نوێدەکردەوە و گیانی برایەتی بەهێزدەکردن و وایلێکردن سەرلەنوێ بەدوای پەیوەندیەکی باشترو بەهێزتردا بگەڕێن.

لەڕاستیدا هەڵهاتنی هەریەك لەکورد و ئەرمەن بۆ ئەو ناوچانە بوارێکی باشتری بەو دوو نەتەوەیەدا تا دەروازەیەکی نوێتر لەپەیوەندی لەدەرەوەی خاك‌و نیشتیمانی خۆیان بکەنەوە، ئەوەبوو (ئەسکەندەر بەگ) پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەرمەن پێشخست لەسوریا و لوبنان و سەرلەنوێ پەیوەندیەکی باشتری ڕێکخستەوە، لەوسەرو بەندەدا بەهۆی سیاسەتی مەغۆلئاسای تورکەوە نیشتیمانپەروەرانی کورد خۆیان ئامادەکرد بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی بەهێز، بۆیە بەنهێنی و ئاشکرا کۆڕو کوبونەوەیان ڕێکدەخست و سەرئەنجام گەیشتنە ئەو باوەڕەی کەهەنگاوی یەکەمیان بنیاتنانی پارتێکی سەرەکی سیاسی کوردستانی بێت، ئەوەیان بۆڕوونبویەوە ئەگەر بەدەست و برد شتێك نەکەن ئەوا تورکەفاشیەکان کوردیش بەدەردی ئەرمەنەکان دەبەن، ئەوەبوو لەڕۆژی





٥\١٠\١٩٢٧ کۆنگرەی دامەزراندن دەستیپێکرد لەهاوینەهەواری (بمحدون)لەلوبنان، لەم کۆنگرەیەدا ژمارەیەك لەئەفسەر و کەسایەتی ناودار و هەندێك سەرۆك خێڵ‌و عەشیرەت بەتایبەت ئاوارەبوەکان لەکۆنگرەیەدا بەشداربوون، لەوەش گرنگتر سەرانی چوارکۆمەڵەی کوردی ئامادەبوون هەمویان بڕیاردەدەن خۆیان هەڵوەشێننەوە و لەچوارچێوەی یەك ڕێکخراودا واتە(خۆیبون)یەکبگرنەوە، سەرئەنجام کۆمەڵەی خۆیبون دامەزرا، وەخۆیبون لەیەکەم کۆنگرەی خۆیدا چەند بڕیارێکی گرنگیدا کە تێیدا ئاماژە بەگەلی ئەرمەن دەکات ئەو بڕیارەش لەشەش مادە پێکهاتبوو وە لەمادەی چوارەمدا دان بە هەموو مافەکانی ئەرمەندا دەنێت، دەڵێت: (پەسەندکردنی هەموو ئەو شتانەی کەپەیوەندیان بەئەرمەنەوە هەیە لەڕووی ئازادی و بیروباوەڕ و پەسەندکردنی جیاوازی و تێپەڕکردنی ناکۆکی تایفی و پتەوکردنی دۆستایەتیان) ئەمەش خاڵێکی گرنگ و پڕبایەخە بۆ ئەرمەنەکان، بەم جۆرە سەرلەبەری کونگرەکە گیانی برایەتی کورد و ئەرمەن لەخۆدەگرێت، لەڕاستیدا دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە لەو سەردەمەدا بە وەرچەرخانێکی دیار لەمێژووی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد ئەژماردەکرێت و بایەخێکی گرنگ و دیاری هەبوو لەمێژووی کورددا، لەو واقیعەدا سەرکردایەتی خۆیبون هەوڵی ئەوەی دەدا پەیوەندیەکانی کورد وئەرمەن بەهێزبکات و پێشنیاری ئەوی کرد، کەهەردوو گەلی برای کورد و ئەرمەن ناخۆشی و ڕوداوە تراژیدیەکانی ڕابردوو لەیادکەن و لاپەڕەیەکی تازە لەهاوکاری و لەیەکگەشتن لەنێوانیان بکەنەوە، ئەمەش بویە هۆی ئەوەی ئەو دوو نەتەوەیە ناکۆکیە هەڵواسراوەکانیان لەیادکەن و لەسەر بنەمای نوێ لاپەڕەیەکی پڕ شانازی و دۆستایەتی و هاوکاری بکەنەوە، لەوسەرو بەندەدا پارتی داشناك هەوڵی ئەوەیدا لەگەڵ کوردەکان خەباتێکی رزگاری هاوبەش دەستپێبکات، لەبەرئەوە

لەدامەزراندنی خۆیبوندا ئەوپەڕی هاوکاری و هەماهەنگیان نیشاندا، سەرئەنجام خۆیبون ئارەزوومەندی ئەوەبوو کە هاوپەیمانیەك لەگەڵ پارتی داشناکی ئەرەمەنی ببەستێت، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٢٧واتە هەمانساڵ خۆیبونی تیا دامەزرا هەردوو پارتی داشناکی ئەرمەنی و خۆیبون پرۆتۆکۆڵێکی هاوکاریان مۆرکرد، ئەمەش بەئامادەبونی چەندین کەسایەتی کورد وەك (عەلی ڕەزا و مستەفاشاهین بەگ و جەلادەت بەدرخان و....) و وە ئەرمەنەکانیش بەئامادەبونی (واهان پاپازیان) بەشداریانکرد، ئەمەش نوێنەرو بەرپرسی پارتی داشناکی ئەرمەنی بوو، لەم پەیمانەدا ئاماژە بەخواستە هاوبەشەکان و سەربەخۆی سیاسی و خواستە نەتەوەییەکانیان کرابوو، لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەنیەکانی هەردوو گەلی ئاری و پێویستیشە پەیوەندی برایانە بێتەئاراوە، ئەم پەیمانەی نێوان ئەو دوو نەتەوەیە لە١٩ مادە پێکهاتبوو، لەمادەکانیشدا زیاتر گوزارشت لەهاوکاری و سەربەخۆی و یارمەتی هاوبەش دەکات و تەنانەت لەمادەی پێنجەمدا پارتی شۆڕشگێڕی ئەرمەنی بەڵێندەدات کەدامودەزگاکانی خۆی لەئەمریکاو ئەوروپابخاتە خزمەت ناساندنی دۆزی کورد و پوچەڵکردنەوەی پڕوپاگەندەی تورکی کەمالی دژی کورد، لەمادەی شەشەمدا داشناك بەڵێندەدات لەڕووی داراییەوە یارمەتی خۆیبون بدات و لەمادەی دەیەمدا پارتی ناوبراو بەڵێندەدات لەچالاکیە سەربازیەکاندا لەڕووی ئازوقەو جبەخانەوە هاوکاری خۆیبون بکات، جگە لەوانەش لەمادەی یانزەیەمدا باس لەوە کراوە ئەگەر هەرناکۆکیەك لەنێوانیان هاتەئاراوە ئەوا دەبێت بەگفتوگۆ چارەسەریبکەن و نابێت لەچوارچێوەی ئەو پەیمانە دەرچن، ئەمەش ناوەڕۆکی هەندێك لەمادەکانی پەیمانەکەبوو، لەڕاستیدا دەبێت بۆ مێژوو ئەوە بڵێم پەیمانی نێوان داشناك و خۆیبون بە وەرچەرخانێکی نوێتر لەپەیوەندیەکانی کورد و ئەرمەن لەقەڵەم





دەدرێت، پێشتر لەقۆناغی یەکەمدا پەیوەندی ڕەسمی دەستیپێکرد، بەڵام لەقۆناغی دووەمدا بەهۆی ئەم پەیمانەوە پەیوەندی هەردوو نەتەوە بە ئاڕاستەوی پەیمانی ستراتیژیدا ڕۆشت.

سەرەڕای ئەوانەش هەرچەندە خۆیبون لەلایەن کوردەکانەوە پێکهاتبوو بەڵام یارمەتیدانی ئەرمەنەکانیش بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ کوردەکان لەچالاکیەکانی خۆیبوندا ئەمە کارێکی زۆر گرنگ و پڕبایەخ بوو، ڕۆڵێکی زۆرباشیان هەبوو بۆ ئەوەی خۆیبون بتوانێت پەیوەندی بەزۆر شوێنی جیهانەوە بکات، بەتایبەت لەگەڵ کوردە ئاوارەکانی ئەمریکا و فەرەنسادا، بەمشێوەیە کوردەکان توانیان لەڕێگەی ئەرمەنەکانەوە دەروازەیەکی دیبلۆماسی و گرنگ بەڕووی خۆیاندا بکەنەوە چ لەدەرەوە و چ لەناوەوە، ئەوەبوو (سورەیا بەدرخان) لەگەڵ (گریگۆر ڤارتانیان)کە ڕابەرێکی چالاکی ئەرمەنی بوو، چونە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و لەگەڵیدا چوەتە لەندەن و ڕۆما و ئەسینا و پاریس، هەر لەو ڕێگەیەشەوە ئەرمەنەکانی وڵاتەیەکگرتوەکان یارمەتی و پیتاکەکانی خۆیان دەگەیاندە خۆیبون، سەیر لەوەدا بوو کوردەکان کەژمارەیان لە(١٠_١٥)هەزارکەس دەبوو ساڵانە پەنجا تا شەست هەزار دۆلاریان کۆدەکردەوەو بەو پەڕی کورتبینیەوە دەیان دایە کەمال ئەتاتورك، بەڵام خۆشبەختانە لەڕێگەی سورەیا و ڤارتانیان بە هەوڵوماندوبونی ئەوان ئەو کوردانەیان ڕازیکرد ئەو بڕە پارەیە پێشکەش بەخۆیبون بکەن، ئەوانیش بەمە ڕازی بوون، لێرەوە کورد توانی جارێکی دی هاوکاری و دۆستایەتی ئەرمەنی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو نەتەوە بەدەستبهێنێتەوە، ئەرمەنەکانیش لەناوەندی نێوان خۆیبون و وڵاتاندا ڕۆڵێکی دیاری هەبوو تەنانەت ڕۆژنامەگەری ئەرمەنی هەنگاوێکی گەورەی نا لەوڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپادا ئەو ترسەیان

خستەڕوو کە لەتورکیا ڕووبەڕووی نەتەوەی کورد دەبێتەوە ئەمەش خاڵێکی جەوهەری و گرنگە کە ئەرمەنەکان سەرەڕای ئێش و ئازار و جەستەی بریندارى خۆیان، کەچی لەو قۆناغەشدا ئێش و ئازاری کوردیان لەیادنەکردبوو وە بەتەنگ خەمی کوردەوە بوون، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە زنار سلوپی دەڵێت: (لەوڕۆژانەدا کورد پێویستی زۆری بەهاوکاری و دۆستایەتی ئەرمەن هەبوو چونکە کورد وەك ئەرمەن ئەو توانایەی نەبوو دەنگی بێزاری خۆی و باسی شۆڕش و ئامانجەکانی بگەیەنێتە وڵاتان)، لەلایەکی تر نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت پارتی داشناك کەپشتیوانی لەخۆیبون دەکرد لەبەرئەوەبوو ئەوان لەتورکیادا نەیاندەتوانی بەتەنیا هیچ جۆرە جوڵانەوەیەك بکەن و دەیانویست سود لەڕاپەڕینی کوردان وەرگرن دژی حکومەتی دیکتاتۆری تورکی کەماڵی کە بەدوژمنی سەرسەختی هەردوولایان دەزانین، لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کەهەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن لەڕۆژە سەخت و دژوارەکانیشدا هەرپێویستیان بەیەك بووەو هاوکاری یەکتریان کردوە.

بەمشێوەیە ڕێبەرانی تازەی خۆیبون دێنە سەر ئەوەی کەهەموو بەدحاڵیو ساردوسڕییەکی نێوان ئەم دوونەتەوەیە بەیەکجارەکی حەل و فەسڵکراوە و شتێکی وا لەئارادا نەماوە شایەنی باسکردن بێت، بێگومان ئەم هاوکاری و پێکەوە ژیان و دۆستایەتیە لەنێوان ئەم دوو نەتەوەیە بەشێوەیەکی زیندوو کاریگەر هەتا نسکۆی شۆڕش و تەنانەت دوای شۆڕشیش هەربەردەوام بوە، کاتێك شۆڕش دەستیپێکرد ئەرمەنەکان لەسەر هاوکاری و یارمەتی خۆیان بەردەوام بوون، بەتایبەتی ئەرمەنەکان لەتەورێز کارخانەیەکی بچوکی چەك و فیشەکی سەربازیان ڕێکخست و بە بەردەوامی فیشەك جبەخانەیان دەنارد بۆ فیداکارانی چیای ئاگری و هاوکۆمەکی شۆڕشگێڕانیان دەکرد، تەنانەت دوای شکستی شۆڕشی





ئاگری لەساڵی ١٩٣٠داشناك لەکۆنگرەی (سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ)دا بەشداربوو کەلەڕۆژی ٣٠\ئابی١٩٣٠لەسویسرا بەڕێوە چوو، لەڕاستیدا بەپێی داواکاری داشناك لەو کۆنگرەیەدا مادەیەکی کۆنگرەکە باس لەکوشتاری کورد دەکات کە بەدەست تورکەکان کراوە، وتراوە تورکەکان دەیانەوێت ئەوەی بەسەر ئەرمەنیانداهێناوە بەهەمانشێوە بەسەرکوردیشدا بهێنن، ئەمەیە هەڵویستی جوامێرانی ئەرمەنی برای کورد کەلەدەرەوەش لەخەم و ئازاری کوردا بوون، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دوای شکستی شۆڕشەکە ئەرمەنەکان بەوەفابوون و پابەندبوون بەوپەیمانەوە و پشتی کوردیان بەرنەداو درێژەیان بەهاوکاریەکانیان دەدا، هەرئەمەش وای لەکەسایەتیەکی وەك زنار سلوپی کرد بڵێت: (بەڕاستی ئەرمەنەکان پابەندبوون بەبەڵێنەکەیان و چی کەوتە ئەستۆیان درێغیان نەکرد، تەنانەت لەچاپکراوەکانیشیاندا بەرگریان لەپرسی کورد دەکرد) سەرئەنجام پەیماننامەی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە گرنگی و بایەخی مێژوویی خۆی هەبوو، گرنگیەکەشی لەوەدا بوو کە تا ئەو سەردەمەش هەندێك ئەرمەنی توندڕەو هەبوون پڕوپاگەندەیان لەدژی کورد دەکرد، بەلآم دوابەدوای ئەم پەیمانە ئەرمەنەکان بەیەکجاری بڕیاردەدەن کە بەهەموو شێوەیەك واز لە پڕوپاگەندەکانیان لەدژی کورد بێنن و بەدەم کێشەی کوردەوەبن، ئەمە لەلایەکو لەلایەکی تریش ئەم پەیمانە لەئاستی دەرەوە و ناوەوەش گرنگی مێژوویی هەبوو، لەڕووی ناوەوە هەردوولا بەتەواوی کەوتنە هاوکاری یەك و لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان تێکۆشان و بەتەواوی چارەسەری کێشەو ئاریشە هەڵواسراوەکانیان کرد و لاپەڕەیەکی پرشنگداری پڕشانازیان بۆ هەردوو نەتەوە تۆمارکرد و یەکێتی و دۆستایەتی و پەیمانی نێوانیان پاراست و دژی دوژمنی خۆیان و پڕوپاگەندە هەڵواسراوەکان بوون، جگەلەوەش ئەرمەنەکان



هەواڵنامەی کتێب

بەتەواوی وازیان لەخەونی دروستبونی دوڵەتی گەورەی ئەرمەنی هێنا لەسەرخاکی کوردستان، لەئاستی دەرەوەش ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو بەوەی کە لەڕێگەی ئەرمەنەکانەوە دەنگی کوردەکانیان گەیاندە دەرەوە و سەرنجی کوردانو ئەمەنی دەرەوەیان بۆ کۆمەڵەی خۆیبون ڕاکێشا، لەڕووی هاوکاری و هاوسۆزیەوە لەدەرەوە بەرگریان لەپرسی کوردەکان دەکرد و لەلایەکی تریش کوردیان بەبێتاوان ناو دەبرد و ئەوەشیان ڕاگەیاند، کەتورکیای کەمالی دژی کوردو شۆڕشەکەیەتی، بەمەش ئەم پەیمانە سەلماندی کورد و ئەرمەن دۆستی یەکن و پەیوەندیەکی ستراتیژی لەنێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا هێنایەبوون، ئەم پەیمانە هەتا دوای کۆمەڵەی خۆیبون بەردەوام بوو، هەتا ئەمڕۆش هیچ جۆرە کێشەو گیروگرفتێك لەنێوان ئەو دوونەتەوەیەدا ڕووینەداوە شایەنی باسکردن بێت و لاپەڕەکانی مێژوو شتی وای بۆ تۆمارنەکردوین، بەهیوای ئەوەی توانیبێتم سەرە داوێکی ڕاستەکانم بۆ خوێنەرانی کورد ڕوونکردبێتەوە و ئاشنام کردبێتن بەڕاستیە مێژووییەکان.

**** ****





# ئینگلتەرا، دە ساڵ سیستمی کۆماری

ئازاد تۆفیق خەیات

مێژوو تا هەنوکەش گەواهیی ئەوە دەدات کە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا هەردەم سیستەمی پادشایەتی تێدا پەیڕەو کراوە, ئەمەش چەندین ساڵ و چەندین پادشا و حکومەت و سەرۆك وەزیری لەخۆ گرتووە، بێجگەلەوەی چەندین جەنگ و پێکدادان و ململانێی خوێناوی لەخۆ گرتووە، بەهەمان شێوە چەندین هاوپەیمانێتی و پەیمانی ئاشتی و گەشەسەندنی تیادا بەدیکراوە.

ئەم داکەوتەی ئاماژەی پێدرا، بەتێکڕای لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانیەوە، بەگشت دەرەنجامەکانیەوە، بە بەشداری هەردوو پارتی (کرێکاران و پارێزگاران)، هەروەها سەرجەم لایەنگرانیانەوە، شتێکی بەڵگە نەویست و دیار و ئاشکرایە، هەرلەسەر ئەو بنچینەیەش ئەم شانشینە چەندەها هاوپەیمانێتی و پەیوەندی دەرەکی و کاراکردنی بواری سیاسی و دبلۆماسی و ئابوری و سەربازی و.....هتد پەیڕەو کردووە، تا گەیشتن بە ئاستی دەوڵەتێکی زلهێزی خاوەن سەرمایەی چەشەکراو بە پرەنسیپەکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ، واتە دۆزینەوەی میکانیزم و بالآنس لە نێوان چەمکی هێز و سەرمایەداری لەگەڵ چەمکی ئازادی و دیموکراسی. لەوەش زیاتر، دروستکردنی هاوپەیمانێتی

لەتێکڕای بوارەکاندا لەگەڵ دەوڵەتانی زلهێزی تر و دەوڵەتێکی سەرمایەداری زەبەلاحی وەك ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئاشکرایە ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت ئەو گەشەسەندنەی هەربەردەوامە، هۆکاری سەرەکی ئەم گەشەسەندن و پێشکەوتنەش پابەند بوون بە یاساوەیە، کە بەهۆیەوە دەوڵەتێکی دامەزراوەیی بنیات نراوە.

لە زۆربەی ولاَتە پیشەسازییەکانی ڕۆژئاوادا، دەوڵەت خاسیەتێکی ڕوونی دیموکرات لیبراڵی هەیە. بۆ نمونە، دەوڵەتە دیموکرات لیبراڵەکان بە حکومەتێکی دەستووری و سیستمێکی هاوسەنگی و لێپێچینەوە لە دامەزراوەکانی ناسراون، بە هەڵبژاردنی یەکسان و بێ فروفێڵ و دەنگدانی بەدیموکراسی و سیستمی پێشبڕکێی حیزبەکان ناسراون، بە پاراستنی مافەکانی تاك و ئازادییە مەدەنییەکان ناسراون. هەرچەندە ڕێکەوتنێکی گشتی هەیە دەربارەی خاسیەتەکانی دەوڵەتی دیموکرات لیبراڵ، کەچی ڕێکەوتنێکی کەم هەیە دەربارەی سروشتی دەسەلاَتی دەوڵەت و ئەو بەرژەوەندییانەی نوێنەرایەتی دەکات.[1]

سەرەڕای ئەو پێشکەوتنانەی بەهۆی شۆڕشی زانستی و مەعریفی و فیکرییەوە لە ئەورووپای خۆرئاوادا هاتنە کایەوە، کەچی هێشتا کلێسا کاریگەریی خۆیی لەسەر کۆمەڵگا مابوو. لە ئینگلتەرا ئایین لەژێر سێبەری حکومەتدا بوو، بەوەی کلێسا لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ کرابوو، بەلاَم لە بەشەکانی تری ئەوروپادا بارودۆخەکە تەواو جیاواز بوو. کلێسای کاتۆلیك لە ئاست دەسەلاَت و سامانەوە لە دوای پادشاوە بوو، واتە لە ڕیزبەندی دەسەلاَتدا لە پلەی دووەمدا دادەنرا. کلێسا پێکهاتەیەك بوو لە دەوڵەمەند و خانەدانەکان، کە لە سەرانسەری ئەوروپادا بلاَوببونەوە و کاریگەری و سایەی فراوانیان بەسەر ژیانی ملیۆنەها کەسەوە هەبوو..[2]





گەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە، چەندین جەنگ و شەڕی ناوخۆیی دەبینین، کە (ئایین) چ ڕۆڵێکی تێدا گێڕاوە و چۆن یەکلاکەرەوەی هێزە بەشەڕهاتووەکانی بووە. هەر ئایین بووە کە گڕوتینێکی زۆری بەخشیوەتە ئەو لایەنانەی بەشدار بوون تیایدا، ئایین میکانیزم و داینەمۆ و هەڵسوڕێنەری کارەکان بووە. هەر ئایین بووە کە ڕێنیشاندەر و ئاراستەکەری کۆمەڵگا بووە، ئیلهام بەخشی هونەر و شاعیر و کەڵە پیاوان بووە. لە کاتێکدا هەر ئایینیش تێکدەر و گومڕاکەر و هۆکاری نەخوێندەواری و گەندەڵی و هەژاری کۆمەڵگا بووە. ئەوەتا کۆمەڵگای ئەوروپی لە سەدە تاریکەکاندا کە ئایین تیایدا بالاَدەست بووە چ حاڵێکی هەبووە. خۆ ئەگەر ئەم وتانەش ڕاست نەبن، ئەدی شۆڕشی زانستی و سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕێنیسانس لەپای چی، بۆچی چیتر ئایین پێگەو کاریگەریی جارانی نەما، نەهێڵرا چیتر دەسەلاَت قۆرخ بکات، لەپای چی چەمکی سکیۆلاریزم (جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەلاَت) پەیدا بوو؟

ئینگلتەرا وەك سەمپڵێك لە تاقیگەدا، هەموو ئەم وتانەی باسکرا تێیدا بەدی کراوە، تاڵی و شیرینی گشت ڕووداوەکانی چەشتووە، ناچار بووە هەموو شتەکان هەڵبسەنگێنێت تا دواجار بگاتە بڕیار و ئامانج. ئەمڕۆ لە جیهاندا هەر تاکێکی خوێندەوار کەم تا زۆر زانیاری و شارەزایی دەربارەی مێژووی ستراکتوورو پێگە و سیاسەتی بەریتانیا هەیە. تەنانەت قوتابیانی قۆناغە سەرەتاییەکانیش وەك پێویست زانیارییەکی سەرەتایی دەربارەی ئەم بابەتانە وەردەگرن. ئەوەش بۆ کۆی ئەو داتایانە دەگەڕێتەوە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان و ساڵەهای ساڵە چنگ دەکەون و لەبەردەستدان. بەلاَم لێرەدا بابەتێکی مێژوویی سیاسی دێنینە پێش، بەمەبەستی ڕاڤەکردن و قسەکردن، کە لەگەڵئەوەی ئەم بابەتە مێژووییە بەشیخۆشی زانیاری تەواو لەسەری لەبەردەستدایە، بەلاَم وەکی ئەو بابەتانەی



هەواڵنامەی کتێب

پێشتر باسکرا و جەختی لەسەرکرا، هێندە زانیاری چڕوپڕ و ورد لە بارەیەوە نیە و چنگ ناکەوێت، گەر لەبەردەستیشدا بێت کەمە و وەك پێویست نییە.

هەروەك لە تایتڵی سەرەکی ئەم بابەتەدا ئاماژەی پێدراوە، (ئینگلتەرا، دە ساڵ سیستمی کۆماری)، ئەمە ئەو بابەتەیە کە دەمانەوێت بەشێوەیەکی زانستیانە ڕونکردنەوەیەکی تەواوی لەسەر بدەین. ئاشکرایە کە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا، ئەمڕۆکە خاوەنی سیستمێکی پەرلەمانییە کە خێزانی شاهانە و ئەنجومەنی لۆردات و پەرلەمانتاران و دوو پارتی سیاسی (بەنۆرە و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەشدار بوو لە حکومەتدا) پێکهاتەی سیاسی وڵات پێکدەهێنن. بەڵام مێژوو ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم شانشینە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو سیستمی کۆماری تێدا پەیڕەو کراوە نەك پادشاییی، ئایا مێژووی ئەو گۆڕانکارییە ڕادیکاڵییە لە سیستمی حوکم و ستراکتوری ئەم شانشینە یەکگرتووە مەزنەدا بۆچ ساڵێك دەگەڕێتەوە؟ ئاخۆ هۆکارەکانی ئەم گۆڕانکارییە چی بووبێت؟ کارەکتەرەکانی کێ بوون؟ هۆکاری خۆڕانەگرتن و بەردەوام نەبوونی ئەو سیستمە چی بووبێت؟ ئەمەو چەندین پرسیاری تر کە لەکاتی خۆیدا دێنە پێشەوە و دەخرێنە ڕوو بەمەبەستی باسکردن.

## کەسایەتییە مێژووییەکان

مێژوو ناوی کەسایەتی مێژوویی (ئۆلیڤەر کرۆموێڵ)* وەك ئەفسانە باس دەکات، کە لەکاتی خۆیدا ململانێکان و سیاسەتە هەڵەکانی پادشای ئینگلتەرا (شارڵی یەکەم) و ئەتمۆسفێری سیاسی چ کاردانەوەیەکیان لەسەر هەڵسوکەوت و تێڕوانین و بڕیاردانی ئەم کەسایەتییە جێهێشتووە. وەڵ لە ژینگەیەکی وەهادا ئەو دەرەنجامانە چاوەڕوان کراو بوون، بەڵام دەشکرێت چۆنێتی هەڵسوکەوتی





کارەکتەرەکان بە هەند وەربگیرێت، بۆنمونە (کرۆموێڵ) لەگەڵئەوەی لایەنگری پەرلەمانییەکان بووە و بەرەنگاری سیاسەتەکانی پادشا بووەتەوە، هەروەها هەوڵەکانی یەکخستووە بۆ تێکشکاندنی لایەنی بەرامبەر وە دواتر گرتنەدەستی دەسەلاّت، بەلاّم لەهەمان کاتیشدا ناوبراو لە قۆناغەکانی داهاتوودا دەشێت وەك (دیکتاتۆر)ێك ڕەفتاری کردبێت، ئەمەش بەپێی ئەو بەڵگەنامە و دۆکۆمێنتانەی چنگکەوتوون و باس لەو کەسایەتییە دەکەن...

لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا، کاتێك ئینگلتەرا لە هەوڵی دابینکردنی ڕێگای بازرگانی بۆ هندستان و ناوچە کۆلۆنیا کراوەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا بوو، لە هەمان کاتدا ئارەزومەندی بەدەستهێنانی گرێبەندی گواستنەوە جیهانییەکانیش بوو. ئالەم کاتەدا سیاسەتی کرۆموێڵ پێکەوە گرێدانی پاڵنەرە ئایینی و سیاسی و بازرگانییەکان بوو. بەلاّم بە تێگەیشتنێکی تر، سیاسەتێکی نەتەوەیی بوو، هەرچەندە ناوبراو هەردەم ئاماژەی بەوە دەدا کە بەرژەوەندییە ئایینییەکان دەبێت لەپێش بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانەوە بێت. کرۆموێڵ هەموو توانای بۆ دژایەتی کردنی ئایینزای کاتۆلیکی خستبووە گەڕ، هەربۆیە (ئینگلتەرا) بە ڕابەری ئەو دەوڵەتە پرۆتستانتییانە دادەنرا، کە دژ بە خانەی (هابسپێرگ) بوون. لەوەش زیاتر، مافی ئەوەی بەخۆی بەخشیبوو کە پارێزگاری لە پرۆتستانتەکانی فەرەنسا بکات، بەم کارەی هەژموون و باڵادەستییەکی زۆرتری بە ئینگلتەرا بەخشی و بەهۆیەوە هەستی نەتەوایەتی چەکەرەی کرد.

هەرچەندە سیاسەت لەڕووی نەریتەوە پەیوەستە بە مومارەسەکردنی هێزەوە، کەچی زۆرجار چڕتر لەسەر دیاردەیەك دەوەستێت کە پێی دەوترێت (دەسەلاّت)، بەتایبەت (دەسەلاّتی سیاسی). دەسەلاّت لە فراوانترین مانایدا بریتییە لە فۆرمێکی هێز. بەلاّم زۆرجار هێز و دەسەلاّت لەیەکتر جیادەکرێنەوە،



هەواڵنامەی کتێب

وەك دوو ناوەندی دژ بە یەك كە لە ڕێگەیەوە پابەند بوون یان گوێڕایەڵی بەدەست دەهێنرێت. لە كاتێكدا هێز دەكرێت پێناسە بكرێت وەك توانایەك بۆ كارتێكردن لە هەڵسوكەوتی یەكتر. بەڵام دەسەڵات دەكرێت بەو مافە پێناس بكرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو كارە..[٣]

نووسەرێكی عەرەب بەناوی (ناسر حەملاوی- ناصر حملاوی) بابەتێكی نووسیوە لەژێر ناونیشانی (ستەمكاریی زۆرینە)، كاتێك كە دێتە سەر باسی شەڕی ناوخۆی ئینگلتەرا، باس لەوە دەكات كە پادشا شارڵی یەكەم نگرۆی هەڵەكانی ببوو، بەوەی خۆی بە سێبەری خودا لەسەر زەوی دەزانی، هەروەها پەرلەمانی ناوخۆی پەكخستبوو، ئەمە لەكاتێكدا بوو كە تەواوی ئینگلتەرا لە دژایەتی پاپادا دەژیا، وە چینی پاكژەكان (المگهرون) (puritans)* زۆر بەوردی ئاگاداری ئەم گۆڕانكارییانەیان دەكرد، بارودۆخ بەشێوەیەك ئاڵۆز ببوو كە چیتر وڵات خوازیاری دەسەڵات نەمابوو، ئەمە هاندەرێكی باش بوو بۆئەوەی توندڕەو ئۆلیڤەر كرۆموێڵ (بە وتەی نووسەرەكە) هەڵبستێت بە لەناوبردنی پادشا. بەڵام گشت ڕوداوەكان وا باس دەكەن كە بۆجارێكی تر سیستمی پادشایەتی توانیویەتی بە گوڕوتینێكی ترەوە بێتەوە نێو گۆڕەپانی سیاسەت و دەستنیشانی ناوبراو وەك سەركردەیەكی دیكتاتۆر بكات، هەربۆیە دواتر جەماوەر گۆڕی سەركردە (كرۆموێڵ) هەڵدەدەنەوە و سوكایەتی بە ئێسك و پروسكییەوە دەكەن..[٤]

سەركردەی سەربازیی سوپای بەریتانی فیڵد مارشاڵ (مۆنتیگۆمری) كە ماوەی پەنجا ساڵ بەبێ دابڕان خزمەتی سوپای كردووە بەتایبەت لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا. كتێبێكی لەسەر چۆنیەتی سەركردایەتیی كردن داناوە، لە بەشێكیدا باس لە كرۆموێڵ دەكات كە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتییەكەیدا سێ جار پەرلەمانی هەڵوەشاندووەتەوە، تا لە كۆتاییدا وەك دیكتاتۆرێك خۆی





حوكمڕانی كردووە. زیاتر ئاماژە دەدات و دەڵێت:

" لە ڕۆژی (٤/ یۆلیۆ/ ١٦٥٣)ز یەكەم پەرلەمان لە سەردەمی كرۆموێڵدا دانیشتنەكانی خۆی بەست، بەڵام لە (١٢/ دیسەمبەر/ ١٦٥٣)ز ئەندامانی دەستلەكار كێشانەوەی خۆیان ڕاگەیاند، چونكە نەیانتوانی هاوكاری ئەو پیاوە بكەن. لە (٣/ سێپتێمبەر/ ١٦٥٤)ز سەرلەنوێ پەرلەمان دەستبەكار بووەوە، بەڵام بەهۆی دەسەڵاتەكانی سەركردایەتی سوپاوە ئاڵۆزی دروست بووەوە. پەرلەمان لەو باوەڕەدا بوو كە دەبێت سوپا لە ژێردەستی ئەواندا بێت بۆئەوەی حكومەت بچەسپێ، بەڵام ناوبراو پێچەوانەی ئەم ڕایە بوو، بۆیە بە فەرمانی كرۆموێڵ لە (٢٢/ ئایار/ ١٦٥٥)ز دیسانەوە پەرلەمان هەڵوەشێنرایەوە. لێرەوە هێندەی تر هێز و دەسەڵاتەكانی ناوبراو زیادی كرد، ئینگلتەرای بەسەر یازدە دەڤەردا دابەش كرد، یازدە ئەفسەری بە پلەی ژانراڵ بۆ دەستنیشان كرد. ساڵی (١٦٥٦)ز بۆ بەدەستهێنانی خەرجی پێویست بۆ جەنگ دژی ئیسپانیا، ناوبراو بە ناچاری داوای لە پەرلەمان كرد كە دانیشتنەكانی خۆیان دەست پێبكەنەوە، لە (١٧/ سێپتێمبەر/ ١٦٥٦)ز كۆبوونەوە سازدرا، لەو دانیشتنەدا (ئەنجومەنی لۆردات) كە لەلایەن كرۆموێڵەوە ئەندامانی دانرابوون، لەگەڵ ئەنجومەنی گشتیدا پێكدا هەڵپژان، بۆیە ناوبراو دووبارە بە ناچاری لە (٤/ فێبرایەر/ ١٦٥٧)ز دا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیدا." [٥]

وەك درێژە پێدانێك دەربارەی ژیان و دەركەوتنی كرۆموێڵ، ئەوەندە هەیە كە دەربارەی سەرەتای ژیانی ناوبراو زانیارییەكی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە، ئەوەندە نەبێت كە لەنێو بنەماڵەیەكی خانەدانی مامناوەنددا هاتووەتە دنیاوە، كە پێشتر باسكرا. لەوەش زیاتر، ئەوەیە كە ساڵانێك زەوی و سامان و موڵك و ماڵەكەی لەدەست داوە و ماوەیەك وەك جوتیار كاری كردووە. واتە ئاستی ژیانی



هەواڵنامەی كتێب

دابەزیوە بۆ ئاستی چینی هەژاران، بەتایبەت لە ساڵی (١٦٣٠)ز دا. ئەوە نەبێت کە بەهۆی میراتیی مامیەوە، بۆ جارێکی تر توانی ئاستی بژێوی خۆی بەرز بکاتەوە، واتە بگەڕێتەوە نێو ڕیزی خانەدانەکان.

سەرچاوە مێژووییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە ئەم کەسایەتییە مێژووییە سەرەتای ژیانی ئاڵۆز بووە و شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەو ماوەیەی ژیانی نییە و هێندەش ناسراو نەبووە، بەتایبەت تا تامەنی (چل) ساڵی...[٦] بەلاّم لێرە بەدواوە گۆڕانکارییەکی سەرەکی و بنچینەیی لە ژیانیدا بەدیدەکرێت، بەتایبەت دوای ئەوەی دەبێتە ئەندام پەرلەمان وەك نوێنەری هەرێمی (کامبریدج)ی ئینگلتەرا. بەمانای ئەو زانیارییانەی دەربارەی ناوبراو هەیە و لەبەردەستدایە بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە و ئەمڕۆکەش زانستیانە تر و پوختتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

دووبارە هەڵبژاردنەوەی کرۆموێڵ وەك ئەندام پەرلەمانێك، یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆئەوەی لە داهاتوودا لە نێو زۆرینەی خانەدان و خاوەن موڵك و بازرگانەکاندا ناودەربکات. بەلاّم لەبەرئەوەی لەناو ئەواندا کەسێکی ئازا و بەجەرگ هەڵنەکەوتبوو کە ببێتە ڕابەری نەیارانی ڕژێم، بۆیە لەنێو خانەدانەکاندا کرۆموێڵ وەك سومبول و نموونەیەکی دیاری ئۆپۆزسیۆن بەدەرکەوت. لەوەش زیاتر، پێگە سیاسی و سەربازییەکەی بوو کە هەوێنێکی باش بوو بۆئەوەی ببێتە سەرکردەیەکی سەربازیی دیار، تا بەهۆیەوە هەموو تواناکانی بخاتە گەڕ بۆ لەناوبردنی شارڵی یەکەم و دارمانی سیستمی پادشایەتی..

دوای ئەوەی پادشا سەری پەڕێنرا و سیستمی پادشایەتی ڕەتکرایەوە، ولاّت تارایەکی نوێی کۆماری پۆشی، سەرلەنوێ دامودەزگاکانی ولاّت بە سیستمێکی تا ڕادەیەك دیموکراتی ئاشنا بوون، هەر بەو شێوازەش دەستبەکار بوو. بۆ جارێکی





تر پەرلەمانی ئینگلتەرا ژیان بە بەریدا کرایەوە و بە گروتینێکی زۆرەوە و بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە دەستبەکار بوو. وەك هەنگاوێکی دڵخۆشکەرانە کرۆموێڵ هەوڵیدا هەماهەنگییەك لەنێو ڕۆڵەکانی گەلدا دروست بکات و بە باشترین شێوەش مامەڵە لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگادا بکات، تا ڕادەیەك هەوڵبدات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی تاك، ئازادی سیاسی و ئایینی فەراهەم بکات. ناوبراو خوازیاری ئەوە بوو کە بە باشترین شێوە دەسەلاّتی حوکم بگرێتە دەست و نموونەییترین شێوازی حوکمڕانی پەیڕەو بکات. لەسەر ئاستی ناوخۆیی توانی (ڕێوڕەسمی لێبوردەیی ئایینی)دەربکات، واتە فەراهەم کردنی ئازادیی ئایینی، مەبەست لەم کارانەشی بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتمانیی لەنێو باڵەکانی ئایینی کریستیانی پیرۆزدا بوو.

لەگەڵئەوەی ناوبراو هەوڵی بەدەستهێنانی ئاشتەواییەکی سەرتاسەری و ڕێکخستنەوەی ولاّت و ئازادی ئایینی دەدا، بەلاّم ئاشکرایە کە ئەو ئازادییە سنووردار بووە، لەبەرئەوەی توندڕەوانی پرۆتستانتی و کاتۆلیکی و کڵێسەی ئەنگلیکانی بەدەر بوون لەو کارەی، هەروەها لایەنگرانی ئایینزای یەکتاپەرستی (یونیتاریان)ی سەربە کاتۆلیکەکانی ڕۆما و بەشێکیش لەو کاتۆلیکانەی لە ڕوانگەی ئەودا بە بێباوەڕ لەقەڵەم درابوون. ئەمە بێجگەلەوەی ژینگەی ئینگلتەرای ئەو سەردەمە نامۆ بوو بەو ئاشتەواییە و ئایینزای کاتۆلیکی لەلای زۆرینەیان بێزراو بوو. ئەم داکەوتەش وەك ڕاستییەك دەرەنجامی ئەرێنی لێنەکەوتەوە...

لایەنگرانی ئایینزای کاتۆلیکی لەلای خۆیانەوە، درکیان بەو ڕاستییە کردبوو کە مەرج نییە دەرەنجامەکان بەو شێوەیە بێت کە سەرەتاخوازیاری بوون، هەربۆیە سکۆتلەندی و ئێرلەندییەکان لەسێدارەدانی شارڵی یەکەمیان بە

پێشێلکاری دانا لەبۆ حورمەتی بنەماڵەی دێرینی (ستیوارت)ی سکۆتلەندی، ئەوەش یەکەمین بەهانە بوو کە بە کرۆموێڵ و سیاسەتی حکومەتەکەی گیرا. وردە وردە بارودۆخی ئینگلتەرا بەرەو ئاڵۆزی و کێشمەکێش دەچوو، دەنگی ناڕەزاییش بەرز دەبووەوە.

شتێکی حاشا هەڵنەگر بوو کە پادشای ئینگلتەرا تا دوای لەسێدارەدانیشی زۆرێك لە دانیشتوانی ئینگلتەرا لایەنگری بوون، هەربۆیە دەنگی ناڕەزایی ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، بووە هەوێنی شەپۆلێکی فراوانی بایکۆت کردن دژ بە کرۆموێڵ، کە لە داهاتوودا پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ گەڕاندنەوەی وڵات بۆ لانەی سیستمی پادشایەتی.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە کە ئایا کرۆموێڵ و لایەنگرانی سیستمی کۆماری هەروا بەئاسانی دەستبەرداری دەسەڵات دەبن؟ وەڵامەکەی ڕوون و ئاشکرایە کە کرۆموێڵ لێرە بەدواوە بە دەستێکی پۆڵایین حوکمڕانیی وڵاتی دەکرد، سیاسەتی توندوتیژی بووە سیمای سەرەکی دەسەڵات، ئەوەش بە مەبەستی ملکەچ پێکردنی میللەت. وەلێ ساڵی (١٦٥٠)ز بووە هێمایەك بۆ سەیر و سەمەرەترین ئامڕازی داپڵۆسین و سەرکوتکردن، بۆ ڕیشەکێش کردنی بەرگری گەلی سکۆتلەندی..[٧]

ئەو داکەوتە تاڵەی پێشتر بەرۆکی شارڵی یەکەمی گرتبووەوە، هەمان داکەوت لە چانسی کرۆموێڵیش بوو، تەنها ئەوە نەبێت شارڵ لە ژیاندا بوو کە بە چاوی خۆی سێدارەی بینی، بەڵام کرۆموێڵ لە گۆڕدا بوو کە لە سێدارە درا. کرۆموێڵ لە تەمەنی (پەنجا و نۆ)ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، وە بە کردار (فعلی) پێنج ساڵ فەرمانڕەوای ڕەهای وڵات بووە. لەگەڵئەوەی جێدەستی دیار بووە لە بەرەوپێش بردنی وڵات و ناساندنی وەك هێزێکی نێودەوڵەتی، هەروەها





داهێنەری سیستمی کۆماری لە ئینگلتەرا و ڕابەر و پارێزەری ئاینزای پرۆتستانتی بووە، وڵات لە ڕووی ئابورییەوە بوژاوەتەوە، بەڵام کاتێك دێوەزمەی مەرگ کفنی بۆکرد بە بەرگ، هەرزوو لە ناوخۆدا لەبیر چوو.

جارێکی تر (مۆنتیگۆمری) باس لە کرۆموێڵ دەکات وەك سەرکردەیەکی سەرنەکەوتوو، کە تیایدا ئاماژە دەدات:

" من ئۆلیڤەر دەخەمە ڕیزی هەرە پێشەوەی سەرکردە سەربازییەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا بە دوڕاوترین پێشەوای سیاسی دادەنێم، چونکە لەنێوان ساڵانی (١٦٥٣- ١٦٥٨)ز هەوڵیدا پێنج جۆرە حکومەت پێکەوە بنێت، بەڵام لە هەمویاندا سەرکەوتوو نەبوو. هەردەم هەوڵی دەدا شتێك دروست بکات، بەڵام دواتر هەر خۆی تێکیدەشکاندەوە. لە هەوڵی ئەوەدا بوو سیستەمی دەسەڵاتی کەمینە بەسەر زۆرینەدا بسەپێنێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

ئاخۆ لە دوای مردنی کار بەرەو کوێ چوو؟

لە (١٠/ دیسەمبەر/ ١٦٦٠)ز پەرلەمان بە تێکڕای دەنگ، هەردوو ئەنجومەنەکەی ڕازی بوو بەوەی لاشەی کرۆموێڵ (ئێسك و پروسکی) لەگەڵ لاشەی چوار کەسی تردا بە زنجیر بەندی لە (وێستمنستەر)ەوە بۆ (نیبۆرن) بگوازنەوە، لەوێ بۆ ماوەیەك بە کفن و زنجیر بەندییەوە ئێسك و پروسکی هەڵواسرا، دواتر کەللەسەری لێکرایەوە و بە دارتەلێکەوە لەسەر سەربانی هۆڵی (وێستمنستەر) شۆڕکرایەوە بە هەڵواسراوی، بۆئەوەی خەڵك بیبینێت و پەندی لێوەربگرێت، بەم شێوەیە مایەوە تا ساڵی (١٦٨٤)ز"...[٨]

باشتروایە بەشێکی باسەکە تەرخان بکەین بۆ ژیان و ماوەی حوکمڕانی پادشای ئینگلتەرا (شارڵی یەکەم)(چارلس ستیوارت)، وەك کارەکتەرێکی تری بابەتەکە.



هەولنامەی کتێب

له لاپەڕەكانی مێژوودا ئاماژە بە شا (چارلس ستیوارت) دراوە، وەك پادشای ئینگلتەرا، كە لە بنەماڵەی (ستیوارت) (ئاڵ ستیوارت)ی سكۆتلەندی كاتۆلیك مەزهەب بووە، كوڕی شا (جێیمسی یەكەم) (١٥٦٦-١٦٢٥)ز بووە، كە پادشای ئینگلتەرا و ئێرلەندا و سكۆتلەندا بووە. شارڵی یەكەم پادشا و كەسی یەكەمی وڵات بووە، بەڵام هێندە پیاوێكی بە دەسەڵات و كەسێكی سیاسی ناوداری وڵاتەكەی نەبووە، واتە شیاوی شوێنی خۆی نەبووە. لەو سەردەمەدا و بە فەرمانی پادشا، زۆربەی كات پەرلەمان لەكار خراوە. ویستوویەتی بە فرۆفێڵ سیاسەت بكات، وەك هەموو پادشاكانی سەر ڕووی زەوی هەر خەریكی چێژ وەرگرتن لە خۆشییەكانی ژیانی بووە. بۆیە بەم كارەی دوور كەوتووەتەوە لە گەلەكەی، وە كەسێكی بێزراو بووە، فریادڕەسی گەلەكەی نەبووە. زۆربەی كات بەهۆی سیاسەتە سەرنەكەوتووەكانیەوە، كەوتووەتە هەڵەوە تا لە كۆتاییدا ژیانی خۆی دۆڕاندووە.

دوای ئەوەی دەسەڵاتی شاهانە توانی بگەڕێتەوە ئینگلتەرا و دووبارە دەستبەكار ببێتەوە، جارێكیتر وڵات و ئەو دەسەڵاتە سیاسییە ڕووبەڕووی گۆڕانكارییەكی بنەڕەتی بووەوە، كە دواتر بە (شۆڕشی شكۆدار)ی ساڵی (١٦٨٨)ز كۆتایی هات. بەتایبەت دوای ئەوەی (شا جێیمسی دووەم) كە پادشایەكی كاتۆلیكی بێزراو بوو، ساڵی (١٦٨٨)ز لە ئینگلتەراوە بەرەو فەرەنسا هەڵات. بۆیە دواتر پەرلەمانی ئەو وڵاتە دوو كەسایەتی پرۆتستانت (ویلیام و ماری)یان وەك پادشا و سەرداری وڵات لەسەر تەخت دانا، شا جێیمسی دووەم لەبەرئەوەی بێحورمەتی بەرامبەر بە جەماوەرەكەی نواندبوو، بۆیە شیاوی ئەو شوێنەی نەبوو وە لەسەر تەخت هێنرایە خوارەوە. دواتر ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بەبێ خوێن ڕشتن بەڕێوە چوو، پەرلەمانیش ئەركی دانانی پادشای گرتە ئەستۆ..[9]





له سایتی (ویكیپیدیا)دا بابەتێك لەژێر ناوی (دامەزرێنەری تەنیا كۆمار لە ئینگلتەرا)دا بلاْوكراوەتەوە (نووسەرەكەی نادیارە)، تیایدا ئاماژە بەوە دراوە كە ساڵی (١٦٤٥)ز كاتێك شەڕی ناوخۆی ئینگلتەرا هەڵدەگیرسێت لەنێوان لەشكری لایەنگرانی پادشا لەلایەك، وە لەشكری لایەنگرانی پەرلەمانییەكان و سكۆتلەندییەكان (هاوپەیمانانی نوێی پەرلەمانییەكان) لەلایەكی ترەوە، كوشتارێكی زۆر لە هەردوولا ڕوو دەدات، دەرەنجام لەشكری پادشا لە نزیك شاری (نیسبی)یەوە تێك دەشكێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پادشا بە دابڕاوی لە لەندەن و لە پەرلەمان بمێنێتەوە، دواجار لە ساڵی (١٦٤٦)ز دا ناچار دەبێت خۆی بدات بەدەست سكۆتلەندییەكانەوە، كە دواتر ئەوانیش دەیدەنە دەست پەرلەمانییەكان. بەڵام لە ساڵی (١٦٤٧)ز دا پادشا توانی هەڵبێت لەدەستیان و جارێكی تر بەو هۆیەوە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسایەوە. هەمان چارەنووسی پێشوو بەرۆكی لەشكری پادشای گرتەوە، بەڵام بەدەر لە جارەكانی پێشوو، كرۆموێڵ توانی ئەمجارە كۆتایی بەو سیناریۆیە بهێنێت، بەوەی لە ساڵی (١٦٤٨)ز دا لە دانیشتنێكی تایبەتی پەرلەماندا (دوای ئەوەی پەرلەمان پاككرایەوە لە لایەنگرانی پادشا) بڕیاری لەسێدارەدانی پادشا دەربكات. بەو هۆیەوە و دوای دادگایی كردن، لە (٣٠/ كانونی دووەم/ ١٦٤٩)ز دا، لەبەردەم میوانخانەیەكدا لە (وایتهۆڵ) لە (لەندەن) بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا بە جیاكردنەوەی سەری لە لاشەی..[10]

ئینگلتەرا لە سەردەمی شارڵی یەكەمدا، ڕووبەڕووی چەندین جەنگ و شۆڕشی ناوخۆیی بووەوە. پادشا هەریەك لە شاژنی هاوسەری (هێنرییت) لەگەڵ چەند وەزیرێكیدا، هەردەم هانیان دەدا كە بەرامبەر بە گەل و پەرلەمان توندوتیژ و بە زەبروزەنگ بێت. هەربۆیە هەموو دەسەڵات و مافێكی لە



هەواڵنامەی كتێب

پەرلەمان سەندبووەوە، کارێك کە ببوە مایەی بێزاری میللەت و پەرلەمان، وە بەرپابوونی جەنگێکی ناوخۆیی حەوت ساڵە..."

لێرەوە مەودای دەستێوەردان و کاریگەریی (هاوسەرەکەی پادشا) دەردەکەوێت کە تا چ سنوورێك پەلی کێشاوە، بەشێوەیەك کە کاریکردبووە سەر ڕێچکەی سیاسەتی دەوڵەت، ئەمەو بێجگەلەوەی شاژن، کچی پادشای فەرەنسی (هێنری چوارەم) و لە بنەماڵەیەکی (کاتۆلیك) مەزهەب بووە، ئەمەش لە ڕوانگەی ئینگلتەرای پرۆتستانت مەزهەبەوە بەزاندنی هێڵی سوور بووە. واتە ئەو وڵاتەی خاوەنی کڵێسەی ئەنگلیکانی و باوەڕدار بە ئایینزای پرۆتستانتی بووە، بەلای گەلەکەیەوە کارێکی ئاسان نەبووە کە ترۆپکی دەسەلاَت تیایدا چەشە کرابێت بە بیروباوەڕی پاپەوی و کاتۆلیکی، هەربۆیە پادشا کەسێکی بێزراو بووە لە نێو کۆمەڵدا.

کاتێك پادشا، شکستی سوپاکەی لەبەرامبەر سوپای پەرلەمانییەکان لە شەڕی ناوخۆدا تەواو بێزاری دەکات، ناچار وە بە هاندانی هاوسەرە کاتۆلیك مەزهەبەکەی، بە نهێنی لەگەڵ کاهینێکی کاتۆلیکی ئێرلەندیدا (گەورە بەرپرسێکی ئایینی) کۆدەبێتەوە، بە مەبەستی یارمەتی وەرگرتن. کەسایەتییە ئایینییەکە بەڵێن بە پادشا دەدات بە کۆمەککردنی بە پارە و سەرباز و چەك و تەقەمەنی، لەهەمبەر ڕێگەپێدان بە کردنەوەی کڵێسای کاتۆلیکی لە خاکی ئینگلتەرادا، وە داخستنی تێکڕای کڵێسا پرۆتستانتییەکان لە خاکی ئێرلەندادا. لە لایەکی ترەوە، پادشا بە مەبەستی ڕێگرتن لە پێشڕەوی لەشکری پەرلەمانییەکان بە سەرکردایەتی کرۆموێل، ناچار هەوڵی بەدەستهێنانی هاوپەیمانییەك لەگەڵ هۆڵەندا و فەرەنسا دەدات تاوەکو لەو کێشەیە ڕزگاری بکەن. هەموو ئەم سیاسەتە هەلاَنەی ناوبراو خۆی بوو کە دەرەنجامەکەی لەناوچوونی خۆیی و





ماڵوێرانی گەلی ئینگلتەرای لێکەوتەوە.

ئەوانەی وترا ئەوەش ناگەیەنێت کە شارڵی یەکەم وەك دڵسۆز و فریادڕەسێك هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبێت بۆ خزمەت و پارێزگاریکردن لە ئایینزای کاتۆلیکی، بەڵکو زۆربەی کات بە پێچەوانەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتە هەستیارە خەتەرناکەدا کردووە، ئەو ڕەفتارەی وەك هەڵەیەکی ستراتیژی هەژمار دەکرێت لەسەر دیدوبۆچوونی خودی پادشا خۆی.

یەکێك لەو تەنگژە گەورانەی ڕووبەڕووی پادشا بووەوە، پێش شۆڕشی گەلی ئینگلتەرا بەسەر ئەو ڕژێمەدا (١٦٤٠- ١٦٤٩)ز، ئەو یاخیبوون و شۆڕشەی گەلی سکۆتلەندی بوو بەڕووی سیاسەتی شارڵی یەکەمدا، کە دواتر ڕێخۆشکەر بوو بۆ ڕوخاندنی ڕژێم و لەناوچوونی خودی پادشا خۆی. ساڵی (١٦٣٧)ز سکۆتلەندییەکان لە (ئەدنبرە) یاخیبوونی خۆیان ڕاگەیاند لەدژی بڕیارەکانی حکومەتەکەی پادشا شارڵی یەکەم، کە لەهەوڵدا بوو بۆ سەپاندنی پێگەی کڵێسەی ئەنگلیکانی لە خاکی سکۆتلەندا، هەروەها سەپاندنی یاسای نوێی باج بە مەبەستی بەدەستهێنانی داهاتی زیاتر، تاوەکو بەهۆیەوە بتوانێت کەرەستەی زیاتر دابین بکات بە مەبەستی دروستکردن و بەدەستهێنانی کەشتی جەنگیی زیاتر و توانای زیاتر بۆ تێچوونی...

سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە دوای یازدە ساڵ لە پەکخستن و هەڵپەساردنی کارەکانی پەرلەمانی ئینگلیزی لەلایەن شارڵی یەکەمەوە، ساڵی (١٦٤٠)ز ناوبراو تیکڕای ئەندامانی پەرلەمانی بانگێش کردبوو بەمەبەستی کۆبوونەوەیەکی فراوان، تیایدا داوای لە پەرلەمان کردبوو ڕەزامەندی پادشا وەربگرن بۆ دەرچواندنی پرۆژە یاسایەك بەمەبەستی پارە کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی بڕێکی باش لە خەرجی پێویست، تا بەهۆیەوە بتوانرێت بە

هەواڵنامەی کتێب

زووترین کات یاخیبوونی سکۆتلەندییەکان دابمرکێنرێتەوە. بەڵام لە بەرامبەردا ئەندامانی پەرلەمان دژایەتی خۆیان ڕاگەیاندبوو بۆ وەها کارێك، کە دواتر بەو هۆیەوە پادشا ناچاربوو پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە، جارێکی تر و سەرلەنوێ پەرلەمانێکی تر پێکهێنرایەوە کە زۆرێك لە ئەندامانی لە پەرلەمانی پێشوودا ئەندام بوون، لەوانەش کەسایەتی وەك (جۆن هامبۆن، جۆن پیێم، ئۆلیڤەر کرۆموێڵ) کە چینی خانەدان و خاوەن موڵکی مامناوەند بوون لە ئینگلتەرا...[١٢]

## ڕۆڵی فەیلەسوفان لـــــــــەم بارودۆخەدا

هەموو سەردەمانێك ڕووداوی تایبەت بە خۆی هەبووە کە لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کراوە، هەمان لاپەڕە ناوی کەسانی سەرکردە و سیاسی، دانا، هونەرمەند، مرۆڤ دۆست، نامرۆڤی تێدا تۆمار کراوە. واتە لە مێژوودا، تێکڕای ڕووداوەکان تێکەڵ بە کەسایەتییە دیارەکانی بووە.

<u>(تۆماس هۆبز)</u> * ناودارترین فەیلەسوفی سەردەمی خۆی بووە، گۆڕانکارییەکی سەرەکی لە مێژووی فیکری سیاسیدا بەئەنجام گەیاندووە، بە شێوەیەکی زانستیانە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانی هەڵسەنگاندووە، پەیوەندی پادشا بە دەسەڵات و ڕەعیەتەکەیەوە دەرخستووە. ئەم کەڵە فەیلەسوفە لە سەردەمانێکدا ژیاوە کە بارودۆخی وڵات لەوپەڕی ناخۆشیدا بووە، هەم لە ڕووی ئایینییەوە کە ئەورووپای خۆرئاوای گرتبووەوە، بەتایبەت شەڕی سی ساڵەی مەزهەبی نێوان پرۆتستانت و کاتۆلیك (١٦١٨- ١٦٤٨)ز، هەم لەڕووی داگیرکاری و دەستێوەردان و هاوپەیمانێتییەوە، کە چەندین جەنگی لەخۆ گرتبوو، وە هەم لە ڕووی ناوخۆییەوە کە زۆربەی هەرێمەکانی ئینگلتەرای گرتبووەوە. ئەمانەی وترا





کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر ناوبراو، تەنانەت پێشتریش لەسەر دایکی، هەربۆیە دایکی پێش وادەی دیاریکراوی خۆی، هۆبزی بووە. لەمبارەیەوە هۆبز وتەیەکی بەناوبانگی وتووە کە:

**" من و ترس دوانەی یەک سکین "**

بەم چەند وشەیە هەموو بارودۆخی وڵات و ڕۆڵی سیاسەت و سیستمەکان و کێشمەکێش و تەنانەت ئەوەی لە مێشك و تێڕوانینی ئێمەشدا هەیەخستویەتیەڕو. سیمای سەرەکی وڵات، جەنگ و کوشتوبڕ بووە، لەوەش زیاتر شەرعییەتدان بەو جەنگانە. ترس لە مرۆڤەکاندا بەرجەستە بووە، قاتوقڕی و نادادپەروەری باڵی بەسەر ئاسۆی خواست و تێڕوانینی مرۆڤەکاندا کێشاوە، فەلسەفە و زانست و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و دیوکراتییەت، لە ئاستێکی نەخوازراودا بوون. هەرچی بکرایە بۆ ئەوڕۆ دەبوو، بێئەوەی بەرنامەڕێژی بکرێت بۆ سبەی یا داهاتوو. بێگومان ئەوەش ئەوپەڕی بێئومێدی تاکەکانی دەردەخست لە هەلومەرجێکی دژواری سیاسی وڵاتێکی وەهادا، هەربۆیە واتای (ترس) گەورەترین کاریگەریی لەسەر خۆیی و دایکی هەبووە. ئەمەش ڕاڤەکردنێکی تێروتەسەلی چەمکی (فۆبیا) و دەرەوەی فۆبیای لەخۆ دەگرت لە کۆمەڵگای ئینگلتەرای ئەو ڕۆژەدا.

لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەی زایینییدا، ئایینزای پرۆتستانتی ئینگلتەرای گرتبووەوە، پادشا پارێزەر و سەرۆکی باڵای بوو. ئەو ساڵەی هۆبزی تێدا لەدایك ببوو، (فیلیپی دووەم) پادشای ئیسپانیای کاتۆلیکی، کەشتیگەلی سەربازی (ئەرمادا)ی ناردبوە کەنار دەریاکانی ئینگلتەرا، بە مەبەستی ملکەچپێکردنی پادشا پرۆتستانتەکەی، واتە (ئەلیزابێسی یەکەم). بەڵام ئینگلتەرا بەهۆی خۆڕاگری و نەبەردی و یەکیەتی گەلەکەیەوە، توانی بەرپەرچی داگیرکارییەکانی



هەواڵنامەی کتێب

ئیسپانیا بداتەوە و کەشتیگەلی ناوداری ئیسپانی تێکبشکێنن، کە سومبولی توندوتۆڵیو هێرش بردن بوو، ئەم ڕووداوانەش لە کاتێکدا بوو کە دایکی هۆبز پێش وادەی خۆی ناوبراوی ببوو، هەربۆیە لەسەر زاری مێژوو نووسان و هۆبز خۆشی، ترسی جەنگ و شەڕی ناوخۆ و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەو کاتەدا، هۆکاری سەرەکی ئەو منداڵبوونە پێش وادەیە بووە، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا.

دوای ئەوەی هۆبز لاوێکی کامڵ و ژیری خوێندەواری لێدەردەچێت هەستیار بە بارودۆخ، ساڵی (١٦٤٠)ز پێشبینی شەڕێکی ناوخۆیی ئانوساتی لە ئینگلتەرادا دەکات، ناوبراو ناچاردەبێت بۆماوەی (یازدە ساڵ) تاراوگە هەڵبژێرێت. لەو ماوەیەدا چاوی بە (دیکارت)ی * فەیلەسوف دەکەوێت، هەر لەو ماوەیەدا ببوە مامۆستای (شارڵی دووەم) کە ئەویش وەك پەنابەرێك لە پاریس دەژیا. هۆبز هەردەم شانازی بەوەوە دەکرد کە لە پێشینەی ئەوانە بووە کە هەڵاتبوون لە ئینگلتەرا، بەتایبەت ناوبراو لەو کەسانەش بوو کە لایەنگری سیستمی پادشایەتی بووە..[١٣]

پاش کۆچی دوایی کرۆموێل وشکستی لایەنگرانی سیستمی کۆماری، سەرلەنوێ سیستمی پادشایەتی گەڕایەوە بۆ ئینگلتەرا، وە لە ساڵی (١٦٦٠)ز دا (شارڵی دووەم) * کە لە (فەرەنسا) لەسەر دەستی (تۆماس هۆبز) خوێندبووی بوو بە پادشای وڵات....[١٤]

گەڕانەوەی پادشای نوێ و سیستمی پادشایەتی بۆسەر تەختی وڵات، مانای کۆتایی هاتنی کێشەکان و گەڕانەوەی ئارامی بۆ ئەو وڵاتە نەدەگەیاند، بەڵکو دووبارە بونەوەی کێشە لەمێژینەکان بوو لە ساتەوەختێکی تردا. هۆبز هەرگیز خوازیاری ئەو ساتە بوو کە تیایدا وڵات بە خۆشی و شادی ببینێت، بەڵام مەخابن ئەو ئاواتەی نەهاتە دی. ئەو بە دووچاوی خۆی ئەوەی نەبینی کە ڕۆژێك دادێت، ئینگلتەرا پادشایەتی پەرلەمانی (ملکیە برلمانیە) بێت و چینی





بۆرژوا تەواوی دەسەڵاتەکانی گرتبێتە دەست، واتە کاتێك ئەو گۆڕانکارییە هاتەدی، ئەو لە ژیاندا نەمابوو..[١٥]

پێشتر ئاماژە بەوە درا کە ترس ناخ و بیرکردنەوە و هزری هۆبزی داگیر کردبوو، بۆیە هەموو هەوڵەکانی لەو پێناوەدا خستبووە گەڕ، تاوەکو میکانیزمێك بدۆزێتەوە بەهۆیەوە ئاشتی بەرقەرار بێت و ترس تێبپەڕێنرێت، وە بەسەر ئەو مۆتەکەیەدا زاڵ ببێت. بە بڕوای ئەو (دەسەڵاتی ڕەها) ئەو میکانیزمە بوو کە دەتوانرا بەهۆیەوە بەسەر ترسدا زاڵ ببیت.

ساڵی (١٦٥١)ز لە پاریس، ناوبراو کتێبە بەناوبانگەکەی (ئەژدیها- التنین- **Leviathan**) * بڵاوکردەوە کە تیایدا بۆچونە توانج ئامێزەکانی سەبارەت بە مرۆڤ و هاوڵاتی خستبووە ڕوو، دوای ماوەیەکی کەم لە بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە، کرۆموێل ڕێگایدا بە ناوبراو کە بگەڕێتەوە بۆ ئینگلتەرا، بەڵام هۆبز لە ساڵی (١٦٦٠)ز وە دوای ئەوەی کرۆموێل لە ژیاندا نەمابوو ئیدی گەڕایەوە بۆ وڵات، کە سەرلەنوێ سیستمی پادشایەتی دەستبەکار بووەوە..[١٦]

تیۆرە فەلسەفییەکانی ناوبراو دەرهاویشتەی داکەوتی ئینگلتەرا بوون، لەبەرئەوەی تەمەن درێژی خۆی و باڵادەستی فەندەمێنتاڵە توندڕەوەکان و دادگای پشکنین و کوشتنی بەناهەق، بە باشترین ئەزمون دادەنران بۆ دارشتنی تیۆرە فەلسەفییەکەی. هۆبز لەو بڕوایەدا بوو کە (مرۆڤ) گورگێکە بۆ مرۆڤی برای، هەربۆیە گەر پادشایەك نەبێت حوکمی گەل بکات و دەسەڵات و هەیبەتی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت، ئەوا خەڵکی دەبنە دێو و درنج و یەکتر دەخۆن. لەبەر ئەم هۆیانە بوو کە هۆبز بە چاوێکی ڕۆمانسیانە لە مرۆڤی نەڕوانیوە، بۆیە لە داواکەرانی (دەوڵەتێکی بەهێز) بوو کە یاسا بەسەر هەمواندا

بسەپێنێتو لێناگەڕێت بەهێز بێهێز بخوات...[17]

بۆ پشتگیری کردن لە دەسەلاتی ڕەها و دەوڵەت و جەخت کردن لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوت و سروشتی مرۆڤەکان و کێشە کۆمەلایەتییەکان، هۆبز جوانترین ڕاڤە و تیۆری فەلسەفیمان پێشکەش دەکات، تیایدا وێنای (دۆخی سروشتی) دەکات کە پێش بوونی کۆمەڵگا دەکەوێت. لەم دۆخەدا مرۆڤەکان تەنها بەپێی خواست و بەرژەوەندییەکانیان دەجولێنەوە، ئەم کارەشیان پەیوەستە بە ئاسایش و هێزیانەوە، بێگوێدانە مرۆڤەکانی تر. لەم دۆخەدا مرۆڤەکان لە کێبڕکێدان لەگەڵ یەکتر، هەموو تواناکانیان بۆ تێکشکاندنی یەکتر تەرخان دەکەن، ئەگەرەکان کراوەن، هێز و فێڵ میکانیزمی هەموو جموجولێکی دژ بە یەکە، بێهێزترین مرۆڤ هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین هێز دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەرامبەر، گەر لەو کارەیدا زۆرترین فێڵیشی بەکار هێنابێت.

ئاشکرایە لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزی پڕ کێشمەکێشی وەهادا، یەکسانی و ڕەوایەتی و بەزەیی و زانست و فێربوون و هونەر و ئەدەب، تەنانەت کۆمەڵگا بوونی نابێت، ئەوەی بە تەنها بوونی هەیە، ترسی بەردەوام و خەتەرناکی مردنە. بۆیە لێرەدا هۆبز ئاماژە بە دەستەواژەی (جەنگی تاك دژ بەوی تر) وە (جەنگی هەمووان دژ بە هەمووان) دەدات. [18] كۆی وتەکان یەك مەبەستی دەگەیاند، ئەویش خستنە ڕووی هۆکار و بەردەوام بوونی ئەو جەنگ و شەڕە ناوخۆییانە بوو کە وڵاتی گرتبووەوە. مانای بوونی ئیرادەیەکی نەپساو بۆ درێژەدان بەو ماڵوێرانییە.

هۆبز لە نووسینەکانیدا هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێکی دژ بە دەسەلات، بە کارێکی تێکدەرانە و ناڕەوا و نایاسا وەسف کردبوو. کاتێکیش تیۆری (پەیمانی کۆمەلایەتی) بە گرنگ دەزانی، بۆ ئەوە بوو بیسەلمێنێت کە پێویستە کەسی





حوکمڕان پشت بە ڕەزامەندی گەل ببەستێت، نەك بە مافی یەزدانی (الحق الألهي).. ئەمەش دوو مانای سەرەکی دەگەیاند: **یەکەمیان گوێڕایەڵی گەل** بەرانبەر بە دەسەلات. **دووەمیان** تانە لێدانێك بوو لە خودی پادشا خۆی، لەبەرئەوەی پادشاکان وەها هەڵسوکەوتیان دەکرد، کە گوایە سێبەری خوداوەندن لەسەر زەوی. ئەم تیۆرییانەی ناوبراو ئاماژەدانێك بوو بە دەسەلاتێکی ڕەها، هەروەها جەخت کردنێك بوو لە بالادەستی دەوڵەت.

وەك بەرز ڕاگرتنی پێگەی دەوڵەت، هۆبز پێیوابوو کە دەبێت (کلێسا) گوێڕایەڵی دەسەلاتی دەوڵەت بێت، وە نابێت خۆی لە کاروباری دەوڵەتەوە هەڵبقورتێنێت. بەڵکو کاروباری سیاسی تەنها لەلایەن پادشاوە بەڕێوە دەبرێت و دەسەلاتی ئەویش ڕەهایە و سنووری بۆ نییە. بە نووسینەکانیدا وا دەردەکەوێت کە لایەنگری سیستمی دیسپۆتیزمی * و پادشایەتی ڕەها لە ئینگلتەرا بووبێت. بەلام کاتێکیش داکۆکی لە سیستمی حوکمڕانی ڕەها کردووە، پشتی بە تیۆری مافی یەزدانی نەبەستووە لەبەرئەوەی بە بۆچوونی ئەو تیۆری مافی یەزدانی لەسەر ئەقڵ و لۆژیك دروست نەبووە. هەربۆیە دەوترێت " هۆبز داکۆکی لە سیستمی پادشایەتی ڕەها دەکات، بە مەرجێك پشتی بە تیۆری مافی سروشتی و پەیمانی کۆمەلایەتی بەستبێت..[19]

شتێکی بەڵگە نەویستە، کەسێکی وەك کرۆموێڵ کە لە ترۆپکی دەسەلاتدا بووە و هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆئەوەی زۆرترین خاك و بەهێزترین پێگە و دەسەلات بەدەست بهێنێت، مەرج نییە بە شێوەیەکی ئەرێنی گوێبیستی فەلسەفە و بۆچوونەکانی هۆبز بووبێت. ئەو زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەرهاویشتە و ڕووداوەکاندا دەکرد. زۆربەی کات سەیری چواردەوری خۆیی وەك دێوەزمەیەك کردووە، کار گەیشتووەتە ئەوەی وەك



هەواڵنامەی کتێب

دیکتاتۆرێك ناوبانگ دەربکات. ئایدۆلۆژیای مۆدێرنیتە لای ئەو هیچ شتێکی ئەوتۆی نەگەیاندووە، پێشکەوتن و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتییەت شتێکی ئەوتۆ نەبوون بێجگەلە ڕووکەش.

لە کتێبێکی تری هۆبزدا، کە باس لە (پەیمانی کۆمەڵایەتی) دەکات، ئاماژە بە دەستەواژەی (گرێبەست) (Contract) دەدات، کە بەهۆیەوە تاکەکان بە ئیرادەی خۆیان و بێمەرج واز لە تێکڕای مافەکانیان دەهێنن لەبۆ فەرمانڕەوا، بەو هیوایەی تاکەکان بە شێوەیەکی باشتر ژیان بگوزەرێنن. لێرەدا کەسی فەرمانڕەوا بەهیچ شێوەیەك پابەند نابێت بە هیچ لێپرسینەوەیەکەوە، گەر تاکەکان بیانەوێت لەگەڵیدا ئەنجامی بدەن. واتە کەسی فەرمانڕەوا بەرپرسیارێتی ناکەوێتە سەرشانی، لەبەرئەوەی لایەنێك نییە لەو هاوکێشەیەوە تاکەکان پێشتر بە خواستی خۆیان وازیان لە هەموو مافەکانیان هێناوە بۆ ئەو. هۆبز بەم ڕونکردنەوانەی، پراکتیزەکردنی تیۆری (دەسەڵاتی ڕەها)ی خستە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

ترسی نەبوونی سیستم و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی و کێشەکان، بووەتە یەکێك لە بایەخە هەرە هەستیار و بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا. گەر بگەڕێینەوە بۆ تیۆرەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی سەدەی حەڤدەیەم، دەبینین کە هزرمەندە سیاسییەکان زۆر بایەخیان بە گرفتی سیستم داوە و گەڕاون بەدوای ڕێگەچارەدا بۆئەوەی نەهێڵن مرۆڤ بکەوێتە نێو ئاژاوە و سەرلێشێوانەوە. بەڕای هۆبز ژیانی مرۆڤ بەبێ سیستەم و سەقامگیری "تەنیاییو خراپی و نەهامەتی و کورتی و برسێتی و مەینەتی" دەبێت، ئەم جۆرە ترسانەش ڕۆژانە زۆر بە ڕوونی و ئاشکرا دەبینرێن.[20]

هۆبز لەو بڕوایەدا بوو کە تاکەکان لەسایەی هەژموون و ستەمی





فەرمانڕەوایەکدا بن، زۆر باشترە وەك لەوەی لە دۆخی سروشتیدا بمێننەوە، دۆخێك کە ژیانی بەرایی پڕکێشە و خۆپەرستی باڵی بەسەردا کێشابێت. لەبەرئەوە باشتر وایە تاکەکان هەستن بە بەستنی ئەو گرێبەستە لەگەڵ کەسی فەرمانڕەوادا، تاوەکو شکۆمەندی ژیانیان بۆ بگەڕێتەوە. دەسپێکی وتەکانی هۆبز، بەرز ڕاگرتنی پێگەی فەرمانڕەوای لەخۆ دەگرت. بەوەی پابەندی نەدەکرد بە یاساوە، سنوورێکی دیاریکراوی بۆ دەسەڵاتەکەی دانەدەنا، فەرمانڕەوا خۆی دەبوو بە دەسەڵاتی یاسادانان و هەموارکەر و جێبەجێکەری، سومبولی سەروەری و دەوڵەت و دادپەروەری هەر خۆی بوو. هۆبز بەم تیۆر و ڕونکردنەوانەی، وادەردەکەوێت کە لایەنگری (یاسای سروشتی) نەبووبێت، بەڵکو (یاسای دانراو)ی دەسەڵاتی بە بنچینە و بە گرنگ لەقەڵەم داوە..[21]

هۆبز لەگەڵ ئەوەی لایەنگری دەسەڵاتی ڕەها بوو، بەڵام بەرگرییەکی ئەقڵانی لەو ڕەهابوونە دەکرد. چونکە دەسەڵاتی لەسەر بنچینەی ڕازیبوون و ڕێگە پێدانیدا بەدی دەکرد کە دەسەڵاتی سەروەر ڕەنگە فۆرمێك وەربگرێت خراپتر لە مەلیکایەتی. هەروەها بۆچوونە ڕەشبینەکەی هۆبز لەسەر سروشتی مرۆڤ و جەخت کردنەکەی لەسەر گرنگی دەسەڵات، کاریگەریی بەرچاوی هەبوو لەسەر هزری پارێزکاری، بەڵام میتۆدە تاکڕەوییەکەی و بەکارهێنانی تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی پێش لیبرالیزم کەوتن...[22]

بۆ یەکەم جار لە سەدەی حەڤدەدا (تاکگەرایی سیاسی) لە بەرەیەکی فراواندا پەیدا دەبێت، لەلای هۆبز و جۆن لۆك و زۆرێك لە بیرمەندانی تریش بیری ئەوە دێتە کایەوە کە ئەرکی دەوڵەتە بەرژەوەندی تاکەکان بپارێزێ. هەرچەندە ئەو دوو بیرمەندە لە زۆر ڕووی فیکرییەوە لە یەکتر دوور بوون. لەلای هۆبز مرۆڤەکان دوو جۆر سروشتیان هەبوو، سۆزیار و هۆشیار. بەبێ

بوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی سەپێنەر ئەوا بە ناچاری لایەنی سۆز زاڵ دەبوو بەسەریدا، واتە مرۆڤەکان کۆیلەی سۆز دەبن. لەم بارەدا مرۆڤەکان هەوڵ دەدەن خۆشی لە هەموو شتێك وەربگرن و هەموو شتێك بۆ خۆیان بێت، بەوەش دەکەونە ململانێ لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا کە هەمان حەز و ئارەزوویان هەیە. لەم دۆخەدا (دۆخی سروشتی) چیتر مرۆڤەکان بەرگەی ئەو هەموو کێشە و ناخۆشییە ناگرن، بۆیە هەموو کۆدەبنەوە بۆئەوەی شەڕی بێبڕانەوە ببڕێننەوە. واتە سۆز بەرەو شەڕی بردن، هۆشیش فێری ئەوەی کردن پەی بە ئاشتی بەرن. ئاشتیش بەوە دروست دەبێت کە هەموو دەسەڵاتیان بدەنە دەست دەوڵەت و ئەوەی دەوڵەت بەڕێوە دەبات، جا پادشا بێت یان ئەنجومەنی کارگێڕی. تەنها لە دەوڵەتێکی ڕێکخراودا چەمکی (ڕەوا، ناڕەوا، موڵکایەتی) واتایان دەبێت..[٢٣]

پێش ئەوەی کۆتایی بە باسەکە بهێنین، دەکرێت ئەوە بڵێین کە "هەرگیز ناکرێت بەو کەسە بوترێت فەرمانڕەوا، کە دەسەڵاتی ڕەها دەگرێتە دەست،" یاخود جاڕی ئەوە بۆ خۆی بدات کە پارێزراوە لە هەڵە و خەتاکان (معصوم) وە میللەت دەبێت ملکەچی ئیرادەی ببێت. مەرج نییە ئەوەی گەیشتبێتە ترۆپکی دەسەڵات، بە هەڵبژاردن و لێهاتوویی و زیرەکی و یاسا و توانای خۆیەوە بووبێت. دەشێت لەڕێی زەبر و هێزەوە بەو پلەیە گەیشتبێت. هەرچەندە ئەو سەرکردانەشی کە لە ڕێگەی شۆڕشەوە گەیشتونەتە دەسەڵات، گەر ئەو کارەیان شەرعییەتیشی بووبێت، ئەوا لە ڕووی یاساییەوە هەژمار ناکرێت.

کاتێك پێناسەی دەسەڵاتیش دەکرێت، دەوترێت کۆمەڵە هۆکارێکی زۆرە ملێ و نازۆرە ملێیانەیە کە حکومەتەکان لەبۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارە تایبەتییەکانی خۆیان بەکاری دەهێنن. پاراستنی سەرچاوەکانی دەسەڵات و دابەشکردنیان و ململانێ کردن لەبۆ دەستبەسەرا گرتنیان، لە گرنگترین





کۆباسەکانی زانستی سیاسییە..[٢٤] ئەم چەند دێڕەی دەربارەی دەسەڵات وترا، لەو سەردەمەدا لە تاکە کەسێکدا کۆببوەوە، ڕاستە حکومەت و پەرلەمان هەبووە، بەڵام کارا نەبوون. واتە دەسەڵاتەکان لە تەنها کەسێکدا بەرجەستە ببوو، ئەمەش قۆرخ کردنی دەسەڵاتی دەگەیاند. هەریەك لە شارڵی یەکەم و کرۆموێڵ ڕکابەریی یەکترییان کردووە لەسەر دەسەڵات. پادشا چەندین هەڵەی سیاسی و هاوپەیمانێتی نەخوازراوی کردووە، تەنها لەپای ئەوەی کورسی دەسەڵات جێنەهێڵێت. بە هەمان شێوە کرۆموێڵ کە خۆی بە دامەزرێنەری سیستمی کۆماری و پرەنسیپی دیموکراتی دادەنا، هەر خۆشی بوو کە پەرلەمانی تووشی ئیفلیجی کردبوو، هەموو هەوڵێکی بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی ڕەها بوو، واتە پادشایەتی بەڵام بە مۆرکێکی تر.

****          ****

## سەرچاوەکاوە و پەراوێزەکان

[١]- ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧

[٢]- جۆن. ئێم. دان: سەردەمی ڕۆشنگەری، و: محەمەد وەلی کاکایی، جیهانگیری غەفاری، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا- سلێمانی، ٢٠٠٨

[٣]- حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر ڕەشید موحەمەد ئەمین (کاروانی)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩

[٤]- سڤێن ئێرك لیدمان: ڕێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسۆس شەفیق، چاپی سێیەم، وەشانی



هەواڵنامەی کتێب

ئاپێك- سولەیمانی، كوردستان، ٢٠٠٩

[5]- شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩: وەرگێڕان وئامادەكردن: هەورامان وریا قانع، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٩

[6]- فیلّد مارشاڵ مۆنتگمری: لە ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاواوە_ چۆن دەبیت بە سەركردە، و: ئەحمەد سەلام، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، كوردستان، ٢٠٠٧

[7]- د. موسا ئیبراهیم: فیكری سیاسی خۆرئاوا لە مەكیاڤیلیەوە تا ماركس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، كوردستان، ٢٠٠٥

[8]- د. عبدالرضا حسين الطعان: تأريخ الفكر السياسي الحديث، مطابع وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد- بغداد، ١٩٩٢

[9]- د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث و المعاصر، مؤسسة عزالدين للطباعة و النشر- بيروت، لبنان، ١٩٩٤

[10]- موسوعة ويكيبيديا الحرة: قضايا عامة، د. ناظم الديراوي: فلسطين و اليهود في سياسة (اوليفر كروموبل)، ٤/ ٣/ ٢٠٠٨

[11]- موسوعة ويكيبيديا الحرة: اوليفر كروموبل، مؤسس الجمهورية الوحيدة في انجلترا، ٢٢/ ٨/ ٢٠٠٩

[12]- د. يوسف محمد عبيدان: مبادئ العلوم السياسية، الطبعة الثانية- دوحة، قطر، ١٩٦٦

[13]- Knol: وحدة المعرفة: ناصر حملاوي، طغيان الاغلبية، ٢٠٠٩

---

[1] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و بلاّوكردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٣٢

[2] جۆن. ئێم. دان: سەردەمی ڕۆشنگەری، و: محەمەد وەلی كاكایی، جیهانگیری غەفاری، چاپی یەكەم، خانەی چاپ و بلاّوكردنەوەی چوارچرا- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٣٦

[*] ئۆلیڤەر كرۆموێڵ: لە (٢٥/ ٤/ ١٥٩٩) ز لە شاری (هنتنگتۆن) لەدایك بووە، لە (٣/ ٩/ ١٦٥٨) ز كۆچی دوایی كردووە، دایكی ناوی (ئەلیزابێس) و باوكی (ڕۆبێرت كرۆموێڵ) بووە. ئەندام پەرلەمانێكی هەڵبژێردراوی





---

هەرێمی كامبریدج وە سەركردەیەكی سەربازی و سیاسی ناوداری ئینگلیز بووە، لە بنەماڵەیەكی خانەدانی مامناوەندا گۆش كرابوو. كاتێك شەڕی ناوخۆ بەرۆكی ئینگلتەرای گرتەوە، ناوبراو لایەنگرێكی سەرسەختی پەرلەمانییەكان بوو لە دژی لایەنگرانی پادشا، دواتر لە ساڵی (١٦٤٥)ی زایینیدا توانی سەركەوتن بەسەر هێزەكانی پادشا و لایەنگرانی وە ئێرلەندییەكاندا بەدەست بهێنێت. لەسەر دەستی ناوبراو بۆ ماوەی دە ساڵ سیستمی كۆماری لە وڵاتدا بالاّدەست بوو، هەروەها لە مانگی ئایاری ساڵی (١٦٥٣)ی زایینیدا (كۆمۆنوێڵسی ئینگلتەرا)ی دامەزراند وەك درێژەدانێك بە سیستمی نوێ، واتە پابەندبوونی تێكڕای ئەو دورگانەی لەژێر سایەی ئینگلتەرادا بوون لەوكاتەدا. پاشان لە كانونی یەكەمی هەمان ساڵدا بە (پارێزەر)ی ئینگلتەرا و سكۆتلەندا و ئێرلەندا دەستنیشان كرا....

[3] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و بلاّوكردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢١٣

[*] پاكژەكان (پیوریتان) (پیوریتیزم): دۆكترینێكی ئایینی یاخود دیاردەیەكی ئایینی بوو كە لەسەدەی شازدەی زایینیدا لە ئەوروپای خۆرئاوادا دەركەوت، بەتایبەت لە سویسرا و ئەڵمانیا. كۆمەڵێكی توندڕەوی ئایینزای پرۆتستانتی هەڵگری ئەم دیاردەیە بوون. لەمڕووەوە (جۆن كاڵڤن)ی داهێنەری ئایینزای (كاڵڤنی) بە داهێنەری هەمان دیاردەی ئایینی دەزانرێت كە لە (جنێڤ) بالاّدەست بوو. پیوریتانییەكان بڕوایان بەوە هەبوو كە دەبێت مرۆڤ واز لە خۆشییەكانی ئەم دنیا بهێنێت تاوەكو خۆشی ئەودنیا بەدەست بهێنێت. زۆرێك لەم پیوریتانییانە لەگەڵ جووەكاندا دوای گەڕانەوەی سیستمی پادشایەتی هەلاّتن بۆ خاكی تازەدۆزراوەی ئەمریكا.

[4] Knol، وحدة المعرفة: ناصر حملاوي، طغيان الاغلبية، ٢٠٠٩

[5] فیلّد مارشاڵ مۆنتگمری: لە ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاواوە_ چۆن دەبیت بە سەركردە، و: ئەحمەد سەلام، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، كوردستان، ٢٠٠٧، ل ٨١- ٨٢

[6] موسوعه ويكيبيديا الحره: اوليفر كروموبل، مؤسس الجمهوريه الوحيده فى انجلترا، ٢٢/ ٨/ ٢٠٠٩

[7] موسوعة ويكيبيديا الحرة: قضايا عامة، د. ناظم الديراوي: فلسطين و اليهود في سياسة (اوليفر كروموبل)، ٤/ ٣/ ٢٠٠٨

[8] فیلّد مارشاڵ مۆنتگمری: لە ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاواوە_ چۆن دەبیت بە سەركردە، و: ئەحمەد سەلام، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، كوردستان، ٢٠٠٧، ل ٨٣

[9] جۆن. ئێم. دان: سەردەمی ڕۆشنگەری، و: محەمەد وەلی كاكایی، جیهانگیری غەفاری، چاپی یەكەم، خانەی چاپ و بلاّوكردنەوەی چوارچرا- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٩

[10] موسوعة ويكيبيديا الحرة: اوليفر كرومويل، مؤسس الجمهورية الوحيدة في انجلترا، ٢٢/ ٨/ ٢٠٠٩

[11] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٥، ل ١٢٠

[12] موسوعة ويكيبيديا الحرة: قضايا عامة، د. ناظم الديراوي: فلسطين و اليهود في سياسة (اوليفر كروميل)، ٤/ ٣/ ٢٠٠٨

* تۆماس هۆبز: لە (١٥/مایس/١٥٨٨) لە شاری (ماڵمسبری) لەدایك بووە، ساڵی (١٦٧٩)ز کۆچی دوایی کردووە. (٩١) ساڵ تەمەنی بووە، کەسایەتییەکی ئینگلیز بووە، بە یەکەمین فەیلەسوفی نوێ دادەنرێت کە هەوڵی هێنانە ئارای ڕێبازێکی سیاسی مۆدێرنی دابێت، کە بە جۆرێك ڕوومالّی حەقیقەتەکانی سروشتی کردبێت، لەوانە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە. لە سەردەمێکدا ژیاوە کە ئینگلتەرا نگرۆی جەنگ و شەڕی ناوخۆیی و ململانێکان بووە. ناوبراو گرنگترین تیۆری دارشتووە دەربارەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی).

* ڕینێ دیکارت: لە (٣١/ مارس/ ١٥٩٥)ز لە شاری (لاهی) لە باشووری فەرەنسا لە بنەماڵەیەکی خانەدانی بچوك چاوی بە دنیا هەڵدێنێت، لە (١١/ شوبات/ ١٦٥٠)ز لە تەمەنی (٥٥) ساڵیدا بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی دەکات. بە یەکەمین فەیلەسوفی مۆدێرنە دادەنرێت، لەسەر دەستی ئەو کودەتا بەسەر فەلسەفەی سەدەی ناوەڕاست و ئەرستۆدا کرا، سەرسام بووە بە ماتماتیك لەبەرئەوەی ئەو زانستە پشت بە داتا لاهوتییەکان نابەستێت. هەربۆیە لە ڕیزی (١٠) فەیلەسوفە گەورەکەی جیهان دادەنرێت، کە بریتین لە (ئەفلاتون، ئەرستۆ، دیکارت، سپینۆزا، جان جاك ڕۆسۆ، کانۆ، هیگڵ، نیچە، فرۆید، هایدگەر) و کۆمەڵێك فەیلەسوفی تر...

[13] د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث و المعاصر، مؤسسة عزالدين للطباعة و النشر- بيروت، لبنان، ١٩٩٤، ص ٨٧-٨٨

* پادشا شارڵی دووەم: لە (٢٩/ مایۆ/ ١٦٣٠)ز لە لەندەن لە دایکبووە، وە لە (٦/ فێبرایەر/ ١٦٨٥)ز کۆچی دوایی کردووە، پادشای ئینگلتەرا و سکۆتلەندا و ئێرلەندا بووە، ماوەی حوکمڕانی لە (١٦٦٠- ١٦٨٥)ز بووە. ناوبراو کوڕی پادشا (شارڵی یەکەم) بووە، دایکی ناوی (هێنریێت) کچی (هێنری چوارەم) پادشای فەرەنسا بووە، لە هەمان بنەماڵەی (ستیوارت)ی سکۆتلەندی کاتۆلیك مەزهەب بووە.

[14] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٥، ل ١٢١

[15] د. عبدالرضا حسين الطعان: تأريخ الفكر السياسي الحديث، مطابع وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد- بغداد، ١٩٩٢، ص ١٠٨





* ئەژدیها (لیڤیاپان): ناوی دڕندەیەکی دەریایی (ئەژدیها) بوو کە لە (سفری ئەیوب لە تەورات)دا ئاماژەی پێدرابوو، وە تیایدا باس لە ئەژدیهایەکی زەبەلاح کرابوو کە هەموو ڕۆژگیران و مانگ گیرانێك، مانگ و خۆری خواردووە. هەروەها مانای ماسییەکی زەبەلاحی دەگەیاند کە هەوڵی خواردنی ماسیە گەورەکانی داوە، تاوەکو بەهۆیەوە ڕێگری لە خواردنی ماسییە بچوکەکان لەلایەن گەورەکانەوە بکات. تێکڕای ماناکان، (دەوڵەت)ی دەگەیاند کە هەردەم پارێزەری چینی هەژاران و لانەوازان بووە، دژ بە کەنیسە و پیاوانی ئایینی. گرنگترین کتێبی بوو کە فەلسەفەی فیکری و سیاسی هۆبزی تێدا بەرجەستە ببوو.

[16] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٥، ل ١٢١

[17] شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩: وەرگێڕان وئامادەکردن: هەورامان وریا قانع، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٩٥

[18] د. عبدالرضا حسين الطعان: تأريخ الفكر السياسي الحديث، مطابع وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد- بغداد، ١٩٩٢، ص ١١٢ -١١٣

* دیسپۆتیزم: وشەیەکی یۆنانییە بەمانای (ئاغا و خودان) دێت. یاخود بە واتای دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ دێت کە هیچ سنوورێکی یاسایی نەبێت و ڕێز لە هیچ مافێك نەگرێت.

[19] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٥، ل ١٢٢ -١٢٣

[20] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٦٥

[21] د. يوسف محمد عبيدان: مبادئ العلوم السياسية، الطبعة الثانية- دوحة، قطر، ١٩٦٦، ص ٦١

[22] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٠٦

[23] سڤێن ئێرك لیدمان: ڕێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسۆس شەفیق، چاپی سێیەم، وەشانی ئاپێك- سولەیمانی، کوردستان، ٢٠٠٩، ل ١٢٧- ١٢٨

[24] حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت، و: ئەبوبەکر ڕەشید موحەمەد ئەمین (کاروانی)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٤٢

# وەرگـــێڕان

بیرکردنەوەو هێز، نـــووســـەر و دەسەلاَت .
لـــــــیبرالیزم چـــــــییە؟
ڕۆڵــی ژنـــان لـــەژیـانی سـیاســیدا.
چـــــــۆن دەبێت بـــە ســـەرکردە.





## بیرکردنەوەو هێز، نـــووســـەر و دەســـەلاَت

ن: کارۆلا سترێن Carola Stern
و: محەممەد هاشمی

مـن ژۆرنالیـستم (لـە بـواری تایبـەتی سیاسـەتدا)و کـارم چـاپ و بـلاَو کردنـەوەی کتێبـە (بیـۆگرافی). لـە ئەنجومـەنی قەڵـەم (Pen) دا چـالاکی دەکـەم. کـە وایـە لەگـەڵ شاعیران و نووسـەران و سیاسـەتمەداراندا هاتووچـۆم هەیـە. لـە مێـژە بابەتێکـە مێـشکی داگرتووم: نووسەر چ کاریگەرییەك دەتوانـێ دابنـێ؟ ئـاخۆ ئـەو دەتوانـێ جیهـان بگـۆڕێ؟ ئاخۆ دەتوانێ دەوڵەت، کۆمەڵگا یان لانیکەم تاکێك بگۆڕێ؟

یەکێك لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی، مارسـل رایـس رانێـسکی دەڵـێ نووسـەر هـیچ کام لەم کارانە ناتوانێ بکات. ئـەو لـە کتـێبی بیرەوەرییەکانیـدا دەنووسـێ: " ئـاخۆ بەرهەمە تـراژیدی و مێژوویەکانی شکسپیر بوون بە هۆی ئەوەی بـەر بـە کوشـتنی کەسێك بگرن؟ ئاخۆ بەرهەمی لیسینگ، لە ژێر ناوی ناتان، لانیکەم بـوو بـە هـۆی ئەوەی بەر بە توندبوونەوەی روانگەی دژە جوولەکە لـە سـەدەی هەژدەیـەم؟ یـان



هەواڵنامەی کتێب

ئیفی ژنی بەرهەمی گۆتە، بووە بە هۆی ئەوەی مرۆڤ روانینێکی ئینسانانەتری ببێ یان لانیکەم کەسێك دوای خوێندنەوەی شیعرەکانی گۆڕاوە بۆ کەسێکی نەجیب، خێرخواز، دلۆڤان؟"

ئەم پرسیارانە سەیر و لە هەمانکاتدا جێگای تێڕامانن. چۆن دەکرێ وەلام بە پرسیارەکانی ئەم رەخنەگرە بدرێتەوەو بانگەشەکانی رەتبکرێتەوە.

لە یەکێك لە رۆژەکانی مانگی ژووئێنی ١٨٨٠ لە مۆسکۆ، داستایۆفسکی بۆ رێزگرتن لە پۆشکین وتاری پێشکەشکرد. لە کۆتایی وتاردانەکەیدا لاوان هاواریان کرد :" تۆ بە کتێبەکانت ئێمەت کردوە بە کەسانێکی باش" و زۆلا دەڵێ " کتێب بە شوێن ئەم شتەوەیە."

چارلز دیکێنز لە رۆمانەکانیدا وێنایەکی روون لە ژیانی تاڵی کۆمەڵگای بەریتانی لە سەدەی ١٩ یەم وەسفدەکا، کە سەرەنجام دەبێ بە هۆی ئەوەی بارودۆخی هەژارخانە، نەخۆشخانە، زیندان و خوێندنگەکان باشتر بێت. سەرکەوتنی کە زۆر کەم نووسەرێ پێی دەگات. هەرچەند رەنگە وەسفی ژیانی رەشپێستەکان لە رۆمانی "کۆخی مامە تۆم" لە نووسینی هاریت بێکێر ستوا، ئەمڕۆکە بۆ ئێمە زۆر ئاڵۆز و پڕ کێشە بێت، بەلام هەر ئەم داستانی بنەماڵەیە زۆر سەرکەوتووە، بوو بە هۆی ئەوەی لە ئەمریکا زۆر کەس ببن بە لایەنگری هەڵوەشاندنەوەی کۆیلیەتی. ئابراهام لینکن کاتێ دیداری کرد لەگەڵ نووسەری ئەم رۆمانە وتی: " کە وایە ئەم خانمە بچووکەیە شەڕێکی گەورەی (شەڕە ناوخۆییەکانی ئەمریکا) بە رێخستووە."

گرنگترین رۆمانی ئێستای هۆڵەندا، رۆمانی "ماکس هاولات"ە لە نووسینی ئێدوارد دێکر، کە بە ناوی خوازراوی مۆتاتوولیەوە بلاوبۆوە. ئەم لەم رۆمانەدا





ژیانی تاڵ و تاقەتپڕووکێنی دانیشتوانی رەسەنی ئەو ولاتانە وەسف دەکات، کە لە باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا لە لایەن هۆڵەنداوە داگیر و کۆلۆنیزە کراون. یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمانی هۆڵەندا وتوویەتی: " ئەم کتێبە وەك هەورە برووسکەیەکە، دەبێ بە هۆی ئاگرکەوتنەوە. " ریفۆرم و چاکسازیکرا لەو ولاتانەو شێوەی ئیدارەیان ؟

لە سەدەی بیستەمەوە خستنەڕووی خراپە کارییەکان بە ئەستۆی ژۆرنالیستەکان بووە نەك ئەدیبەکان. رۆژنامەکان ئەم کارەیان بە ئەستۆگرتووە نەك کتێبەکان. ناکرێ زیاتر لەوەی کە هەیە بەها بدرێ بە کاریگەری سۆلشنسین لە دەورانی بیدەنگی یەکێتی سۆڤیەتدا کە بێدەنگیەکەی شکاند و راپۆرتی دەربارەی دونیای ترسێنەری "کۆمەڵە دوورگەی گۆلاك " بلاوکردەوە.

ئاخۆ ئەم نموونانە ریزپەڕن؟ بەلام ئەگەر ئەم کتێبانە بە گشتی هیچ کاریگەرییەکی سیاسیان نییە، بۆچی ئەم کتێبانەو نووسەرەکانیان مەترسیداردەبن و تاوناتاوێ دەوڵەت، کەنیسە، و دوای هەمووان کۆمیتەی سیاسی حیزبەکان ئەوەندە توندووتیژانە و بێرەحمانە دژ بەوان هەڵسوکەوت دەکەن؟ چونکە نووسەر نایهەوێ نووسەر لەبیربکات. چونکە تەرمەکان لە ژێر خۆڵ دەردێنێ. چونکە دەچێتە شوێنە قەدەغە کراوەکانەوە و پیرۆزەکان دەخاتە ژێر پێی، چونکە نووسەران لایەنی براوەو سەرکەوتووان ناگرن، بەڵکو داکۆکی لە دۆڕاو و شکستخواردووەکان دەکەن. چونکە براوەو سەرکەوتووەکان پێشبینی دەکەن کە "ئەدەب لە هەلوومەرج و بارودۆخی تایبەتدا هێزێکی تەقێنەرەوەی هەیە زۆر زیاتر لە مەخزەنێکی دینامیت." وەك چون نووسەری چێك، لۆدویك واکۆلیك، باسیلێوەدەکات.

بەلام هەمدیسان دەبیستین، دەوترێ نووسەر زیاتر خەڵك لە سیاسەت تێناگاو هیچ کەس لە بەر ئەوەی نووسەرە نوێنەرایەتی سیاسی پێناسپێرێ. ئەی چی دەبێ

به هۆی ئەوەی خۆی بە وتەبێژی دیتران و تەنانەت بە وتەبێژی خەڵك بزانێ؟ ئـەو دەڵێ وتە و زمان ئەو مافەی پێداوە خۆی بـە وتەبێـژی خـەڵك بزانـێ. وتـە و زمـان بەهێزتر لە هەموو شتە. نووسەر ئـەم ئـامرازەی بـە دەسـتەوەیەو لـە هەلوومـەرج و بارودۆخی تایبەتدا پەرچەکردار نیشاندەدا بەرامبەر بە وتـە، وتـاردان و راگەیانـدن و نووسراوەکانی ئەو کەسانەی هێزی سیاسیان بە دەستە. مـاکس فـریش لـە دەیـەی پەنجادا دەیگوت: " ئێمە دەتوانین ئەو وزە خانە هەڵیت و پڵیت بێژییـە تێکبـدەین، کە بۆ بەڕیخستنی جەنگ پێویستە."

ئـەوەی پێویـستی نووسـینە، زانینـی شـێوەی کـارکردن، خـەیاڵ و هەسـتیار بوونو توانـای دیتنـە. ئـەم توانایانـە وا لـە نووسـەر دەکـەن ببـێ بـە بوومەلـەرزە پێوی کۆمەڵگا. ئەو زوتر لە دیتران ئەو شتانە دەبینن کە دەشارێتەوە یـان نکـوڵی لێـدەکرێ. ئـەو دۆخـی کۆمـەڵگا لـە رێگـای ئـەو شـتەی کـە بـە خواسـت، حـەز و ئارەزو و ئازار و رەنجە مرۆییەکانی دەزانێ هەڵدەسەنگێنێ و دەینووسێ.

دوورکەوتنـەوە لـە سیاسـەت یـان بەشـداری کـردن تێیـدا؟ (نووسـەر کـام رێگـا هەڵبـژێرێ؟) لـەم بـارەوە نووسـەرانیش پێکـەوە نـاکۆکن. هەنـدێ دەگەڕێنـەوە بـۆ لای گۆتـە کـە نووسـیویەتی: "بۆچـی دەبـێ بـیر لـە کاروبـاری سیاسـی بکەینـەوە؟ منیش لە هەموو ئەوانەی کاری خراپـە دەکـەن بێـزارم، بـە تایبـەت لـە کاروبـاری سیاسیدا. ئەگەر شاعیر شتێ دەربارەی کاروبـاری سیاسـی بڵێیـت سـەرئەنجام کـەس بـە قسەی ناکـا و ئـەوەی سـەرۆك دەیڵـێ ئەنجامـدەدرێ. "بـەڵام گۆتـە بـاوەڕی بـە دەسـەڵاتداران بـوو و خۆشـی لـە دەسـەڵاتداران بـوو. خراپـەکاران، دەسـەڵاتدارن بوونو نووسەران و شاعیران خۆیـان بـە بـەرپرس دەزانـن پارێزگـاری لـە راسـتی و بـەهاکان بکـەن و بـەردەوام خراپکـاران ئاگـادار بکەنـەوەو وایـان لێبکـەن ملکەچـی بـەهاو راستییەکان بـن. کـام یـەك لـەم دوو تیۆرییـە سـەرکەوت؟ پێوەنـدی نێـوان





بیرکردنەوەو دەسەڵات لە سەدەی بیستەمدا چی پێهات و بە کوێ گەیشت؟

هەڵکەوتە ئەدەبییە لیبراڵەکان، لە سـەردەمی دەسـەڵاتداری ویلهێلم لـە سـاڵی ١٩١٤، شـێتانە پێـشوازیان لـە شـەڕی یەکـەمی جیهـانی کـرد. ئەوانـەی کـە پـیر و پەککـەوتووبوون و نەیانـدەتوانی بەشـداری بـەرەکانی شـەڕبن، لانیکـەم سـروودی شـەڕخوازانەیان هۆنییـەوە: ئالفرێـد گێـر، راینـر ماریـا ریکلـە، گێرهـارد هایتمـان، ئارنۆڵد تێسوایك،... هەموو ئەمانە بە خۆشحاڵیەوە خواوەنـدی جـەنگیان سـتایش کرد و شادیان کرد.

شاعیران و نووسەرانێ کە تا ئەو کات لە کونجی مـاڵ بـوون و گۆشەنـشین بـوو و هـیچ کارێکیـان بـە سیاسـەتەوە نـەبوو، کتـووپڕ خۆیـان بەرپرسـزانی بـەوەی بەشێوەی کاریـان و بـە پێـی کارەکـەیان بـۆ خزمـەت بـە ئیمپراتـۆر و ئیمپراتـۆری شیر لە کەلان بێننە دەرو شەڕ بکەن. جـەنگ وەك هـەنگاوێکی داهێنەرانـەو رزگـار خوازانـە چـاوی لێکـرا. جـەنگ وەك پێـوەری تاقیکردنـەوەی نەتـەوەو دەرخـەری بەرزترین و جوانترین گەورەییـەکانی مـرۆڤ بـۆ سـەر کـەوتن بەسـەر دوژمنـەکانیا راگەیەنـدرا. ئالفرێـد کێـر هـاواریکرد: "تێـزاری پـیس! وەحـشییە گلاۆەکـان! بـە شەلاق راویان بنێن بە شەلاق راویان بنێن!"

رووداوەکـانی سـاڵی ١٩١٤ نموونەیـەکی روونـە بـەوەی ئەگـەر ئەندێـشە و بیرکردنەوە لە دەسەڵات دوور نەکەوێتەوە، چی ڕوو دەدات. ساڵی ١٩٣٣ ئـەو کاتـەی هیتلەر بە دەسەڵات گەیشت، بارودۆخەکە بـە شـێویەکی تـر بـوو. دەکـرێ بڵێین زۆربـەی کەسایەتییە ئەدەبییـەکانی ئـەڵمان لـە تاراوگـەبوون و دوورخرابوونـەوە. لە ئێرنێست توولەرەوە بگـرە تـا دەگاتـە کـۆرت تۆخۆلۆسکی، لـە ئانـا زێگـرەوە تـا ئێـریش رێمـارك و سـەرەنجام تۆمـاس مـان و هـاینریش مـان. بـەڵام ئەوانـەی لـە ئەڵمانـدا مانـەوە، بـەڵام وەك کـارل ئۆسینـسکی و ئێـریش مـۆهزام نەخرانـە



هەواڵنامەی کتێب

زیندانەوە، هەندێکیان دلێرانەو بە دەنگی بەرز دژ بە هیتلەر وەستانەوە.

بەلاّم تەنانەت دوای ڕێوڕەسمی "کتێب سووتاندن" لە رۆژی دەی مەی ١٩٣٣، هەشتاو هەشت نووسەری ئەلّمانی سوێندیانخوارد بەوەی وەفاداربن بە هیتلەر. هەندێکیش وەك گێتفرید بێن، کە تا ساڵی ١٩٣٣ دژ بە هونەری دەربەستبوون، سەرەتا دەوڵەتی نازییەکانیان بە شۆڕشی نەتەوەیی و ژیانی دووبارەی ئەلّمان ناو لێبرد، بەلاّم دواتر ئەم ورووژان و هەستەی ئەوانیش دابەزی و بێدەنگ تاراوگەیەکی دەروونیان هەڵبژارد. بەلاّم وەستانەوەی ئەوان بە شێوەی بێدەنگبوون زۆر سەرنجەکان بۆ لای خۆی رانەکێشا.

ناوبانگی ئەدەبی نووسەر یان شاعیر، وا ناکات بەوەی چوار دەوری خۆی نەبینێ و تووشی تەوەهوم نەبێ و نەکەوێتە داوەوە. ئەمەش بابەتێك نییە تەنها نووسەران و شاعیرانی ئەلّمانی بگرێتەوە. ئێمە بەردەوام لەگەڵ نەزانینی سیاسی نووسەرانێکدا رووبەروو دەبینەوە، کە رێزێکی زۆر بۆ بەرهەمەکانیان دانانێن. کێنوت هامسۆن و ئۆزرا پاوەند نموونەی ئەو کەسانەن. بەلاّم بە گەڕانەوە بۆ رووداوەکانی دوو جەنگی جیهانی بە سەرسووڕمانەوە دەبینین کە ئەدەبیات، تەنانەت لە دەورە تۆفاناویەکانیشدا تەواو سەربەخۆ دوور لە رووداوە سیاسییەکان هاتوونەتە نووسین و تواناییەکانی خۆیان سەلماندوە. جیمز جۆیس لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ئۆلیسی نووسی. تۆماس مان ساڵی ١٩٣٩ لە ئۆردوگای تاراوگەکان "لۆتە لە وایمار"ی کۆتاییپێهینا. بێرتۆلت برێشت کە بە توندی سەرقاڵی سیاسەت بوو و خەریکی سیاسەت بوو لە ئوردوگای تاراوگەییەکان " ئەرباب پۆنتیلا و نۆکەرەکەی ماتی " نووسی. ئەو بە سەرسووڕمانەوە بەوەیزانی " ئەم شەڕانە رووی داوەو جارێکیتر دەکرێ کاری ئەدەبی کۆتاییپێبێت. دەکرێ بڵێین پۆنتیلا هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە، بەلاّم شەڕ





بە تەواوەتی پەیوەندی بە منەوە هەیە. دەربارەی پۆنتیلا هەموو شتێ دەتوانم بنووسم. بەلاّم دەربارەی شەڕ کە بە تەواوەتی پەیوەندی بە منەوە هەیە ناتوانم هیچ شتێکم بۆ نووسین نییە... جێگای سەرنجە کە ئەدەبیات، نووسین، لە ناوەندی رووداوە گرنگەکانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئەم سووچەی جیهان."

من لێرەدا دەبێ خاڵێکی پێ زیاد بکەم، کە جێگای سەرنجە: چۆن بەرهەمێکی هونەری بە تەواوەتی سواو کە لەو سەردەمەدا باو نەبوو، دەتوانێ کاریگەرییەکی سیاسی قووڵی باوەڕ پێنەکراوی ببێ. بۆ وینە ساڵی ١٩٦٨، نووسەرێ کە برێشت بە "خەیاڵ باف" ناوی لێدەبرد و ماوەیەکی زۆر بەر لەو مردبوو، لە بەهاری پراگدا بوو بە هۆی شۆڕشێکی مینۆکی: فرانتس کافکا.

جیاوازی و ناکۆکی قووڵی نێوان ئەندێشە و دەسەلاّت، نێوان نووسەر و سیاسیەت، جگە لە روخساری کۆماری فێدراڵی ئەلّمان لە دەیەی ١٩٥٠ لە هێچ کوێیێتردا وێنا ناکرێ. شێوەی هەڵسووکەوتی دەسەلاّتدارێتی ئادنائێر و بیرکردنەوەی گشتی لە ئالّمانی رۆژئاوا بەرامبەر نووسەران، بە زۆری کەمتەرخەمی و هەندێجاریش دەبوو بە هۆی دڵئێشان و نیگەرانیان. بە پێچەوانەوە لە ئالّمانی رۆژهەلاّتدا " بارهێنان و رێنوێنیکردنی ئەخلاقی خەڵك" بە ئەرکی نووسەران دەزانرا. لە هەمان ساڵەکانی یەکەمی دوای جەنگ، حیزبی سۆسیالیستی ئالّمان (SED) و ئەرتەشی یەکێتی سۆڤیەت لە ناوچەی داگیرکراویدا کە پێی دەوترا کۆماری دیموکراتیی ئەلّمان داوایان لەو نووسەرە ناودارە ئەلّمانیانەی کە لە تاراوگە بوون کرد، کە بگەڕێنەوە بۆ ولاّتەکەیان. راگەیەندرا پشتیوانی ئابووری و مینۆکیان دەکەن و پۆستگەلێکی گرینگیان لە کاروباری رۆشنبیری ولاّتدا پێدەسپێردرێ. بە پێچەوانەوە، لە کۆماری فێدراڵی ئەلّمان نووسەرانی تاراوگەیی و کۆچبەر، بە کەسانێك ناویان دەبرا کە لە ولاّتانی



هەواڵنامەی کتێب

ئەماندا بە ئاسوودەییەوەو بە دوور لە نەهامەتییەکانی دوای جەنگ ژیانیان دەکرد. بە بۆنەی مەرگی هاینریش مانەوە، بەرپرسانی دەوڵەتی ئەڵمان لە بۆن‌و تەنانەت بەرپرسانی ئەو شارەی کە لەوێ لە دایك ببوو(لۆبێك) برووسکەی سەرخۆشیان نەنارد بۆ کالیفۆڕنیا.

بەڵام حیزبی سۆسیالیستی ئەڵمان رووینایە کۆمەڵێك لە نووسەران و دەستی هاوکاری بۆ ئەو نووسەرانە درێژکردەوە کە تازە دەستیاندابوە نووسین: کریستا ڤۆلف، هێرمان کانت، ئەریش لۆست، هاینریش موولێر،,,,, ئەوبەرەیە لە نووسەران کە لە سەردەمی منالّی و لاوێتیدا کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەندیشەی نازییەکانەوە- ئێستا سەرەتا نیگەران و دواتر دوای ئەوەی ئاگاداربوونەوە لە بەرفراوانی تاوانەکان بە تەواوەتی شەرمەزاربوون، خۆیان بە تاوانبار دەزانی، ئەو دەستانەیان بە پێ زانینەوە بە توندی گووشی، کە بە مەبەستی ئاشتی بەرەو روویان درێژکرابۆوە و ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە لە گەڵی گەورەببوون لەگەڵ ئەو ئایدۆلۆژیا تازەیەی کە پێیان پێشنیارکرابوو گۆڕیەوە. ئەم نووسەرانەش وەك نووسەرانی کۆن کە لە تاراوگە گەڕابوونەوە، کۆماری دیموکراتیی ئەڵمانیان بە باشترین دەوڵەتی ئەڵمانی زانی و ئەم دەوڵەتە ئەوانی بەو قەناعەتە گەیاند بۆ دامەزراندنی سیستمی کۆمەڵایەتی عادیلانە، پێویستە دژ بە فاشیزم خەبات بکرێ و هەوڵبدرێ بەوەی سۆسیالیزم دابمەزرێ. هەروەها ئەوان شانازییان بەو پێگە کۆمەڵایەتییەوە دەکرد، کە لە ناو کۆمەڵگادا هەیانبووە. لەمڕووەوە ئەوەی کە ئەوان چاویان بەرامبەر بە هەنگاوە توندڕەوە ستالینییەکان لە کۆماری دیموکراتیی ئەڵمان لە دەیەی ٥٠ و سانسۆری توندی ئەدەبیات دەنووقاند، کارێکی سادەبوو و وەك ئەو لەمپەرە بچووك و بێبایەخانە





چاویان لێدەکرد کە لە سەرەتادا دەهاتە بەردەمیان.

هاوکارانی ئەم نووسەرانە لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمان لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی ئادنائێر، بە رەخنەگرتن و ناڕەزایەتییە بەردەوامەکانیان سەرنجی هەموانیان بۆ لای خۆیان راکێشابوو. نووسەرانی جوانی ئەڵمانی کە لە "گرووپی ٤٧" رێکخرابوون و چاوەڕوانی سیاسەتێکی تازە و نوێ بوون، بە تایبەت لە بڵاوبوونەوەی میکانیسی لە بیرکردن و فەرامۆشکردنی ئەو رووداوانەی روویدابوو و بەرگرتن بەوەی ئاوڕ لە رابردوو بدرێتەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەوە و سەرەنجام هێنانە سەر کاری کەسانێك کە جگە لەوەی درێژەدەری سیاسەتی سەردەمی نازییەکان بوون، بەڵکو لە کەسانی دەستڕۆیشتووی رژێمی لە ناوچووبوو، بە تەواوەتی تۆرا بوون. جگە لەمانە، چەکداربوونەوەی دووبارەی ئەرتەش، کە دەبوو بە هۆی ئەوەی یەکگرتووی دوو ئەڵمان بێ ئەگەر بێت، بوو بە هۆی ئەوەی بترسن لە زیندووبوونەوەی دووبارەی میلیتاریزم. هەر بۆیە ئەدەبی داستانی بە وەسفی بارووددۆخی سەردەمی هیتلەر بێدەنگەی شکاند: داستان و رۆمانەکانی نووسەرانێکی وەك گۆنترگراس، هاینرش بێل، زیکفرید لێنس و ڤۆلفانگ برۆشت و ڤۆلفانگ کۆپن،.... دەرخەری بارودۆخی ئەو سەردەمە بوون. ئەم نووسەرانە هاتنە سەر ئەو باوەڕەی دەبێ ئەدەبیان لە کەمتەرخەمی و بێلایەنی دووربخەنەوە. بیرکردنەوەو دەسەڵات جارێکیتر وەك دوو جەمسەر بەرامبەر بە یەك وەستانەوە. دەسەڵاتداریێتی ئەو سەردەم ناو و ناتۆرەگەلێکی وەك "رۆشنبیرانی نقە نقکەر"خستەپاڵ نووسەران‌و بەمشێوەیە وەڵامی رەخنەکانی ئەوانی دایەوە. هاینریش بێل یان وەك نووسەری ئانارشیست ناو لێبرد و گۆنترگراسیان بە نووسەرێك دەزانی، کە "کتێبەکانی رق و تووڕەییان لە گەڵە" و سەدری ئەعزەمی ئاڵمان "لۆدویك

ئێرهارد" هۆخ هووت، دراما نووسی سویسرایی بە "گوێ بڕ" ناوبرد.

لە دەیەکانی شەست و حەفتادا، هەم لە ئەڵمانی ڕۆژئاواو هەم لە ئەڵمانی ڕۆژهەڵات، باسێکی تازە دەربارەی بابەتی نووسەر و سیاسەت دەستیپێکرد. لەژێر کاریگەری داگیرکاری چێك وسلۆکی لە لایەن ئەرتەشی یەکێتی سۆڤیەت و هێزەکانی ئەندامی ورشۆوەو هەروەها دەرکردنی ڤۆڵف بێرمان لە کۆماری دیموکراتیکی ئاڵمان لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی ئەڵمانی لێی، چەند نووسەری ئەم ولاتە: کریستینا ڤۆڵف، کریستۆف هاین و فۆلکێر براون بە ناڕەزایەتی بە دەرکردنی، لە دەسەڵات دوورکەوتنەوە. ئەمانە نەیاندەویست سیستەمی "سۆسیالیزمی بە ناو هەبوو" بڕووخێ، بەڵکوو دەیانویست ئەم سیستەمە لە بنەڕەتەوە چاکسازی تێدابکرێ.

لە کۆماری فێدڕاڵی ئەڵمان لەم ساڵانەدا، نووسەران بە شێوەیەکی بەرچاو ئەندێشە و ڕۆحی سەردەمیان گرتۆتەبەر و دەیبەنەپێش و بەشداری کاروباری سیاسی دەکەن. نووسەران بە ئاشکرا خەڵکیان هاندەدا بەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، دەنگ بە حیزبی دیموکرات مەسیحی نەدەن و دەنگبدەن حیزبی سۆسیال دیموکرات، بۆ ئەوەی ئەم حیزبە دەسەڵات بگرێتەدەست. گۆنتەر گراس، گرووپێکی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی پێکهاتوو لە نووسەران و شانۆکاران و هونەرمەندانی تر پێکهێنا، کە بێگومان یارمەتیدەر بوو بە سەرکەوتنی سۆسیال دیموکراتەکان لە ساڵی ١٩٦٩.

لە نیوەی دووهەمی دەیەی شەستدا "گرووپی ٤٧" لێکترازا. ئەندامانی ئەم گرووپە سەبارەت بەوەی دەبێ ستراتیژێکیان هەبێت ناکۆکبوون. ریفۆرم یان





شۆڕش. هەندێ لەسەر ئەو باوەڕەبوون ئەگەر سۆسیال دیموکراتەکان بە دەسەڵات بگەن ئەو لەمپەرانەی لە بەردەمیاندایە بۆ ریفۆرمکردن لە ناو دەچن، دیموکراسی گیانێکی تازە دەگرێ و ململانێی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کەم دەبێتەوە. گرووپێکیتر کە بە توندی کەوتبوونە ژێر کاریگەری نەیاران لە دەروەی پەرلەمان و بە زۆری لە زانکۆکاندا بوون، حیزبی سۆسیال دیموکراتیان بە بەشێك لەم سیستەمە رزیوە دەزانی، کە ریفۆرم تێیدا بێ ئەگەر بوو. ئەمانە دەیانگوت جوانیناسی، رەخنە لە ئەدەبیاتی بۆرژوازی مردووەو دوزینەوەی سەر لە نوێی مارکسیسزم و شۆڕش کارێکە کە دەبێ بکرێ. ئەدەبیات دەبێ بکرێ بە ئامرازی خەباتی چینایەتی بێت. سادەدڵی، خۆ بە ڕۆشنبیر زانین، پڕووپاگەندەو بانگەشەکردن، وتاردانە گەرمو گوڕەکان و بێهێزی و کەمتەرخەمبوون دەستیان دابوە دەست یەك.

وتەی فرانس گریلی پازدەیەم، ١٥٠ ساڵ دواتر بە دیهات:" هەر چەشنە گۆڕان و داهێنانێك توندووتیژی لە گەڵدایە." ئێستا سەرەنجام لە ژێر گوشاری بەردەم و شێلگیرانە، لە فێرگەکان، لە راگەیاندنە گشتییەکان، لە پەرلەمان تەنانەت لە ناو بنەماڵەکاندا خوێندنەوەی سەردەمی رابردوو دەستیپێکرد. ناڕەزایەتی بەربلاو بە جەنگی ڤێتنام، بە سیستەمی هەلاواردنی زاڵ لە ئەفریقای باشوور و چەوساندنەوەی جیهانی سێهەم کاریگەری هەبوو لەسەر شارۆمەندانی لیبراڵ.

بەلام لە دەیەی هەفتادا و لەگەڵ هاتنە سەر کاری هێلموت شمیدت، وتوویژی نێوان بیرکردنەوە و سیاسەت دابەزی. دەسەڵاتداریێتی ویلی براند بەشێکی زۆر لەو ریفۆرمانەی کە چاوەڕوانی دەکرا جێبەجێنەکرد. بە کۆتایی

هاتنی شەڕی ڤێتنام و تیرۆرەکانی گرووپی RAF (فراکسیۆنی ئەرتەشی سوور) شوور و شەوقی شۆڕشگێڕانە دابەزی.

جارێکیتر لە سەرەتای دەیەی ٨٠ دا نووسەران لە بزووتنەوەی ئاشتیخوازی کۆماری فیدراڵی ئەڵماندا بەشداریانکرد، بۆ ئەوەی بەر بە دامەزراندنی مووشەکە ئەتۆمییەکانی ئەمریکا لە ئەڵمان بگرن. دوای دوو دەیە دەستتێوەردانی راستەخۆی نووسەران لە کاروباری سیاسی بێدەنگەیان هەڵبژارد. یەکگرتنی دوو بەشی ئاڵمان سپێردرا بە سیاسەت و نووسەران لە پرسەی ئەم یەکگرتنەدا هیچ دەورێکیان نەبوو.

پاشەکشەی ژمارەیەکی زۆری نووسەران دوای ئەم گۆڕانانە چۆن لێکدەدرێتەوە؟ بێهیوای و چاوەڕوانی قەزاو قەدەر بوو؟ گۆڕانەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم بێننە بەرچاوی خۆتان. یۆتۆپیاو راستییەکان، ئایدۆلۆژیا و باوەڕەکان کە تایبەتمەندی نیوەی دووهەمی ئەم سەدەیە بوون تووشی شکست هاتن. نەك تەنها کۆمۆنیزم، بەڵکوو سۆسیال دیموکراسی و سیستمی ئابووری بازاڕ لە بەختی کۆمەڵگادا" وەڵامێکی رازیکەری نەدایەوە بە بێکار، بە جیهانیبوونی ئابووری و زاڵبوونی ئابووری بەسەر سیاسەتدا.

پرۆفیسۆر یۆرگن شرۆدێر، لە زانکۆیەکی تۆبینگن لە وتارێکدا نووسیویەتی: "نەخشەی جوگرافیایی دۆست –دوژمن، کە دەبوو بە هۆی دڵخۆشی و شادی کەسەکان، پێوەری جیاکەرەوەی چاکە لە خراپە بوو، لە باروودۆخێکدا کە دوو بلۆکی دوو جەمسەری گەورەی سیاسی و نیزامی بونیان نییە، لە دەستچووە.





ئێستا نە دەزانین ئێمە لە کوێدا وەستاوین و نە دەزانین ئەوەی دەمانهەوێ بەرامبەری بوەستینەوە لە کوێیە. رۆژگاری راستییە سادە و برووسکەی گشتی و وەستانەوەو خۆڕاگری بەربلاو بەسەرچووە."

ئێستا داڕووخاوان و گومانکەران دەڵێن: ئەدەبیات کاریگەری رابردووی خۆی لە دەستداوە. نووسەر چۆن دەتوانێ خێرای گۆڕانەکان، گۆڕانی بەردەوامی روانگە سیاسی و فوتابخانەکان و گۆڕانی بۆچوونەکان، قەیرانە یەك لە دوای یەکەکان وەك ئامرازەکانی کارکردنی بەکاربهێنێ؟ شاعیر و نووسەر چۆن دەتوانێ رووداوەکان بە یادی کۆمەڵگا بێنێتەوەو ئاگاداریانکاتەوە، کە خۆی ناتوانێ رەوتی خێرای گەشەی تەکنۆلۆژیا و ئەنجامەکانی ئەو گەشەیە پێشبینیبکات، کاتێ کە هەر چەشنە دڵنیابوون و یەقینی سەبارەت بە رووداوەکان لە دەستداوە لە حاڵێکدا ئەمانە پێویستییەکانی کارکردنی ئەو و پشتبەستنی کۆمەڵگان بەو؟

ئێستا بەڕێوەبەرانی بەشی ئەدەبی رۆژنامە گەورەکان، هاندەری ئەدەبیاتی بە دوور لە هەر باوەڕێکی سیاسین. ئێستا ئەوان بەوە گەیشتوون شارۆمەندی کامڵ بە دەرکێکی جوانیناسییەوە، تا دەکرێ لەو بابەت وشانەی کە سیاسین دووربکەوێتەوە. نووسەری ئەڵمانی، گۆنتەر کۆنرێت، ئێستا بەوە گەیشتووە "سەردەمی ئەدەبێك کە کتێب دەبوو بە هۆی دیاریکردنی هەنگاوەکانی داهاتوو کۆتاییپێهاتووە."

هەڵبەت گۆنتەر گراس، براوەی خەڵاتی نوبێل، هەمدیسان بەشداری کار و باری سیاسی کرد. ئەو داکۆکیدەکات لەو کەسانەی لە لایەن یاساوە لە ژێر

چاودێری دان. خەڵك هاندەدا بەوەی بە دەنگی بەرز هاواربکەن "ئەرێ" یان "نا". ناهێڵێ ئێمە ئاسوودە بین، چ جای سیاسییەکان. لە ناو نووسەرەکاندا کەسێکە کە تەنها بە قسەی خۆی دەکات. بەشێکی زۆر لە هاوکارانی کۆنەکاری رابردووی گۆنتەر گراس، زۆر لووتبەرزانە خۆیان لە رووداوەکان دووردەگرن یان ئەوەیە تەنهاییان هەڵبژاردووە لە بێدەنگیدا خەریکی کاری ئەدەبین. نووسەرانی گەنج، نووسەرانێکن کە توانای ئەوەیان هەیە خۆیان دەربخەن و ئامراز و کەرەسەی کەلتووری پاپن. بە ئەدەبیاتیان میوانیی رازاوەو کۆڕی شادی دەرازێننەوە. بەردەوام خەریکی جەنجاڵ و هاتو و هاوارن لە رۆژنامەو راگەیاندنە گشتییەکاندا بە تایبەت لە تەلەفیزیۆن. هەفتەنامەی ئەڵمانی "دی تسایت" تایبەتمەندی توێژی نوێی نووسەرانی ئەمرۆ وەها وەسفدەکات :" گەنج، شاد، جێکەوتوو، رازاوە، زیرەك و دوور لە بۆچوونە خەیاڵییەکان."

لەم دواییانەدا گرووپێ لە نووسەران بە ئاماژە بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی رەخنەیان لە شێوەی دەسەڵاتداریێتی سۆسیال دیمۆکراتەکانیان گرتووە، ئەمە لە حاڵێکدایە ئەم حیزبە هەر دەم بانگەشەی ئەوە دەکات کە دیاریکەری روانگەی حیزبە. بەڵام وادیارە ئەم ئاگادار کردنەوانە کاریگەری نەبووە لەسەر سیاسەتمەداران و بە گوێی کەس نەگەیشتووە.

کە وایە وەڵامدانەوە بەو پرسیارەی کە لە سەرەتادا هێنامە گۆڕ لە روانگەی ئێستاوە چییە؟ بە بۆنەی سەدەمین ساڵیادی لە دایکبوونی شاعیری گەورەی ئەڵمانی پیتەر هۆخل، ماوەیەك لەمەو پێش یەکێك لە نووسەران، گریگۆر لاخن، لە دایکبووی ساڵی ١٩٤١ وتاردانەکەی خۆی بەم شێوە دەستپێکرد.





خانمان و ئاغایان! فرانتس کافکا وتوویەتی : "نووسراوە جیهان رووناك دەکاتەوەو نووسەر دەڕواتە جیهانی تاریکییەوە."."نووسین جیهان رووناك دەکاتەوە، نووسین جیهان ناگۆڕێ و یان لانیکەم بە شێوەی راستەوخۆ نایگۆڕێ و رەنگە لە داهاتوویەکی دوورماوەدا ئەم کارە بکات. هەموو بەسەرهاتەکان، هەموو ئەزموونی رابردووی ئەو کەسانەی هاتوونەتە جیهانی نووسینەوە، نووسراونەتەوەو زیاتر لە رابردوو جیهان و رەوتی ترسێنەری جیهان، کۆگای ئێسکەکانی مێژوو کە وا دیارە هێشتا بەس نییە، رووناککردۆتەوە، هیچ کات نووسین فەرامۆش مەکەن و مەینێنە لاوە."

"نووسراوە جیهان رووناك دەکاتەوە." لانیکەم هەر ئەمە: ئەمە بەو مانایە نییە کە نووسراوە یارمەتیمان دەدا بەوەی، دەستکاری هەموو ئەو وێنە رازاوانە بکەین، کە بەردەوام دەیانخەنە بەردەممان، گۆڕانی راستییەکان و تەفسیرە بەرژەوەندیخوازانەکان، کە لە پشت وێناکانەوە دەیانبینین و دەیانبیستین و بەم دەستکارییە باشتر تاقیبکەینەوەو لێکیانبدەینەوە. خۆڕاگری مینۆکی خۆمان بەهێزتر و وردتر بکەین و تواناییەکانی بیرکردنەوەو کارکردنی خۆمان بە کارببەین. لە هەرحاڵدا رۆشنایی واتە گۆڕانی بارودۆخی تاریکی و نووسراوە ناتوانێ هیچ شتێکیتر بێت جگە لەم گۆڕان و نووری رۆشنگەرییە.

# لیبراڵیزم چییە؟

نویسنی: یٚ ـ س
و.لەفارسیەوە: جەلال کیشوەردوست

هەواڵنامەی کتێب

### ئەزموونی رۆژئاوا

ئەزموونی مێژوویی رۆژئاوا لە سێ توخم: کولتووری یۆنانی، کولتووری رۆمیو مەسیحی پێکهاتووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ناتوانین بڵێین کە رۆژئاوای سەردەمی نوێ کۆی ئەم سێ توخمە یان زاڵبوونی توخمێك یان توخمگەلێك بە سەر توخمێکی دیکەدایە. ئەزموونی مێژوویی رۆژئاوای سەردەمی نوێ لەسەرەتادا کاردانەوەیەکە دژ بە مەسیحی- وەکوو سیستماتێك کردنی ئایینو زیندووکردنەوەی چەمکگەلێك لەکلتوورەکانی یۆنانیو رۆمیو پاشان پێشکەشکردنی راڤەیەکی نوێتر لەواتای مەسیحییەتو لەئاکامیشدا پێکهێنانی جیهانێکی نوێ، کە لەهەر سێ توخمە بنەماییەکان دەگوزەرێو زانستو تەکنەلۆژی توخمی زاڵ لە دوائەزموونی مێژوویی دەبێ.





لیبراڵیزم دیاردەیەکە تایبەت بە جیهانی رۆژئاواو هەروەها سەردەمێکی نوێیەو لەنێوان سەدەکانی پازدەو شازدە، کاتێ کە تەکوزمەندیی نوێی ژیان جێگای فیودالیزمی دەگرتەوە، لە ئەورووپای رۆژئاوادا پێکهاتو لەسەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا لەرێگەی کۆچبەرە ئەورووپاییەکانەوە گەیشتە ئەمریکای باکوور. بیرمەندانێ کە لیبراڵیزم واتا بنەڕەتییەکانی لەوانەوە وەرگرتووە هیچکامیان وەها ناوێکیان لەسەر ئەندێشەکانیان دانەنا. چەمکی لیبراڵیزم تایبەت بە سەدەی نوزدەیە.

### واتای لیبراڵو لیبراڵیزم

وشەی لیبراڵ لە زمانە ئەورووپاییەکاندا لەوشەی لاتینی Liberalis لە liber بەواتای"ئازاد"وەرگیراوە، کە بەواتای "شایستەی ئازادپیاو" یان "کەرەمکارە".ئەم وشەیە لەسەردەمی رێنسانس لەلێکدانەوەی liberal arts، "پیشەگەلی ئازاد"، بەکاردەبرا (دوو دەستەی سێ دانەییو چواردانەیی لە زانست بۆ بارهێنانی فیکری)، بەلام بەرەبەرە واتایەکی خراپ بەخۆوە دەگرێ، بەجۆرێك لە بەرهەمەکانی شکسپێردا بەواتای مرۆڤی"سووك"(gross)یان "سەربزێو"(Licentious) ە. بەلام ئەم وشەیە بەرەبەرە واتای کۆنی خۆی، "ئازادە"، لەگەڵ تەواوی لایەنە واتاییەکانی لەخۆ دەگرێتەوە، واتە، مرۆڤی"دەست ئاوەلا"یان " دڵئاوەلا"(Open- handed bountiful)و " کەرەمکار"(generous )و"چاوکراوە"(open- minded )و"خاوەنی سیمگێکی فراوان"( open-hearted ). دەستەواژەی"لیبراڵیزم" بۆ هێماکردن بە تیۆرییەکی سیاسی لەمەڕ ئازادی، لە ناوی حیزبێکی سیاسی لە ئیسپانیا وەردەگیرێ، واتە

لیبراڵەکان(Liberales) کە لە سەدەی نۆزدەو لە ئیسپانیا پشتیوانییان لە پێکهاتنی حکوومەتێکی "مشروطة" مەرجدار (لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی - Constitutional )دەکرد. پەرەگرتنی وشەی لیبراڵ لەولاتانی ئەورووپایی یان وڵاتانی دیکە لەسەر رابردووی حزبگەلێك دامەزراوە، کە لەوڵاتەکەیاندا کەڵکیان لەم ناوە وەرگرتووەو قورسیو سووکی ئەم حزبانەش لە"مقبولیت"( قبوولکراوە) کۆمەڵایەتی یان "نامقبولیت"(قبوولنەکراوی) کۆمەڵایەتی ئەم ناوە پشکداربووەن. بۆ وێنە، لە فەرەنسا یان ئینگلیز بابەتی لیبراڵ"مقبولیت"ی کۆمەڵایەتی هەیە و ئەوە لەکاتێکدایە لە ئەمریکا بەو شێوە نیەو بەجێگای ئەوە دەبێ بڵێین"دیموکرات". لیبراڵیزم لە سەرەتای گەشەکردنییەوە تیۆرێك بووە دژ بە زاوتەخوازی(Authoritarianism). بەمپێیە، لە سەردەمی کۆندا کلێساو حکوومەتگەلی سەرەڕۆ و لە سەردەمی نوێشدا فاشیزم و کۆمۆنیزم و بەمدواییانەش ئەهلی شەریعەت (بە پێی راڤەی رۆژئاواییەکان - بناژۆخوازان)لە دۆژمنانی سەرەکیو سروشتی ئەو بە ئەژماردێن.

گەورەکانی کلێسا"لیبراڵەکان" بە لایەنگری (بێ سەروبەرەییی جینسی) و کۆمۆنیستەکان و فاشیستەکانیش ئەوانیان بە لایەنگری"کاپیتالیزم" و دوژمنی خەڵك ناوزەددەکرد. لە بەرانبەریشدا لیبراڵەکان دژبەرانیان بەکۆنەپەرستو دوژمنی ئازادی ناوەزەددەکەن. بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە لیبراڵیزم، بێجگە لەدوژمنە سروشتییەکانی جیاواز لەهەر باسوخواسێکی ئایدۆلۆژی، رەخنەگرانێکی هەیە کە فاشیست نینو ناتوانین بە فاشیست ناوەزدیان بکەین (هەڵبەت ئەم دژبەرانە یان رەخنەگرانە زیاتر بیرمەندن تاکو بەستراوە بە حیزبە سیاسییەکان). بە هاوواتا زانینی "لیبراڵیزم" و "کاپیتالیزم" (ئەگەر





شتێکی خراپ بێت) بەشێوەی لۆژیکی دروستنییە، گەرچی کاپیتالیزم مەزنترین پشتیوانی مەعنەویو فیکری خۆی لە لیبراڵیزمدا دەبینێتەوەو سەرهەڵدانی ئەم دووانە هاوکات لەگەڵ یەکدابووە.

بیرمەندانێك کە ئەندێشەکانیان لەمەڕ ئازادی، گوڕوتینی بە ئایدۆلۆژی سیاسی لیبراڵیزم داوە، بریتین لە: (جان لاك١٧٠٤ــ١٦٣٢)، ئیمانۆئێل کانت(١٨٠٤ـ١٧٢٤)، بێنژامین کنستان(١٨٣٠ـ١٧٦٧)، (ویلهلم فۆن هومبۆلت ١٨٣٠ـ١٧٦٧)، (جان ستوارت میل١٨٧٣ـ١٨٠٦)، (تامێس هێل گرین١٨٨٢ـ١٨٣٦)، (لێئوناردۆ ترلاونی هابهاوس(١٩٢٩ـ١٨٦٤)، لەنێوەی دووهەمی سەدەی بیستەم، (ئایزا برلین١٩٩٨ـ١٩٠٩)، (هێربێر لایونل ئادلفۆس هارت ١٩٩٢ـ١٩٠٧)، (جان راولز لەدایکبووی ١٩٢١)و" رانێلد دورکین"،" ژان ژاك رۆسۆ"، لەگەڵ ئەوەدا کە دەبێ بە پاڵەوانی داکۆکی لە ئازادی بژمێردرێن، بەدژواری دەتوانین پێی بڵێین لیبراڵ. لەپەیوەندی لەگەڵ "هێگڵ"یش دا گومانو دوودڵی هەیە، کە پێی بوترێ لیبراڵ، هەرچەند دەتوانین خوێندنەوەیەکی لیبراڵیانە لە فەلسەفەکەی بەدەستەوە بدەین.

مەزنترین رەخنەگری لیبراڵیزم، بێگۆمان "کارل مارکس"ە (هێگل، نیچەو هایدگریش رەخنەیەکی زۆریان لە لیبراڵیزم گرتووەو ئەوکارەش ئەوە شرۆڤە دەکا، کە بۆچی فاشیستەکان لەپێناو مەبەستەکانیان کەڵکیان لە دەنگی ئەوان وەرگرتووەو لەبەرچی لیبراڵەکان بەردەوام بەچاوی گومانەوە سەیری ئەم کەسانەیان کردووەو تەنانەت هێندێجاریش وایان بەباشزانیوە، کە فەلسەفەکانیان بە فاشیستی لەقەڵەمبدەن تاکوو خەیاڵی خۆیان بۆ هەتاهەتایە ئاسوودە بکەن)و ئەورۆکە نوێترین رەخنەگرانی لیبراڵیزم، جگە لە مارکسیستە رۆژئاواییەکان،

هۆگرانی کۆمەڵگا (Communitarians)ن. لەراستیدا هێندێ لەوانە دەیانەوێ تێکەڵاوێك لە لیبراڵیزمو رەسەنایەتی کۆمەڵگا بە دەستەوە بدەن.

## لیبراڵیزم چییە؟

لیبراڵیزم فەلسەفەیەکی سیاسییە کە گرینگییەکی زۆر بە مافە مەدەنیو سیاسییەکانی تاك دەدات. لیبراڵەکان خوازیاری گارانتی قەڵەمڕەوی بنەڕەتی بۆ ئازادی تاکەکسی- پێکهاتوو لە ئازادی ویژدان، پەیڤ، ئەنجومەنو کارو پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە نابێ دەوڵەت جگە لە پشتیوانی لەکاتی خەسارلێکەوتندا، دەست لە کاروبارەکان وەربدات. بەمپێیە، لیبراڵ بە حکوومەتو حیزبو سیاسەتێك دەوترێ کە لە بەرامبەر زاوتەخوازی (فەلسەفەیەك کە دەڵێ هێندێ تاك مافی ئەوەیان هەیە بە بێ راوێژ لەگەڵ کەسانی دیکەو پاراستنی روانگەکانیان هەر کارێك بکەنو لە هەر جۆرە لێپرسینەوەیەکیش پارێزراو بن) لایەنگری ئازادییە. لیبراڵیزم، لە پلەی فەلسەفەدا، سیستمێکی داخراو لە بیرکردنەوە لەسەر بنەمای وەستاو نەگۆڕ نییە. رەنگە بتوانین لیبراڵیزم بە تێڕوانینی یەك بۆ ژیانو ئاریشتەکانی ژیان بشوبهێنین کە جەخت لەسەر بایەخی ئازادی بۆ تاکو کەمایەتیو نەتەوەکان دەکا. گرنگترین بنەماکانی لیبراڵیزم یان گرنگترین چەمك گەلێك، کە لیبراڵیزم پێداگرییان لەسەردەکا، بریتین لە: ئازادیی تاك، ئازادیی ویژدان، حکوومەت بە خواستی خەڵكو بەرابەری مافەکان.





## لیبراڵیزمو ئازادی

باوەڕی پتەو بە هەبوونی ئازادی بۆ گەیشتن بە هەر ئامانجێکی شیاو، سیفەتی بەرچاوی لیبراڵیزم لە هەموو سەردەمەکانو نیگەرانی قووڵ بۆ ئازادی تاك ئیلهام بەخشی دژایەتی لیبراڵیزمە، دژ بە زاوتەخوازی رەهایە،ئیدی زاوتەی دەوڵەت، کڵێسا یان هەر حیزبێکی سیاسی بێت. بنەمای بنەڕەتی لیبراڵیزم بەهای مۆراڵیو بەهای رەهاو کەرامەتی زاتی کەسێتی مرۆڤ بووە. بەمپێیە، دەبێ لەگەڵ هەرتاکێکدا وەك دەرئەنجامی خۆبەخۆ هەڵسووکەوت بکرێ، نەوەك ئامرازێك بۆ پێشقەچوونی رقەکانو بەرژەوەندی کەسانی دیکە. ئازادی سیاسی تاك بە پێی راگەیەندراوی فەرەنسایی مافی مرۆڤ ، بریتییە لە: "دەسەڵاتی ئەنجامدانی هەرکارێك کە زیان بەکەسی دیکە ناگەیەنێ...سنووری ئەوەش تەنیا یاسا دیارییدەکا". لیبراڵەکان بەقووڵی باوەڕیان بەوە هەیە کە ژیان بە بێ ئازادی بەهای ژیانکردنی نییە. بەمپێیە، ئەوان بەردەوام خوازیاری ئازادبوونی تاك لە زۆرەملێی نادادپەروەرانە و لەمپەرێکن کە حکوومەتەکان، دامەزراوەکانو نەریتەکان بە سەر تاکدا دەیسەپێنن. تاکی خودموختار دەبێ ئازادبێ تاکو کارەکەی هەڵبژێرێ، باوەڕەکانی دەربخا، میللییەتی خۆی بگۆڕێو لە شوێنێکەوە بچێ بۆ شوێنێکی دیکە. ئەوەی کە لەگەڵ ئازادی تاکدا پێوەندییەکی نزیکی هەیە ئازادی ئەنجومەنە. لیبراڵیزم لایەنگری مافی دامەزراندنی ئەنجومەنەکانە لە هەرجۆرێ ـ سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئایینی و فەرهەنگی ـ کە، کە مەبەستیان پێشقەچوونی بەرژەوەندی رەوای ئەندامەکانیانە.

تاك بە بێ ئازادی ئەنجومەن دژایەتی لەگەڵ ئەو زۆرەملییانەی کە

تەکوزمەندیی زاڵ بە سەریدا دەیسەپێنێ بێ ئامیار دەبێ بەدەسەڵاتێکی هەڵقوڵاو لەگرووپێکی یەکگرتووی تاکەهاوبیرەکانە، تاك دەتوانێ لە بەرامبەر نادادپەروەریو ملهۆڕیدا بوەستێ.

### لیبراڵیزمو تاك

ڕەنگە بتوانین چەمکی تاك وەك تەوەری تەواوی چەمکەکانی دیکەی لیبراڵیزم بژمێرین. چەمکی تاك وەك ئازادی، لەگەڵ ئەوەی کە لەکولتوورەکانی یۆنانیو ڕۆمیو مەسیحی دا ناسرابوو، بە تەواوی پێوەندی بە سەردەمی نوێوەیەو واتایەکی نوێی هەیە. لە ڕاستیدا، ئەگەر ناوی ئازادی لەخودی وشەی لیبراڵیزم دایە، تاکگەرایی (Individualism)تارادەیەك هاوکێشەیەکی دیکە بۆ لیبراڵیزمو هەم خاڵی بەهێزو هەم خاڵی لاوازییەتی.

تاکگەرایی لیبراڵیزم ماکەکەی لە چەمکی تاك لە سەردەمی ڕێنسانسە، مرۆڤێك کە دەزانێ چی دەوێو چی بکاو تاکوو بە مەبەستی خۆی بگا، بێئەوەی کە ترسێکی لەناوو ڕیسوایی هەبێ. ئەم بەرداشتە لە تاك، کە دەستپێکی لەگەڵ ماکیاڤێلییە، هێزێکی زۆر لە هەناویدا ئازاد دەکاو بەمجۆرە ناوبراو هەم لەخێرو هەم لەشەڕیشدا تا کۆتایی دەرەجە دەڕواتە پێش. تیۆریسێنانی لیبراڵ تاك بە تەنیا توخمی ڕاستەقینەو داهێنەری هەر کۆمەڵگایەك دەزانن، چونکە مێژوو نیشانیداوە لە هەر شوێنێکدا کە تاکبوون نەرێو سەرکوتکراوە کۆمەڵگا ڕێگەی داڕوخانی پێواوە.





### لیبراڵیزمو ئازادی ویژدان

لیبراڵیزم لەسەر ئەو بنەمایە گەشەیکرد کە" وێکهەڵکردن"(Tolerance) تەنیا ڕێگای کۆتاییهێنان بە شەڕە ئایینیو مەزهەبییەکانە. پاش ئەوەی کە شەڕە بێ ئەژمارەکانی ئایینیو مەزهەبی مێشکوگیانی ئەورووپاییەکانی پڕووکاند، پرۆتستانەکانو کاتولیکەکانیش قەبووڵیان کرد، چیدی دەوڵەت بۆی نییە لایەنی ئایینێکی یەکە بگرێ یان ئیمانێکی یەکە بەسەر هاووڵاتیاندا بسەپێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە تەنیا بنەمای پتەو بۆ دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی جیاکردنەوەی کڵێسایە لە دەوڵەت. لیبراڵیزم ئەم بنەمایەی لەبیاڤی ئایینەوە ئاراستەی سنوورەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی کرد، چونکە هاووڵاتیان باوەڕگەلێکی پارادوکسیکاڵیان لەمەڕ واتاو مەبەستی ژیان هەیە. دەوڵەتی لیبراڵ لەبیری چارەسەرکردنی ئەم پارادوکسانەدا نییە، بەڵکوو دەیەوێ ناوبژیوانێکی بێلایەن بێتو هەموو کەس بتوانێ کارو ژیانی خۆی بکا. بەمجۆرە لیبراڵیزم خۆی بە تەنیا وەڵامدەری مرۆڤی بەفرەییو جۆراوجۆرییە ناچارییەکانی کۆمەڵگا دەناسێنێ.

### لیبراڵیزمو حکوومەت بەرەزامەندیو خواستی خەڵك

لەڕوانگەی لیبراڵەکانەوە مەبەستی سەرەکی لە حکوومەت پاراستنی ئازادیو بەرابەریو تەناهی تەواوی هاووڵاتیانە. بەو هۆیەوە، حکوومەتی لیبراڵ، چ لەشێوازی مەشرووتەی سەڵتەنەتیو چ لە شێوازی کۆماری، لە سەر بنەمای یاسایە: یاسای پەسەندکراوی یاسادانەرانێك کە لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا هەڵبژێردراون. بەمپێیە، بە پێی لیبراڵیزم، هیچ حکوومەتێك ڕەوا نییە، مەگەر ئەوەی کە لە سەر بنەمای خواستو ئیرادەی خەڵك بێت.

ليبرالّيزم، بۆ پشتيوانی له مافەكانی تاك‌و كەمايەتييەكان، گرنگييەكی زۆر بە سنووردارکردنی دەسەڵاتی حكوومەت داوە. ئەم سنووورداربوونانە حقووقين كە بە ناوگەلی جۆراوجۆر ناسراون،"ئازادييە مەدەنييەكان"و"مافە زاتی‌و سروشتييەكان"و"مافی مرۆڤ" و بە پێی راگەيەندراوی سەربەخۆيی ئەمريكا بريتين لە: "مافی ژيان‌و ئازادی‌و كەوتنە شوێن بەختەوەری"و بە پێی راگەيەندراوی مافی مرۆڤ له شۆڕشی مەزنی فەرەنسا بريتين لە: " مافی ئازادی‌و خاوەندارێتی‌و تەناهی‌و بەربەرەكانێ لە بەرامبەر ستەم". ئەم مافانە پێشێلنەكراوو وەرنەگيراوەو گەردوونين. تەواوی كردەوەكانی حكوومەت بەرامبەر بە تاكی هاووڵاتی دەبێ پێ بە پێی رەوتی ياسا بێت‌و ئەگەر بە جۆرێك لە جۆرەكان ئەم رەوتە پێشێلبكرێ، دەبێ دەسەڵاتی سەربەخۆی دادوەری پێشيپێبگرێ.

## ليبرالّيزم‌و بەرامبەری مافەكان

ليبرالّيزم له هەموو شوێنێك بانگەشەی بەرابەری ماف بۆ تەواوی مرۆڤەكان دەكا. هەڵبەتە ئەو قسەيە بەو واتايە نييە، كە هەموو تواناكان پێكەوە بەرابەرن، يان هەستی موراڵی يەكسان يان كەسايەتييەكی بەرابەريان هەيە. مەبەست لەوە ئەوەيە كە هەموان لە بەرامبەر ياسادا مافی وەك يەكيان هەيە و مافی ئەوەشيان هەيە له ئازادييە مەدەنييەكان بەهرەمەندبن. نابێ هيچ ياسايەك بە هێندێ ئاوانسی تايبەتی بداو بەسەر هێندێكی ديكەشدا هەڵاواردن بسەپێنێ. پارمەتی‌و پشتيوانی‌و سزادان دەبێ بۆ هەموان يەكسان بێت.

ليبرالّيزم شەڕێكی بێئامانە دژ بە ئاوانسگەلێك، كە كۆسپن لە بەرامبەر گەشەی تاكدا، ئەگەرچی ئەم ئاوانسانە لە لەدايكبوونەوە بێت يان لە سامان،





نەژاد، باوەڕو جنسييەت. ليبرالّيزم دامەزراندنی كۆمەڵگايەكی لە بەرچاوە كە لەوێدا بۆ هەموان دەرفەتی يەكسانبوونی دەبێ تاكوو زۆربەی لێهاتووييە سروشتييەكان بەديبێن، ئەگەرچی ئەم لێهاتوويانە بچووكبن يان مەزن.

## ليبرالّيزم و رەخنەگرانی

ليبرالّيزم تيۆرييەك بوو، كە چينێكی تازەپێگەيشتوو بەناوی چينی مامناوەندی يان كاپيتاليزمی كردە دروشمی خۆی تاكوو ژيانی كۆمەڵايەتی خۆی رێكووپێك بكاو بتوانێ لەبەرانبەر چينی خاوەن زەوی‌و خاوەن ناونيشان‌و سيستمی سەڵتەنەتی‌و كلێسا راوەستێ. ئەوەی بووە هۆی سەركەوتنی ئەم چينە تەنيا لە بەردەستدا نەبوونی چەند چەمكێكی فەلسەفی لەمەڕ حكوومەت نەبوو، مێژووييەكی دوورو درێژ لە دەمارگرژی‌و خورافەيەك بەناوی ئايين، شەڕگەلی لەبڕان نەهاتووی سەڵتەنەت‌و كلێسا لەسەر دەسەڵات‌و دەركەوتنی هەتاوی زانست‌و دۆزينەوەی پلەی مرۆڤ و بە فەرمی ناسينی هێزو تواناكانی‌و گەشەكردنی بيری فەلسەفی‌و زانستی لەسەردەمی رێنسانس بەدواوەو لە ئاكاميشدا دۆزينەوەی سەرچاوەی نوێی دارايی،كە خوڵقێنەری كارو بازرگانی‌و ئاڵوێرو پيشەوكار لە شارەكاندا بوو، نە راوڕووتی دەوڵەتەكان، بەمچينەی سەلماند كە چيدی ناتوانن لە جيهانێكدا بژين كە پلەوپايەو ميرات‌و نەبوونی ئەمنييەتی مەدەنی بە سەريدا زاڵبێ.

تاكەكانی چينی مامناوەند ناتوان جگە لەخۆيان پشت بە كەسی ديكە ببەستن، بەمپێيە، ئەم چينە هانای بۆ تيۆريك برد، كە ئازادی تاكەكەسی‌و دەرەتانی كێبەركێی دادپەروەرانەو گەرانتيكردنی پاشكەوتەكانی بە فەرمی دەناسێ. لەگەڵ

ئەوەشدا، هاتنەئارای کۆمەڵگای لەو چەشنە، وەکو هەر شتێکی دیکە، لەکردەوەدا کونو کەلەبەرەکانی دەرخست. بیرمەندانی ئەم چینە تازەپێگەیشتووە لەسەرەکیترین رەخنەگرانی ئەم کۆمەڵگا نوێیەبوون، بێ ئەوەی کە کۆنەپەرست بن یان بیانەوێ بەرئەنجامەکانی بەکەم بزمێرن. "گئۆرك ویلهلم فریدریش هێگل"(١٨٣١-١٧٧٠)و "کارل مارکس"(١٨٨٣-١٨١٨)تا هەنووکە مەزنترین رەخنەگرانی لیبراڵیزمن.

**لەروانگەی هێگڵەوە کۆمەڵگای لیبراڵ سێ کەموکورتی یان وێنای ناتەواوی هەیە :**

**١. ئازادی مۆراڵی ٢. ئازادی ئابووری ٣. تاك.**

کۆمەڵگای لیبراڵ وێنایەکی ناتەواوی لە ئازادی هەیە، چونکە ئازادی لە نەبوونی چوارچێوەو سنوورەکان دەشوبهێنن. لەسەر بنەمای ئەم بەرداشتە ناتەواوە لەئازادی، کە دەڵێ من ئازادم بەمەرجێك کەسانی دیکە دەست لە کاروبارەکانم وەرنەدەنو ناچارمنەکەن بەوەی کە نامەوێ بیکەم. بەڵام لەروانگەی هێگڵەوە، ئەو بەرداشتە لەئازادی یەك لایەنانەیەو ناتەواوە بۆ ئەوەی کە توانای هەبوونی ئەوەی دەمەوێ ئەنجامیبدەم نیشانەی ئازادی راستەقینە نیە، چونکە ئەوەی دەمەوێ ئەنجامی بدەم لەوانەیە لەسەر بنەمای ئاوەز نەبێ. لەراستیدا، بەڵگەی هێگڵ بۆ ئەو مەبەستە ئەوەیە (وەك ئەوەی کە کانت دەیگوت) توانای لە کۆنترۆڵکردنی ویستەکانو بیرکردنەوە لەهەمبەر پێویستی ئەوانەیە کە ئازادی راستەقینە بەدیدێنێ.





بەمپێیە، کاتێ ملکەچی ویستگەلێکم کە بۆ هەموو لایەکم دەبەن، وەکو بکەرێکی ئاوەزمەند هەڵسووکەوت ناکەم هەربۆیە ناتوانم بڵێم کە ئازادم. هێگڵ بۆ ئەوە بەلگە دێنێتەوەو دەڵێ لەکۆمەڵگای لیبراڵدا جەختکردن تەنیا لەسەر هەڵبژاردنی تاكو دەستبەربوونی پێداویستییەکانیدا دادەنرێ، نەك لەسەر بڕیاری ئاوەزمەندانەی خودی تاك، هەر بۆیە ئازادی راستەقینە لەم کۆمەڵگایەدا بوونی نییە. لێرەدایە کە موراڵ دەبێ بە یارمەتی تاکەوە بێت تاوەکو پێی بسەلمێنێ کە پەیرەوی لەیاسای موراڵیو لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی بەواتای ئازادبوونە.

دووهەمین رەخنەی هێگڵ لە کۆمەڵگای لیبراڵ ئەوەیە، کە واتای تاکبوون لە کۆمەڵگای لیبراڵ یەکلایەنانەو ئەبستراکتە، چونکە ئەم کۆمەڵگایە لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد هێزی وەرگرتووەو دامەزراوە، تەواوی کەسەکان بەدوای بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیانەوەنو بەرەبەرە دەچنە ژێر تەوژمی بازاڕی ئازادو لە تایبەتمەندییە مرۆڤییەکانیان دەخات. بەمپێیە زۆرناخایەنێ کە تەواوی پەیوەندییەکانی مرۆڤەکان رەنگی بازرگانی لەخۆدەگرێت. بنەمای هەرجۆرە هاریکاریو هەرەوەزییەکی ئێمە لەگەڵ کەسانی دیکەدا بە دەستخستنی بەرژەوەندییەکانی خۆمان دەبێت.

رەخنەی سێهەمی هێگڵ پەیوەندی بە ریشەکێشکردنی تاك لەکۆمەڵ، لەکۆمەڵگای لیبراڵ دایە. تاك کۆمەڵگا وەك چوارچێوەیەك بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی سەیردەکاو هیچ هۆگری یان شۆناسێکی هاوبەش ناوبراو بەتاکەکانی دیکەی کۆمەڵگاوە گرێنادات. ئاکامی ئەم کارە گۆشەگیریو



هەواڵنامەی کتێب

قەتیسمانەوەی تاك لە خۆپەرستی تەواودایە. ناوبراو زۆر بەسانایی لەو کۆمەڵگایەی کە تێدا لەدایکبووە دڵ هەڵدەکەنێ و ڕێگای وڵاتانی دیکە لە پێش دەگرێ- هیچ پابەندییەکی بەکلتورو نەریت و ئایینێکەوە نییە، تەنیا دەیەوێ بەخواستەکانی بگا.

ڕەخنەکانی هێگڵ لە لیبراڵیزم، بە تایبەتی تاکگەراییەکەی، تا هەنووکە وەك خۆی ماوەتەوە. تاكو تاکگەرایی، لەگەڵ ئەوەدا کە لەسەردەمی کەوناراوە تا چاخی مەسیحی هاتبووە بەرباس، لیبراڵیزم، هێشتا لە سەرچاوەکەی کە سەردەمی ڕێنسانسە ئاو دەخواتەوە، مەیداندان بە وارسکەکانو دەستبەربوونیان. بەم هۆیەوەیە ئەوڕۆکە لە ڕۆژئاوا وشەی تاكو تاکگەرایی تارادەیەك گوڕدراون بە وشەگەلێکی ناحەز و هێندێ لە بیرمەندانیش واتای"تاك"یان بۆ تاکێك بە ویستگەلی وارسکەیی سنووردارکردووەو بەجێگای ئەوە"شخص"(person) بەواتای" تاکێك بە بەریانگەلی مەعنەوی"داناوەو "شخص"گەرای یان(personalism) بەجێگەی داناوە.

کەسانێکیش کە ئەوڕۆکە بە لایەنگرانی کۆمەڵگا (communitarians) ناسراون، خراپترین لاوازی لیبراڵیزم لە تاکگەراییەکەیدا دەبینن (چارلێز تەیلۆر هەوڵیداوە بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکگەلی هێگڵی نێوان "کۆمەڵگا خۆشەویستی"یان"کامیونیتارینیسم"و لیبراڵیزم کۆبکاتەوە). کارل مارکس بنەمای لیبراڵیزمی لەسەر جیایی چالاکی ئابووری لە حکوومەتو دەوڵەتدا دەبینێ. لیبراڵیزم دەڵێ چالاکی ئابووری کارێکی گرێبەستیو تایبەتی نێوان تاکەکانەو هەربۆیە مافی خاوەنداریێتی زۆرجار لەتیۆری لیبراڵدا بە مافێکی





سروشتی ناسێندراوە، کە ئاوەز بە پێی یاسای سروشتی ئەوەی دۆزیوەتەوە. ئەم مافە کە لە یاسادا بەرچاو دەکەوێ بەرهەمی شەڕە نێوخۆییەکانی نێوان گروپە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە ماددییەکانە. بە سەرهەڵدانی کاپیتالیزم واتای خاوەنداریێتی بوو بە: بە مافی خۆزانینی بەهای کەڵەکە بوو، بەهایەکی فرەبوو کە بەرهەمی کاری کرێکارە بەسەر ماددەی خاوەوە. بەمپێیە، لەروانگەی مارکسیزمەوە ڕاڤەکردنی مافی خاوەنداریێتی وەك مافی سروشتی شتێکی خۆڕاییە. وێنای پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای گرێبەستێکی ئازادانە لەسەرەتای پێکهاتنی کۆمەڵگا ئەفسانەیە. مافی ئازادیو یەکسانیش بەوشێوەیە ساوێرییە. تەواوی ئەو چەمکە ئایدۆلۆژیانە پێکدێنێ کە پاساو بۆ سیستمی کاپیتالیزم دێنێتەوە.

وتەکانی مارکسیش بەوجۆرە دوور لە راستی نین. ئەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆری کۆمۆنیستییان بەخۆیانەوە دیتووە، یان پڕوپاگەندەی کۆمۆنیستەکان بەدژی لیبراڵیزم بوارێکی لەباری بۆ سەرهەڵدانی فاشیزم لەوڵاتەکەیان پێکهێنا، ئەوڕۆکە کەوتوونەتە لایەکی دیکەی دراوەکەو پێیانوایە چارەسەری تەواوی کێشەکان لە تایبەتیکردنو بازاڕی ئازادە، بەڵام بە بێ هەبوونی سیستمێکی دیموکراتیكو قبوولکردنی چەمکە بنەڕەتییەکانی لیبراڵیزم، ئەم کۆمەڵگانە تەواوی گەندەڵییەکانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایان دەبێ، بەبێ قازانجەکانی. لێرەدایە کە دەتوانین بڵێین هیچ کەس بەڕادەی حکوومەت بۆ خەڵکە نە بەهۆی خەڵك. لەم حکوومەتانە خەڵك تەنیا کەسانێکن کە حکوومەتی هەتاهەتایی سەرۆك کۆمار یان ڕێبەرانی هەتاهەتایی قبووڵدەکەنو کەسانێك کە وەها شتێك قبووڵناکەن"خەڵك"نینو"دوژمن"ن. لێرەدایە کە لیبراڵەکان هۆشداریدەدەن کە"نرخی ئازادی هۆشیاری هەتاهەتاییە".

ماركس هیچ خزمەتێكی بە سیستمی كاپیتالیزمو لیبراڵیزم نەكرد: لەرێگای ڕەخنەوە. ماركیسزم لەكۆمەڵگا دواكەوتووەكانی ڕۆژهەڵاتدا بووە بە ئایینی جەماوەرو بەڵێنی بەهەشتی بەرین لەرووی زەوی، بەڵام لەرۆژئاوا، ماركسیزم قوتابخانەیەكە لەنێوان قوتابخانەی زانستە كۆمەڵایەتییەكانو یارمەتی بە پێشفەچوونی ژیانی كۆمەڵایەتی دەدا. بۆت ماركسیزم لەرۆژهەڵاتدا شكێنرا، بەڵام ماركسیزم لەرۆژئاوادا زیندووە، چونكە لەكۆمەڵگای لیبراڵ هەرشتێك شوێنێكی تایبەت بەخۆی هەیە، بەدوور لەهەر چەشنە خەمساردیو زێدەگاڤییەك. ئەوڕۆكە هێندێ لە لیبراڵەكان دژایەتی تیۆری بازاڕی ئازاد دەكەنو لەو باوەڕەدان كە دەبێ دادپەروەریش ببێتە دروشمی كۆمەڵگای لیبراڵ(جان راوێڵز). ئەو تاقمە لە لیبراڵەكان كە هێشتا لایەنگری لە تیۆری بازاڕی ئازاد دەكەن بە لیبراڵە كلاسیكەكان یان لیبرتارینەكان ناسراون - "فریدریش هایك"و" رابێرت نۆزیك". بە هەرحاڵ، لیبراڵیزمیش وەكو هەر مەكتەبێكی دیكە لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەنو لەگەڵ كاری تیۆرێسێنان دەگۆڕدرێو لێكدانەوەو مەزهەبگەلی جۆراوجۆری لێوە سەرهەڵدەدات. بە واتایەكی دیكە، ئەوڕۆكە دەبێ قسە لە لیبراڵیزمەكانەوە بكەین- نە لیبراڵیزمو ئەوەیە كە مەبەست كام یەك لە لیبراڵیزمەكانە.

### دیماگۆژییەكانو لیبراڵیزم

ئەوڕۆكە چەمكگەلی وەك ئازادیو دیموكراسیو مافی مرۆڤ بەرادەیەك لێرەو لەوێی جیهان دێتە سەرزمانو بەهۆی هێندێ لەوڵاتانیش كە خۆیان بە داكۆكیكاری ئەو بەهایە دەزانن، هێندە شانوشكۆی پەیداكردوە، كە كەمتر كەسێك ئیزن بەخۆی





دەدا راشكاوانەو بە ئاشكرا دژایەتی ئەو چەمكە بكا، چونكە دژایەتیكردن لەگەڵ ئەو چەمكانە بەواتای دژایەتییە لەگەڵ پێشكەوتن، گەشەسەندن، ئاسایشو كولتوورو هەموو ئەو شتانەیە كە هەموو مرۆڤێك خوازیارییەتی.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، چ لەو كۆمەڵگە لیبراڵیانەی رابردوو و چ لەو وڵاتانەی كە تازە سەربەخۆیان وەرگرتبوو، بەپشتیوانی ئەم چەمكە لیبراڵیانە، سیستمە سیاسییەكان پێكهاتن، بەجۆرێك كە حكوومەتەكانی خۆیانیان زۆر دیموكراتیترو لیبراڵتر لەو سیستمانەی دیكە، كە بانگەشەی لیبراڵیزمیان دەكرد دەناساند، بەڵام لەراستیدا جگە لە گاڵتەجاڕیو تێكەڵییەك لە سیستمی نەریتیو سەرەڕۆیی وڵاتەكەیان بەڕەنگو ڕوویەكی دیكە زیاتر نەبوو.

لیبراڵەكان بەردەوام نیگەرانی مەترسیی دیموكراسی بۆ سەر ئازادی بوون (لەمڕووەوە لەگەڵ ئەفلاتووندا هاوڕان)و ئەزموونەكانی فاشیزمو فالانژیمو نازیزم لەهێندێ وڵاتی ئەورووپایی كە نەریتێكی درێژخایەنیان لە لیبراڵیزم نەبوو، هۆكارێكی مێژوویی باش بۆ ئەم نیگەرانیانە بوون. لیبراڵیزم فەلسەفەیەكی سیاسییەو چەمكە بنەڕەتییەكانی هیچ جۆرە لایەنێكی دیاری بۆ واتاو دەرئەنجامەكانی ژیان بە تاك پێشنیار ناكات. بەم پێیە ئایینەكانو قوتابخانە فەلسەفییەكانو خورافاتو خەیاڵات، چونكە لەناو كۆمەڵگادا لایەنگرانێكیان هەیە، بۆ ژیانكردن مافی وەك یەكیان هەیە. هەر لێرەوەیە كە مەترسییەكە خۆی دەردەخاتو ئەم دەرەتانە دەرەخسێ كە لەكۆمەڵگا لیبراڵەكان گرووپگەلێك سەرهەڵدەنو بە دەسەڵات بگەن، كە دەرەتانی گەشەو پەرەیان هەر لەم كۆمەڵگایەوە دۆزیوەتەوە، بەڵام لەبیری ئەوەدان بەگەیشتنە دەسەڵات رێكاری

گەمە کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕنو بەنۆرەی خۆیان حکوومەتێکی هەتاهەتایی بۆ خۆیان پێکبێنن: فاشیستەکان، کۆمۆنیستەکانو ئەهلی شەریعەت (بناژۆخوازەکان) لەمجۆرە گروپانەن.

ئەمانە تا ئەوکاتەی کە لە کەمینەدان ئازادیو مافی مرۆڤو هەموو ئەو چەمکانەی کە مافی ژیانیان پێیدەدەن قبوولدەکەن، بەڵام کاتێ بەدەسەڵات گەیشتن پەیژەی هەڵبژاردنی ئازاد کۆدەکەنەوەو ئیدیعا دەکەن، کە حکوومەتێکی خەڵکین. (وەرگێر نموونەی هەرە زیندووی ئەو مەسەلەیە کۆماری بەناو ئیسلامی ئێرانە، پێش ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست باوەڕی قووڵی بە هەموو ئەو چەمکانەی کە رێز بۆ مرۆڤو مرۆڤایەتیو مافی ژیان دادەنێن هەبوو، بەڵام کاتێك بەدەسەڵات گەیشت پشتی لە هەموو ئەو قەولو بەڵێنانەی کە دابوونی کردو فەزایەکی پڕ لەترسو سەرکوتی لەناوخۆ و لەناوچەدا خولقاند، کە تا هەنووکەش هەیمەنەی کوشتو بڕی بەسەر گەلی چەوساوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا ماوە. ئەو جۆرە سیستمانە تا ئەوکاتە باوەڕیان بە دیموکراسیو بەیاننامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ هەیە کە بەدەسەڵات نەگەیشتوون هەرکات بەدەسەڵات گەیشتن ئۆتۆماتیك ئەم مافو ئازادییانە بەخێراییەکی زۆر سنووردار دەکرێنو بەرەبەرە دەست بە پاکتاوکردنی خودییە نارازییەکانیش دەکەن، وێنەی هەرە بەچاوی زیندووی ئەم دواییانە لەئێراندا "ئایەتوڵڵا حوسین عەلی مونتەزرییە").





# رۆڵی ژنان لەژیانی سیاسیدا

د. حوسێن بەشیرییە
و.لە فارسییەوە: بەیان عەزیزی

لێکۆڵینەوەکان ئەوەمان پیشاندەدەن، کە یەکسانیی سیاسی ژنان لەگەڵ پیاوان لە کۆمەڵگاکانی ئەمرۆدا زۆرتر لایەنی یاسایی هەیە، تاکو حەقیقەتی تێدابێت. لەمپەرگەلێکی زۆر لە بەردەم بەشداریی سیاسیی ژناندا هەیە. بزووتنەوەی سیاسیی ژنان کاتێ بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە، دەردەکەوێت کە لە خۆیەوە هەڵقوڵابێ، داکۆکی بکات، گروپیی وسیستماتیك بێت و لەسەر ئایدیۆلۆژیایەکی گونجاو و تایبەتی ژنان ڕاوەستاوبێت. ئەگەر بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیدا بەهاندانی گروپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و بە تایبەت بە ویستی پیاوان بێت، ئەگەر ڕقەبەرایەتی نەکات واتە بۆ تەئیدکردنی لایەنگرییەکانی دەسەڵاتی سەقامگرتوو بێت، ئەگەر تاکیی و پەرەوازە بێت و لە ستراکتۆری بزووتنەوەی کۆیی و سیستماتیکدا نەگونجاو بێت و بە تایبەت ئەگەر بەپێی

ویست و ئەخلاقیاتی پیاوانە دەرکەوێت، واتە لەسەر (ئایدیۆلۆژیای درۆیین)ی پیاوانە بێت، ئەوە بە مانای ڕاستەقینە بەشداریکردنی سیاسی ژنان نییە. تەنیا لابردنی لەمپەرە یاساییەکان و نوێسازییەکی کۆمەڵایەتی بەردەوام نابێتە هۆی گەشەکردنی بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیدا. هەروەك لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا لابردنی لەمپەرەکانی بواری بەشداریی سیاسی ژنانی بڵاوەی نەکردووە. ئەم حەقیقەتە بۆتە هۆی بڵاوکردنی هەندێ باوەڕو تیور سەبارەت بە سنورەکانی توانایی بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیدا. بەو واتایە کە سروشتی ژنان نزیکایەتی نییە لەگەڵ سیاسەت بە مانای دەسەڵات و توندوتیژیدا. لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی لیبراڵەکاندا سەبارەت بە بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیدا جەختدەکرێتە سەر ئەوەی، کە ژنان دەبێ خۆیان لەگەڵ ڕاستییەکانی ژیانی سیاسیدا ڕێکبخەن و فسڵەتی پیاوانە بە خۆوەبگرن. لە لایەکی دیکەوە لە ڕوانگە سۆسیالیستی و فمێنیستییەکاندا ناهاوڕێیەتی سروشت و تەبعی ژنان لەگەڵ حەقیقەتی دەسەڵات، بەو مانایە کە لە کۆمەڵگا مودێرنە سەنعەتییەکاندا هەیە قبووڵدەکرێ، بەڵام دەوترێ ڕێگەچارە نەك گۆڕانکاریی لە فسڵەتی ژناندا بەڵکو گۆڕینی ستراکتۆری دەسەڵاتە و خاوەنداریەتیەکی دروست دەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامە: دەوڵەت و سیاسەت دیاردەیەکی پیاوسالارانەیە و تەنیا بە گۆڕانکاریی لە ستراکتۆری دەسەڵات دەکرێ، لە باری سیاسیەوە ژنان ئەکتیڤ ببن ئەگەرنا بەشداریی ژنان لە سیاسەتدا بەڕاستی و بەپێناسەیەکی باو ماناکەی دەبێتە (ژن سڕینەوە). بەگشتی دوو خوازیاریی بەرچاو هەبووە یەکێك خوازیاری لیبێراڵی، کە مەبەستی بردنەسەرەوەی ئاستی بەشداریی ژنان لە ناوەوەی سیستمی سیاسی دامەزراوە و ئەوی دیکە خوازیاریی سوسیالیستی کە گۆڕانی سیستمی سیاسی ئابووری هەبوو بە مەرجی ڕزگاریی ژن دەزانێت.





## پێشینەی مێژوویی

دەبێ پێشینەی بزووتنەوەی سیاسی ژنان و ئەندیشەکانی تایبەت بەوە لە شۆڕشی فەرەنسا بەدواوە لەبەرچاو بگرین. (ئێلێمپ دوگوژ) نووسەری فەرەنسەوی لە ١٧٨٩ لە بەیاننامەی ژن و هاووڵاتیدا ڕایگەیاند: هەروا کە ژنان مافی ئەوەیان هەیە لە سێدارە بدرێن هەر بەو شێوە مافی ئەوەیان هەیە بڕۆنە سەر سەکۆی وتاربێژی! لە کاتی شۆرشی فەرەنسادا ژنان گڵوپی شۆڕشیان دادەمەزراند. لە ساڵی ١٧٩٢دا نووسەرێکی ئینگلیزی بە ناوی (ماری یلسێستۆنکرافت) بە نووسینی وتاری (لایەنگری لە مافەکانی ژن) سەرنجی بیرە گشتییەکانی بۆ دۆخی سیاسی ژنان ڕاکێشا. لە سەردەمی ڕێنیسانسدا بیرمەندانێك وەك (کۆندۆرسێ) و (دیدرۆ) لایەنگرییان لە مافی ژنان کرد. لە گەرماو گەرمی شۆرشی فەرەنسا لایەنگرانی ئازادی ژنان لە نامەیەکدا نارەزایی خۆیان بۆ پەرلمانی نەتەوەیی بەمجۆرە دەربڕی: ئێوە هەموو دەمارگرژییەکانی ڕابردووتان سڕیەوە، بەڵام ئیزندەدەن کۆنترین و بەربڵاوترینی ئەوانە بمێنێتەوە. ئەوەش ئەو دەمارگرژییەیەکە دەبێتە هۆی ئەوەی نیوەی جەماوەر لە پێگەوڕێز و بە تایبەت لە بەشداریکردن لە پەرلماندا بێبەشبێت. هەروەها لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩دا لایەنگرانی (سەن سێمون) و (فۆریە) دووکەس لە سوسیالیستە سەرەتاییەکان، باسی لایەنگری و داکۆکی مافی ژنانیانکرد. لە نیوەی دووهەمی سەدەی ١٩دا بە شێوەیەکی ئاشکرا داواکاریی بۆ یەکسانیی ژنان لە کۆمەڵگا و سیاسەتدا هاتەئاراوە. لە بەریتانیا بزووتنەوەی سیاسی ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافی سیاسی لە ساڵی ١٨٦٥دا دەستیپێکرد. لە ئەمریکا کۆنگرەی ژنان لە ساڵی ١٨٥٠دا بۆ لایەنگری لە مافی دەنگدانی ژنان دامەزرا. لە ساڵی ١٨٦٩دا

(جان ئێستورات میل) فەیلسووفی سیاسی بە ناوبانگ کتێبی (دیلبوونی ژن)ی نووسی کە لایەنگریی زۆری کەسی پەیداکرد و خۆی یەکەمین داخوازیی بۆ مافی دەنگدان بۆ ژنانی بردە پەرلەمانی بەریتانیاوە. هەر لەو ساڵانەدا تەئیدی ئەنجوومەنە سیاسیەکانی ژنان لە زۆرێك لەوڵاتانی ئەروپایی دامەزرا. لە بەریتانیێ یەکێتی نەتەوەیی مافی دەنگدان بۆ ژنان ساڵی ١٨٦٧ پێکهات و ژنان ڕێپێوان و مانگرتنی زۆریان بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان ڕێکخست.

لە ئەمریکا ئەنجومەنی نەتەوەیی مافی دەنگدانی ژن لە ١٨٦٩دا هاتەئاراوە و لە فەرەنسا یەکێتی مافی ژنان لە ١٨٧٦ دامەزرا. بزووتنەوەی سوسیالیزمیش هەر لە سەرەتاوە بۆ مافی ژنان خەباتیدەکرد. (فرێدریس ئەنگلێس) لە کتێبی (سەر چاوەی بنەماڵە، خاوەندارییەتی تایبەتی و دەوڵەت) دا باسی لەوە کردووە: سەرکوتکاریی مافی دایکایەتی و دایکسالاری لەلایەن دەسەڵاتی پیاوانەوە بە مانای شکستی مێژوویی جنسی ژن بوو. (ئاگۆست بێبێل)یش یەکێك لە یەکەمین سوسیالیستەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوو، ژنان هەم دەبێ لە لاوی سەرمایەداریو هەم لە سیستمی باوکسالاری ڕزگاربن. بزووتنەوەی نێونەتەوەیی سوسیالیستی ژنان وەك بەشێك لە بزووتنەوەی جیهانی سوسیالیزم لە ١٩٧٠ و پاشان لە ١٩١٥دا کۆنگرەیەکی پێکهێناو خوازیاری بەخشینی مافی دەنگدان بە ژنانو بەشداریی ئەوان لە بزووتنەوەی جیهانیی پرۆلیتاریابوو. بزووتنەوەی سۆسیال دێموکراسی ئەڵمانیش لە ساڵی ١٨٩١ لە پرۆگرامی بە ناوبانگی (ئێرفۆرت)دا خوازیاری پێدان بە مافی دەنگدانی ژنان لە ئەڵمان بوو. لە روسیا پاش شۆڕش (لینین) باسی لە بە شداریی ژنانی کرێکار لە دەسەڵاتی شوراکاندا کرد و مافی دەنگدانی سیاسی دا بە ژنان.

لە ئێران پێشینەی دەنگدەربڕین لە ئاست دۆخی سوننەتی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی ١٩ و بە تایبەت بزووتنەوەی مەشرووتە. فەرهەنگی





پیاوسالارانەی کۆمەڵگای سوننەتی ئێران خاوەنی ڕوانگەیەکی سوکایەتیکردن بە ژن بوو کە ئیزنی چالاکی سیاسی نەدەدا بەوان.

وێنەیەك لە چۆنێتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنان لە تێگەیشتنی (خراجەنیزامولملکی تووسی) دا دەبیندرێ کە دەڵێ: لە حەدیس دا هاتووە پێغەمبەر فەرموویەتی پرس بە ژنان بکە بەڵام هەر چییان وت تۆ پێچەوانەکەی بکە، بۆ ئەوەی خێر بێتە سەرڕێی تۆ... ئەگەر ژنان عاقڵ بووایە پێغەمبەر وای نەدەفەرموو. بەڕێوەبردنی سوننەتەکان و دابو نەریتی کۆمەڵگای پیاوسالار، حیجاب و خۆداپۆشانی توندوتیژو بەرتەسککردنی چالاکی ژنان تەنیا بۆ ماڵداریی و مێردکردن و منداڵبوون لە تایبەتمەندیەکانی بارودۆخی ژنانە بوو لە کۆمەڵگای سوننەتی ئێراندا. کڕین و فرۆشتنی ژن وەك کارەکەر لە ئێرانی سەردەمی قاجاردا لە هەندێ شوێن ئاساییبوو. لە ئاکامدا پێوەندی لەگەڵ ئەوروپادا لە کۆتایی سەدەی ١٩ بووە هۆی دەنگدەربرین لە ئاست بارو دۆخی نا لەباری ژنانی ئێران. پاش چەندین ساڵ قوتابخانە بە شێوەی ئەوروپایی دامەزراو بەرەبەرە کچانیش چوونە قوتابخانە. ڕۆشنبیرانی سەردەمی مەشروتە ڕەخنەیان لە بارودۆخی خراپ و سووکی ژنان و دەسەڵاتداریەتی پیاوان دەگرت. ژنان لە هەندێ بزووتنەوەدا وەك بزووتنەوەی تەحریمی تەنباکوو یان بزووتنەوەی مەشرووتە ڕۆڵییانگێڕا، بەڵام دەبێ بوترێ وەها رۆڵێك پەراوێزییو زۆرجار لایەنگریکردن بوو لە گروپە کۆمەڵایەتییەکانی تر وەك مەلاکان، پیاوانی ئاینی یان ڕۆشنبیران نەك ئەوەی بزووتنەوەی تایبەتیی ژنان بێت .

بە گشتی و بە کورتی، بزووتنەوە سەرەتاییەکانی لە سەدەی ١٩دا لە لایەن گروپە بچووکەکانی ژنانی خوێندەوارەوە ڕێکخراو دیارە بزووتنەوەی جەماوەریی

نەبوون. زۆربەی ژنان وەك جاران پێبەندی ڕۆڵە سوننەتییەکانی خۆیان بوون و لە بزووتنەوەی ژنان تێنەدەگەیشتن یان بۆیان گرنگ نەبوو. لە پەرچەکردار نواندن بەرامبەر بە بزووتنەوەکانی ژنان، هەندێ لە نووسەران دەلیلیان دەهێنایەوە کە ژنان لە باری جەستە و فکرەوە ناگەنە پیاوەکان یان بەشداریکردنی ئەوان لە ژیانی سیاسیدا، دەبێتە هۆی ئاڵۆزیی لە سەقامگرتوویی دەوڵەتدا. بۆ وێنە (هیگڵ) دەیوت: ڕەنگە ژنان خاوەنی فەرهەنگ، ئەندیشە و زەوق بن بەڵام ناتوانن خاوەنی ئیدەی ڕەها بن جیاوازیی نێوان پیاوان و ژنان وەك جیاوازیی نێوان ئاژەڵان وگیاکانە... گەشەی ژنان ئارامترە... هەر کە ژنان بگەنە حکومەت دەوڵەت تووشی مەترسی دەبێت چوونکە ژنان کردەکانی خۆیان نەك بە پێی پێویستییە گشتییەکان، کە لۆژیکن بەڵکوو بە هۆی هەستەکانییانەوە دەبەن بەڕێوە. هەروەها (ژان ژاك رۆسۆ) لە کتێبی (ئێمیل)دا دەڵێ: گەڕان بە دوای حەقیقەتە دەرهەستەکان، لۆژیك و عەقڵ و بنەمای زانستو فکرەکان و هەر شتێك پێویستی بە گشتاندن هەبێت، بەدەرە لە ئاستی توانایی ژن و موتالاکانی ژنان دەبێ بەتەواوەتی پراکتیکی بێت. ئەرکی ئەوان پەیڕەوی لەو بنەمایانەیە کە پیاوان دایانڕشتووە.لە ئەوروپا دوژمنایەتیکردن لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان لە وڵاتانی کاتولیکی دا زیاتر بوو تا وڵاتانی پروتستان. لە باری ئایینیەوە دەلیلیان دەهێنا کە بەشداریی ژنان لە ژیانی گشتی و سیاسیدا دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندی ئەوان لەگەڵ ژیانی خیزانی دا. مافی دەنگدانی سیاسی ژنان تەنیا لە سەرەتای سەدەی ٢٠دا لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی بەڕەسمیناسرا. (بریتانیا ١٩١٨، ئەمریکا ١٩٢٠، ئیتالیا ١٩٢٥، فەرەنسا ١٩٤٤) وڵاتی سویس پتر لە هەر وڵاتێکی دیکە بۆ بەخشینی مافی دەنگدان بە ژنان ڕقئەستوور بوو. لە ئاکامدا ساڵی ١٩٧١ مافی دەنگدان بۆ ژنان لە هەڵبژاردنی دەوڵەتی فیدراڵ بە





شێوەی گشتی چەسپێندرا. بەمحاڵەوە هەندێك لە کانتۆنەکان ئێستاش مافی دەنگدانی ژنان لە کاروباری ئەیالەتەکەیاندا بەڕەسمی ناناسن.

## مێتۆدەکانی ڕەفتاری سیاسی ژنان

بەگشتی بە پێی لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەکان ژنان بە نیسبەت پیاوانەوە ئاگاداریی سیاسییان کەمترە و بەنیسبەت پیاوان لە باری سیاسییەوە بێ لایەنترنو ئەگەر بەشدارییبکەن لە ژیانی سیاسیدا زۆرتر لە پیاوان بەرەو حیزبە ڕاستی و کۆنسێرڤاتیڤەکان مەیلییان هەیە، گرنگترین دەرکەوتەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆدەکرێتەوە.

فەرمانبەریی ژنان لە مێردەکانیان لە ڕەفتاری سیاسییدا: (رازارێسفێلد)ی توێژەر دەڵێت: یەکڕابوون و هاودەنگی کامڵ (تاڕادەیەك) لە نێوان ژن و پیاو لە باری سیاسییەوە بەرهەمی دەسەڵاتی پیاوانە لە دەڤەری سیاسیدا. هەروەها وتەیەکی دیکە: لە زۆرکاتدا ڕوانینی ژنان هەمان ڕوانینی مێردەکانیانە. (میل برایت) ئاماژە دەکات: بە پێی بەڵگەکان تاڕادەیەکی زۆر فەرمانبەری مێردەکانیانن یان بەلانی کەمەوە ژن و مێرد زۆرجار لایەنگری حیزب یان هەڵبژاردەیەکی یەکسانن. بە پێی زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکان بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسییدا بەشداریەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو پەیڕەوی خوازیارییەکی پیاوانەیە کە لە هەموو شوێنێکدا و لە ژیانی سیاسیدا حاکمە. بە وتەیەکی تر سیاسەت (سەرقاڵییەکی پیاوانە)یە.

هەروەها دەلیلیان هێناوەتەوە، کە تەنیا ژنان ئاگاداری بیروڕای سیاسی مێردەکانیان دەبن پاش راوێژکردن لەگەڵ ئەواندا، بەڵام پیاوەکان هەست بەوە

ناکەن دەبێ لە سیاسەتدا لەگەڵ ژنەکانیان ڕاو راوێژ بکەن. هەروەها زۆرجار بیندراوە دەنگی سیاسی ژنان خێراپاش گۆڕانی دەنگی سیاسی مێردەکانیان گۆڕدراوە. بەلانیکەمەوە یەکێك لە هۆ سەرەکییەکانی دەربڕی دەنگی ژنان، هەمان دەنگی مێردەکانیانە. پاش شوکردن شیمانەی گۆڕانی دەنگی سیاسی ژنان‌و خوازیاریی ئەوان بۆ دەنگی سیاسی مێردەکانیان زۆر زیاترە تا پێچەوانەکەی.

هەندێ لە توێژینەوەکان هۆکانی خوازیاریی ژنان بۆ دەنگی سیاسیی مێردەکانیانی پیشانداوە. بۆ وێنە (دوو رۆژە) ئەوەی سەلماندووە کاتێ پرسیار لە ژنان کرا کەبۆچی وەك مێردەکانیان دەنگدەدەن؟ ٣٠٪ لەوان وتیان متمانەیان بە مێردەکانیان هەیە ٢٠٪ وتیان بۆ ئەوەی شەڕ و ئاژاوە ساز نەبێت و ٤٠٪ بە هۆی (هاوبیری) لەگەڵ مێردەکانیان وایانکردووە. لە ئەڵماندا ٩٠٪ ژن و مێردەکان رێك وەك یەکتر دەنگدەدەن. ژنان مێردەکانی خۆیان لە باری سیاسییەوە بە ئاگاتر دەزانن.

## کۆنسێرڤاتیڤبوونی ژنان لە باری سیاسییەوە

توێژینەوەکان پیشاندەری ئەوەن کە ژنان حەز دەکەن وەك مێردەکانیان دەنگ بدەن هەرچەند زۆربەیان کۆنسێرڤاتیڤترن. لە ڕاستیدا خوازیاریی بۆ بیروڕای سیاسی مێرد هەرچەند ئەو ڕوانگەی کۆنسێرڤاتیڤی نەبێت، دیسان خۆی گەرانتی جۆرێك کۆنسێرڤاتیڤبوونە. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی (لیپسێت) بە لانی کەمەوە لە هەموو ئەو وڵاتانەی لە بارەیانەوە زانیاریمان هەیە ژنان زیاتر لە پیاوان کۆنسێرڤاتیڤن بۆ وێنە لە ئەڵمانی رۆژئاوا لەسەرەتای دەیەی شەستدا، ٥٨٪ لە وانەی دەنگیاندا بە حیزبی دیموکرات مەسیحی ژن بوون، ڕێژەیەکی لێکچوو هەیە بۆ دیکەی شوێنەکان بەڵام بە گشتی تێزی کۆنسێرڤاتیڤبوونی ژنان لە هەموو لایەنەوە قبووڵنەکراوە.





هەروەها زۆربەی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە هەڵبژاردن بوون و موتالای لایەنەکانی دیکە نەکراوە. هەروەها وێدەچێت لایەنگری ژمارەیەکی زۆرتری ژنان لە قیاس لەگەڵ پیاواندا لە حیزبە کۆنسێرڤاتیڤەکان بگەرێتەوە بۆ بەشداریی زیاتری ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا. ئەمەش نکوڵی لەوە ناکات لەو هەڵبژاردنانەدا کە حیزبی ڕاست یان کۆنسێرڤاتیڤ سەردەکەوێت، زۆربەی پیاوان دەنگ بەم حیزبانە دەدەن.

بە گشتی بە پێی بەڵگە و توێژنەوەکان ناکۆکی نێوان لایەنگریی ژنان و پیاوان لە حیزبە کۆنسێرڤاتیڤەکان بەلانی کەمەوە ٧٪ بووە واتە ژنان ٧٪ زیاتر لە پیاوان دەنگییان بەوان داوە. کاتێکیش ژمارەیەکی زۆرتری ژنان دەنگدەدەن بە حیزبە کۆنسێرڤاتیڤەکان جیاوازی دەنگ زۆر کەمە. لە زۆر لێکۆڵینەوەدا پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان جنسیەت و خوازیاریی سیاسیی دا نەبیندراوە یان بەلانی کەمەوە ئەم جیاوازییە لەبارەی ڕوانگەی سیاسییەوە لە نێوان ژنان و پیاواندا ئەوەندە بەرچاوەنەبووە. لە لایەکیترەوە زۆر دیکۆمێنت هەیە پیشانماندەدەن ژنان زیاتر لە پیاوان لایەنگری حیزبە چەپییەکان بوون. بە گشتی دەکرێ بڵێین ژنان لە قیاس لەگەڵ پیاواندا تا ڕادەیەك ڕاستخوازترن، بەڵام وەها نەتیجەیەك دەرخەری دۆخێکی تایبەتی مێژوویی نییە. بۆ وێنە لە فەرەنسا حیزبی ڕاست و سەڵتەنەتخواز لە لایەن ژنانەوە لایەنگری زیاتری لێکراوە تاکو پیاوان لە حاڵێکدا حیزبی ڕاستی فاشیست لە ئیتالیا و ئەڵمان زورتر لە لایەن پیاوانەوە لایەنگری لێکراوە هەتا ژنەکان.پەیوەندی نێوان باوەڕی ئایینی، کۆنسێر ڤاتیڤبوون و ژن بوون لە لێکۆلینەوەکاندا جەختی لەسەرکراوە. هەندێ لە نووسەران ڕەچەڵەکی سەرەکی خوازیاریی ژنان بۆ لای حیزبەڕاستییەکان دەگەڕێننەوە بۆ باوەڕی مەزهەبی و ئاینییەکانیان. بۆ وێنە

(لیپسێت) دەلیل دەهێنێتەوە کە لە فەرەنسا و ئیتالیا کڵێسای کاتۆلیك لایەنگرانی خۆی کە زۆربەیان ژنن، هاندەدات دەنگ بدەن بۆ حیزبە ڕاستی و مەزهەبییەکان. جەختکردن لەسەر مەزهەب و بنەماڵە لە خوازیارییە کۆنسێر ڤاتیڤەکاندا زۆر ئاشکرابووە.

(ژان بلوندێل) بۆ شیکاریی کۆنسێر ڤاتیڤبوونی ژنان دەڵێ: ژنان زۆربەیان نارۆن بۆ ئیش و ناکەونە دۆخی دژواری ژیان و کار لە کارگەکان، هەروەها زۆربەشیان لە ئیدارەکاندا ئیشدەکەن دیارە کاری ئیدارە خاوێنتر و خۆشترە. هەندێ لە نووسەران، خوازیاریی ژنانی کرێکار بۆ حیزبی ڕاست دەگەڕێننەوە بۆ هۆکارێکی وەك مەزهەب و دۆخی کارکردن. دیارە لە باری پێگەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕادەی خوێندەواری و هەلی کارکردن لە هەموو شوێنێکدا ژنان بەنیسبەت پیاوانەوە لە پلەیەکی خوارتردان وەها هۆکارێك دەبووا ئەوان بەرەولای حیزبە چەپییەکان هانبدات نەك ڕاست، بەڵام دەبینەدرێت ئەم هۆکارانە لە ئاست دیکەی هۆکارەکاندا (بۆ وێنە ئایین و مەزهەب) ئەوەندە تیشکدانەرنە بوو. بەهەر شێوە شیکاریی و توێژینەوەی بەرچاو و گشت لایەنە لەم بوارەدا نەکراوە.

## سوننەتخوازیی ژنان

بە پێی زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکان، لە باری خوازیاریی حیزبییەوە ژنان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا وەفاداربوون بەحیزبێك کە بە شێوەیەکی سوننەتی دەسەڵاتدار بووە (چ چەپ چ ڕاست) و لە ئاکامدا سەقامگرتوویی و بەردەوامیی هەبووە، بۆ ژنەکان شێواویی باوەڕی سیاسی بەگشتی ناخۆشترە لە پیاوان. ڕێك پێچەوانەکەی ئەمە، هەندێ لە توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن ژنان بۆ دیاریکردنی خوازیاریی





سیاسی خۆیان سەرسەری و بێ موبالات بوون. هەر بەو پێیە ژنان زووتر ئاسانتر لە پیاوان حیزبەکەی خۆیان دەگۆڕن. هەندێکی تر لە لێکۆڵینەوەکان هیچ پێوەندییەکی بە مانا لە نێوان جنسیەت و خوازیاریی حیزبی دا نابینن. کەواتە هەرچەند ژنان ناوبانگییان دەرکردوە کەلە ژیانی سیاسی دا پەیوەندی سوننەتەکانن و چەقبەستوون، بەڵام لەم بارەوە شیکارییە جیاوازەکان ئاکامی جیاوازییان لێبۆتەوە. هەروەها ئەم بانگەشەش کە ژنان پێچەوانەی پیاوان لە هەڵبژاردنەکاندا زیاتر کەسەکەیان بەلاوە گرنگە هەتا کێشە و بابەتەکانی ناکۆکی حیزبەکەی ئەو، مۆری تەئیدی هەمە لایەنەی لێنەدراوە.

## هەڵاتن لە سیاسەت لە نێو ژناندا

بە پێی شیکارییەکان لە هەمووشوێنەکاندا و بەگشتی $\frac{1}{3}$ ژنان ڕایانگەیاندووە سیاسەت پەیوەندی بە ژیانی ئەوانەوە نییە. حەزی ژنانی خوێندەواری زانکۆ بۆ سیاسەت بە قەد حەزی مامناوەندی پیاوان بووە بۆ سیاسەت و بەگشتی ڕادەی خوازیاریی ئەو ژنانەی نەچوون بۆ زانکۆ بە نیسبەت سیاسەتەوە زۆر بەرەو خوارتر بووە لە ڕادەیەکی ناوەندی لە نێو پیاواندا. ڕادەی بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا کەمترە لە پیاوان. بۆ وێنە لە فەرەنسا $\frac{2}{3}$ لەو کەسانەی دەنگنادەن ژنانن. حەزی بەرچاوی لێکۆڵینەوەکان لەم بارەوە بۆ ئەوەیە بیسەلمێنن بەگشتی ژنان (بوونەوەرگەلێکی سیاسی) نین بەڵکو زۆرتر حەزیان لە باسی ژیانی تاکی و تایبەت و ئەوپەڕەکەی کۆمەڵگایە. پەیڕەوی ژنان لە مێردەکانیان لەژیانی سیاسییدا و هەروەها کۆنسێرڤاتیڤبوون و سوننەتخوازی ئەوانیش دەرخەری ئەم خوازیارییە گشتییە. وەها باوەرگەلێك لە سەر بنەمای توێژینەوە دامەزراوە و جێی مشت و مڕو باسە بۆوێنە دەلیلیان هێناوەتەوە ژنان

کەمتر لە پیاوان سیاسی بوونەتەوە و ئەو پەڕەکەی ژنان بە نیسبەت سیاسەتەوە ڕوانگەی ئەخلاقخوازانەیان هەیە تا ڕوانگەی واقعخوازانە. سیاسەت لێرەدا بە مانای بەدواچوونی بەرژەوەندی تاکی لە ڕێی ڕقابەرایەتی و موجادەلەوییە. بەگشتی دەوترێ سەرقاڵییەکی پیاوانەیە لە حاڵێکدا ژنان بەپێی خوازیاریی ئەخلاقییەوە دەنگدەدەن نەك بەپێی بەرژەوەندخوازیی و رقەبەرایەتی.

ئەندامییێتی ژنان لە ڕێکخراوە سیاسییەکانیشدا زۆر بەرتەسکە. ڕادەی بەشداریی ئەندامانی ژن لە ڕێکخراوە حیزبیەکاندا ١٠تا ٢٠٪ی گشت ئەندامەکان بووە. ئەم ڕێژەیە لە پلە بەرزەکانی حیزبیدا زۆرتر دێتە خوارەوە. هەروەها بەرپرسایەتی ژنان لە ناوەوەی حیزبدا دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی فەرهەنگی یان پەیوەندییە گشتییەکان. ئەندام پەرلەمانبوونی ژنانیش زۆر کەمە. لە پەرلەمانی ئەڵماندا بە ڕێژەی ناوەندی ٦/٩٪ لە پەرلەمانی جەماوەریی بەریتانیا ٣٪ و لە کۆنگرەی ئەمریکادا ٢٪ی ئەندامەکان ژن بوون (وێلتهۆفێر).

بەگشتی ئەم لێکۆڵینەوانە دەمانگەێنێت بەو ئەنجامەکە ژنان کەمتر لە پیاوان حەز بە سیاسەت دەکەن، ئاستی زانیاری سیاسی ئەوان کەمترە و لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی سیاسییدا بەشدارییان لە خوارەوەیە. هۆی ئەم دۆخە زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆجۆر و شێوەی هاتنە نێوکۆمەڵگا و پەروەردە و فێرکاریی ژنان. ڕۆڵی ستراکتۆری دەسەڵاتی سیاسی و چۆنیەتی سیستماتیککردنی کۆمەڵگا کە دەگاتە ناسیاسی بوونی ژنان زۆرجار لەبەرچاو ناگیرێت و تەنانەت چاوپۆشی لێدەکرێ. حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان زۆرجار بەرهەڵستناگرن سەبارەت بە کێشەکانی ژنان، هەر بۆیە هەڵبژاردنی حیزبێك لە جیاتی حیزبێکیتربۆ ژنان دژوارو بێمانا دەبێت. تۆمەتبارکردنی ژنان بەوەی سیاسەتییان بۆ گرنگ نییە





تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ هۆگەلی دەروونناسی، فەرهەنگی و جۆری هاتنە نێو کۆمەڵگاوە و لە ئاکامدا بۆتە هۆی چاو پۆشیکردن لە یارییە سیاسییەکان.

- وا بیردەکرێتەوە کە ماڵەوە چوارچێوەیەکی داپۆشرا و دوردەستەو لە کاریگەریەتییەکانی ژیانی سیاسی بە دوورە. بە واتایەکیتر ئامادەبوون بۆ کۆمەڵگاو وەرگرتنی فەرهەنگ دیاردەگەلێکی ناوخۆیین کە ژیانی سیاسی لەدیاریکردنی ئەوانەدا ڕۆڵناگێڕێت، لە حاڵێکدا کە وانییە. ئەو کاتە باش لەخەسڵەتی سیاسیی بێ بەرهەڵستبوونی سیاسیی ژنان تێدەگەیین کە سیاسەت بە مانایەکی بەربڵاو لەبەرچاو بگریین. بەم واتایە کە هەموو دەڤەرەکانی ژیان لە چۆنیەتی دابەشکاریی سەرچاوەکان لە بواری ئابوورییەوە بگرە هەتا چۆنیەتی بیچمگرتنی بایەخەکان هەموویان پرۆسەگەلێکی سیاسیین. بێ بەرهەڵستبوونی سیاسی ژنان مەرجی مانەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی و جنسی پیاوسالارانەیە. زاڵبوونی پیاوان بەسەر ژناندا بە هەر هۆیەك بێت یەکێکە لە ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەکانی مێژووی سیاسیی مرۆڤ. هەڵڕسکاویی و پەسیڤبوونی سیاسیی ژنان تەنیا دەتوانێت بەرهەمی لۆژیکی وەها زاڵبوون و دەسەڵاتێك بێت. تەنانەت ئەو توێژینەوانەی لە بارەی ڕۆڵی سیاسیی ژنانەوە کراوە لە ڕوانگەی خوازیاریی و بایەخە قبووڵکراوەکانی رەگەزی زاڵەوە کراون و زاڵبوونی پیاوانەیان بە بابەتێکی سروشتی لەبەر چاو گرتووە.

**سەرچاوە:**

بشیریە،حسین،جامعەشناسی سیاسی،نشرنی،چاپ یازدهم١٣٨٤

# چۆن دەبێت بە سەرکردە؟

و. لەفارسیەوە: سالار فەتاح

بە پێویستمزانی سەرکردە دیموکراتخوازەکانی شۆرشی کورد، ئەم بابەتە بخوێننەوە، کەمێك رابمێنن، بزانن لەکام هەڵوێستیاندا وەك سەرکردە مامەڵەیان نەکردوە. ئەم بابەتە کورد نەینوسیوە، پسپۆڕێك نوسیویەتی بە پرەنسیپی زانستی تەواو نوسراوە، منیش بۆیە وەرمگێرا بۆ زمانی کوردی. دەکرا خۆم بابەتێکی زانستی بنوسم لەسەر سەرکردە، بەپشتبەستن بە بەڵگە، خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆجی بۆ دۆخی سەرکردایەتیکردن بکەم، بەڵام کاتێك ئەم بابەتەم بینی نوسینەکەم دواخست و وەرمگێڕا، چونکە ئەم دەقە بۆ بەدەست هێنانی وەڵامی چەند پرسیارێك بەسوودە، وەك: کێ دەبێتە سەرکردە؟ تایبەتمەندیەکانی سەرکردە کامانەن؟ ئایا سەرکردەبوون بە بریاری فەرمی بەدەستدێت، یا خۆبەخۆ کەسێك بەدەستی دەهێنێت؟ جیاوازی بەدەستهێنانو پێسپاردن چییە؟ بەرێوەبەرو سەرکردە جیاوازیان چییە؟ کێشەکانی ئەو دوانە بەیەکەوە چین؟ بۆیە بە باشمزانی لە ئێستادا ئەم دەقە وەرگێرم چونکە وەڵامی





ئەم پرسیارانە بە تۆزێك خۆماندووکردن و تێرامان لە ناوەرۆکی ئەم دەقە بەدەستدێن.

زۆربەی میللەتانی خۆرئاوا، لەبەرئەوەی سیستمێکی فەرمانڕەوایی دیموکراتییان هەیە، دەرفەت بە هەموو کەس دەدەن بۆ ئەوەی بگەن بە پۆستی بەرزی پڕ بەرپرسیاریەت. بۆ گەشتنی کەسەکە بە ئەو پۆستە پێویستی بە سەرمایەی مەزن، یا پەیوەندی کەسی، یا نەریتی بنەماڵەیی نییە.

هەر لە یەکەمین بڵاوکراوەکانی (ماکس فیبەر)دا کە زانایەکی سۆسیۆلۆجییە ، ئەو باوەڕە سەریهەڵدا:

پێویستە پۆستی سەرکردایەتیکردنی رێکخراو، بە پێی تایبەتمەندی کەسەکە بەدەستبێت، بەمپێیە لێکدانەوە لە چۆنیەتی بەدەستهێنانی پۆستی رابەرایەتیکردن، لەلایەن کەسەکانەوە بایەخێکی زۆری هەبووە، وادیارە دوو پرس، پێویستی بە تاووتوێکردنە:

**پرسی یەکەم:** چ شتێکە وادەکات کەسێك ئارەزووی سەرکردایەتیکردنی هەبێت.

**پرسی دووەم:** بۆ گەشتن بە پۆستی سەرکردە پێویستە کەسەکە چیبکات.

دەکرێت پۆستی سەرکردەی گروپ و رێکخراو قازانجی ئابووری گەورەی تیابێت. بەرێوەبەرو پلەدارەکانی ئاستی سەرەوە، لەهەندێك رێکخراودا، موچەکەیان ١٠ تا ٥٠ ئەوەندەی فەرمانبەرانی ئاستی خوارەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستکەوتی تریش لە رێی ئەو پۆستە بەرزانەوە بەدەستدێت. سەرکردە رێزی زیاتری لێدەگیرێت، تا پلەیەکی زیاتر لە پەیژەی رێکخراوێکدا سەرکەوێت دەکرێت کاریگەری کەسەکە لەسەر رەوتی رێکخراوەکە زیاتریکات، بەمپێیە، کەسەکە زیاتری هەستی پێشکەوتن و سەرکەوتنی لەلا درووست دەبێت. بەڵام



هەواڵنامەی کتێب

ئارەزووكردن بۆ سەركردەبوون بەتەنها بەسنییە، بەڵكو كۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەتمەندی هەیە كە رۆڵیان هەیە بۆ گەشتنی كەسێك بە پلەی سەركردایەتیكردنی گروپ و رێكخراوێك. لە باشترین پێداچوونەوەی تایبەتمەندیەكانی سەركردەدا، ئستاگدیل لە دەرەنجامی لێكدانەوەی تایبەتمەندیەكانی سەركردەدا ئەم تایبەتمەندیانە دەخاتەڕوو:

**یەكەم**: ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە لەلایەن ئەو كەسانەوە كە ١٥ساڵ لێكدانەوەیان لەو بوارەدا كردوە پشتگیریلێكراوە:

أ. ئەو كەسەی كە پۆستی سەركردایەتیكردن لە ناو رێكخراوەكەیدا بەدەستدەهێنێت لەم چەند تایبەتمەندیەدا لە سەرووی هاوەڵەكانیەوەیە: (هۆش، لێوەشاوەیی، متمانەپێكران، زانست و چاكەكاری، بەشداریكردنی كۆمەڵایەتی و چالاكی نواندن، پێگەی كۆمەڵایەتی و ئابوری).

**ب**. بەڕادەیەكی زۆر، پێویستیەكان و هەلومەرجی ئەو پێگەیەی كە ئەو وەك سەركردەیەك تێیدایە تایبەتمەندی و كارامەیی و لێوەشاوەییەكانی سەركردەیەك دەستنیشاندەكات.

**دووەم**: ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە لەلایەن ئەوانەوە كە ١٠ ساڵ یا زیاتر خوێندنەوەیان هەبووە پشتگیریانلێكراوە:

أ. ئەوكەسەی كە پۆستی سەركردایەتیكردن لە ناو رێكخراوەكەیدا بەدەستدەهێنێت لەم چەند تایبەتمەندیەدا لە سەرووی هاوەڵەكانیەوەیە:(كۆمەڵایەتیبوون، داهێنان لەكارەكانیدا، سوربوون، وریابوون لە دەرەنجامی كارەكانی، متمانەبەخۆبوون، هوشیاری لەبەرانبەر هەلومەرجەكاندا، هاوكاری، خۆشەویستبوون، قبوڵكردنی دانوستان، دەروونئدروستی و زمانپاراوی).





### دوو بابەتی تر شایستەی بایەخپێدانن:

**یەكەم**: هەر لە بنەڕەتەوە ئەم تایبەتمەندیانە لە سەركردەكان چاوەڕواندەكرێت، ئەو كەسەی كە بە پلەی سەركردایەتیكردن دەگات، كۆمەڵێك تایبەتمەندی كەسی و رەفتاری هەیە كە هاوكاریاندەكات لەگەڵ كەسانی دەوروبەریدا بگونجێت، لە دەرەنجامی كارەكانیدا سەركەوتن بەدەستبهێنێت.

**دووەم**: لەوانەیە گرنگترین بابەت ئەوەبێت لە رێی كۆمەڵێك، توانا و لێوەشاوەییەوە یارمەتی بە گشت ببەخشێت. لە زۆربەی بواردا هەلومەرجە تاڕادەیەك دەستنیشانی ئەوە دەكات، كە كام خەسڵەتە كەسێك بە پلەی سەركردایەتیكردن دەگەیەنێت. بۆ نمونە: لەوانەیە باری جەستەی كەسەكە لە تیمە وەرزشیەكاندا جێگای بایەخ بێت. لەكاتێكدا لە رۆڵە زانستیەكاندا لێوەشاوەییەكانی ژیری (ئەقڵ) بایەخی زیاتریان هەیە.

بەشێك لە تایبەتمەندیە گروپیەكان جێگای بایەخدانن، بۆ سەركەوتنی سەركردە، بۆ نمونە: تا رادەو ژمارەی گروپێك یارێكخراوێك زیادبكات، ئاستی پەسەندكردنی رابەر و سەركردە دادەبەزێت. تا گروپەكە گەورەتربێت داواو لێوەشاوەیی بەرەو سەركردایەتیكردن هەڵدەكشێت. ئەمە بەو مانایە دێت تاوەكو ژمارەی ئەندامانی گروپ یا رێكخراوەكە زیاتر بكات. كاریگەری هەریەك لە ئەندامانی گروپەكە كەمدەبێتەوە. پێدەچێت لەبەرئەوەی هەریەك لە ئەندامان لەدەرەنجامی زۆربونی ژمارەیانەوە هەریەكەیان هەست بە كەمبونەوەی كاریگەریەكەی دەكات، لەبەرانبەر ئەو هەستەدا، ئیتر ئەوەی بەلاوە گرنگتر دەبێت كە سەركردەكەی كارامەتربێت.

توێژینەوەی تریش هەن كە بۆچونیان وایە پێگەی مادی كەسەكە لە ناو گروپەكەدا گرنگی خۆی هەیە، كەسێك تا زانیاری زیاتربێت، ئەگەری ئەوەی



هەواڵنامەی كتێب

زیاتره لەناو هەموو ئەندامانی گروپەکەدا وەك سەرکرده دەرکەوێت. هەروەها کەسانێك کە لە وتووێژی گروپەکاندا لە شوێنێکی سەرکردانەدا دادەنیشن (وەك لە پشت مێزەوە)، بە ئەگەرێکی زۆرەوە وەك سەرکردەیەك هەڵدەبژێردرێن.

بەمپێیە، ژمارەیەك لە تایبەتمەندی کەسی کۆمەڵایەتی پێگەیی، کاریگەریان هەیە لەسەر ئەوەی کێ ببێتە سەرکردەو ڕابەر.

## سەرکردایەتیکردن چییە؟

سەرکردەی کاریگەر پێویستە ڕێگایەك بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی هەوڵی هەموو ئەندامانی ناو ڕێکخراوەکە بەرەو گەشتن بە ئامانجی ڕێکخراوەکە ئاڕاستە بکات. بەبێ بوونی سەرکردەیەك یا ئاراستەپێکەرێك، لەوانەیە ئەو ئەڵقەی پەیوەندیەی کە لەنێوان ئامانجی ڕێکخراوەکەو ئامانجە کەسیەکاندایە لاواز بێتو بپچڕێت. ئەم لاوازبونەش دەکرێت ببێتە هۆکاری ڕوودانی دۆخێکی خراپ کە تیایدا هەوڵی تاکەکەسی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە کەسیەکان لە ڕێکخراوەکەدا زاڵدەبێت، سەرەنجام ڕێکخراوەکەش کارامەیی خۆی لەدەستدەدات، دوادەکەوێت و ناگات بە ئامانجەکانی. بەمپێیە بۆ ئەوەی ڕێکخراوێك بە شێوازێکی کارامە بمێنێتەوە، پێویستی بە سەرکردەیە. تەنانەت باشترین کارمەندو کادریش پێویستیان بەوە هەیە بزانن لەپێناو ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەیاندا بە چ شێوازێك بەشداریبکەن. لەلایەکی تریشەوە ئەو ئەندامانەی کە سستو کەمتر پەیوەستن، چاوەڕێی سەرکردەیەکن ببێتە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی ببێتە بزوێنەرێك بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان ئامانجە کەسیەکانی ئەوان و ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە. سەرکردە پێویستە بۆ ڕێنماییکردنی کار و کاریگەریدانان و دروستکردنی پاڵنەر لەلای ئەندامان و کارمەندان، کاری پێویست ئەنجامبدەن،





سەرکردەبوون پیویستی بە کارکردنێکی گونجاوە لەگەڵ خەڵکدا. لە ڕاستیدا سەرکردە دەتوانێت هاوکاری هەواداران و ئەوانەی لە خوار ئەوەوەن بکات بۆ ئەوەی ئەوپەڕی تواناکانیان بخەنەکار. سەرکردە خوڵقێنەری ئامانجە، بۆ گەشتن بەو ئامانجەش ئاڕاستەی گونجاو دەستنیشاندەکات. سەرکردە کاتێك کاریگەر دەبێت کە بۆ ئەنجامدانی چالاکی ڕێگەیەکی شیاوتر دەستنیشانبکات. ئەگەر باوەڕت بە گەشەی بەردەوام و باشتربون و بەهرەمەندی و سەرکەوتنی ڕێکخراوەکەتان هەیە دەتوانیت سەرکردەیەکی سەرکەوتوبیت. بەواتایەکیتر سەرکردەبوون وەك پرۆسەیەك سوود لە کاریگەریدانان وەردەگرێت و پەنا ناباتە بەر زۆر بۆ بەڕێوەبردن و هاوئاهەنگی و چالاکی گروپێك لە پێناو گەشتن بە ئامانج و سەرکردە بەمانای کۆمەڵێك تایبەتمەندی دێت. وە بەو کەسانەی کە دەتوانن بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە سوود لەو کاریگەریدانانە وەربگرن ، دەوترێت سەرکردە. گرنگی سەرکردە لەوەدایە کاریگەریەکی بەتوانای لەسەر ڕەفتاری تاك و گروپ هەیە، یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی سەرکردایەتیکردن ئەوەیە بتوانێت لەرێی کارکردن لەگەڵ ئەوانیتردا بە ئەنجامبگات. پێویستە بتوانێت هەلومەرجەکان لە چاوی ئەوانەوە ببینێت کە ئەو سەرکردایەتیان دەکات. ئەم ڕەوشە ڕەوشێکی سەرکردایەتیکردنی مرۆگەرایانەیە. چونکە سەرکردە زۆرتر پەیوەندی بە هەست و سۆزو ڕەفتار و تێڕوانینی کەسەکانەوە هەیە تا بە پاڵنەرە تەواو کەسیەکانی خودی سەرکردەوە.

بۆبڕیاردان لەسەر توانای سەرکردایەتیکردنتان کارەکانتان لەبەرچاو دەگیرێت. ئەگەر ڕێز لە فەرمانبەرەکانت یا شوێنکەوتوەکانت بگریت وەك بەشێکی پێویستی پرۆسەکە لێیان بڕوانیت. ئەگەری زۆرە ئەوانیش بەهەمان شێوەی تۆ ڕەفتار بنوێنن.

یەکەمین بەرپرسیاریەتی سەرکردەیەك روونکردنەوەی راستیەکانە. زۆر ئاشکرایە کانگای ئیلهام و سەرچاوەی ورەی سەرکردە لە چاودێریکردنەکانیەوەیەتی، بەشێکی گەورەی توانای سەرکردەکان کە بەدەستیدەهێنن لەو هاوکاریانەوەیە کە پێشکەشی ئەوانیتری دەکەن بۆ گەشتن بە وێنەیەکی وردتر و پڕماناتر لەسەر واقع.

دژواری هەندێك لایەن بۆ سەرکردە لە سەرکردایەتیکردندا، پەیوەستە بەو کەسانەوە کە سەرکردایەتیان دەکات. هەرکاتێك سەرکردە لەمرووەوە دوچاری کێشە هات، پێویستە لەخۆی بپرسێت: ((ئەگەر من لە جێگەی ئەو دەبووم چ جۆرە رەفتارێکم پێخۆشبوو لەگەڵمدا ئەنجامبدرێت)). وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەو زانیاریە پێویستە دەخاتە خزمەت سەرکردەوە، بۆ ئەوەی بڕیار بدات بە چ شێوازێك رەفتار لەگەڵ ئەوانەدا بکات سەرکردایەتیان دەکات. سوود وەرگرتن لەم پرسیارە بۆ بڕیاردان سەبارەت بە ئەوانیتر، ئەوە دەردەخات سەرکردە تا چ ئاستێك وەك گرنگترین سەرمایە سەیری ئەندامەکانی رێکخراوەکەی دەکات. سەرکردایەتیکردنی مرۆگەرایانە خەرجی پارەپولی ناوێت. بەڵکو بارودۆخێکی سوودبەخش بەرەو سەرکردەبوون سەریدەخات. پێویستە سەرکردە بەردەوام هەوڵی چاککردنی بارودۆخی رێکخراوەکەوە بدات، زۆربەی ئەندامانی رێکخراو کەسەکانی ئاستی سەرەوەی رێکخراوەکەیان دەکەنە سەرمەشق بۆ ئەوەی وەك ئەوان رەفتار بنوێنن. کەواتە ئەوکەسەی رۆڵی سەرکردایەتیکردن دەگێڕێت پێویستە و گرنگە ئاستێکی بەرزی کاریگەری هەبێت.

بۆ ئەوەی سەرکردەیەکی کاریگەربیت پێویستە بڕوانیتە چاوی ئەو کەسانەی کە رێنوێنیان دەکەیت. پێشئەوەی دەستبدەیتە هەرکارێك کە کاریگەری بۆ سەر ئەندامانی رێکخراوەکە هەیە پێویستە بیر لەو کاردانەوەیە





بکەیتەوە کە لەلایەن ئەوانەوە روبەرووی دەبیتەوە. پێویستە بتوانیت خۆت بخەیتە جێی ئەوان و وەك ئەوان بیرکەیتەوە.

## بنەمای پرۆسەی سەرکردایەتیکردن

دەتوانرێت بنەمای پرۆسەی سەرکردایەتیکردن وا پێناسە بکرێت کە پرۆسەیەکە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا کەسێك کاریگەری لەسەر کەسانیتر دادەنێت و ئاڕاستەیان دەکات لە پێناو گەشتن بە ئامانجی ئەوانەی لەپرۆسەکەدا بەشدارن.

سەرکردە کەسێکە رەفتاری ئەوانیتر بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ئاڕاستە پێدەدات. لە راستیدا ئەگەر کۆمەڵە کەسێك بۆ گەشتن بە ئامانج بە پێی فرمانو رێنماییەکانی کەسێك هەڵسوڕێن ئەو کەسە سەرکردەیە. بەپێی ئەم روونکردنەوانە وا تێدەگەین کە بنەمای پرۆسەی سەرکردایەتیکردن پێکدێت لە کاریگەریدانانی کەسێك لەسەر ئەوانیتر. کاریگەریدانان، پەیوەندی هەیە بە نزیکی سەرکردە لە سەرچاوەکانی هێزەوە و سوود وەرگرتن لەو سەرچاوانە.

**کەسێکی سەرکردە چۆن کاریگەری لەسەر ئەوانیتر دادەنێت؟**

**بەواتایەکیتر چۆن دەتوانرێت کاریگەری لەسەر ئەوانیتر دابنرێت؟**

**یا چۆن کۆمەڵە مرۆڤێک دەکەونە ژێر کاریگەری کەسێکەوە کە وەک سەرکردە دیاریکراوە؟**

لەم کاریگەریدانانەدا کامیەك لە میکانیزمەکان رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت؟

تیۆرەکانی تایبەت بە سەرکردایەتیکردن رۆڵی کارا دەگێڕن، ئێستا ئەولایەنانەی خوارەوە روونەدەکەینەوە بۆ ئەوەی باشتر لە سەرکردایەتیکردن تێبگەین.



هەواڵنامەی کتێب

**لایەنی یەکەم:**

ئاشکرایە کە سەرکردایەتیکردن پرۆسەیەکی تایبەت نییە بۆ ڕێکخراوە فەرمیەکان. بەڵکو کاتێك کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراودا شوێن کەسێکی دیاریکراو دەکەون پرۆسەی سەرکردایەتیکردن دێتە بوون. ئەو پرۆسەیەشیان ناوناوە توانای کاریگەریدانان لەسەر ئەوانیتر. بوونی پرۆسەی لەو جۆرە بێجگە لە ڕێکخراوە فەرمیەکانیش، لەیاریەکانی منداڵان لە کۆڵاندا یا لە دامەزراوە حکومیەکانیشدا دەبینرێت هەربۆیە بۆ مەرجنییە ڕێکخراوێکی فەرمی هەبێت ئینجا سەرکردەیەك بێتە کایە.

**لایەنی دووەم:**

بۆ هاتنە کایەی سەرکردایەتیکردن مەرجنییە دەسەڵاتی فەرمی پێبەخشرابێت. هەروەها بە لەدەستدانی دەسەڵاتی فەرمیش لە سەرکردایەتیکردن ناکەون. سەرکردەی وا هەبووە دوای لەدەستدانی دەسەڵاتی فەرمی گروپی مەزنیان دوای خۆیان خستوە. بەڕێوەبەری واش هەبوون ئەگەرچی دەسەڵاتی فراوانیشیان هەبووە، لەبەرئەوەی خاوەنی تایبەتمەندی سەرکردایەتیکردن نەبوون ناتوانن تەنها کەسێك شوێن خۆیان بخەن. سەرچاوەی هێزە فەرمیەکان بۆ بەڕێوەبەرانەو ئەوان دەتوانن سوودیلێوەرگرن.

**لایەنی سێیەم:**

ئەم لایەنە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە بەڕێوەبردن لەگەڵ سەرکردایەتیکردندا جیاوازن، سەرکردەی وا هەیە رۆڵی بەڕێوەبردنیان نییە، بەڕێوەبەری واش هەیە تایبەتمەندی سەرکردەی نییە، بەڵام باشتر وایە بەڕێوەبەر تایبەتمەندیەکانی سەرکردەشی هەبێت و ئەو کارانەی سەرکردە دەیتوانێت ئەویش لێی بەهرەمەند بێت.





بە کورتی دەتوانین جیاوازی سەرکردەو بەڕێوەبەر بەمشێوازەی خوارەوە ریزکەین:

لەکۆدا نابێت وا تێبگەین سەرکردایەتیکردن پرۆسەیەکی تایبەتە تەنها بۆ ئەوانەیە کە لە ئاستێکی بەرزی ڕێکخراوەکاندان. پرۆسەی سەرکردایەتیکردن

| بەڕێوەبەر | سەرکردە |
| --- | --- |
| کەسەکان وادار دەکات بۆ ئەنجامدان. | پاڵنەر بە کەسەکان دەبەخشێت. |
| فرماندەردەکات چی بکرێت و چی‌نەکرێت. | هانیاندەدات و ڕێنماییاندەکات. |
| کارەکان راست دەکاتەوە. | کاری دروست ئەنجامدەدات. |
| بۆچونەکانی دەردەبڕێت. | هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەی باشە لەلای ئەوانی تر. |
| لە بڕیارداندا خێرایە. | لە تێگەشتن و رونکردنەوەی هەلومەرجەکاندا سەرکەوتوە. |
| یەکەمجار ئەو قسە دەکات. | یەکەمجار گوێ دەگرێت. |
| وادەیەك دیاریدەکات. | هاوکاری کەسەکان دەکات بۆ ئەوەی خۆیان بەرنامەرێژی بکەن. |
| پشت بە پلەوپایەکەی دەبەستێت. | پشت بە تواناو کەسیەتی خۆی دەبەستێ. |
| پشت بە ترساندن دەبەستێت. | پارێزگاری و پشتیوانی دەکات. |
| ئەو پێویستیەکان دەستنیشاندەکات. | |
| هەمیشە دەڵێت(من). | لە ئەوان دەپرسێت چیتان پێویستە. |
| ئەو دەستنیشانی کەسی هەڵە دەکات. | هەمیشە دەڵێت ((ئێمە)). |
| باسی شێوازی ئەنجامدانی کار دەکات. | نیشانیاندەدات چی هەڵەیە. |
| دەڵێت ڕێزملێبگرن. | ڕێبازو ڕێگاکان نیشاندەدات. |
| | دەڵێت ڕێز لە یەکتری بگرن. |

دەکرێت رەهەند و چوارچێوەو ناوەرۆکی جیاوازی هەبێت. لە واقعدا کرێکارێك و بەڕێوەبەرێکی گشتی دەتوانن سەرکردایەتی بکەن، جیاوازی ئەوان لە ژمارەی



هەواڵنامەی کتێب

ئەو کەسانەدایە کە پەیڕەویان لێدەکەن و لە چیەتی ئەو ئامانجانەدایە کە دەیانەوێت پێیبگەن. لەگەڵ جیاوازی ئەو هەلومەرجەی هەریەکەیان تیایدا هەڵدەسورێت. ئەگینا لە لایەنی پرۆسەکەوە یەکسانن.

لەبەر رۆشنایی ئەم روونکردنەوانە دەتوانین ئەم پێناسەیە بۆ پرۆسەی سەرکردایەتیکردن بکەین: (سەرکردایەتیکردن پرۆسەی کاریگەریدانانە لەسەر چالاکیەکانی گروپێك کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا لەپێناو گەشتن بە ئامانجێك تێدەکۆشن). لەم پێناسەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت کە پرۆسەی سەرکردایەتیکردن بەدوا (تابع)ی گۆڕاوەکان(متغیر)ی (سەرکردە)، (پەیڕەوان)و (هەلومەرجەکانە). واتە پرۆسەی سەرکردایەتیکردن پرۆسەیەکی ئاوێتەو ئالۆزەو لە پەیوەندیەکانی سەرکردەو پەیڕەوان و هەلومەرج دێتەبوون.

### ڕەفتاری سەرکردانە :

بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر رەفتاری سەرکردایەتیکردن هەیە:

أ- رەفتاری(وەزیفەگەرا) ئامانج دیاریدەکات، بەرنامەرێژیدەکات، چاودەبڕێتە ئامانج.

ب- رەفتاری(مرۆگەرا) بزوێنەرەو بایەخ بە پەیوەندی مرۆیی دەدات.

ا- وەزیفەگەرایی

ئەو سەرکردەیەی ئەم مەیلەی هەبێت ئەم شێوە رەفتارانەی خوارەوەی لێدەبینرێت:

❖ رۆڵی خۆی و رۆڵی شوێنکەوتوەکانی بە جوانی و بە روونی دیاریدەکات.





❖ ئەو ئامانجانە دەستنیشاندەکات کە سەختن بەڵام هێ ئەوەشن پێیانبگەیت، بەباشی ئەوانیتر تێدەگەیەنێت چیان لێچاوەڕوان دەکات.

❖ دیدێکی وردی بۆ ئەندازەگیری و ئاستی پێشکەوتن بەرانبەر بە ئامانج پێوانەکردنی ئاستی گەشتن بەئامانجەکانیش دەستنیشاندەکات. واتە بە ڕوونیو بە وردی ئامانج دیاریدەکات.

❖ لە بەرنامەرێژیدا، لەرێنوێنی و رێنمایی و چاودێریکردنی چالاکییە مەبەستدارەکاندا، زۆرچالاکانە رۆڵی سەرکردایەتیکردن دەگێڕێت.

❖ حەزی لە زیادکردنی بەرهەمە.

❖ سەرکردەیەك کە لەم مەیلانەدا (گەرایش) ئاستی نزمبێت ئاشکرایە لە رێنوێنی رەفتاری ئامانجدار و بەرنامەرێژیدا، چالاکنابێت وا دەردەکەوێت کە لەپەنای شوێنکەوتوەکانیدا کاردەکات و رۆڵی وەك رۆڵی سەرکردەی رێکخراوێك دەرناکەوێت.

ب- مرۆگەرایی

ئەو سەرکردانەی لەبواری رەفتاری سەرکردانەدا ئاستێکی بەرزیان هەبێت، ئەم رەفتارانەیان لێدەبینرێت:

- هەوڵدەدەن هاوئاهەنگی ناو رێکخراوەکە بپارێزن، لەکاتی رودانی بارگرژیدا هەوڵی هێورکردنەوەی دەدەن.
- وەك یەکەیەکی مرۆیی سەیری ئەندامانی رێکخراو دەکەن نەك وەك ئامرازی بەرهەمهێنان.
- پێویستیەکان، ئامانجەکان، ئارەزووەکان، هەست و (بۆچوونی) ئەندامەکانی ناو رێکخراو یا دامەزراوەکە درکدەکات و رێزیان لێدەنێت.
- پەیوەندیەکی باشی دولایەنە لەنێوان خۆی و ئەندامانیدا دێنێتەبوون.

- هاندان و ئارەزوومەندکردن دەکاتە بنەمای چاککردنی ئەندامان، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایە ((ئەو رەفتارەی پاداشتی لەسەر وەربگیرێت، ئەو رەفتارە زیاتردەبێت، ئەو رەفتارەش پاداشتی لەسەر وەرنەگیرێت یا لۆمە بکرێت کەمدەبێتەوە)).


- کەسانی تر بە شێوەیەکی ئارەزومەندانە رادەسپێرێت، هەستی لەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەت بەهێز دەکات، حەزکردن بە داهێنان زیاد دەکات.

- لە رێکخراودا ، کەشێکی گونجاو بۆ هاوکاریکردنی یەکتری و کاری بە کۆمەڵ رێکدەخات. ئاشکرایە ئەو سەرکردانەی لەم تایبەتمەندیانەدا کەمبهێنن لە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەندامانی رێکخراوەکەیاندا، لە بری هاوکاری و سپاردنی بەرپرسیاریەتی ئارەزومەندانە بە کەسانیتر و لەبری کاری دەستەجەمعی سەرنج دەخەنە سەر ململانێی فەردی.

ئەوانەی لە رەفتاری مرۆگەرایانەدا ئیستێکی بەرزیان هەیە زۆربەی کات کەسانێکن زۆر کۆمەڵایەتی نابن بەڵکو دەتوانن لەگەڵ مرۆڤی هەمەجۆر کاریگەری هەمەچەشن دابنێن. لەپەیوەندیە مرۆییەکانیاندا ئاستی لێوەشاوەییان بەرزە، لەبری رەخنەگرتن پشت بە پشتگیری نەکردنی کارە چەوتەکان دەبەستێت. حەزی لە رێنمایی و رێنوێنییە بۆ داهێنان، زیاتر هانئەدات، لۆمەناکات.








سەرچاوە: تکنلۆژی و مهندسی فکر

د.محەمەد عەلی حەقیقی

هەواڵنامەی کتێب

# وتـــار

- چـــەند ســـەرنجێك لــە ســـەر تەساموح.
- كــــوردستان و بەستێنە مێژوويیەكـــانـــی را پەڕینی گەلانی ئێران.



هەواڵنامەی کتێب



# چـــەند سەرنجێک لە سەر **تەساموح**[١]

رەزا عەلی پوور

١ـ لە قەبیلەیەكی سەرەتاییدا كەسێك كە هەڵسوكەوت و رای جیاوازی بووە چۆن لە گەڵیا بەرەوڕوو بوونەتەوە؟ ئەمە پرسێكی سەرمەدییە و لەو كاتەوە مرۆڤ توانیویەتی ژیانی پێكەوەیی بژی ناچار بووە هەندێ ڕێچارە بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دیتران و ڕێكو پێككردنی پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ خوداكان و دیترانی جیاوازدا ساز بكات. لەم گوزەرەشەوە كەلتوور بە هەموو بەربڵاوییەوە بیچمی گرتووە و پرەنسیپگەلێك بە ناوی ئەخلاق، سوننەت، عورف، یاسا و ڕێسا ساز بووە. دیارە بە پێی نیاز و بەستێنە كۆمەڵایەتییەكان و بڕینی قۆناغە مێژووییەكان، جۆری یاسا و ڕێسا و ئەخلاق و... جیاوازیی زۆریان بووە، بەڵام لەهەمو شوێنێكدا هەندێ پرەنسیپ بووە كە هەموان پەیڕەویان كردووە.

٢ــ ئەگەر تەنانەت بە كونجكۆڵییەكی نیچەییەوە سەرەتای ئەخلاق

بگەڕێنینەوە بۆ ترسنۆکی مرۆڤ و هەر بەم پێیە وەك فرۆید رەگ و ریشەی چییەتیی یاسا لەناو توندوتیژیدا بدۆزینەوە، نکوولّی لەوە ناکرێ چونکە ئەمانە بۆ ژیانی پێکەوەیی پێویست بوونە، ئەکرێ وەك چییەتی وەریانبگرین و تەنیا لەسەر ناوەڕۆکیان قسەبکەین، یانی رەخنە نەك لە چییەتی یاساکان کە هەر بووە و جێگەی رەخنەشە_ بەڵکو لە ناوەڕۆکی یاساکان بگیردرێت. وەك وترا مرۆڤ ناچارە لانیکەم یاساکان وەك شەڕی پێویست (شر لازم) وەربگرێ، تا ئاگاداری بەرینایەتیی هەڵسوکەوتی خۆی بێت لە ناو کۆمەڵدا. چونکە یاسا بە وتەیەك بریتییە لە ئیرادەی توند و تیژانەی ڕەوایی کۆ بە سەر تاکدا بۆ ساناکردنەوەی ژیانی پێکەوەیی، کە دیارە یاساش لە دنیای ئەمڕۆدا، رێگەی شاز کردنەوەی بە کەس نادا، جگە لە حاکم.

٣. یاسا وێڕای ئەوەی بە پێی بارودۆخی تایبەتی کۆمەڵگا و سیستمی سیاسی دەسەڵاتدار و... ناوەڕۆکی جیاوازی هەیە، لەهەموو شوێنێکدا تەنیا دەتوانێ دیاریکەری هەندێ لەبەرگر و دەڤەرەکانی ژیانی تاکەکەسەکان بێت. بۆیە لە پاڵ یاسادا، ئەخلاق و رێسا و عورفیش وەك خۆیان دەمێننەوە و تەنانەت هەندێجاریش ئامادەتر لەیاسا خۆیان دەردەخەن.

ئەگەر بە شێوەیەکی کۆنکرێتی بێینە ناو ژیانی رۆژانەی خۆمانەوە تێدەگەین لە هەندێ بواردا بێئەوەی بگەڕێینەوە بۆ یاسا، پێوەندی و پەرچەکردار و هەڵوێستمان و لەسەر هەندێ پرەنسیپی دیکەی ئەخلاقی، یان رێسا و ... رێدەخەین. لەم گوزەرەشەوە رەنگە هەستیارترین شت بگەڕێتەوە بۆ ئەم کێشەیە کە چۆن لەگەڵ بیر و ڕای جیاوازدا بەرەوڕووببین؟ دیارە لێرەدا هەر





کەس بە گەڕانەوە بۆ لایەنێك؛ یاسا، رێسا، ئەخلاق و کەلتوورێ کە لێوەیهاتووە، لەگەڵ ئەم پرسەدا بەرەوڕوو دەبێتەوە. لێرەدایە کە ناوەڕۆکی یاسا ئەتوانێ بدرێتە بەر رەخنە کە باسی لە سەر ئازادی بوون و نەبوونی بیروڕای جیاواز کردبێ، چونکە وەك کانت دەڵێ: ئەو بابەتە سەر بە گوتاری خسوسییە و نابێ یاساکاری پێی ببێ بۆیە ناچارین بۆ ئەم پرسە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی دیکە.

٤. بێگومان لێرەدا بێ سێ و دوو باسی توندوتیژی و تەساموح (tolerance) دێتە ئاراوە، تەساموح بە پێچەوانەی باوەڕی باو نە بابەتێکی سانایە و نە هێندەش روونە کە لە گوتاری لیبرالیدا وا نیشاندەدرێت و قۆرغ دەکرێت یاخۆ بە پێی بەرژەوەندی حەقیقەتەکانی پێدادەپۆشرێت! تەساموح دەتوانێ لە زۆر شوێندا خۆی دەربخات لە یاسا، ئەخلاق، کەلتوور و رێسادا، بەڵام سەرەڕای ئەمانە، رادە و تەنانەت خودی تەساموح بەردەوام گرفتاز بوو.

لە سەردەمێکدا کاتۆلیکەکان لەوەی کە کەلتوورەکەیان کەمترین تەساموحی تێدا بوو بۆیان جێگەی شانازی بوو، یان نیچە ئەخلاقێك کە تەساموحی زۆری تێدا بێت بە ئەخلاقی کۆیلەکان ناو دەبات، لە کاتێکدا کەلتووری عیرفانیش بێدەسەڵاتی و نەتواناییان بە ناوی تەساموحەوە پەرەپێدەدا .

لە شوێنێکدا کەسانێك وەك مەسیحییە سەرەتاییەکان بەردەوام بە شوێن ئەوە وەبوون، کە رۆمییەکان بە تەساموحەوە لەگەڵیان بەرەوڕوو ببن، دواتر کە خۆیان دەسەڵات پشتگیریلێکردن بە توندوتیژییەکی کەموێنەوە ئاوڕیان لە دیتران دایەوە، تا ئەو شوێنەی کە سەدان کەس لە سەر بیر و رای جیاواز کوژرانو سووتێنران!

٥ــ ئیلیــۆت دەڵــێ: ئێمــە مەســیحییەکان نامانــەوێ بــە تەســاموحەوە هەڵسوکەوتمان لە گەڵدا بکەن. ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئیلیۆت حەز بکات بە توندوتیژییەوە لە گەڵیان بجووڵێنەوە. بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی لە گەڵیدا بە تەساموحەوە بەرەوڕو و دەبن نابێ پێی خۆشبێت، چونکە لەتەساموحکردانداا بەردەوام شتێك هەیە لە تەساموح پێکراودا، کە تەساموح کارەکە ئازار دەدات. ئەم وتەیەی ئێلیۆت لە دوو حاڵەتدا سەر دەگرێ یان ئەوەی هیچ کەس بیروڕایەکی جیاوازتری لە ئیلیۆت و مەسیحیەکان نەبێت، یاخۆ هێندە لەپێش و چاك بن، کە ڕێگەی ئەوە نەدرێت کەس بە تەساموحەوە بۆیان بڕوانێ. دیارە هەر دوو حاڵەتەکە مەترسیدار و ئایدیاڵە، بەڵام لەوەیدا کە خۆمان بە شێوەیەك رابهێنین و هەوڵبدەین کە کەمتر بە تەساموحەوە لە گەڵماندا بەرەورووبن ـ بەو مانایەکە کەمتر ئەو شتەمان تێدابێ کە ئەویدی ئازار بداتـ دەتوانین لەگەڵ ئەو وتەیەی ئیلیۆتدا بین، ئەمەش پەیوەندنییە بە عیرفانی مونفەعیلانە و حیکمەتی موداراکردنی پێشینانەوە، کە نە تەنیا لە دنیای ئەمڕۆدا بۆی نییە بەو جۆرە لەگەڵ دیاردەکاندا بەرەوڕوو ببینەوە، بەڵکو دەتوانێ خودی ئەو جۆرە موداراکردنە بێسنوور و بێپرەنسیپە خۆی بەرهەمهێنەرەوەی توندوتیژیی زیاتر بێت.

٦ـ تەساموح بە تەنیا نە پرەنسیپێکی ئەخلاقییە و نە مافێکە کە دیتران بە سەر یەکترەوە هەیانبێ و نە بێلایەنییە لە هەمبەر بیروڕا جیاوازەکاندا. لەو شوێنەیدا تەساموح تێکەڵ بە ئەخلاق دەبێت؛ یا با بڵێین لەئەخلاقەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر وەك نیچە نەڵێین ئەخلاقی کۆیلانەیە کە نە توانایی





لە باتی تەساموح داناوە، لانیکەم لەوە تێدەگەین کە ئەو بە ناو تەساموح کردەیەکی سەر بە نە تواناییە و بابەتێکی دەروونی کراو و مەعریفی نییە.

لە لایەکی دیکەشەوە تەساموح لێخۆشبوونێکی ئەخلاقی نییە، ئەو کاتەی کە دیاردەی بەزەیی ـ ئەمجارە لە پڕ تواناییداـ بەرجەستەببێتەوە. لێرەدا رەنگە کەسی تەساموحکار لە بایەخە ئەخلاقییەکانەوە دەستپێبکا و لە رووی بەزەییەوە لەئاست بیروڕای دیکەدا بێدەنگ بێت. ئەمەش لە پشتیەوە دەکرێ ئەو زەینییەتە بێت، چونکە حەقیقەت لای منە رێگەی ئەوەتپێدەدەم کە هەڵەکار و گومڕا و ... بیت، پێویست بە جەختکردن ناکات کە لەم حاڵەتەدا دەبێ شەڕ لەگەڵ ئەو تەساموحەدا بکرێت.

٧ـ تەساموح بەر لە هەموو شتێك ئەمرێکی کەلتووری و پاژێکی بنەڕەتیی ئەندێشەیە؛ بەو مانایە کە گەیشتنە بەو خاڵە لەبیرکردنەوە کە نە پرەنسیپە ئەخلاقییەکان و ـنەتوانایی و پڕ تواناییـ نە یاسا و نە ڕێسا هیچکامیان پێملکەری تۆ نین کە بە تەساموحەوە هەڵسوکەوت بکەیت. بەڵکو گەیشتنە بەو زەینییەتە کە مرۆڤ ناچار و پێویستە بە تەساموحەوە هەڵبستێت، هەم بەشێوەیەکی جەبری و هەم پراگماتیسیزی و هەم قازانجخوازانە. تەساموح لێرەدا وەك ئێمانۆئێل لوینیاس دەڵێ: ئەبێتە بابەتێکی ژوەر ئەخلاقی، کە نە رێگەی رەخنەگرتن دەبەستێ نە پێی ئازار دەکێشین و نە بە شێوەیەکی ساویلکانە زیانی لێدەنێن ـ لانیکەم زیانی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی.

٨ـ گرنگترین باس دوای چییەتیی تەساموح مەرج و سنوورەکانی تەساموحە. لە هەمبەر بیروڕای جیاواز و نا یەکانگیر لەگەڵ بیروڕای ئێمەدا دەبێ تا کوێ بە

تەساموحەوە بەرەو روو ببین؟ لێرەدا بیر و راکان جیاوازە بەڵام دەتوانین وەك سپینۆزا بڵێین تا ئەو شوێنەی زیانی بۆ ئاسایش و ئاشتی دیتران نەبێت. لە دیسانەوە کێشەیەکی دیکە بەرجەستە دەبێتەوە؛ لەبەرئەوەی نابێ لە رەهەندی هێرمۆنوتیکیی ئەم وتەیە سەبارەت بە زیانی بیروڕای جیاواز خافڵ بین، چونکە رەنگە ئەوەی بە رای ئێمەوە ئەو زیانەی نییە بۆی هەیە لە روانگەی کەسێکی دیکەوە وەها نەبێت!

راست لێرەدا دەردەکەوێ، کە تەساموح نە بابەتێکی ئەخلاقییەو نە دەبێتە یاسا، پێچەڵپێچوونیشی لێرەدایە بۆیە قسەکردن لەسەر سنوورەکانی تەساموح، بابەتێکی فەلسەفی و مەعریفی و تەنانەت سیاسیی لێدەکەوێتەوە. ئەوەیە کە فەیلەسووفێکی وەك پۆل ریکۆر دەڵێ تەساموح «داو ئاسایە» چونکە هەم سانایەو هەم دژوار.

٩ـ بە زمانێکی سادە دەتوانین بڵێین تەساموح لە غیابەکانی کەلتووری ئێمەیە و ئەگەریش ببێت یان خەسڵەتێکی تاکییە و یان نەتوانایی و لا گرنگنەبوون بە تەساموح دادەنرێت ـرەنگە دەیان هۆ بۆ ئەم غیابە بدۆزینەوە بەڵام بە هیچ بەڵگەیەك پاساو بۆ نەبوونی نایەتەوە ـ راستە لە شوێنێکدا کە تۆ بە تەساموحەوە لەگەڵتا ناجووڵێنەوە ئەستەمە خۆت تەساموحت بێت. دەوڵەتێك کە لەگەڵ هاووڵاتیاندا بە تەساموحەوە ناجوڵێتەوە (بەو مانایە یاسایەکی توندوتیژانە و سەپێنراوی هەیە و رێگەی بە هەڵبژاردنی ئازاد و دەربڕینی بیروڕای ئازاد نەداوە) ئەستەمە هاووڵاتیانیش بتوانن لەگەڵ یەکدا تەساموح بکەن. بەڵام پێملبوون بە رێساکانی بەرامبەر بوونە بە بەرامبەر،





لەملایشەوە لە هەمبەر نا حەقی و توندوتیژیدا، تەساموح ناتوانێ کارساز بێت ئەو جۆرە وتانە کە داواکاری تەساموح و سازشە لە هەمبەر توندوتیژیدا بێگومان لە ئەخلاقێکی پاساوکەرەوە دێن، کە هیچ بنەمایەکی کۆنکرێتیان بێجگە لە ترسنۆکی و بێدەسەڵاتی نییە و لە خۆڕایی هیوادارییان بە داهاتوویەکی قەت نەهاتوو هەیە. ئەمە خراپ تێگەیشتنە لە تەساموح کە لە هەمبەر دەسەڵاتی نارەوادا بە ناوی تەساموحەوە بێدەنگ بین. بەڵام لەو دەڤەرانەشدا و لە ناو خۆیشماندا بەردەوام خەریکی لاوازکردنەوەی تەساموحین.

لە لایەکی دیکەشەوە تەساموح بە مانای قبووڵکردن و وەرگرتنی هەموو بیروڕایەك نییە، کە بمانگەیەنێتە رێژەگەرێتییەکی بێ چوارچێوە، بەڵکو مانای تەحەمولکردنی بوونی بیروڕای جیاوازە و دژ بە یەك، یاخۆ بە وتەی کانت رێزدانان و بە سروشتی زانینی بوونی تاکی ئازاد و «خود»ی سەربەخۆیە لە بیرکردنەوەدا کە ئەمەشمان قبووڵکرد بوونی بیروڕای جیاواز قبووڵدەکەین.

١٠ـ لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فەزای رۆشنبیریماندا ـکە دەڤەری هەبوونی بیروڕای جیاوازەـ نەبوونی تەساموح بە ئاشکرا دەبینرێت، ئـ: وەك وترا بێدەنگی لە هەمبەر هەندێ دیاردەی نارەواو بێشەرعییەتدا بە مانای تەساموح نییە. کە یان بێدەسەڵاتی و ترسە یاخۆ بەزەیی پێداهاتنە، کە هەر چییەك بن تەساموح نین. ب: رەفزکردنەوەی کەس و تاکی سەربەخۆ لە رێگەی روانگەکەیەوە دیسانەوە هەر هەمان رەفزکردنەوەی تەساموحە! کارل پوپێر دەڵێ با لەجیاتی کەسەکان، ئەندێشەکان شەڕ بکەن! لە لای ئێمە چەندە کێشەکان مەعریفین و چەندە هەر لەو دەڤەرەشدا دەمێننەوە؟



هەواڵنامەی کتێب

١١ـ رەخنە دژایەتی لە گەڵ تەساموحدا نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە رەوتی رەخنەیی لە رۆژئاوادا سەلماندی کە شانبەشانی رەخنە، تەساموح ئەتوانێ بژییەت و ئەگەر نەڵێین خۆی پەرەپێدەدات (کە هەر وەهاشە) ئەتوانین بڵێین رێگەی پەرەسەندنی پێدەدات، گەورەترین رەخنەگران لە سەردەمی رۆشنگەرییەوە تا ئەمرۆ سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانیان، گەورەترین رەخنەگرانی توندوتیژی و نەبوونی ئازادیی دەربڕینی بیروڕایەکان بوون. جگە لەوەش لەگەڵ ئەندێشەی رەخنەگرانەدا بوو کە تەساموح لە بابەتێکی ئەخلاقییەوە کرایە بابەتێکی فەلسەفی، و بابەتی فەلسەفەی ئەخلاق، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ تەساموح لەوێدا بزر دەبێت کە رەخنە بزر دەبێت، چونکە کە رەخنە بزربێت بێگومان توندوتیژی (هەتك، ئیرهاب و ...) سەرهەڵئەدەن! نموونەی بەردەستمان بونیادگەراکانن کە لەدنیای ئەمڕۆدا بوونەتە سمبولی توندوتیژی لەبەرئەوەی نە دەتوانن و نە دەیانەوێت لەوزەی رەخنەگرانە کەڵك وەربگرن. ئایا نەبوونی روانگەی رەخنەیی لە کەلتووری ئێمەشدا دەتوانێ مانای نەبوونی تەساموح بدات؟

١٤ـ تەساموحی پەتی ئایدیالەو رەنگە مەترسیداریش بێت، ئایدیالە چونکە ئادۆرنۆ گوتەنی: لە دنیای ئەمڕۆدا ناتوانین بە بێ توندوتیژی دەرگای سەیارەیەك ببەستین، دەکرێ لە تەجرەبەی رۆژانەی خۆمانەوە راستیی ئەو وتەیەمان بۆ بسەلمێت بۆیە چاوەڕوانیی تەساموحی پەتی نە عەقڵانییە و نە نیاز، چونکە نە عارف دەتوانێ لەم دنیایەدا ژیانێکی ئەمڕۆیی بژی و نە بە سوودی ئاشتی و ئاڵوگۆڕە کە بەتەساموحی بێکۆتایی و پەتییەوە لەگەڵ





ئەویدیو توندوتیژیدا بەرەوڕوو ببینەوە لەبەرئەوەی بوونی تەساموحی بێکۆتو بەند وەك وترا خۆی بەرهەمهێنەری توندوتیژییە. ئەوەی چاوەڕواندەکرێ گەیشتنە بەو مەعریفەیەی کە تەساموح لە توندوتیژی نە تەنیا باشتر و مرۆڤانەتر بەڵکو بە سوودترە! یان لانیکەم تەساموح شەریکنەبوونە لە خراپیدا. تا ئەو شوێنەی کە خۆی خراپیی لێنەکەوێتەوە.

(١)ـ تەساموح(tolerance): لێکبوردن، لێخۆشبوون و ... چونکە هەموو ئەم بەرامبەرانە بە هەندێ باری مانایی ئەخلاقییەوە بارگاویکراون بە ناچار هەر تەساموحم بە کارهێناوە، هەرچەند ئەم وشەیەش «تەساموح» خۆی هەندێ باری مانایی تایبەتی هەیە، بەڵام ئەم وشەیەم بە باشتر زانی.



هەواڵنامەی کتێب

# کوردستان و بەستێنە مێژوییەکانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران

ئەنوەر ئەسەدزادە

## سەرەتا

گێڕانەوەی مێژوو بەقسەی زۆربەی شارەزایان خاوەن هەندێك گرنگیی تایبەتە کە دەبێتە هۆی ڕەخساندنی مەجالی زیاتر بۆ تاوتوێکردنو لێکدانەوەی زیاتر سەبارەت بەو بنەچەو بەو نەتەوەو هەروەها بەڕەوتی مێژووی خەبات کە دەبێت گەشەکردنی بیری مێژوویی‌و بەو پێیەش بردنە سەرەوەی ئاستی زانیاری نەوەی نوێ. لەلایەکی دیکەشەوە هەر وەك وتراوە گەلێك مێژوووەکەی خۆی بەباشی نەزانێ مەحکوومە بەدووپاتکردنەوەی مێژوو ئەوەش ڕەنگبێ یەك لەمەترسیدارترین خەسارەکان بێت بۆ گەلێك. گەلی کورد وەك نموونەیەك لەو گەلانە بووە کە بەهۆی نەبوونی مەجالو هەروەها بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتە





نادیموۆکراتیەکان بەسەریدا زۆر کەم مەجالو دەرفەتی نوسینەوەی مێژووی خۆی بووەو ئەمەش بۆتە هۆی کەمو کوڕییەکی گەورە بۆ ئەم گەلە. ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەك لەشێوەکان باس لەهەموو ڕەهەندەکانی مێژووی کورد بکرێت هەر دوو لایەنی خۆشی‌و نەهامەتی تێدا بەدیدەکرێت. بەڵام بەزۆری لایەنی قورسی ئەم ڕەهەندە زیاتر دەشکێت بەلای نەهامەتی‌و دژواری‌و خەسار بۆ ئەم کۆمەڵگایەدا. بەهۆی ئەوەی ئەم گەلەخاوەن دەسەڵاتی خۆی نەبووە زۆرجار مێژووەکەشی بەهەڵەو ئامانجدار لەلایەن کەسانی سەر بەدەسەڵاتی سەردەستو نەوەك گەلێکی خاوەن کولتوورو شارستانییەت بگرەو وەك خەڵکانێکی تواوە لە مێژووی گەلانی سەردەست و لەسەر قازانجو سوودی حاکمان نووسراوەتەوە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بۆتە هۆی دانی وێنایەکی هەڵەو زۆرجاریش کوشندە لە گەلی کوردو ئەم گەلە بە شێوەی ناتەندروستو گەلێکی دواکەوتووو وەیچ نەزانو کوردی کێوی‌و زۆر شتی دیکە ڕوو لەکۆمەڵگای دەرەوەی خۆی پێناسەکراوە.

ئێستاکەو لەم سەردەمەدا بەخۆشی گەشەی ڕاگەیاندنو بەوپێەش کرانەوەی زیاتری عەقلانییەتو چوونەسەرەوەی وشیاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردو هەروەها بوونی ئازادییەکی تەواو لەکوردستانی باشوورداو وەك ناوەندێك بۆ تاوتوێکردنو باسکردنو خستنەڕووی ئازادانەی مێژووی کوردو خەسارو سەرکەوتنو نەهامەتەکانی بەشێوەیەکی ئازادانە، ئەو دەرفەتە ڕەخساوە کە بتوانرێت خوێندنەوەی جیاواز بکرێت بۆ زۆربەی ڕەهەندو لایەنەکانی ئەم مێژووە. بەخۆشیەوە ئەوەی لەم ماوەی ٢٠ ساڵەدا دەبیندرێ هەوڵی زۆری مێژوونووسانو چالاکوانانی سیاسییە بۆ شرۆڤەکردنی هەرچی زیاتری سەرجەم بوار و ڕەهەندە

مێژوویەکانی ئەم گەلە (ئەگەرچی هێشتاکە زۆر کەمە) کە خۆی لە پەرتووك‌و کتێب‌و بابەتی زانستی مێژوویی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و کولتووریدا بینیوەتەوە، کە بۆتە هۆی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە. ئاشکرایە کە نووسینەوەی مێژووی خۆمان لەسەر قەڵەم‌و دەستی مێژوونووسان‌و چالاکوانانی سیاسی کوردەوە بێتە بەرهەم، دڵسۆزی‌و بەخەمەوە بوون‌و راستیی زۆرتری تێدا دەبیندرێ‌و کەموکوڕیی‌و گرفتەکانیشی وەك دڵسۆزی دێتەئاراوەو جیلەکانی داهاتووش بە دڵنیایی زیاترەوە بەرەو خوێندنەوەی دەچن.

١-ئەوە ئەمرێکی واقعییە کە گەلی کورد بەدرێژایی مێژووی دوو سەدە لەوەپێشی بەردەوام بۆ دامەزراندن‌و چەسپاندنی بیرێکی ئاشتیخوازانەو هەروەها بۆ گەیشتن بەمافەکانی خۆی بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکانی خۆیدا خەباتێکی شێلگیرانەی بەڕێوەبردووە. جیا لەوەش ئەم گەلە کە پاش دابەشبوونی بەسەر چوار وڵاتدا لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوەو بەتایبەت لەچەند دەیە لەوە پێشەوە تەواوی هەوڵی خۆی بە شێوەگەلی جۆراوجۆر بۆ بوار خۆشکردن‌و هەروەها بۆ دابینکردنی دەسەڵات‌و حاکمییەتێك کە مافی سەرجەم گەلانی تێدا مسۆگەر بێت، خستۆتەگەڕ. ئێستاکەو لەسەروبەری ساڵیادی راپەڕینی گەلانی ئێران‌و هەروەها لەم برگە گرنگە مێژووییەی ناوخۆی ئێران کەشاهیدی سەرهەڵدانێکی دیموکراسیخوازانەیان بۆ گەیشتن بەئاواتە لەمێژینەییەکانی باقی گەلانی دیکەی ئێران، بە پێویستی دەزانم پاش گێڕانەوەیەکی کورت لەمێژووی خەباتی گەلی کورد لەقۆناغو ئاستە جیاجیاکاندا بەشێوەیەك ئاوڕێك بدرێتەوە لەکاریگەری‌و هەروەها بەشداری خەڵکی کورد لەو شۆڕشە بەهێزەی گەلانی ئێران لەساڵی٥٧ هەتاویی.





٢- ئاشکرایە کە لەدوای مراندنی بیرە پێشکەوتنخوازەکانی شۆڕشی مەشرووتەو پاشان هاتنە سەرکاری رەزاشای پەهلەویی بۆسەر تەختی پاشایەتی بەشێوەی کودەتاو بە پشتیوانی وڵاتێکی زلهێزی جیهانی وەك (بریتانیا)و تێکەوەپێچانی دەسەڵاتی ٢٥٠٠ ساڵەی قاجارەکان لە ئێران، ناوبراو دەستی دایە کۆمەڵێك بەناو چاکسازی لەناوخۆی ئێراندا کە بەهیچ شێوەیەك بەرژەوەندی گەلانی ئێرانی (جگە لەفارسەکان) تێدا رەچاونەکرابوو. بۆ نموونە زەقکردنەوەی نەتەوەی فارس‌و هەروەها برەودان بەزمانی فارسی‌و فەرهەنگی فارسی‌و لەهەمانحاڵدا رێزنەگرتن لەباقی پێکهاتەکانی ئێرانی کردە سەرتۆپ‌و دەستپێکی سەرکوت‌و لەباربردنی هەر جۆرە بیریکی جیا لەدەسەڵاتی پاشایەتی. بەو بۆنەوە رۆژ بەرۆژ دەسەڵاتی ناوبراو گەشەی دەدا بەدەسەڵاتەکەی خۆی‌و بەجۆرێك کە بووە هۆی سەرهەڵدانی هەندێك ناڕەزایەتی لەناوچە جیاجیاکانی ئێراندا. بۆ نموونە لەناوچەکانی کوردستان کۆمەڵێك ناڕەزایەتی‌و ئیعتراز هاتەئاراوە کە بەشێوەیەك لەشێوەکان دەرخەری زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی نیزامی رەزاشای بەدژی خەڵکی بێ دەرەتانی ئەو ناوچەیەی تێدا دەبیندرا، کە بەجۆرێك دژی دەسەڵاتی پاشایەتی رەزاشا هاتبوونە گۆڕێ. رەزاشا بەناحەزترین شێوە لەگەڵ خەڵکی کورد مامەڵەی دەکردو بە هیچ چەشنێك دەرەتانی بەدەنگهەڵبڕینی کوردانی ئێران بۆ پێداگری لەسەر مافەکانی خۆیان نەدەدا. ئاستی گوزەرانی خەڵکی رۆژبە رۆژ بەرەو خراپی دەڕۆشت، هەژاری‌و برسیەتی‌و بێکاری لەپاڵ زوڵم و زۆری فیوداڵەکانی دەستەچیلەی رەزا شا رۆژانە لەپەرەسەندندا بوون بەجۆرێك کە بڕستی لەخەڵکی ئەو ناچە بڕیبوو. بەو بۆنەوە خەڵکی کورد بەهیچ شێوەیەك لەکاتی دەسەڵاتی رەزاشاو تا کاتی رووخان‌و تێکەوەپێچانی دەسەڵاتی

ناوبراو جیا لەقووڵبوونەوەی کێشەو گرفتەکانیان‌و هەروەها بێ بایەخکردنی فەرهەنگ‌و دابونەریتیان چیدی سودێکی ئەوتۆیان بۆ تێدا نەبوو.

٣- پاش نەمانی رەزاو شاو دەسەڵاتە نەگریس‌و شوومەکەی بەسەر ئێرانداو هەروەك چۆن کاتی خۆی لەلایەن وڵاتانی دەرەکییەوە تەختی پاشایەتیان بۆ خۆشکردو بەمشێوەیەو لەوپەڕی کزی‌و شەرمەزارییەوە تەخت و دەسەڵاتەکەیان پاش نزیك بە ٢٠ساڵ زۆڵم و زۆر بەسەر ئێرانداو لە خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ هەتاویی لێسەندەوەو حەمەرەزا شای کوڕیان کردە جێنشینی‌و ناوبراویان بەرەو دوورگەی موریس دوورخستەوە.

لەوە بەدواو پاش ٢٠ی خەرمانانی ئەو ساڵەو بۆ ماوەی زیاتر لەیەك دەیە کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕ لەئاستی ئێراندا هاتەئاراوە. کزبوونی دەسەڵاتی سەرەڕۆ، هەروەها لاوازبوونی حکوومەتی ناوەندی بەگشتی دیاردەی دروستکردنی حیزب‌و رێکخراوەو دەرکردنی رۆژنامەو هەروەها کردنەوەی پەرلەمانی خەڵکی، کە لەسەردەمی رەزاشا باسکردن لێی بقەبوو هێنایەئاراوە. بەنەمانی رەزا شاو دارمانی دەسەڵاتە رەهاکەی کەلێنێك بۆ گەلانی ئێران‌و هەناسەدان‌و هەوڵ بۆ هێنانەدی خواست‌و داخوازە رەواکانیان بەگشتی‌و بەتایبەتی خەڵکی کورد هاتەئاراوە. ئەوە روونە کە هەرکات دەسەڵاتە ملهوڕو دیکتاتۆرەکان تەخت‌و بەختیان تێکەوە دەپێچرێ مەجال بۆ ئەو دەنگ‌و بیرە کپکراوانە دەڕەخسێت کە رۆژانێك نرخی زۆریان لەپێناو ئازادی‌و گەیشتن بەوڵاتێکی دادپەروەر و دیموکراتدا خستبووەگەڕ. لەگەڵ ئەو مەجالەش کە لەئاستی ئێراندا هاتەئاراوە بەشێکی زۆر لەکەسانی دەرەوەی وڵات کە لەو سەردەمەدا خەریك بەخوێندن





بوون لەهەندەران گەڕانەوەو کۆمەڵێك بیری نوێ و چەمکی تازەیان لەبوارە جیاجیاکاندا لەگەڵ خۆ بەرەو ئێران هێنابووەوە. لەلایەکی دیکەوە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و هەروەها سەربەخۆبوونی وڵاتانی کۆڵۆنۆیڵی ئەو سەردەم خۆی لەخۆیدا بووە هۆی چەکەرەکردنی بیری پێشکەوتنخوازانە لەناو باقی نەتەوە غەیرەفارسەکان بەگشتی‌و بەتایبەت نەتەوەی کورد لەئێران.

بێگومان لەوساڵانەدا بوو کە یەکەمین رێکخراویی سیاسی بەناو "ژ- ك" لەلایەن کۆمەڵێك لەکەسانی جیاواز لەپێشوو و بەتایبەت رۆشنبیرانی شاری مهاباد دروستبوو. پاشان دروستبونی حیزبی دیموکرات‌و دوابەدوای ئەو دامەزراندنی کۆماری مەهابادی لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویی بەدوای خۆیدا هێنا. بەڵام پاش ماوەیەك‌و دوابەدوای ئەوەی کە حەمەرەزاشاش بیری دەسەڵاتخوازی‌و فراوانخوازی‌و تاك نەتەوە بوون، تێدا بەهێز بوو دەستیدایە هێز کۆکردنەوە لەلایەن "قەوام"ی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی بەدژی کۆماری مەهابادو بە چەشنێك کە بە نۆکەری بێگانەو بە گویرایەڵی یەکێتی سۆڤییەتی دەزانی‌و بەوبۆنەوە پاش یانزە مانگ لەتەمەنی ئەو کۆمارە هێرشکرایە سەری‌و پاش سەرکوتکردنی بە شێوەیەکی تەواو ناجوامێرانە رێبەرانی سەرەکی ئەم کۆمارەیان لەمەیدانی چوارچرای شاری مهاباد لەسێدارەدا. حەمەرەزا شای کوڕ پاش نەمانی باوکی جەستەی بێگیانی رێبەرانی کۆماری مەهابادی کردە یەکەمین دیاری دەسەڵاتە شوم‌و ترساوییەکەی بۆ خەڵکی کورد لەکوردستانی ئێران. پاش ئەو رووداوەو هەروەها پاش کودەتاکەی شاو زاهیدی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢بەپشتیوانی ئەمریکا، بۆجارێکی دیکە سێبەری رەشی رژێمی پاشایەتی باڵی کێشا بەسەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان‌و بۆجارێکی دیکە

هێرشکرایەوە سەر خەڵکی هەژاری ئەو ناوچەیە. هەر لەو سەردەمەداو لەکۆتاییەکانی دەیەی ٣٠ی هەتاویی بو کە رژێمی پاشایەتی هێرشی کردە سەر بەشێکی زۆر لەچالاکانی سیاسیو زیاتر لە ١٢٠کەسی چالاکی ئەو بوارە رەوانەی زیندانەکان کرد. لەلایەکی دیکەوەو هەر لەدرێژەی سیاسەتەکانی حەمەرەزاشا بەشێکی زۆر لەعەشیرەتو دەربەگو فیوداڵەکان بەپشتیوانی هێزی رژێم کەوتنەوە گیانی جووتیارانو هەژارانی بێدەرەتانی ئەو ناوچەیە. بەشێوەیەك کە دیسانەوە فەزای سیاسی کوردستان مەجالی هیچ دەنگێکی ئازادانەی پێنەدەدراو باڵی رەشی دیکتاتۆری بەسەریدا زاڵبووەوە. لەلایەکی دیکەشەوە لەبواری گوزەرانی رۆژانە هەژارییەکی زیاد لەڕادەی لەکوردستان هاتەئاراوە، کە بووە هۆی قاتوقڕییەکی بێوێنەو سەرهەڵدانی نەخۆشی جۆراوجۆر کە کوشتنی بەشێکی لە خەڵکی کوردستانی لێکەوتەوە. پاشانو دوای ماوەی چەندینساڵی دیکەو ساڵەکانی ٤٦-٤٧و لەژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕەکانی جیهانیو بەتایبەتی پاش کێشەی نێوان سۆڤییەتو چینو هەروەها سەرهەڵدانی بیری چەپی نوێ لەئاستی جیهانداو هەروەها لەئەنجامی سیاسەتە دوژمنکارییەکانی رژیمی پاشایەتی، بزووتنەوەیەکی دیکە لەدژی رژیمی حەمەرەزا شا لەناوچەکانی کوردستان کە لایەن چەندین خوێندکاری کوردی زانکۆکانی ئێرانو چەندین کەسی خۆشناو لێهاتووی ناوچەکانی کوردستان بە بیرێکی چەپو پێشکەوتنخوازانە لەپشتیوانی لەجووتیارانی هەژارو هەروەها بەدژی زوڵمو زۆری رژێمو دەربەگەکانی سازدرا کە بۆ ماوەیەك هیوایەکی دیکە لەناودڵی خەڵکی کوردستان زیندووەکردەوە. سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیەش لەو سەردەمەداو پاش ئەو سەرکوتە بێوێنەی دەسەڵاتی پاشایەتی هەناسەیەکی وەبەر خەڵکی کورددا هێنایەوەو توانی بۆ ماوەیەك تەمو نیگەرانییەکانی سەر کۆمەڵانی کوردی چەوساوە بسڕێتەوەو بووە





هۆی چاندنی بیری بەرەنگاربوونەوە لەدژی رژیمی پاشایەتی. ئەم رووداوەش لەمێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا وەك روداوێکی پرشنگدار شوێنپەنجەی دیارو بەرچاوە، بەڵام پاش ماوەیەك چالاکی نواندن لەلایەن دەسەڵاتی حەمەرەزاشاو پاش کوشتنی رێبەرانی، سەرکوتو لەناوچوونو ناوی رێبەرانو حەرەکەتەکەیان چووە ناو مێژووی بەرەنگاری گەلی کورد لەشێوەیەکی پێشکەوتنخوازانەو بەرحەقدا.

٤- بەم فاکتانەی کە لەسەرەوە بەکورتی ئاماژەیانپێدرا، خەڵکی کورد جیا لەماڵوێرانیو هەژاریو سووکایەتی بە کەلتوور و دابونەریتو هەروەها کوشتنی بەشێکی بەرچاو لەرووناکبیرانو کەسانی زانا و لێهاتوو و سیاسی چی دیکەی لەدەسەڵاتی رەشی رژیمی پاشایەتی بۆ بەجێنەمابوو. بەو مەبەستە رقو تووڕەیی خەڵك بەردەوام وەك ژیلەمۆیەك لەخۆیدا پەنگی دەخواردەوە. بە پێی ئەو گۆڕانانەی کە لەدوای" ئیسلاحاتی ئەرزی" حەمەڕەزاشا لەسەرەتای دەیەی ٤٠ەوە تا کۆتاییەکانی لەئاستی ئێران هاتەئاراوە، رادەی رۆشتنی لاوانی کوردی خوازیاری فێربوون کە تا ئەوکات مەجالێکی ئەوتۆیان بۆ نەڕەخسابوو بۆ زانکۆکان بەرەو هەڵکشان چوو. ئەو ساڵانە کە بەساڵانی گەشەی بیری چەپ لەئێراندا ناوی لێدەبرێ، بەشێکی زۆری خوێندکارانی کوردی ئەو سەردەمەی ناو زانکۆکانی ئێرانی هاندا، بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ رژیمی پاشایەتی دەستبکەنە سازدانی کۆڕو کۆمەڵی خوێندکاری، بەبۆچوونێکی چەپو پێشکەوتنخوازانە دژ بەرژیمی پاشایەتی. بەم چەشنە لەلایەکەوە پاش گەشەکردنی بیری پێشکەوتنخوازانە لەئاستی ئێراندا کە بەزۆری لەزانکۆکانەوە چرۆی دابوو و لەلایەکی دیکەشەوە پاش زوڵمو زۆری رژیمی پاشایەتیو هەروەها رق وتووڕەیی

خەڵكو چوونەسەرەوەی بێزاری خەڵكی ئێران لەدەست دەسەڵاتی شومی رژێمی پاشایەتی كۆمەڵێك ئیعتراز ونارەزایەتی هاتەئاراوە. بەم بۆنەوە خەڵكی كوردستانیش دەستبەجێ كەڵكیان لەو دەرفەتە گرتو بەشێوەیەكی زۆر وشیارانە دەستیان دایە رێكخستنو رقو توڕەیی پەنگخواردووی چەندین ساڵەی خۆیان، ئاوێتە بە بیرێكی پێشكەوتنخوازانەی سەردەم كردە چەكێك بەدژی رژێم و دەستبەجێ پاڵپشتی خۆیان لەنارەزایەتیەكانی نەتەوەكانی دیكە بەدژی رژێمی پاشایەتی راگەیاند. ئەوەی گرنگە ئاماژەپێبدەین ئەو راستیەیە كە خەڵكی كوردستان بەهۆی ئەو مێژووە پڕ لەخەباتو تێكۆشانەی كە بۆ رزگاری وەك باكگراوەندێك لەگەڵ خۆی دەیهێنا، بوار و بەستێنو ئەزموونی ئەرێنیو بەكەڵكی هەبوو بۆ خۆرێكخستنو سازماندان لەمەڕ هەر جۆرە رووداوێكی كتوپڕ لەپێناو شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی بەهێز بۆ تێكەوە پێچانی بنەماكانی رژێمی دیكتاتۆری پاشایەتی لەئێراندا.

٥- رژێمی پاشایەتی بەرەبەرە كۆڵەكەكانی بەرەو كزیودارمان دەرۆیشتو ترسی لەرووخانی خۆی تێدا بەرجەستە ببووە. بەو بۆنەوە دەستیدایە قەلاچۆكردنی بەشێكی بەرچاو لەكەسایەتی چەپو پێشكەوتنخوازی ئەو كاتو هەروەها بەشێوەیەكی دڕندانە دەستیدایە داخستنی رۆژنامە رەخنەگرەكانی سەردەمو لەپاڵ ئەوەشدا رەشبگیرییەكی بێوێنەی لەئاستی ئێرانو بەتایبەت كوردستان وەرێخست. رژێم بۆ كپكردنی دەنگی نارەزایەتی بەشێكی زۆری لەكەسایەتییە سیاسییەكانو هەروەها لەرێبەرانی بزووتنەوەی چەپی كوردستانیان راپێچی زیندانەكانی كرد. بەڵام خەڵكی كوردستانی ئێران بۆ نەمانی ئەم رژێمەو هەوڵدان بۆگەیشتن بەمافەكانیان لەهیچ چەشنە





هەوڵومانددوو بونێك درێغیانەنەدەكردو شێلگیرانە لەهەوڵی خۆرێكخستندا بوون بۆ بەربەرەكانێ لەگەڵ رژێمو كردەوە دیكتاتۆرییەكانیو بەو بۆنەوە گرتنو لێدانو كوشتو بڕ نەیدەتوانی رێگە بەخەڵكی كوردستان لێژ بكات.

٦- بەرەبەرە تووڕەیی خەڵك لەساڵەكانی نیوەی دووهەمی دەیەی ٥٠ زیاتر دەگەشایەوە و ئومێدی خەڵكی ئێرانو بەتایبەت كوردستان زیاتر لە هەمیشە بۆ شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی بە هێز بۆ روخانی رژێمی پاشایەتی روو لەزیادبوونو هەڵكشان دابوو.

كەلێنە چینایەتیەكان رۆژانە بەرەو قووڵبونەوەی زیاتر دەچوو، ستەمو ناعداڵەتی كۆمەڵایەتی لەئاستی جیاواز بێدادیدەكرد، چاوەڕوانییەكانی خەڵك بە هۆی گۆڕانەكانی لەئاستی جیهاندا پەرەی سەندبوو، بەو بۆنەوە پێویستییەكانی كۆمەڵگا بەرەو گۆڕانو شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی بەباشی هەستی پێدەكرا. خەڵكی كورد بە درك بەو واقعییەتانە بە شێوەیەكی گونجاو خەریك بە خۆرێكخستنبوو، لاوانی تێكۆشەرو جەماوەری بە گوڕی كوردستان بە شێنەیی خۆیان تەیاردەكرد بۆ ئەوەی بە شێوەیەك بتوانن رۆڵێكی سەرەكی بگێڕن لەگۆڕانی دەسەڵاتی پاشایەتی. رۆژ لەگەڵ رۆژ كە زیاتر نزیكدەبووینەوە لەشلبوون و رمانی كۆڵەكەكانی نیزامی پاشایەتی، كوردستانیش زیاتر پەرەیدەدا بە نارەزایەتییەكان بەدژی شاو دەستوپێوەندەكانی. بەو بۆنەوە زایەڵەی ئازادیو دامەزراندنی حكومەتێكی دیموكرات لەسەرجەم شارەكانی كوردستان لەدڵی خەڵكی تێكۆشەری ئەو ناوچەیە دەزرینگایەوە. نیزامی پاشایەتیو سیاسەتە دوژمنكارییەكانی لەكوردستانو لەبەشە جیاجیاكانیدا كەوتە بەر شەپۆلی رق و تووڕەیی

جەماوەری وەزاڵەهاتووی کوردستان. ئیتر ترسێك لەدەسەڵاتدارانی نیزامی پاشایەتیو لەدەستوپێوەندەکانی ساواك لەشارەکاندا لەئارادا نەبوو. خەڵك بوێرانەو بە گوڕتر لەجاران هاتنەسەر شەقامی شارەکانو بە شێوەیەکی بوێرانە خواستو داخوازییەکانی خۆیان دێنەگۆڕێ. پێویستە بوترێ کە خەڵکی کوردستان بەهۆی زەبرو زەنگی رژێمی پاشایەتی لەئاستە جیاجیاکاندا بەدژیان، زیاتر لەزۆربەی ناوچەکانی دیکە رقو نیگەرانی پەنگخواردوویان لەدەسەڵاتی پاشایەتی لەدڵ دابوو، بەو مەبەستە بەتەواوی هێزو بەشێوەیەکی زۆر یەکگرتوانەو شێلگیرانە بەدژی نیزام و بۆ رووخانی هەوڵیاندەدا.

پێویستە بوترێ ماوەی کەمێك پاش شکستی تەواویی رژێمو ئەوکاتانەی کە دەسەڵاتی پاشایەتی لەکوردستان هیچ توانایەکی نەماو شار کەوتبووە دەست خەڵکی ئەو ناوچەیە، خەڵکی کورد بە شێوەیەکی گونجاو و لەبزاوتێکی تەواو دیموکراتیانە بۆ بەرێوەبردنی کاروباری شارو هەروەها بۆبەرگرتن لەئاڵۆزیی زیاتر لەناو شارەکانی کوردستان بیری هاتنە ئارای شوراکان هاتەئاراوەو بەشێوەیەکی زۆر گونجاو کاروباری شارەکان لەئاستە جیاجیاکاندا سپێردرایە دەستی شوراکان. ئەوەش بەشێوەیەك بووە هۆی ئەوەی کە کوردستان بەهۆی نەبوونی حکوومەتێكو هەروەها هاتنەئارای ئەو ئاڵۆزیو پشێویانەی هەر شۆڕشێك لەسەرەتاکاندا لەگەڵ خۆی دەیهێنێ کەمتر تووشی خەسارو وێرانی بێت.

٧- پاش ئەو نارەزایەتییە بەهێزانەی کە بەدژی نیزام سازماندابوو، نیزامی پاشایەتی لەسەرەتاکانی رێبەندان تەواو بەرەو کزی روێشتو لەئاکامدا لەرێکەوتی ٢٢ی رێبەندانو پاش دە رۆژ لەهاتنەوەی خومەینی لە "نۆفێلۆشاتۆ"





بۆ هەمیشە داری شۆڕشو قوربانیدانی خەڵکی ئێرانو کوردستان بەرهەمەکەی هاتەئاراوەو نیزامی سەڵتەنەتی بنەماڵەی پەهلەویی بۆ هەمیشە چووە ناو زبڵدانی مێژووەوە. بەڵام ئەوەی پێویستە بوترێ بەرەی ئەم شۆڕشە بەهێزەی خەڵکی ئێران لەلایەن باڵی ئایینی دەستی بەسەرداگیراو بەجۆرێك لەجۆرەکان سەرجەم ئاواتە دیموکراتیو خەونە ئاشتیخوازانەکان لەلایەن ئەم لایەنەوە لەباربرا. بە چەشنێك کەهیچ بایەخێك بۆ قوربانیدانی خەڵکی ئێران لەبەرچاونەگیراو بەهەڵپەهەڵپو بە زەبری چەكو زۆر مەلاکانو لایەنگرانی ئیسلامی سیاسی دەستیان بەسەر تەواوی دامودەزگا وسەروەتو داهاتەکانی کۆمەڵگای ئێران گرت.

ئەگەرچی خەڵکی کورد بەبوونی حیزبەسیاسیەکانی بەهیچ شێوەیەك ملینەدا بەسیاسەتەکانی حاکمانی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو و بەشێوەیەکی گونجاو خۆیان کاروباری ناوخۆیی کوردستانیان وەئەستۆگرتبووو بەشێوەیەك لە هەوڵیئەوەدا بوون، تاکوو بەربگرن بە سیاسەتەکانی حکوومەتی تازەی خومەینی کە سەرتاپای بە دژی خەڵکی کوردو ئامانجە بەرزو دیموکراتەکانیان بوو، بەڵام پاش ئەوەی خەڵکی کورد بەردەوام لەهەوڵیئەوەدا بوو کە بەشێوەیەکی گونجاو کێشەی کورد لەئێران چارەسەربکاتو تەنانەت پاش چەندین دانیشتنی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد لەگەڵ نێردراوانی خومەینیوحکوومەتی ناوەندی ئەنجامێکی ئەوتۆیان بەدەستنەهێنا. پاش ئەو هەوڵەی خەڵکی کوردو حیزبەسیاسییەکانیان بۆ بەرگرتن بەشەڕ و کوشتو کوشتار لەخۆیان نیشاندا، کۆماری ئیسلامی لە٢٨ گەلاوێژی ٥٨و بەبڕیاری راستەوخۆی خومەینی جیهادی بەدژی خەڵکی کورد دەرکردو پاش ئەوەش بە دڕندانەترین شێوە لەهەموو

لایەکەوەو بە تانگ‌وتۆپ‌و کۆپتەرەوە هێرشیانکردە سەر خەڵکی کوردستان‌و بەو جۆرە رایانگەیاند کە کورد نابێت خاوەن هیچ مافێکی ئازاد ببێت لەکوردستان.

## ئەنجام

ئەوەی باسی هات گێڕانەوەیەکی کورت بوو لەمێژووە ناوبەناوەکانی بزووتنەوەو وەهەوڵدانەکانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان پاش کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و دەسەڵاتداریی سەڵتەنەتی پاشایەتی بۆ سەقامگیری حکوومەتێکی دیموکراتیك تاکو بە شێوەیەك ئەم گەلە ئامانجەرەواکانی خۆی تێدا ببینێتەوە. بەڵام هەرجارەو بە شێوەیەك لەلایەن دەسەڵاتدارە ملهوڕو دیکتاتۆرەکان لەبار چووە. ئێستاکەش پاش دەسەڵاتداری سێ دەیەی کۆماری ئیسلامی‌و رەچاوکردنی سیاسەتی توندوتیژانە بەسەر گەلی کوردا لەلایەن دەسەڵاتەوە بیری گەیشتن بەسەرکەوتن‌و درێژە بەخەبات هەر لەئارادایە. هەنووکەش ئەوەی گرنگە درێژەدانی خەبات‌و چالاکی خەڵکی کوردو تێکۆشەرانی رێگای ئازادییە کە تا هەنووکەو لەگەڵ ئەوەی باسی هات بۆ ساتێکیش لەخەبات و تێکۆشان پاشەکشەیان نەکردووە. ئێستاکەشی لەگەڵ بێت خەڵکی کوردو هێزە سیاسیەکانی سەرجەم ئەو ئەزموون‌و مێژووە پڕ بایەخەی رۆژانی سەختی خەباتیان کردۆتە چەکێکی بەهێزی ئاوێتە بە هەڵوێست‌و روانینی نوێ‌و بەئیلهاموەرگرتن لەو ئەزموونە بەنرخە چیان بۆ بکرێت لەشکڵ‌و شێوازی جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بەخواستەکانیان گرتوویانەبەر.

ئەگەر سەردەمانێك گەلی کورد بەتەواوی وەك گەلێکی شەڕکەر دەناسرا، کەم کەس‌و لایەن هەبوون کە باس لەهۆکاری بەدەستەوەگرتنی چەك لەلایەن





کوردەوە بکەن. گومانی تێدا نییە کە ئەم گەلە لەبواری پێشکەوتن‌و شارستانییەوە هیچی لەگەلانی دیکەی جیهان کەمنییەو ئەوەی کە بەو ئاقارە توندوتیژانەدا رۆشتووە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دەسەڵاتە حاکمەکان بەسەر ئەم گەلەدا. هۆکاری سەرەکی ئەم توندوتیژیانە بوونی دیکتاتۆرێك بووە کە زمانێکی دیکەی جگە لەشەڕو ماڵوێرانی‌و کوشتن‌و تۆقاندن نەزانیوە. بەمپێیە گەلی کوردیش بەخوێندنەوەیەکی واقعبینانەو بەمەبەستی مانەوەو نەتوانەوە چی بۆ کرابێت لەدژی دیکتاتۆرەکان رەچاوییکردووە کە بەشێکە لەو خەباتە، هەڵبژاردنی خەباتی پێشمەرگانە بووە. رەچاوکردنی ئەم خەباتەش تەنیا لە یەك پارچەیی کوردستان نەهاتۆتەئاراوە، بگرە سەرجەم پارچەکان بەهۆی نەبوونی مەجالی شیاو و گوشار و سەرکوت ئەم رێگەیان بۆ خەبات‌و گەیشتن بەمافەکانیان هەڵبژاردووە. بەڵام هەر وەك وترا گەلی کورد لەم سەردەمەداو لەگەڵ پێشکەوتنەکان هەنگاویان هەڵگرتووەو ئێستاکە لەکوردستانی باشوور لەمەیدانی خەباتی پەرلەمانی‌و خەباتی مەدەنییدا توانیویەتی رۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت. مێژووش سەلماندوویەتی کە پێداگری‌و درێژەدان بەخەبات لەسەر بنەمای پێشکەوتنخوازانەو بەپشتیوانی کۆمەلانی بەرینی خەڵك هیچ رێگەیەکی جیا لەسەرکەوتن بەدوادانایەت‌و ئەم ئاواتە لەمێژینەی گەلی کوردیش بۆ گەیشتن بەئازادی‌و دیموکراسییەکی واقیعی لەدوارۆژێکی نەك زۆر دووردا دێتە دی.

## القسم العربي


- طبيعة المعرفة مابين المدارس المادية والمثالية.
- التغيرالاجتماعـــي والديمقراطـــــــي دراسة ميدانية في كوردستان العراق.






# طبيعة المعرفة مابين المدارس المادية والمثالية

م.ضياء حبيب

المعرفة هي من المحطات التي وقف عليها الفلاسفة عامة وفلاسفة العصر الحديث خاصة "وعلى الاخص للفلسفة الاسلامية وقفة لاتقل عن مثيلاتها" لانها تبحث في المبادى العقلية واسس التفكير الانساني من حيث النشأة والامكانية"والحقيقة ضدها.

ونبدأ اولاً ان المقصود من طبيعة المعرفة هي تحديد العلاقة بين الذات العارفة والشيء المعروف وبيان تفسير عملية المعرفة، لان الانسان اذا اراد أن يتكيف مع نفسه، ويتواءم مع الحياة لابد أن يشعر بعناصر ثلاثة وهي الذات والواقع الخارجي وعلاقة بعضهما ببعض وان يتسلح بالحكم على هذه الاشياء من خلال العلاقة المعرفية. وأن في ادراك النسيج الذي يتألف منه العلاقة المعرفية نصل في النهاية إلى طبيعة المعرفة مثالية كانت أم واقعية ام كليهما معا، حتى يتسنى له الطمأنينة والرضا والتواؤم مع نفسه والعالم حتى يمكنه ان يقدم على عمل وهو مزود بفهم ووعي وعلم بما سيعمل، لماذا يعمل وكيف يعمل. وذلك انه (لو لم يكن في اذهاننا قدرة على التعامل مع الواقع ولوكانت حواسنا تعطيناصورة مشوهةً تشويها خطيراً للاشياء كماهي في ذاتها لما استطاع الجنس البشري أن يبقى طوال المدة التي عاشها بالفعل ولما كان هذا الجنس قد استطاع البقاء وتكاثر عددياً، فان

هذا يبدو دليلاً على فعالية عملية المعرفة لدينا)[١]. اذن ادراك العلاقة بين الذات والموضوع وايهما المحور للآخر، هو المركز الذي يدور حوله طبيعة المعرفة والذي التقت عنده المثالية والواقعية بمختلف مذاهبهما.

ولقد ظهرت التفرقة واضحة لاول مرة في تاريخ عند المدرسة الايلية، اذ ذهب الايليون إلى التفرقة بين عالمين هما: عالم الظاهرة وعالم الحقيقة ورأوا ان الحركة والتغير والصيرورة وكذلك التعدد والكثرة تكون العالم الظاهر وعالم الوهم، واما الوحدة والكون فهما الصفتان الاساسيتان لعالم الحقيقة، وعالم الوهم هويدرك عن طريق الحواس، بينما ينفرد العقل بمعرفة العالم الحقيقي، وليس للحواس طريق فيه، وكذلك نجد القسمة اكثر وضوحا عند بارمينندس، حين قسم المعرفة إلى قسمين عقلية وحسية وجعل الاولى ثابتة لاتتغير والثانية ظنية ومتغيرة[٢].

ويبدو مما سبق ان جوهر الفكرة عند المدرسة الايلية تقول ان الوجود الحقيقي ليس في مكان معين وليس موضوعاً للحواس فهو خارج اطار المحدود وبالتالي لايدرك موضوعه الا بالعقل.

أماسقراط فأخذ من الظوهر المتغيرة طريقاً لمعرفة المبادىء الثابتة ولكن هذا لايعني ان منهجه كان استقرائياً كسير الجزءإلى الكل، بل هو نوع من الاستعانة بالامثلة لتصوير الكل، وعرف العالم بانه بحث عن الكل وراء الجزئيات، لان مايتغير لايمكن ان يكون علماً بمعنى الكلمة[٣].

واذا كانت المعرفة الحقيقة عند الايليين تعني الشيء الساكن الابدي الذي لايتغير وعند سقراط هي الكليات التي تأتي من وراء الجزئيات فان الحقيقة عند افلاطون هي عالم المثل. حيث نجده يقسم المعرفة إلى حقيقة وظنية والحقيقة فيها قسمان قسم يتأثر به الفهم وهي المعرفة الرياضية وقسم يتأثر به العقل وهي المعرفة الحقيقية يعني بالحقيقية المثل. واما المعرفة الظنية فهي ايضا





نوعان: الاول الظن وعالم المحسوسات والثاني الوهم وعالم الخيالات[٤].

ولم تكتمل صورة المثالية ولا الواقعية الا في العصر الحديث حيث ترى المثالية ان الاشياء مرهونة بالقوة التي تدركها والموجودات مجرد افكار في عقولنا، بعكس التجريبية. اذ نرى ان هناك واقعاً خارجياً وحقائق برانية يدركها الذهن بواسطة الحواس ومقياس هذه المعرفة مطابقتها للواقع.

### أولاً- المثالية:

هي مصطلح فلسفي يطلق بوجه عام على النزعة الفلسفية التي ترد كل الوجودإلى الفكر باوسع معانيه وبوجه خاص استعملت في لغة فلاسفة القرن السابع عشر ليدل على مذهب مقابل المادية[٥].

والمثالية تعد من اكثر الفلسفات شيوعاً واعظمها أهمية، وقد انتشرت هذه الفلسفة في العصر الحديث بشكل واسع، وعزى بعض الباحثين اسباب انتشارها لوجود تقارب ونقاط مشتركة بين اثارها والاراء المسيحية ولما فيها ايضاً ذلك الموقف التفاؤلي من الحياة والعالم[٦]. وعلل آخرون اسباب انتشارها بالاضافة إلى الاسباب المذكورة اعلاها إلى خصوصيتها وهي تلقي بظلالها على القلب والعاطفة معاً واذا بهما يذعنان لها فضلاً على ان دعاتها يعدون من أقدر المفكرين الذين ظهروا بين البشر[٧].

ومن دعاتها عمانويل كانت (١٧٢٤-١٨٠٤م) رائد المدرسة الفلسفية الالمانية نجده لايخرج عن طريقة اسلافه في تقسيم العالم إلى عالم ظاهر و عالم الشيء في ذاته، وبمعنى آخر ان كل شيء في اشياء العالم له ظاهر وباطن، واراد من هذا التقسيم-كما راى بعض المؤرخين-ان يقف موقف الوسط بين شكية هيوم التجريبية من ناحية ومن الدجماطيقية من ناحية أخرى حين ذهب إلى اننا لايمكن ان نصل إلى

معرفة الاشياء في ذاتها ومع ذلك فان علمنا ممكن لان لدينا معرفة بالظواهر التي تتألف منها التجربة[٨].

وبذلك وفق بين مايسلم به التجريبيون والعقليون على السواء عندما جعل كلاً من التجربة والعقل يجاوران الصواب بمشاركتهما في العملية المعرفية، اذ ان الاحساسات الخالصة ليست معرفة وكذلك التصورات دون ادراك حسي فهي خالية، لذا فالمعرفة تتطلب الاحساس والتصور معاً لتكوين معرفة بعالم الظاهر[٩].

وتوفيقه بين العقل والحس ليس فيه اي تقليل لدور العقل اوالحس، بل اعطى لكل مصدر حقه في المعرفة، وانه استطاع ان يحدد عمل كل منهما مع اعطاء الدور الايجابي للعقل وان ذهب إلى ان المعرفة تبدا بالحس، لأنها وان كانت تبدا بالحس فهذا لايعني ان تكون كل معارفنا مستخلصة بالضرورة من التجربة بدليل ان هناك معارف مستقلة تمام الاستقلال عن التجربة، وهي معرفة اولية سابقةً على التجربة وهي بطبيعتها ضرورية لاتحتمل ادنى امكان او احتمال او ظن كما انها في نفس الوقت معرفة كلية ليس فيها ادنى موضع للتحديد اوالتخصيص او الاستثناء ومثل هذه المعرفة تتمثل بصيغة خاصة في القضايا الرياضية كما انها موجودة ايضاً في قضايا الفيزياء[١٠].

واما بالنسبة لكيفية اجراء العملية عند (كانت) فهي تبدأ بالمادة التي تأتي من الاحساس وقبل ان تصب في قوالب عقلية تمر بصورتين عقليتين وهاتان الصورتان هما: الزمان والمكان لاننا لايمكن ان نتصور شيئاً الا في زمان ومكان معينين، لذا فمعرفة الانسان بعالم الظاهر متناهية ومحدودة او مشروطة بشرط الزمان والمكان وهي سمة اساسية يتسم بها الفهم، اما ملكة العقل الخالص فهو يختص بدراسة اللامتناهي واللامشروط او عالم الشيء في ذاته الذي لايتغير بزمان او مكان[١١]. والذي يظهر في عرضنا ان نظرية كانت المعرفية مثالية ماعدا العنصر





الآتي من الخارج عن طريق الاحساس ولكنها مثالية في نهاية المطاف. ويرفض (كانت) الشك المطلق لديكارت لانه يرى ثمة علمين قائمين لاموضع للشك فيهما وهما العلم الرياضي والعلم الطبيعي[١٢].

وبرر امكانية علم الرياضيات لانه يبحث في خصائص الموضوعات، وهذه الخصائص كما يذهب اليه (كانت) تاتي من الذهن لامن الاشياء الخارجية وليس كما ذهب هيوم إلى القول بانه ليس هناك يقين في الرياضيات لانه اعتقد انها تآتي كلية من التجربة[١٣].

ويرى محمد باقر الصدر ان نظرية كانت حول يقينية علم الرياضيات تنطوي على الخطأ، لانهاجعلت الذهن وحده منشأ الحقائق الرياضية ومبادئها، وانها سابقة على التجربة متناسيا ان للعلم دور الكشف لما هو خارج الذهن، وليس هو منشأ العلوم. ولتوضيح المسالة اكثر يقول محمد باقر الصدر: (فعلمنا بان ٢+٢=٤ هو علم بحقيقة رياضية يقينية وليس معنى علمنا بها أننا ننشئها ونخلقها داخل نفوسنا، بل العلم في طبيعته كالمرآة، فكما ان المرآة تدلك على وجود واقع للصورة المنعكسة فيها خارج حدودها كذلك العلم يعكس او يكشف حقيقة مستقلة. ومعنى ذلك ان الحقائق الرياضية لها واقع موضوعي فهي قوانين تعمل وتجري وليست العلوم الرياضية الا انعكاسات لها في الذهن البشري)[١٤].

لم تكن نظرية (كانت) معرضاً للنقد عند الصدر فحسب، بل ذهب بعض اخر من الباحثين إلى ان نظرية (كانت) المعرفية تنطوي على نوع من التناقض لوتاملنا فيها وخاصة في فكرة (الشيء في ذاته). كما عرفنا ان نظرية (كانت) في المعرفة كلها عقلية ماعدا الاحساس الذي ياتينا من الخارج الذي هو الاساس في ادراك عالم الظواهر. لكن هذا الاساس لابد له من علة وهذه العلة كما يبدو هي (الشيء في ذاته) وبالتالي نصل إلى (الشيء في ذاته) هو الاساس الذي يرتكز عليه ذلك

الاحساس وهو لم يفرضه الا لانه كان لابد ان يكون هناك علة خارجية للاحساس ولكن نعلم ان العلية مقولة من مقولات الفهم علماً ان المقولات لاتنطبق على الشيء في ذاته لانه لا يتصف بالمحدودية والشرطية في مقابل المحدودات والمشروطات التي يسميها (كانت) بالمقولات ومن هنا تؤدي فكرة الشيء في ذاته إلى التناقض وحتى لوقلنا أن الشيء في ذاته ليس علة بل شيء موجود فهذا ايضاً تناقض، لان الوجود ايضا مقولة من المقولات[١٥].

وفضلا عن مثالية (كانت) هناك مثالية ذاتية تفسر العالم المادي تفسيراً عقلياً روحياً، اذ يزعمون ان الوجود هو الادراك وان وجود الاشياء ومعناه اننا ندركها ،وخير مايمثل هذا الاتجاه باركلي حيث يقول( ان وجود الشيء هو ادراكه والشيء ليس له وجود مادي مستقل عن ادراكي له)، ولكنه فطن -كما يقول الدكتور الطويل- باركلي إلى ان الادراكات الحسية مستقلة عن العقل الذي يدركها وبهذا يفسرها بقوله انها موجودة في العقل الالهي. وتسمى هذه المثالية بالمثالية السيكولوجية او الخارجية في حين يسميها (كانت) بالمثالية التقليدية[١٦].

اما المثالية في القرن العشرين فقد تمثلت بمذهب الظواهر[*] الذي جزم بانكار وجود حقيقة وراء الظواهر ومن ابرز فلاسفته هوسرل الذي حاول في فلسفته الظواهرية ايجاد منهج فلسفي راسخ لكل العلوم والفلسفة على الخصوص، لان هدفه هو البحث عن اليقين والوضوح وان يبني الفلسفة على اسس مطلقة متاثرا بذلك باستاذه (برنتانو) ورؤيته للفلسفة. ومحور التركيز في فلسفته هو تساؤلات حول المعرفة وهل بالامكان معرفة الحقيقة أو معرفة الاشياء في ذاتها؟[١٧].

وقد وجد هوسرل تساؤلاته هذه في منهج عرف ب(علم الظاهريات) والذي يعني ان الشيء الذي نراه اما اعيننا لايمكن ان نشعربادنى شك او عدم ثقة فيما يقع تحت حواسنا مباشرة في محاضرة القاها سنة ١٩٠٧ في مدينة جونتجن[١٨].





ويبدا هوسرل منهجه بالمباشر او القاعدة الاساسية والاولى في المنهج الفينولوجي بان على المرء ان يتجه إلى الاشياء بذاتها؟ ولكن المباشر عند هوسرل ليس العالم المحسوس كما عند التجريبين وكما انه ليس بالعالم العقلي عند العقليين، بل أنه يتعامل مع (المعطى) الذي هو الظاهر كما يتمثل أمام الوعي بذته بغض النظر عما وراء الظاهرة سواء اكانت واقعية أو مظهراً لشيء مجهول. فمنهج هوسرل (الظاهراتية) اذن يبدأ بالتجربة (النقية) وموضوعها هو فعل الوعي المستقل، وهو لايهتم الا بما يبدو للوعي، وهذا يؤدي في النهاية إلى اعتبار العالم المحيط بنا ظاهرة وليس عالما موجودا[١٩]. ولكن السؤال كيف لنا أن نصل إلى الوعي النقي أو التجربة النقية؟

عن طريق منهج الظاهراتية الذي لايقول الا بالوعي وهذا يعني اننا يجب أن نصرف النظر عن كل ماتلقيناه أو كنا نعرفه من المعلومات وهو على مايبدو مرحلة تجريد والمفكر فيه لاينظر إلى اراَء الغير بل إلى الاشياء ذاتها وذلك عن طريق تجربته للاشياء ومعرفته بها، والاهتمام هنا ينصب على الوعي ذاته الذي يتوق مذهب الظاهراتية بوصفه. ويهتم منهج الظاهرات بالكيف فمثلا كيف ادرك الشجرة بغض النظر عن الوجود الحقيقي للشجرة الحقيقية وعندها اسال نفسي اذا كان هذا وعياً حقيقياً بالشجرة كيف لي ان اعي ظاهرة الشجرة؟[٢٠].

لذلك نجد ان الظاهرات يبحث عن الماهية دون النظر إلى وجودها وفي اثناء البحث عن الماهية يحرر الانسان نفسه من كل المعارف السابقة ويعلق الحكم فيها إلى ان يصل المتأمل إلى درجة الوعي النقي او الانا المفكرة أو الشعور الاعلى الذي لايحتاج إلى ماهو واقعي.

وتأتي بعدها مرحلة الاختزال ويتم فيها التمييز بين الواقع والماهية وفي هذه المرحلة يرد فيها الواقع الجزئي إلى الماهية الكلية. كاختزال اللون الاحمر من كل

الموجودات في مختلف الاشياء الجزئية إلى ماهية الاحمر، ثم يتبعها مرحلة الاختـزال المتعالي حيث رأت الدكتور نوال الصراف ان هـذه المرحلـة الاخيرة اوصلت هوسـرل إلى مثاليـة كانـت وايـضاً ان مـنهج هوسـرل يبنـى علـى تفكيـر ميتـافيزيقي ولان الحقيقة تكمن في الانا[٢١]. رغم ان هوسرل يدعى بانه موضوعي على اساس الشيء المعطى في بناء معرفته ويعرض لأخطاء الوضعيين السابقين عليـه ومـا وقعـوا فيـه من أخطاء فكرية فادحة لابد من تصحيحها[٢٢].

لقد عرضنا الكثير من التيارات الفلسفية المثالية مـن قديمـة وحديثـة وحتـى معاصرة عبر التاريخ ووجهة نظرهافي المعرفة عامة وفي طبيعتها خاصة، لكننا لم نلتمس اي تغيير للعالم في صورته العملية سوى في اسلوب التعبير عنه مع بقاء العالم على حاله.

ونجد الاجابة اكثر واقعيـة عنـد الـدكتور فـؤاد زكريـا في معـرض اجابتـه عـن سؤال اثاره، هو هل غـيرت المثاليـة الواقـع ام لا؟ اذ ذهـب إلى ان المثاليـة علـى الـرغم مـن انها تناولت نظريـاً مـشكلة الموضـوعات العقليـة الموجـودة في هـذا العـالم فانهـا لاتؤدي إلى اي تغير عقلي في موقف الانسان العملي مـن هـذه الموضـوعات. اي صـورة العالم كما ترسمها المثالية ستظل من الوجهة العملية هي نفسها صورة العالم كما يكونها الانسان في موقفه الطبيعي ولكن مصنوعة بـ(لغة أخرى)[٢٣].

وبالتالي نستطيع القول إن المثالية مجرد (لغة أخرى) للعالم لاتـؤثر في صـورته العملية أدنى تأثير وهي نفس الصورة الطبيعيـة الـساذجة لـدى شـخص عـادي، لكـن اللغة مختلفة بدليل ان المثالي يرى العالم علـى اسـاس مثـالي لكنـه يـرجع ويتعامـل معه على اساس طبيعي بعيداً عن اعتقاداته المثالية[٢٤].





### ثانياً-الواقعية:

يطلق المذهب الواقعي في المعرفة على مجموعـة مـن المـدارس تـشترك إلى جانـب عدائها للمثالية بوجود واقع موضوعي مستقل عن الذات وعن جميـع أحـوال الـذات وأفكارها، وان ادراك الذات للموضوعات الخارجية لاتكون سوى رمـز في العقـل تـدل على حقائق خارجية واقعة، وبالتالي تاتي المعرفة العقلية مطابقـة لحقـائق الاشـياء المدركة، اذان العقل يلعب دور المرآة للعالم الخارجي الذي يعكس نفسه عليه[٢٥].

ويرى الدكتور توفيق الطويل ان الواقعيـة تعـبر عـن راي الرجـل الـساذج الـذي يعجز عن التمييز بين ظاهر الشيء وحقيقته، والواقعية سبقت المثالية لانهـا نظـرة عامة ومنظار يرى من خلاله العالم الخـارجي ويـشترك بـه جميـع النـاس ولكنـه لم يـصبح مـذهباً فلـسفياً متماسـكاً الا بعـد ظهـور الفلـسفات المثاليـة. وقـد تـدرجت الواقعية وتطورها كمذهب على مرّ التأريخ بمحاذاة تطور فكـر أصـحابها، ومواكبـة للتطورات العلمية في مجالات عديدة من العلوم الانـسانية ممـا انعكـست ايجابيـاً علـى الواقعيين من خلال بناء وصياغة مذاهبهم على اساس علمي متين[٢٦].

نبدا اولاً بالواقعية الساذجة، وقـد اعتـبرت سـاذجة لانهـا تمثـل مرحلـة سـابقة على مرحلة الـتفكير العلمـي، وهـي مرحلـة الانـسان الـساذج الـذي يعتقـد ان افكـاره مطابقة للاشـياء في الخـارج وان العـالم مـن منظـوره في صـورة كثـرة وتعـدد لايمكـن ارجاعــه إلى الوحــدة كمــا عنــد المثــاليين، بالاضــافة إلى ثقتــه العميــاء بــالحواس والادراكات الحسية وبواقع موضوعي مستقل عن ذاته وادراكاتـه وبوجـوده وان كـان بعيداً عن ادراكنا الحسي، بعكس المثالية الذاتية عند بـاركلي حيـث يـرى ان المعرفـة يقينية هي مـا في متنـاول الادراك، ولكـن التطـورات العلميـة والتقـدمات التقنيـة في الآلات الحديثة أظهرت بين الاشياء في الخارج وألافكـار الـتي تمثلـها اختلافـاً ملحوظـاً مما حذى بالواقعية الساذجة مواكبة لتطورات العلميـة، ان تـتلاءم معهـا مـن خـلال

اعادة ترتيب وصياغة افكارها، ووفقا للعلوم الحديثة ظهرت الواقعية النقدية على انقاض الواقعية الساذجة، وهذه الواقعية الجديدة اعتمدت على العلوم الطبيعية في حكمها على الاشياء، بمعني انها لاتقر بحقيقة مطلقة للواقع الخارجي ولاتسلم به الا بعد تمحيصها وفق معايير القوانين الحديثة[٢٧].

وجدير بالذكر ان الواقعية النقدية جعلت للعقل دوراً ايجابياً بحيث لم تحصل المعرفة على صورة مطابقة للاشياء المدركة- كما هو الحال عند الواقعية الساذجة- الا بعد ان تصبح صورة معدلة بفعل العقل الذي يستطيع ان يتجاوز الجزئيات المحسوسة إلى الكليات على ماهومعروف عند (جون لوك) مع رفضه القاطع بوجود حقائق ومسلمات ترجع إلى العقل على نحوماذهب اليه افلاطون، ورغم ان الفيلسوف الانجليزى توماس هوبز (١٥٨٨-١٦٧٩م) كان من اوائل الذين مهدوا لظهور المذهب التجريبي في انجلترا الذي يعتبر معقل الحركة التجريبية، الا ان الذي صاغها ووضعها في صورتها الاخيرة والدقيقة هو (جون لوك) (١٦٣٢-١٧٤٠م)[٢٨].

ونأخذ هنا لوك كممثل للحركة التجريبية في العصر الحديث ونعرض اراءه مثالاً للتجريبين. يذكر لوك في مقدمة كتابه (مقالة في الفهم البشري) في الفهم الادراك، كيف بدأ يفكر في موضوع كتابه في سنة(١٦٧٠-١٦٧١م) والفكرة التي بنى عليها الكتاب تقول: ان الانسان قبل أن يناقش اي موضوع ينبغي ان يعرف قابليته وامكانيته في الفهم و الادراك بحيث يتسنى له ان يعلم ماهو متاح لنا الخوض فيه ومالايجوز الخوض فيه بعد أن اشتد الاحتدام والخلاف بين المتجادلين من اصدقائه في غرفته باكسفورد[٢٩].

ويستنكر لوك المبادىء الفطرية من قبيل (الشيء في ذاته) و(الكل اكبر من الجزء) مثلاسالكاً طريق المحاجة مع المثاليين فيها من خلال عرض كل حجة لديهم على حدة مع بيان بطلانها، فمثلاً احدى الحجج عند المثاليين تقول ان





احدى شروط المبادىء الفطرية ما اتفق عليه الجميع، غير ان لوك يرد على هذه الحجة بان الموافقة الكلية ليست دليلاً على فطريتها لان عدداً كبيراً من افراد الجنس البشري لم يسبق لهم البتة ان تصوروا مثل هذه المبادىء، ولكن لوك لايرى بأساً بقوله ان هذه المبادىء موجودة بالقوة واما اذا قيل بانهامضمرة في الذهن كما راى البعض فهذا لايجوز اطلاقاً لانه ليس هناك قضية يمكن ان يقال انها في الذهن وليس على وعي بها .

ويواصل لوك محاججته، فاذا قيل انها واضحة الدلالة بذاتها يرد عليها لوك بحقائق رياضية مع وضاحتها في الدلالة فانها ليست فطرية، واذا كان المقصود بعد ذلك اننا سنعرف هذه المبادىء حين نستدل فيجيب لوك ايضاً ان هناك من القضايا المستدلة و لايقول احد بفطريتها[٣٠]. وهو بهذا الحجج وبطلانها يسد كافة الطرق على المثاليين الذين يقرون بوجود حقائق فطرية ومسلمات عقلية جاعلاً من التجربة المصدر الوحيد للمعرفة. ويمكن تلخيص موقف لوك في مبحث المعرفة كالآتي:

- ❖ الموضوعات الخارجية موجودة وجوداً مستقلاً عن معرفتنا بها ويمكن ان تستمر في الوجود حتى لو لم يكن هناك افراد يدركونها، والافكار من جهة أخرى تعتمد في وجودها على العقل بالرغم من أن قيامها في العقل مستمد أصلاً من الاشياء الخارجية.
- ❖ ان الموضوعات الخارجية والاشياء الواقعية صفات مستقلة عن العقل ولكن الافكار التي تمثل تلك الصفات الواقعية في العقل تعتمد على العقل. ولما كانت الافكار تابعة للصفات الاولى القائمة في الاشياء وهي بدورها صفات ثانوية مطابقة لافكارنا المركبة، وهذه الصفات الثانوية يمكن اعتبارها معتمدة على العقل اعني اعتبارها صفات ذاتية وليدة نشاط العقل.

❖ الافكار المركبة تابعة للافكار البسيطة التي يستقبلها العقل كما هي من الاشياء الخارجية و يقف ازاءها موقفاً سلبياً، أما الافكار المركبة فتتولد في العقل من الافكار البسيطة ومن ثم فأن العقل هو الذي يصنعها.

❖ الافكار المركبة لاتعكس الواقع الخارجي كما هو عند الافكار البسيطة و بالتالي فكل معرفة تمثل الافكار المركبة هي اذن عرضة للخطأ و ليست معرفة وثيقة[٣١].

أما موقف الفلاسفة الاسلاميين أزاء النظرية الحسية عند جون لوك وغيرهم من التجريبيين يكمن في رفضهم جعل مفهوم العلية والمعلولية وغيرهامن المبادىء القبلية تابعة للحس، بل اعتبرت مبادىء ضرورية فطرية توجد في العقل بالقوة وتخرج للفعل عندما تحتك بالواقع الخارجي.

